# دوماهنامەی بەیان

مدیرمسئول و صاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**

شورای نویسندگان:

کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش (ئاریاس)، اوزال اسکندرزاده**

کوردی‌سورانی: **د. ابراهیم اسماعیل‌پور(شەماڵ)، پروانە احمدین**
**شیوا میرکی، قرنی امین‌پور، د. خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی**
**علی محمودی(ئاودێر)، علیرضا محمدنژاد(دیار) نسرین کریمی**

کوردی هورامی: **داود غفاری**

کوردی‌کلهوری: **طاهر ویسی (کۆچەر)**

ویراستار کوردی نێوەڕاست: هۆمەر نۆریاوی

مدیر سایت: **امیر بیژنی** (www. beyangowar. ir)

طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**

تایپ و حروفچینی: **هیوا حکیم‌زادە، آزاد اسماعیلی**

سالی چوارەم، ژمارە ١٦، گوڵانی ١٤٠٠

گۆڤارێکی دووەمانگانەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە


- تکایە بابەتە کوردییەکانتان تەنیا بە فۆنتی یونیکورد و لە ڕێی بەرنامەی وۆردەوە بۆ «بەیان» بنێرن.
- بابەتێک بۆ «بەیان»ی دەنێرن، با لە هیچ گۆڤار و بڵاڤۆکێکی دیکەی کوردیدا بڵاو نەبووبێتەوە چونکە لێرە بڵاو ناکرێتەوە.
- بابەتی وەرگێڕدراو، پێویستە سەرچاوە و دەقی زمانە سەرەکییەکەی دەگەڵ بێت.
- ئەوەی لە بەیان دا بڵاو دەبێتەوە، ئاوێنەی بۆچوون و ڕوانینی نووسەرەکەیەتی.
- گۆڤاری «بەیان»لە پێداچوونەوە، سڕینەوە و لابردنی هەڵە و پەڵە یان کورتکردنەوەی بابەتەکان، سەربەست دەبێت.


شاعیر، نووسەر و وەرگێڕ ڕەحیم لوقمانی

دیزاین: زانیار سۆفی ئەمینی


آدرس: مهاباد، میدان آرد، پاساژ سردار، طبقە ٣، واحد ٣

تلفن: اسماعیل مصطفی زادە / مهاباد: ٠٩١٤١٦٨٣٢١١

Email: beyangovar@gmail. com

عبدالکریم سروش (ئاریاس)/ارومیە: ٠٩١٤١٤٢١٥٧٤
د.ابراهیم اسماعیل‌پور(شەماڵ) /سقز: ٩١٨٣٧٦٣٤٠٨
کریم رحمانی /بانە:٠٩١٨٩٧٤٨٤٢٧
علیرضا محمدنژاد(دیار) /اشنویە:٠٩١٤٤٤٧٨٤٦٥
شیوا میرکی / قروە:٠٩١٨٠٦٢٧٦٥٠
داود غفاری /پاوە:٠٩١٨٩٩٢١٠٦٣
طاهر ویسی (کۆچەر) /کرمانشاە:٠٩١٨٦١٦٨٠٩٩
نسرین کریمی٠٩١٨٨٧١٣٧٩٥ سنندج


شمارە کارت بانک ملی

(اسماعیل مصطفی‌زادە)

٦٠٣٧٩٩٧٤٧٤٣٠٨٧٨١

## پێرست


**سەروتار**/ د. ئیسماعیل مستەفازادە ٢
**لە ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندنەوە بۆ زمان و کۆمەڵ**/ زاموا جاف ٣
**دەنگە بڵندەکەی شیعری بەرخۆدان...** / ڕۆژان مستەفازادە ٦
**کوشتنی سێبەر**/ جەمیلە سەمەدی ٩
«**ڕەحیم لوقمانی**» **شاعیرێک لە خێڵی داربەڕوو**/ د. شەماڵ ئیسماعیل پوور ١٠
**پیاوێک لە ڕەگەزی عەشق و ڕەنگی دەریا**/ ئەمین گەردیگلانی ١٣
**خوێندنەوەیەک بۆ کتێبە شیعری زامستان**/ عابید حسەینی ١٥
**گەڕەکەکانی سابڵاغی جاران**/ پەروانە ئەحمەدێن ١٦
**بۆ نەکەرۆز**/ باوکی نیشتمان ١٨
**کۆڕۆنا و کۆمەڵ**/ شیوا میرەکی ١٩
**ڕەنگدانەوەی ڕەمەزان لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا**/ م. سەیید محەممەدئەمین واژی ٢٠
**ئەنفال**/ کەریم سۆفی مەولوودی (تینوو مەهابادی) ٢٣
**لە سەر خوانی بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیمامی**/ ناسر عەلیار ٢٥
**سلێمانیی جاران (شاری ئاشتی و پێکەوەژیان)**/ ڕزگار خدر مستەفا ٣١
**بۆ هەوەتوو**/ جەمیل کەرەم وەیسی (دەروون) ٣٢
**جوامێر هەمەوەند**/ لوقمان نادرپوور- حەیدەر لوتفی نیا ٣٣
**دایک**/ کەریم ڕەحمانی ٣٥
**خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «هاوارا بلووریێ»**/ عومەر محەممەدی ٣٨
**کیژۆڵەی ئینتیزار**/ گۆنا ڕاهپەیما ٤٠
**وێژەوانانی موکریان**/ سەید نووح عینایەتی(نەبەز) ٤١
**سێ کانیان**/ حەسەن سینا ٤٤
**دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە**/ کانیاو ڕەسووڵزادە ٤٦
**ئەلی ئەشرەف دەروێشیان لە...** / هۆمەر نۆریاوی ٤٨
**گەشتێکی شاخەوانی بە کوێستانەکانی هەوشاردا**/ وریا عەبدی‌زادە ٥٤
**هەوشار: موکری، ئەردەڵانی یان کوردستانی بچووک**/ خالید عومرانی ٥٥
**ناساندنی حوجرە و فەقێ و مەلای کورد**/ محەممەد ئەحمەدیان ٥٨
**هەڵوێست و کاردانەوەکان لە هەمبەر پەیکەرەکەی...** / حاجی عەبدوڵڵا حەمزە ٦٢
**ئاگرە گڕەی خۆمانە**/ حسەین شێربەگی ٦٣
**ڕوانینێک لە ئیستاتیکا و جوانی**/ سەرکۆ جاف ٦٥
**یاد**/ محەممەد ئەدیب ٦٩
**بەرزە هەڵۆ**/ محەممەد بێهڕەوان ٧٠
**کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەری نەتەویی ژەنێ**/ د. مەحموود مۆبارەکشاهی ٧١
**بیـــرکاری بە کوردی، پۆلی سێهەم**/ عەباس جوامێری ٧٤
**بەکتریاکان هەمووکات زیانبەخش نین!**/ فرۆ ڕزگار ٧٦
**نووسین بۆ منداڵان**/ ڕۆستەم خامۆش ٧٧
**پێویستی کتێبخانەکان بە ئەمیندارانی زانیارییەکان**/ م. شێرزاد سەعید محەممەد ٧٨
**هۆکارە کاریگەرەکان لە سەر ڕەوتی فێربوون**/ یۆسف عوسمان حەمەد ٨١
**کەلا دمدم (بەشا دیرۆکی)**/ عەبدولکەریم سورووش (ئاریاس) ٨٣
**عەلی ئەشرەف دەرویشیان قەڵەمە ئازاگەی تاق وەسان**/ تاهیر وەیسی (کۆچەر) ٨٧
**ایلات کورمانج استان ایلام**/ نامدار جابری ٨٩
**خاطرات معلم پیشکسوت مهابادی**/ سلیمان شاطریان ٩٥



د. ئیسماعیل مستەفازادە - مەهاباد

# سەروتار

## لە ١٢٣هەمینساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ویژە و ڕۆژنامەگەریی منداڵان لە گاگۆڵکە و گڕوگاڵدایە

ڕۆژنامە، بڵاڤۆکێکە کە بەردەوام و گشت ڕۆژێک چاپ و بڵاو دەبێتەوە و بێ هیچ لەمپەرێک، بە دەست خەڵک و خوێنەر دەگات. ئەرکی ڕۆژنامە، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نووچە، ڕوونکردنەوەی خوێنەر لە هەموو بوارێکدا، زانیاری گەیاندن، ڕەخنەگرتن، خستنەڕووی ڕاستییەکان، چاکسازی و بەرینکردنی ڕوانگەی ئەندێشەی مرۆڤە.

ڕۆژنامە و گۆڤار، وەک ئامرازی ڕاگەیاندن، ئاوێتەی زانیاری، وتاری سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری، چالاکیی هونەری و زانستی و وەرزشی و ژیانی ناودارانە. ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، سەرباری دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی زمان و ڕێنووسی کوردی و پێگەیاندنی شاعیران و نووسەرانی کورد، زانیاریی مێژووییشی بۆ پاراستووین.

ڕۆژنامەوانی، یەک لە ڕێگە هەرە گرینگەکان بۆ پاراستنی کولتووری نەتەوەیی و نیشتیمانییە و بە ئاوێنەی باڵانوێنی مێژوو و شارستانێتی نەتەوەیەک دادەنرێت. لە کوردستان، یەکەم بڵاڤۆک کە نێوی ڕۆژنامەی بە سەرەوەیە، ڕۆژنامەی «کوردستان»ە کە لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهیرەی میسر و لە لایەن «میقداد مەدحەت بەدرخان»ەوە بڵاو بۆتەوە.

ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، بەگشتی بەدەست زۆر کێشەی زمانی، پسپۆڕی، سیاسی، دارایی و... دەناڵێنێت بەڵام ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی تایبەت بە منداڵان بە داخێکی گرانەوە، کێشەی زۆرترە و ئەوەندە گەشەی نەکردووە.

لێرەدا سووکە ئاوڕێک لە کێشە و گرفتەکانی ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دەدەینەوە و چەند ڕێکارێکیش بۆچارەسەرکردنیان، دەخەینە بەردەم.

– ئەوەی ڕاستی بێت، بەداخەوە چونکە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات، زمانی خوێندن و نووسینی فەرمی نییە(گەرچی یاسا ڕێگای پێداوە)، هەر لەبەر ئەم پرسە لە قوتابخانەکان، ڕۆژنامەگەری و ویژەی منداڵان، لە باری چەند و چۆنییەوە کێشەی گەورەی لای خوێنەر و نووسەر بۆ ساز بووە و نەیتوانیوە نە نووسەر و نە خوێنەر بۆ خۆی دروست بکات. هەر بۆیە لەوەها کەشێکدا دەبینین شتێک بە ناوی ڕۆژنامەگەری منداڵانمان نییە و بە ڕەچاوکردنی ئەم بارودۆخە گەر کارێک دەست پێدەکات، زۆر ناخایەنێت و دەوەستێت.

– زۆرتری ئە و کەسانەش (نە هەموویان)کە وەک نووسەری ئەو بوارە کار دەکەن، پسپۆڕی بوارەکە نین و تەنیا بە دڵسۆزی کار دەکەن و هەر هەوڵێک بدرێت، خۆبەخشانەیە. نووسەرانی بواری نووسینی منداڵان، پێویستە پسپۆڕی دونیای منداڵان بن، لەو بوارە دەبێت خوێندنی تەواو کردبێت، دەروونناسی گەشەی منداڵ (روانشناسی رشد کودک) بزانێت. پێویستە شارەزایەتی لەسەر قۆناغەکانی گەشەی منداڵ وەک «پیاژە» ئاماژەی کردووە، هەبێت (تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغ لە بوار و ڕادەی هۆش، ژیری، قسەکردن، هەستەکان، جووڵەیی، کرداری و...)، هەر بۆیە گەر شارەزا بەم بوارانە بن، دڵنیاین، باشتر دەنووسن.

– لە دوو بواری «نووسراوە» و «وێنە» دا، کێشەی زەق و گەورە هەیە. نووسراوەکان، چ وەک دەق (چیرۆک) و چ لە هەڵبەست دا، زۆر دووپات دەبنەوە و چوارچێوەکەیان دیار و ڕوونە. نەرمونیان و نزیک لە دونیای منداڵان نین و زۆرتر حەز و هیوای گەورەکانە بۆ منداڵان. وێنەی گۆڤاری منداڵان و کتێبی منداڵان لە بواری ڕەنگ و ورووژاندنی بیر و خەیاڵ و هاوتەریب بوون دەگەڵ دەقدا کێشەیان زۆرە و بەشی وێنەکێشان و بابەتی گرافیکی نێو گۆڤارەکان و کتێب گەلی منداڵان، زۆر سەرکەوتوو نەبووە و تینوێتی و تامەزرۆیی منداڵانی نەشکاندووە و کێشەیان هەیە و شیاوی منداڵ نین و لاوازن. وێنەی شاز و ناوازەی تایبەت بە دونیای منداڵان، هەم بابەتەکان جوانتر و بەپێزتر و بەهێزتر دەکات، هەمیش ڕواڵەت.

– گۆڤارەکان و کتێب گەلی منداڵان، بەردەنگەکەیان نادیارە و ڕوون نییە و نانووسرێت بۆ چ تەمەنێک دەبن. (منداڵانی تەمەن ژێر یان سەرووی چەند ساڵ دەگرێتەوە) جار هەیە لە ناو کتێبێکی ١٥ –٢٠ لاپەڕەیی، شیعری بۆ هەموو تەمەنێک تێدایە.

لە کۆتایی دا وەک پێشنیار داوام ئەوەیە« لقی تایبەت بە ویژە و ئەدەبی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێم بکرێتەوە تا لەوێ پسپۆڕی تایبەت بە ویژەی منداڵان پەروەردە بکرێت و ئەم پسپۆڕانە بێنە ناو کۆمەڵگا و لە تی ڤی و گۆڤارەکان و باخچەی ساوایان، منداڵان پەروەردە بکەن. هەروەها ڕێکخراوێک بۆ نووسەران و وێنەکێشان و لایەنگران ویژەی منداڵان پێک بێت.

زاموا جاف ـ سنە

ڕاگەیاندنکار

# لە ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندنەوە بۆ زمان و کۆمەڵ





١١٦ ساڵ پاش دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە مانگی ئاپریلی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی (گوڵانی ١٢٧٧ی هەتاوی)لە قاهیرەی پێتەختی میسر و لە لایەن «میقداد مەدحەت بەدرخان»(١٨٥٨-١٩١٥)ەوە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی، لەم بەشەی کوردستاندا(کوردستانی ئێران)، زمانی کوردی خۆی لە کوێدا دەبینێتەوە؟ پتر لە ٤٠٠ ساڵ دوای ڕاژە و خزمەتەکەی «مەلای جزیری»، «خانا قوبادی»(١٧٠٠-١٧٥٩)، «ئەحمەد خانی»(١٦٥٠-١٧٠٧)و«عەلی بەردەشانی»(١٧٧١-١٨١٣)لە ڕێی نووسین و هۆنینەوەی شیعر و هۆنراوەوە بە زمانی کوردی، لێرە چی بۆ پێشخستنی ئەم زمانە کراوە؟هۆکار چییە هێشتا زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران بە ڕۆشنبیرانیشەوە، خاوەنی زمانێکی پێوەر بۆ ئاخاوتن و نووسین نین؟ بۆچ شانبەشانی بەشەکانی دی کوردستان خاسما کوردستانی ئێراق(باشووری کوردستان)، زمان لێرە ئەوەندە گەشەی نەکردووە؟ ئایا هەموو کەموکووڕیی و خەتاکان هەر ڕووی لە دەستەڵات و حوکوومەت و نەبوونی دەزگەیەکی فەرمیی وەک پەروەردە و بارهێنانە بۆ خوێندن و نووسین، یان بەشێکی کەمتەرخەمییەکە بەرۆکی خودی خۆیشمان دەگرێتەوە؟

وەرامدانەوە بەم چەند پرسیارە و دەیان پرسیاری دی لە هەمان پەیوەندییدا ڕوون و خویایە زێتر بۆ تەوەر و مژاری جڤین و کۆبوونەوەیەکی زانستی لەسەر زمان دەشێت بەڵام لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدرێت بە قەدەر پێویست وەرامی پرسیارەکان بدرێتەوە و بەدوای هۆ و هەگەرەکانیشدا بگەڕێین.

**زمانی کوردی، یەکێکە لە لقە هەرە زەنگینەکانی زمانە هیند و ئەورووپاییەکان و سەر بە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانە. لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی دەیان زمانەوان و زماناسی کورد و ناکورد هەمان ڕاستیی دەسەلمێنێت. زمانی کوردی بە چەندان دیالێکت و زاراوەی دەوڵەمەندەوە، گەر ڕاژە و خزمەتی دڵسۆزانە و زانستیی لە پشتەوە بێت، نەک هیچ بەرانبەر زمانە زیندووەکانی دونیا کەمی نابێت بگرە دەتوانێت ڕووبەرێکی زێتریش بۆ خۆ لە ئاستی جیهانیی دا بگرێتە بەر.**

لەو لاشەوە ڕاگەیاندن، ئەمڕۆکە بە کۆڵەکەی چوارەمی

دیمۆکراسی دادەنرێت و لە زۆربەی زانستگە و کۆلێژەکانی خوێندنیباڵا لە ئاستی جیهاندا بۆتە لقێکی زانستیی و ساڵانە سەدان کتێب و پەرتووک لەو بوارەدا دەکەونە ناو پەرتووکخانەی بواری ڕاگەیاندنەوە و بەختەوەرانە ئێمەی کوردیش بە مێژووی ١١٦ ساڵەی ڕۆژنامەگەرییەوە، بوونی خۆمان لەو بوارەدا سەلماندووە. بەڵام باشە ئێمەی کورد هەتا چەندە توانیومانە ئەو هەلانە بقۆزینەوە و لەو ڕابردووە زەنگینەی خۆ و دەستکەوتەکانی جیهانی سەردەم بەهرەمەند بین؟!

دوابەدوای سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ (١٣٢٤ی هەتاوی)و دامەزرانی ئێزگەکانی ڕادیۆیی لە شارەکانی تاران، کرماشان، مەهاباد، ورمێ و سنە و بگرە مەشهەد، زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا تەکانێکی وەخۆ دا و چەندان ڕۆژنامە و حەوتەنامە بە زمانی کوردی دەرکران.

«کوهستان»، «نیشتمان»، «ئاوات»، «کوردستان»، «هەلاڵە»، «گڕ و گاڵی منداڵان» و... نموونە هەرە بەرچاوەکان لەو بوارەدا دێنە ئەژمار. بۆ وتن دەشێت پێشتر و ساڵی ١٩٢٢ (١٣٠١ی هەتاوی)»مەلا محەممەد تورجانی زادە«(قزلجی، ١٨٩٦-١٩٥٩)لە ورمێ، گۆڤاری «ڕۆژی کورد» دەردەکات. با ئەوەیشمان لە بیر بێت هەر لە دوای هەفتاکانی زایینی و بگرە گەلێک پێشتریش، دەیان نووسەر و ڕۆشنبیری ئەم پارەی کوردستان، لە ناوەند و بنکە و مەکۆ و دەزگە چاندیی و ڕۆشنبیرییەکانی باشووردا چالاکانە دەور دەبینن. برایانی موکریانی(حسێن، ١٨٨٣-١٩٤٣ و گیو، ١٩٠٣-١٩٧٧)، حەسەن قزلجی(١٩١٤-١٩٨٥)، عەلائەدین سەججادی(١٩٠٧-١٩٨٤)، عەبدورەحمان زەبیحی(١٩٢٠-١٩٨٠)، هەژار موکریانی(١٩٢١-١٩٩١) و هێمن موکریانی(١٩٢١-١٩٨٦)، تەنیا ناوی چەند کەسایەتیی و سیمایەکی هەرە درەوشاوەی ئەمدیو دێنە ئەژمار کە لەوێندەرێ دەبنە پێشەنگی خزمەت بە زمان و کولتوورەکەیان و هێشتایش جێ پەنجەیان دیارە.

لێرەوە زمان لە چوارچێوەی زمانی ناو کووچە و کۆڵان خۆی قوتار و دەرباز دەکات و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی زمانی نووسین و ڕاگەیاندن دەست پێ دەکرێت. ئەم ڕەوتە بەو ساڵانە هەژانێک دەخاتە ناو کۆمەڵی کوردستانی ئێران و سەدان کەس لەو ڕێگەیەوە دەبنە قوتابیی خوێندنگەی کوردی و دواتر بۆ خۆ خامەی کوردی بە دەستەوە دەگرن و زمانەکە بەرەو پێشەوە ڕێنمون دەکەن. ڕاستە ئەم ڕەوتە تووشی هەوراز و نشێوی زۆر دێت و هەڵکشان و داکشانی فرەی بە دواوە دەبێت، لێ، قەت ناوەستێت و هەردەم ڕێی پێشڤەچوون دەبڕێت. کاروانەکە هێدی هێدی لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە (١٩٧٩)نزیک دەکەوێتەوە کە ئەمجارە تەقینەوە بە خۆوە دەبینێت و شۆڕەسواران، گورج و گۆڵتر و بەدەست و بردتر دێنە ناو مەیدانەوە. لە بن نسێی ئەو ڕەوش و بارودۆخەی دروست دەبێت و ئیشارەت و ئاماژەی خودی یاسای بنچینەیی ئێران لە مادده و ئەسڵەکانی ١٥ و ١٩ دا بە ماف و پرسی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک، کورد دێتە مەیدان و ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب دەردەچن؛ڕاستە ژمارەیەکیان بە هەوڵی تاکەکەسیی دەخرێنە سەر پەرتووکخانەی کورد بەڵام کاروان هەر ڕێی خۆی دەبڕێت.

**مامۆستا محەممەد ساڵح ئیبراهیمی «شەپۆل» (٢٠١٨-١٩٣٣)بە«گرشەی کوردستان» هەر پاش سەرکەوتنی شۆڕش (١٣٥٧ی هەتاوی)١٩٧٩ی زایینی، لە تاران باسکی هیمەتی بۆ هەڵدەماڵێت، دواتر ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی زایینی)»هێمن موکریانی» بە« سروە» و «ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەلاحەدین ئەیووبی»یەوە کوورەکە ئەوەندەی تر گەرم دادێنن.**

ئەم تەکانە، زمانی کوردی لێرە بەرەو ئاقارێکی باش ڕێنمون دەکات. سەدان کەس لە هەمان ڕێگەوە فێرە خوێندنەوە و نووسینی کوردی دەبن و هەتا دێت ژماری قوتابیی و شەیدایانی زمانی کوردی پتر دەبێت. لەو بوارەدا خودی حوکوومەت چەندان گۆڤار و بڵاڤۆکی کوردی - فارسی دەردەکات. «ئەسحابی ئینقلاب»، «کرمانج»، «ئاوێنە» و... نموونە هەرە رووونەکان دێنە ئەژمار. شانبەشانی ئەو ڕەوتە، ئێزگە ڕادیۆییەکانیش بە هەوڵی دەیان کەسایەتی ڕووناکبیری خەمخۆر، دەست دەدەنە بڵاوکردنەوەی دەیان بەرنامەی بەپێز لە سەر زمان، وێژە و ئەدەب، فۆلکلۆر و... بەڵام پاش هەشتاکانی هەتاوی ئەم کەف و کوڵە لەپڕێک تووشی وەستانێکی سامناک دێت و ئیتر ئەو جموجووڵەی نامێنێت. هەورێکی بۆر باڵ بەسەر زماندا دەکێشێت و کاروانەکە جگە لە هەوڵی تاکەکەسی ئەوەندە بەرەو پێشەوەچوون بە خۆوە نابینێت. جار ناجار حەوتەنامە و دووحەوتەنامەیەک دەردەچێت و پاش ماوەیەک، دەوەستێت و پێش بە بڵاوبوونەوەی دەگیردرێت. زمانی ڕاگەیاندن ئیدی ئەوە هەر باس مەکە و تەنیا دەوری بگوێز ئەویش بە شێوازێکی کرچ و کاڵ دەبینێت، بەڵام دوابەدوای هاتنە ئارای دیاردەی بە جیهانیبوون و سەرهەڵدانی دەیان تۆڕی کۆمەڵایەتی، کورد لێرەکانێ و بگرە لە ئاستی جیهاندا ئیتر ئەوەندە پێویستیی بەوە نامێنێت هەتا هەموو شتێک هەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و لە ڕێی فەرمییەوە بەرەو پێشەوە ڕێنمون بکات. لە ناو پانتایی جیهانی بەرفرەوانی ئینتەرنێت و تۆرە جڤاکییەکاندا دەلاقەیەک ڕوو لە کورد دەکرێتەوە یان بە واتایەکی دی، دونیایەک بۆ کورد دروست دەبێت هەتا گۆشەیەک لە تواناکانی خۆی و زمان و کولتوورەکەی بخاتە بەردیدە و بوونی خۆی بسەلمێنێت. بەڵام سەرباری هەموو دەستکەوتەکان، سەرەقەڵەمەکان لێرەش ئەوەندەی دی زمان تووشی پاشاگەردانی دەکەن.

هەر یەکە و بە لەبەردەستدابوونی کۆمپیوتەرێک و بە شێوەزاری گەڕەک و کووچە و کۆڵان و هۆز و خێڵەکەی خۆیەوە، دێتە ناو گۆڕەپانەکە و گۆمەکە ئەوەندەی دی دەشڵەقێنێت یان ڕاست تر بڵێین، لیخن و لێڵتر دەکات. لە بیر نەکەین لە ناوەڕاستی هەفتاکانی هەتاوی دا(نیوەڕاستی نەوەدەکان)حەوتەنامەی «ئاوێەر» لە سنە بڵاو دەبێتەوە. دواتر «ڕۆژهەڵات»، «ڕاسان»، «ئاسۆ»، «پەیامی کوردستان»، «هاوار»، «سیروان» و لە هەشتاکان بەملاوە «ئاشتی»بەناوی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی – فارسی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. ئەم ڕەوتە تا هاتووە بەردەوام بووە و نهاش لە نێوەڕاستی نەوەدەکانی هەتاوی(٢٠١٥)دا دەیان هەفتەنامە، دوو هەفتە نامە، مانگنامە و وەرزنامە دەردەچن کە مەهاباد، نیشتمان، سۆران، ئاگرین ڕۆژ، ڕۆژان، کۆنە دیار(دیاریٚ کۆهەن)، هایا، چرۆ، بەهێز، گەشە، کەرەفتوو، ئاوای ماد، ڕۆچنە، کوردەواری، ژیوار، زرێبار، دەنگی ئاشنا(سێدایٚ ئاشنا)، هەنگاو و گەلێک بڵاڤۆکی خوێندکاری درێژەپێدەری خەبات لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیی دێنە ئەژمار و چاوەڕوان دەکرێت کرانەوەی زێتر ڕوو بدات و دەرفەتی پتر بخرێتە بەردەم ڕۆژنامەنووسان لە کوردستانی ئێران.

پێویستە بۆ مێژوو ئیشارەتێکیش بە مانگنامە یان گۆڤاری مانگانەی «ڕێزان» بدرێت کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی(٢٠١٤)، ژمارەی دەستپێک و پێش ژمارەی(سیفر) بڵاو دەبێتەوە و هەتا ئێستایش ٦ ژمارەی لێ دەرچووە. ڕێزان، بە ناوی یەکەمین مانگنامەی کوردی-فارسی کە مۆڵەتی دەرچوونی هەم لە وەزارەتی ئیرشادی ئێران و هەمیش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی ئێراق وەرگرتووە؛بە دروشمی «جیاواز لە دەربڕین و جیاواز لە هزرین»هاتۆتە نێو مەیدانی ڕۆژنامەگەریی و هەوڵ دەدات لە ڕۆچنەی تۆرە و فەرهەنگەوە خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکات و پردێک بۆ دۆستایەتی زێتر لە نێوان کوردان دا دروست بکات.

ئەمە هەتا ئێرە سیمای گشتیی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندن لە کوردستانی ئێران و زێتریش لە ناو بازنەی بەرتەسک و سنووورداری توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواردا بوو بەڵام گەر پرسەکە هەندێ وردتر بکەینەوە و ڕوو بکەینە خودی ستان و پارێزگەی سنە(بە ناو کوردستان)، مخابن ئەوەندە گەشبینی پێوە دیارە نییە. گەر چاوێک لە حەوتەنامە و دووحەوتەنامە و... هەنووکەی ئەم ستانە بکەین، زۆر واقیعی تاڵمان بەردەیدە دەکەوێت. هێشتاکە نووسینی ناو بەشی زۆری گۆڤار و بڵاڤۆکەکان لەگەڵ ڕێزم بۆ چەندان خامەی چەلەنگ و بەپێز، لە نووسینی منداڵێکی سەرەتایی بە زمانی دایک بەو لاوە، واوەتر ناچێت و نەیتوانیوە ئەوەندە گەشە بکات و بارستا و تواناکانی زمانی هەرە زەنگینی کوردی بۆ ناو دڵی کۆمەڵ بگوێزێتەوە. بەسەد داخەوە هێشتاکە زۆربەی بڵاڤۆکەکان لێرە فارس گوتەنی، «تەنیٚ بۆ بەتاڵنەبوونی مەیدان و ڕووپەڕەکانیان»چەند لاپەڕەیەک تەرخان دەدەن بە بەشە کوردییەکەی خۆ و بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە، زۆر کەم ئاوڕیان لە پرسە هەستیارەکانی نێو کۆمەڵگە داوەتەوە. پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە لایەک و دەوری ناکارای ڕاگەیاندن و بگرە ڕووناکبیر و ناوەندە بەناو کوردییەکان لەو لاوە، هێشتاکە نەیتوانیوە ئەم زمانە خودان سەنگ و دەوڵەمەندە، ئەوەندە لە جەماوەرەوە نزیک بکاتەوە و کار بۆ بەڕۆشنبیرکردنی سەرپاک کۆمەڵ بکات. ڕاپرسی بۆ ئەو بوارە، زۆر ڕاستیی هەژێنەرمان بۆ دەردەخات. هەتا بەویٚ گەر پرسیار لە خەڵک بکرێت، ناوی مانگ و هەیڤە کوردییەکان بێننە سەر زار، یان بتهەوێت پەی بە ئاستی زانیارییان لەسەر زمانی کوردی و زاراوە و دیالێکتەکانی ببەیت و بە چەند پەیڤێکی ڕەسەنی کوردی بیاندوێنیت، ئەو واقیعە هەرە تاڵەت زێتر لە لا خویا و ئاشکرا دەبێت.

**بێ سێ و دوو یەکێک لە هۆکارەکانی نزمبوونی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر بەرانبەر زمانی کوردی، ڕووی لە ڕاگەیاندن بەتایبەت دەزگەکانی ڕاگەیاندنی فەرمییە. بەداخەوە هێشتاکە ڕاگەیاندن لێرە خاوەنی زمانێکی پێوەر نییە و ناوچەگەریی و بگرە بێ سەر و بەریی بەبڵاییەوە بێداد دەکات. جگە لەمەش کەمتەرخەمیی بەرانبەر زمان لە ڕاگەیاندن دا پرسێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە.**

جەماوەر زۆر تامەزرۆی زمان و کولتوورەکەیەتی و شەیدایانە چاوەڕوانی زمانێکی پوخت و پاراوە بەڵام دڵسۆزیی و خەمخۆریی و پەرۆشییەکە لە ئاستێکی نزم دایە. هەروەها ئەوانەی بە ناوی بنکە و ناوەندی کوردییەوە لێرە مژولی کار و چالاکین بەداخەوە پەرژین و تەیمانێکیان بە دەوری خۆدا کێشاوە و لە زمانی کۆمەڵەوە زۆر دوورن. ڕەنگە ئەوپەڕی مانگانە یان ساڵانە چەند جارێک لە دەوری یەک گرد ببنەوە و تاوتوێی پرسێک بکەن بەڵام هێشتاکە نەیانتوانیوە سەدی یەکی باس و خواسی ناو کوڕ و جڤینەکانی خۆ بۆ ناو کۆمەڵ بگوێزنەوە. بۆ دەربازبوون لەو ڕەوشە، پێویستە ڕاگەیاندن (نووسراو، دیتیاری، بیستیاری)و خودی ڕووناکبیران و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، چیدی لە ناو قەفەزەکانی زەمەندا خۆ قەتیس نەکەن و زێتر بچنە ناو دڵی جەماوەرەوە. بە دڵنیاییەوە ڕەنگە ئەم پرسە تووشی باجی قورسیان بکات، بەڵام دەرەنجامەکەی گەشتر و ڕوونتر دەبێت.

جێی ئاماژەپێدانە ئەم بابەتە، حەوت ساڵ پێش ئێستا(گوڵانی ٢٧١٤(١٣٩٣ی هەتاوی)نووسراوە و هەنووکە یادی ١٢٣ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە. ئاڵای ڕۆژنامەگەریی کوردی هەردەم شەکاوە بێت.



# دەنگە بڵندەکەی شیعری بەرخۆدان

## لە هەڤپەیڤینێک دەگەڵ بەیان

دیمانە و ئامادە کردنی: ڕۆژان مستەفازادە ـ مەهاباد



**بەیان: لە سەرەتادا تکایە خۆت بە خوێنەران بناسێنە و کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە.**

لەگەڵ ڕێز و سوپاسم بۆ بەسەرکردنەوەتان، من ساڵی ١٩٦٠ی زایینی(١٣٣٨ی هەتاوی) لە ناوچەی سەقز لە دایک بووم. هەر لەو شارە خوێندنی قۆناخەکانی خوێندنگە(مەدرەسە)م تەواو کردووە و بوومەتە مامۆستای قوتابخانە لە گوندەکانی سەقز. ساڵی ١٩٨١ (١٣٦٠ی هەتاوی) لەسەر یەک دوو سروود و هەندێک شیعر کە لە ڕادیۆکانەوە بە ناوی «نەکەرۆز» بڵاو ببوونەوە، ماوەی ٥ ساڵ لە کارەکەم دوور خرامەوە و یەک دوو جار زیندان کرام. پاشان بە کەمکردنەوەی یەک لە سەر سێی مووچەی مامۆستایی!! هاتمەوە سەر کارەکەم. لە زانکۆی سەقز درێژەم بە خوێندن دا و بڕوانامەی بکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی فارسیم وەرگرت و پاشان ساڵی ٢٠٠١(١٣٨٠ی هەتاوی) کارەکەم گواستەوە بۆ شاری سنە. ئێستا لەم شارەم و پێش وادەی خۆی لە کاری مامۆستایی، خۆم خانەنشین کردووە.

**بەیان: زۆربەمان لەگەڵ شیعرەکانی بەڕێزت کە بە گۆرانی گوتراونەوە، بیرەوەریمان هەیە. وەک شیعری «نەورۆز» کە هەموو ساڵێک لە بەرەبەری ساڵی تازەدا دەیڵێینەوە یان شیعری «ئاگرە سوورە» کە هەمووکات ورەی پێ بەخشیوین. هەروەها شاهیدی بڵاوبوونەوەی شیعرەکانت لە ساڵەکانی ١٣٦٤ی هەتاوی بەملاوە لە گۆڤارە کوردییەکانی وەک «سروە»دا بووین، کە دیارە لە ئاستێکی بەرزدا بوون. لە چ ساڵێکەوە دەستت بە شیعرنووسین کرد و لە چ شێواز و قالبێک تا ئێستا کەڵکت وەرگرتووە؟**

ساڵی ١٣٦٤ بۆ ٦٥ ی هەتاوی(١٩٨٥ بۆ ١٩٨٦) لە سەر بانگهێشتی «سروە»، چووم بۆ ورمێ و لەوێ دەست بەکار بووم. ئەو کاتە ئەم بەڕێزانە دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری سروە بوون: یادگاش ئەحمەد قازی(سەرنووسەر)، کاک کەریم قەیبوومی، کاک پەروێز جیهانی، حامید خانی زەرزا و کاک عەزیز ئالی، ئینجا منیشیان پێ زیاد بووم. ساڵەوەختێک لە سروەی یادگاری مامۆستا هێمن کارم کرد و جاروبارەش وتار و لێکۆڵینەوە و شیعری خۆم تێدا بڵاو دەکردەوە. دواتریش هەر پێوەندی و هاوکاریم لەگەڵ سروەدا هەبوو، چونکە ئەودەمی سروە تەنیا گۆڤارێکی کوردی بوو کە بانگەشەکاری دەسەڵات نەبوو و تەنیا بابەتی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردی تێدا بڵاو دەکرایەوە. ئەو کاتە تیراژی سروە، پازدەهەزار بوو. بۆ کوردستانی باشوور و ئورووپاشمان دەنارد. بەڕاستی خەڵک خۆشیان دەویست و زۆریش لەو ڕێگەیەوە خۆیان فێری کوردی خوێندنەوە و نووسین کرد. بەڵام پاش چەند ساڵان کە ئەو دەستەی نووسەرانە لەوێ نەمان، سروەیان لە سنە دایە دەست کەسانێک کە لە ڕەوتی پێشووی خۆی کە مامۆستا هێمن و کاک فارۆق کەیخوسرەوی دایاننابوو، بەلاڕێیاندا برد و وایان لێکرد خەڵک و خوێنەرانی پێشووی لێی تەکینەوە و لێی دوورکەوتنەوە، بەداخەوە وەک پیلانێکی دارێژراو بەو دەردەیان برد کە بردیان... !

من پێش پاشاگەردانییەکەی ئێران کە ئەودەم مێرمنداڵێکی کەم تەجرووبە و کەم خوێندەوار بووم، نەزمی سادەی کوردیم بۆ خۆم دەنووسی کە خەڵک پێیان دەگوت شیعر! بەڵام وەختی خۆی و پاش پاشاگەردانی، ئێتر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و شوێنە گشتییەکاندا شیعری نیشتمانیی و کۆمەڵایەتیم دەخوێندەوە و گەنجان و خەڵکی سەقز پێشوازییان لێ دەکرد و بە ڕێزەوە هانیان دەدام. سەرەتا قالبی شیعرم بە کێشی پەنجەیی کوردی بوو کە کێش و سەروا (وەزن و قافیە)، کۆڵەکەی سەرەکی و بنەمای شیعری ئەو سەردەمە بوون بەڵام بە ناوەڕۆکی تازەوە. پاشان وردە وردە ڕووم کردە شیعری ئازاد و کەمتر گوێم دایە قافیەسازی؛ بەڵام بە هەمان کێش و ڕیتمی فۆلکلۆر و بەیتەکان، واتە هیجای خۆماڵیی کوردی، کە زۆربەیان لەسەر کێشی دوو و سێ و چوار بڕگەیی یان پێکهاتەیەک لەمانە پێکهاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا جاروبارە لەسەر قالبی عەرووزی شیعرم نووسیوە و بە گشتی دەتوانم بڵێم لەسەر هەموو قالبەکانی شیعری کلاسیک و شیعری ئازاد و ڕیتمیکی نوێ کارم کردووە و شیعرم هەیە.

**بەیان: هەر وەک دەزانین ئەدەب و وێژەی کوردی زیاتر لە بواری شیعردا گەشەی کردووە و لە بوارەکانی تر وەکوو چیرۆک، ڕۆمان، پەخشان و هتد، بەرهەم و نووسەرمان کەمە. بەڕێزت هۆکارەکەی چ دەبینیت؟ بۆ پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی یان هەر بە شێوەیەکی گشتی تر بڵێن زمانی کوردی لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا وەک زانست، پێشنیازت چییە؟**

ئەگەر سەرنجی ئەدەبی زارەکی و لەمێژینەمان بدەین، تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی بەڕێزتە. ئێمەی کورد لە بابەت ئەفسانە و چیرۆکی فۆلکلۆری و بەیتی نەتەوەییەوە لە هەموو دراوسێیەکان دەوڵەمەندترین، چونکە زمانەکەشمان بەربڵاوتر و دەوڵەمەندترە. بوونی چەند شێوەزاری سەرەکی و دەیان بنزار و شێوەزاری سەر بە زمانی کوردی ئەم هەموو سامانە ئەدەبییەی لێکەوتووەتەوە.

ئەدی ئێستا بۆچی شیعرمان زۆر و چیرۆک و ڕۆمانی نوێمان کەمە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە کە ئەم میللەتە لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە بەر شاڵاوی لەنێوبردن و تواندنەوە، تەنیا سەنگەرێکی کە میللەت خۆی تێدا پاراستووە، زمانەکەیەتی. دەجا تەنیا تریبوونێکی گەلی و پڕ بەردەنگ، شیعر بووە. چونکە شیعر زووتر دەگاتە هۆگرانی و لەگەڵ سۆز و دەروونی بەردەنگدا زیاتر هاوسۆزی دەکات. شاعیرانی کورد لە هەموو ڕۆژگارە سەختەکاندا بە نووسینەکانیان جۆرێک خەباتی ڕەوایان بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەکەیان کردووە. مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێ تەیران، نالی، مەحوی، حاجی قادر و... . تا دەگاتە شاعیرانی ئەم ڕۆژگارەش، هەرکامیان لە سەنگەری قەڵەمی خۆیانەوە بینای دێرین و قایمی زمانی کوردییان پاراستووە. لە سەد ساڵی پێش تا ئەمڕۆ شیعری کوردی جیا لە خزمەتی خودی زمان، بووەتە زمانی هاواری نەتەوە و خەمەکانی گەل و نیشتمانیشی لەکۆڵ ناوە. ئەم تایبەتمەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕامیاری، مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە لە ناوچەکەدا زیاتر تایبەتی نیشتمانی ئێمەیە... !

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزگای ئازاد و باشمان بۆ چاپی بەرهەمی نووسەران نییە، بەڵام چیرۆک و ڕۆمانی سەردەمیانەی باشمان هەن و هیوادارم نموونەی چیرۆکنووسە باشەکانمان زۆر بن و لەو ڕێژە زۆرەی شاعیران کەسانێکی بەتوانا و قەڵەمڕەوان ڕوو بکەنە نووسینی چیرۆک و دەقی ئەدەبی و... لە بەشەکانی دیکەشدا وەک بابەتی زانستی، ئەگەر لاوازییەک دەبیندرێ، من بۆ ئەوەی دەگەڕێنمەوە کە زمانی کوردی لە زۆربەی کوردستاندا نەکراوەتە زمانی خوێندن و زمانی ئیداریی و ڕەسمی؛ هەر بۆیە بە پێویست نەزانراوە لەو بوارانەدا کاری لەسەر بکرێت. بە دڵنیایی دەڵێم ئێستاش زمانی کوردی لە هەموو بابەتێکی زانستی و هونەری و... دا زۆر لە زمانی فارسی دەوڵەمەندتر و خەرمانی وشەکانی گەلێک زۆرتر و پاراوترە. وەختێک لە هیچ بابەتێکی دەسەڵاتداری و پەروەردەی ڕەسمیدا ئیجازەی پێ نەدراوە، ئەمە بە واتای لاوازبوونی زمانەکە نییە. جیا لەمانە، بەرهەمی هونەری و ئەدەبیی چاک و سەرکەوتوو لە کەشوهەوای ئازاددا دەخەملێ و پێدەگات، نەک لە تاریکستانی ژیان و پاوانکردنی خەیاڵ و بیروڕای جیاوازدا.

**بەیان: چلۆن سەیری دۆخی شیعری هاوچەرخی کوردی و هەروەها بەرهەمی تازە شاعیر و لاوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەیت؟**

بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئاوڕێک لە بارودۆخی شیعری هاوچەرخی کوردی بدەمەوە. دەستەواژەی «شیعری کوردی» هەڵگری واتایەکی گشتیی و بەربڵاوە. چونکە بە جوانی و پێویست، ئاگاداری بەشەکانی دیکەی کوردستان نین لە باری چالاکی فەرهەنگیی و بەرهەمی ئەدەبییەوە. بەڵام تا ڕادەیەک لەسەر چەند و چۆنی شیعریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانم ئەوە بڵێم کە چاپی چەند دیوانە شیعرێک کە شاعیر بۆ چاپکردنیان ناچارە بە خۆسانسۆڕیی، ئەمە نابێتە پێناسەیەکی گشتیی بۆ شیعری ئەم بەشەی کوردستان. بەداخەوە نە گۆڤارێکی ئازادی ئەدەبی هەیە نە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆ و کارامەی ئەدەبی، کە دەنگی شاعیران و نووسەرانی بەرەی تازەتری تێدا ببیستین. تاک و تەرا، لێرە و لەوێ جاروبارە لە جیهانی مەجازیدا هەندێ ڕوخساری شیعری و دەنگی تازە و جوان دەبینم. بەڵام بەرهەمی چاپکراوی وام بەردەست نەکەوتووە، وەک ڕچەشکێن و داهێنەر خۆی پێناسە بکات و بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی تامەزرۆ. وەک لە وەرامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، ڕەنگ و سیمای دیاری هونەری و ئەدەبی هەر نەتەوەیەک لە کەشوهەوای ئازاددا باشتر دەردەکەون و خۆیان پێناسە دەکەن و بەرهەمیان بە جوانیی دەخەملێت و پێدەگات. شیعر، زادەی خەیاڵی هونەرمەندی نەتەوەیە، کە وەختێک خودی نەتەوە لە کەشوهەوای ئازاددا نەژی، چۆن بتوانین

دەنگە ڕەسەنەکانی شیعری دیاری بکەین و بزانین چۆنە و بە چ ئاقارێکدا هەنگاو دەنێت! بەداخەوە هەندێ جار بە ناو شیعر بەرهەمی وا دەبینم، کە نازانم لە کام هەسارەوە هاتووە! ڕەگی لە کام خاکدایە و هەناسەی کوێ هەڵدەمژێ و کام نەتەوە و کام مرۆڤان بەردەنگیەتی! کە ئەو نووسراوە لاوازانە دەبینم دەڵێم ڕەنگە دامودەزگای مۆڵەتپێدەر بە ئەنقەست ئەوانە ڕەوانەی ناو خەڵک دەکەن کە شێواز و ڕەسەنایەتی و قەڵافەتی شیعرییمان بەو شێوەیە خواروخێچ بێتە بەرچاوان و خوێنەران لە هەموو شیعرێکی کوردی بێزار بن و قیزیان بێتەوە لە خوێندنەوەی شیعر. ئاخر شیعر بەرهەمی هەناسەی ڕاز و ئازاری شاعیرێکە لە نەتەوەی سەردەمی خۆی. کە شیعر نەتوانێ لە ناو خەڵکی خۆیدا چەکەرە بکات، کە نەتوانێ سۆز و هەناسە و هاوار و خەم و پەرۆشەکانی نەتەوە و هاوزمانانی خۆی دەرببڕێت، چۆن دەتوانێت پەسەندی خەڵک بێت و دواتر سنووران ببڕێت؟ ئەگەر لەم بارودۆخانەدا شاعیر نەتوانێ ببێتە زمانی سۆز و ڕازەکانی دەروونیی هاوزمانانی، ڕەنگە هەر نەبوونی باشتر بێت. لە جیهاندا هەمیشە ئەو شاعیرانە بەرز و نەمر بوون، کە دەنگیان بووەتە دەنگی خەون و خەیاڵەکانی گەلی خۆیان. دەنگی شاعیرێک لە ئێستای خۆیدا بەردەنگی خۆی وەری نەگرێت و هاوسۆزی لەگەڵ نووسینەکانی نەکات، ئەدی چۆن دەگاتە پەنجا یان سەدساڵی داهاتووی خۆی؟

لەم بارودۆخەدا کە ترووسکەی هیچ گزنگێکی ئازادی نابینم، ئەگەر بەرهەمێک بە ناو شیعر دەبینم، سەرەتا بۆ ئەوە دەیخوێنمەوە کە بزانم ئایا بەڕاستی شیعر دەخوێنمەوە؟ داهێنانی تازەی پێیە؟ بۆنوبەرامەی کام نەتەوە و خاکی لێ دێت؟ جیهانی ناوەوەی دەستەواژەکانی سیحری زمان و هونەری شاعیرانەی تێدایە؟ ئایا هەر هەمان کۆپیکردنەوەی زمان و فکر و ڕامانی ڕابردووانە؟ یان بە شێواندنی ناشیانە و بێ ناوەڕۆکی زمان، کۆمەڵێک هاتەران و پاتەرانە بە ناوی شیعری سەردەم دەرخواردی خەڵک دراوە؟ گەلێک پرسیاری دیکەش لەم بابەتە لە خوێندنەوەی بەرهەمێکدا، مێشک و زەینم دەوروژێنن...

**بەیان: بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی بگاتە ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە ئێستا هەیەتی، ئاستەنگەکانی بەردەم کامانەن و ئەرکی ئێمە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە چییە؟**

سەبارەت ئەرکی گەورەی شاعیران و نووسەران، شاعیر و نووسەر پێش هەموو شتێک دەبێ ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات: لە کام بەشی جوگرافیای ئینسانیدا دەژی؟ خوێنی کام نەتەوە بە دەماری بەرهەمەکانیدا دەگەڕێت؟ ئامانجی لە هونەر و نووسینی ئەو بەرهەمانەی کە ناوی شیعر و چیرۆکی لێ ناوە، چییە؟ ئەگەر هونەر و ئەدەبی ئێمە بە گشتیی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی حەز و ئارەزوو و خولیاکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەی بەردەنگی نووسەر بێت، بێگومان دەبێتە پێناسەی خودی نەتەوەکەمان. شیعر و چیرۆک، زادەی نەتەوە و جوگرافیان. نووسەری سەردەم پێویستە ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات: چی دەنووسێت، چۆن دەنووسێت و بۆ کێ دەنووسێت... ؟ ئەگەر نووسەر دووره‌واز و جیا لە هەناسەی خەڵکەکەی بژیت، گومانی تێدا نییە کە ناتوانێت بەرهەمێک بەدی بهێنێت خەڵک بە هی خۆیانی بزانن و لە دنیای خەون و خەیاڵدا هاوسۆزیی لەگەڵ بکەن؛ بە تایبەت لە ناو نەتەوەی بندەست و هەژاری وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆشنبیر و نووسەران گەورەترین ئەرکی ئینسانی و مرۆڤایەتییان لەسەر شانە. ناڵێم هونەر دەبێ ئەرکی سیاسەت بەڕێوە ببات، چونکە سیاسەت بابەتێکی جیاوازە و هونەر و ئەدەب جیاوازترن و لە پلەی بەرزتردان. هونەری شیعر و چیرۆک زۆر لەوە بەرزترە کە ببێتە بارەبەری سیاسەت یان ئایدۆلۆژیی دیاریکراو، بەڵکوو دەبێت لە سەر شاخی بڵندی هونەرییەوە بڕوانن بۆ هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و بەردەنگەکانیان... . ئەگەر شاعیر بە تەنیا و لووتبەرزی، بچێتە ناو قۆزاخە (پیلە)یەکی دووره‌پەرێزی و خۆی بە شتێکی جیاواز لە خەڵک بزانێت، پێموانییە بتوانێت ببێتە زمانی ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانەی مرۆڤی سەردەمی خۆی. نووسەر و شاعیری پێشڕەو یان ڕۆشنبیری نەتەوە، دەبێت ببێتە چاوی گەل و ڕێگای پێشەوەچوون، بە جۆرێک کە دیاردە ناحەزەکانی دنیای سیاسەت و باوەڕە هەڵەکانی کۆمەڵگاش بداتە بەر چرای ڕووناکبەخشی ڕەخنە و بە پرسیاری زیرەکانە و هونەرمەندانە، بەردەنگی خۆیان وا ڕابهێنن کە هەمیشە ئازادە و دەم بە پرسیار بن. شاعیری داهێنەر دەبێت هەمیشە ئاگاداری خەون و خەیاڵی خوێنەر و بەردەنگی خۆی بێت. چونکە داهێنان لە خەیاڵەوە بەدی دێت، ئەگەر دنیای شیعری شاعیرێک هەناسەی ژیانی گەل و خەیاڵی ڕەهای تێدا نەبوو، لام وا نییە هیچی تازەی بۆ وتن پێ بێت. نووسەر و شاعیری سەردەم و دەرووەست پێویستە بەردەوام دیواری بێدەنگی بڕووخێنێت و هێڵە سوورەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش، بە ڕوانینی تازە و ڕۆشنگەرانەی خۆی ببەزێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێز لە ئەدەبی ڕابردوومان دەگرین، پێویستە بەردەوام لە هەوڵی خۆتازەکردنەوە و تازەبوونەوەدا بین. چاومان لە دەوروبەر و ڕەوتی ئەدەبی جیهانی بێت و ئەزموون و تەجرووبە باشەکانیان بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی بەرهەمەکانمان زانایانە بەکار بهێنین، نەک کۆپیکاری ناشارەزا یان کاوێژکەری لاسار و دۆڕاو بین.

**بەیان: مامۆستا ئەگەر بکرێت ئاماژەیەکیش بە بەرهەمەکانی خۆت بدەیت کە تا ئێستا چاپ و بڵاو کراونەتەوە. ئایا بەرهەمی نوێشت لەبەر دەستدا هەیە؟**

بەرهەمە چاپکراوەکانم ئەمانەن:

١ـ زامستان: هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانم کە یەکەم جار ئینتشاراتی گوران لە سنە ساڵی ٢٠٠٢، بە شێوەیەکی زۆر خراپ و ناشیرین لە جیاتی چاپ، ڕیسۆگرافی بۆ کردبوو! ئەو کارە ناشیرینەی چاپەمەنی گوران لە باری دەروونییەوە زۆر نیگەران و پەرێشانی کردم کە بەر و نەتیجەی دەیان ساڵی ژیانم و باشترین شیعرەکانم، ئاوا بە نارێکی و ناشیرینی بچاپێندرێت! دواتر چاپ و پەخشی «پەرتەوبەیان»

بە شێوازێکی باش ساڵی ٢٠٠٣، چاپی دووەمی هەمان کتێبی خستە بەر دەستی خوێنەران.
٢ـ فاشیزم چییە: وەرگێڕانی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان، بەرهەمی «یەڵماز گیۆنەی» نووسەر و دەرهێنەری ناوداری کوردی باکوور، چاپ و پەخشی «پەرتەوبەیان» چاپی ٢٠٠٣ سنە.
٣ـ چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی: گۆڕینی بۆ کوردیی ناوەڕاست، ڕ لوقمانی، چاپی «کالج»، سنە ٢٠١٣.
٤ـ زامستان / پشکۆی هاوار: (دوو کتێب لە بەرگێکدا) چاپی تازەی «زامستان» لەگەڵ کۆمەڵێک شیعری تازەم کە لە ڕاستیدا دوو کتێبن. چاپی «کالج»، سنە. ٢٠١٥.
٥ـ شمشاڵی سیحراوی یان (کەرێک میداڵی وەرگرت): وەرگێڕانی سێ کورتە چیرۆکە بۆ لاوان و تازەلاوان، چاپی «کالج»، سنە، ٢٠١٥.
٦ـ بارهێنانی منداڵ: وەرگێڕان، نەشری جەوان، تاران، چاپی ٢٠١٧.
٧ـ چیرۆک و ئەفسانەی کوردی: کۆکردنەوەی کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی فۆلکلۆری نایابی ناوچەی سەقز. بۆکان، چاپ و پەخشی «ناوەندی خانی» سەقز، ساڵی ٢٠٢٠.
٨ـ تاوانەکانی داعش لە سەر کوردانی ئێزدی: وەرگێڕان، چاپی ناوەندی خانی سەقز ٢٠٢١.
بەرهەمی ئامادەی چاپ:
١ـ کەشکۆڵێک لە ئەدەبی بێگانە، وەرگێڕانی چەند کورتە چیرۆک، لە فارسییەوە بۆ کوردی.
٢ـ کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە ئەدەبی لە سەر شیعر و ئەدەبی کوردی.
٣ـ دەنگی ئاشتی: شیعر بۆ منداڵان، ئامادەی چاپ.
٤ـ سوکناییدەری فەلسەفە: وەرگێڕان، ئامادەی چاپ.
٥ـ سروودەکانی ئاڤێستا: وەرگێڕان، ئامادەی چاپ.
٦ـ پەندنامەی باستان: وەرگێڕان، ئامادەی چاپ.
٧ـ دیوانی تازەی شیعر (چل ساڵە هاوار دەکەم)...
٨ـ قاقای گریان: یادداشتەکان و سەربوردەی تاڵ و شیرینی ژیانی خۆم، ئامادەی چاپ.
٩ـ ئەفسانەی گەلگامێش: وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە لە سەر ئیزەدانی هووری و سوومەری
کە بناخەی مێژوویی زمان و فەرهەنگی دێرینی کوردستانن.



# کوشتنی سێبەر

جەمیلە سەمەدی ـ مەهاباد

دارتێلەکان وەکی سەرباز بە ڕیز لە بن دیوار چەقی بوون و شۆقی گڵۆپە زەرد و نەخۆشەکانیان کەوتبووە بەر پێ. ڕەنگە چاوەڕوانی دیمەنی دزێوی ئەو ڕێبوار و سێبەرە بووبن کە درەنگانی شەو دەهات و ڕادەبرد.

لەوسەر کووچەوە لە ناکاو بە مشتومڕێکی بێدەنگ لە نێوان خۆی و سێبەرەکەی، دەرکەوت.

سەر لە بەرخۆ و دەست لە گیرفان، هەنگاوی داویشت و سێبەرێکی درێژی ڕەشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. لە مەودای بەینی دوو دارتێلدا، سێبەر هەر دەهات و وێک دەهات. ئەو چۆلەکانەی لە کەلێنی خشتەکاندا کرووشم هەڵاتبوون، بە ئاشکرا نزا و لاڵانەوەی سێبەریان دەبیست کە جارێک لە قاچوقولی ڕێبوار دەئاڵا و جارێک دەستەوداوێنی بەرپێی دارتێلەکان دەبوو؛ لە ئاکامیشدا دەکەوتە بەر شەقی ڕێبوار و وەپێشی دەکەوت.

ئەم دواکەوتن و پێشکەوتن و لاڵانەوەیە، لە درێژەی کۆڵاندا دووپات و چەندپات دەبووەوە تا دەگەییشتە ئەو شوێنەی لێیدەترسا؛ واتە زارکی دەربەندی نەگبەت.

ڕێبواری ڕەشپۆش بەر لەوەی بەلای چۆپدا بەرەو دەربەندی خەفە لێ هاڵێتەوە، لە ژێر شۆقی دوایین گڵۆپ، وچانێکی گرت و خێسەیەکی دواوەی کرد. سێبەری گرمووڵە، ئەم دوایین دەرفەتەی لە کیس نەدا. دەستێک بە دەلینگی ڕێبوار و دەستێک بە داوێنی دارتێلەوە بۆ دواجار هاواری کرد. تەنیا شەمشەمەکوێرەیەک ڕاچڵەکی و لە کونای ڕەشی دووکەڵکێشی سەربانێکەوە فڕی و لە تاریکیدا توایەوە.

ئیدی کاس و شەکەت کەوتە بەرپێی و وەک فەرشی ڕەش لە درێژەی دەربەندا، بەرەو دەرگا تەختە شەکەت و ماندووەکەی بنەبان ڕاخرا و نووکی پەنجەی لە ڕێسمە قایم کرد.

دەرگای کۆنساڵ کە بە ساڵ شاهیدی ئەم دیمەنە بوو و جگە لە ئاخی جیڕەیەکی بەسۆز، چی لە دەست نەدەهات، ئامێزی بۆ کردەوە و پڕ بە قەبری دەربەند زیراندی و کەلەکەی بە خەوتووانی پشت پەردە و پەنجەرە داخراوەکان گوڕی. ئاخر دیلێکی چوارمێخەکێشراوی سواغی دیوار، جگە لەوە چی تری لە دەست دەهات؟!

ئیدی سێبەر وەک مەڕی قوربانی، بەر لە ڕێبوار، خۆی لە گۆڕیچەی حەوشە هاویشت و دەرگا پێکدادرا و جارێکی دی بێدەنگیی شەو بە قرم و هووڕ هەڵوەری.

ئەوە بەسەرهاتی لەمێژینەی ڕێبواری ڕەشپۆش و سێبەری بەرپێی بوو کە لە زرینگانەوەی شەودا دەقەوما و بۆ بەیانی هیچ نیشانەیەک لە تاوان بەجێ نەدەما!

د. شەماڵ ئیسماعیل پوور ـ سەقز

# ڕەحیم لوقمانی

## شاعیرێک لە خێڵی داربەڕوو



**خەم و دەردی زەمانە پیری کردم، وشک و بێ زەوقم**
**کە شاعیر وشک و بێ شۆر بوو، لە ناو خەڵکی دەبێ لاچێ**

(مامۆستا هێمن)

کەم شاعیر هەیە وەکوو مامۆستا «ڕەحیم لوقمانی» بە لاوی شیعرەکانی کرابێتنە بەستە و گۆرانی و لاوانی وڵات بە شۆر و زەوقەوە بیانڵێنەوە و ئاوا زوو بچنە دڵی گەلەکەیەوە. ڕەنگە هۆی ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستا ڕەحیم لوقمانی خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی(بە هەموو لقەکانییەوە) و هەروەها ڕۆشنگەری کردبێتە هەوێنی کارەکانی و بە زمانی نووسین و مۆسیقا و هونەرەکانی تر لە مەیدانی چالاکی و ڕاژەدا بووبێت. لە ئاوڕێکی خێرا لە کار و چالاکییەکانی ئەم شاعیرە دەروەستە، دەمەوێت سەرپۆش لە سەر ئەم ڕازە لا بدەم و بێ ئەوەی هەوارمان لە بەستێنی پێداهەڵگوتن و تاریفی نابەجێ هەڵدابێت، لە ڕێی کارەکانییەوە جارێکی تر بیناسینەوە.

بە درێژایی مێژوو، شاعیران یان دۆستی دەسەڵات بوون و لە لایەن حاکمان و دەسەڵاتدارانەوە گەورە کراونەتەوە و خەڵاتیان پێ دراوە و لەپڕدا وەکوو کارگ هەڵتۆقیون، یاخۆ دژی دەسەڵات بوون و بە شێوەی جۆراوجۆر سزا دراون. دیارە شاعیری دیوەخان و دەسەڵات فڕی بە سەر ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیرییەوە نەبووە و تەنیا کاری ئەوە بووە بە شان و شکۆی میردا بخوێنێت و پرێسکە پرێسکە زێڕ و ئاڵتوون وەربگرێت و شیعرەکانیشی پێش لە خۆی بمرن و لە بن سەری حاکم و میردا بنێژرێن. بەڵام شاعیری دەروەست و دژە دەسەڵات هەر بە زیندوویی لە دڵی خەڵکدا ماڵ دەکاتەوە و پاش مەرگیش هەر لەو ماڵەدا دەمێنێتەوە و شیعرەکانیشی وەکوو ئەستێرە پرشنگ داوێن.

ڕەحیم لوقمانی، شاعیری دژە دەسەڵاتە و هەمیشە قەڵەمی سەرشۆڕ و شیعری ڕووڕەشی لە قاو داوە و باسی ئەو بەرماڵە شیعرییانەی کردووە کە ڕووگەیان کەعبەی دۆلار بووە. بۆ خۆشی وەکوو شاعیر لە گەندەڵی کورسی و دەسەڵات و بۆنی زێڕسووتی نەفت دەدوێت. لە هەموو ئەو شتانە بێزارە کە زوڵمی دەسەڵات دەکاتە خێر و بەرەکەت و چاوبەستانە بەسەر خەڵکی هەژاریدا دەبارێنێ:

**وا دەبینم هەموو ڕۆژێ**
**پیاوانی سەرخۆشی دەسەڵات**
**پیاڵە پیاڵە عەداڵەت و**
**پەرداخ پەرداخ ئارەقی ڕۆحی گەل و**
**مەزە مەزە مافی ژنان دەخۆنەوە...**

بۆ نیشاندانی جیاوازی نێوان خەڵکانی لێزان و شارەزا و خەمخۆر و مرۆڤدۆست لە گەڵ حاکمان و پیاوانی دەسەڵات، شاعیرانە جلوبەرگی لۆرکا و گادامێر و ڕامبۆی شاعیر و ڤیکتۆر گارا و چامسکی لە بەر شاعیران و هونەرمەندان و نووسەرانی وڵات دەکات و جلوبەرگ و پۆتینی هیتلێر و ستالین و موسۆلینی و پینۆشە دەکاتە بەر حاکمان و پیاوانی دەسەڵات.

ئەگەر کاک سوارەی شاعیر کاتی خۆی ناخۆشییەکانی ژیانی لە شاردا دەبینێ و دڵی لە شاردا پڕ لە دەرد و کوڵ دەبێت، کەچی ڕەحیم لوقمانی شاعیر دەبینێ کە چاوی گوندیش بە شەوارە کەوتووە و گوندیش لە گوڵ ئەستێرەی باخی شەو بێبەشە و قاقای موتۆڕ دەنگی زەمزەمەی وردەخیزەکانی کانی دەخنکێنێ:

**بێوەژنی درەختی بێ شنەی قژ زەرد**
**تاسەباری حەسانەوەی ڕێبوارێکە**
**...**

کاتێک گەلێک بە ماوەی سەدەیەک چالاکی و تێکۆشان پەیتا پەیتا شکست دێنێ و کارەساتی جەرگبڕی بەسەردا دێت و ناکامی باڵی بەسەردا دەکێشێت، ئەمجارە وەهم سەرتاپا ژیانی خەڵک دادگرێت و بەختیار عەلی گوتەنی، هەمووان بەردەوام دەکەونە دوای تارمایی و شەڕ بۆ سەرکردە تارماییەکان دەکەن. هەر بۆیە شاعیر لە شیعری «پەشیمانی»دا بە قووڵایی ئەم وەهمەدا ڕۆ دەچێت و وەکوو ڕۆشنگەرێکی لێزان، بەردبارانی پەنجەرەی ئەندێشەکان دەکات. کە وەهم ژیان دادەگرێ و عەداڵەت نەبوو وەک تراویلکە، خۆی دەنوێنێ و شتە پیرۆزکراوەکان خۆیان دەسەپێنن و سادە خەیاڵیش دەنگ بە مەرگی خۆیان دەدەن. پەشیمانی، ئەو شیعرەیە کە شاعیر لە گەڵ ئەوەدا لە هەموو وەهمستانی شیعرەکانی پەشیمانە، خوێنەر ڕادەچڵەکێنێ تا لە وەهمستان دوور بکەوێتەوە و لە کێڵگەی ژیرستانی دا ژیریی و حەقیقەت بچێنێت و ڕاستەقینە بدروێتەوە:

**دنیا، کێڵگەی ڕەنگاوڕەنگی وەهمستانە**

نووستووانی وەرزەکانی وشکی خەیاڵ
ژین دەچێنن، مەرگ دەدروون
ئەی هاوڕێیان لێم دوور کەون!
پەتای پەشیمانی نەگرن!

ئەو کاتانەی نان دەچێتە پشتی شێر و بۆ پەیداکردنی، کەرامەتی چینی هەژار و نەدار دەشکێنێ و منداڵانی برسی بۆ نان و تێرکردنی خۆیان سەر بە زبڵی کەناری شاردا دەکەن، شاعیر وەکوو کامێرابەدەستێکی لێهاتوو، لە لێنزی وشەوە ئەم حاڵەتە دەخاتە بەرچاو و دەردەکان زەق دەکاتەوە. لە هەراجی جەستەی جوانی سادە ژنێک دەدوێ کە لە بازاڕی کەسادی ژین دا کەرامەتی دەشکێ و بۆ مانەوەی منداڵەکانی ملکەچی ئەو بارودۆخە دەبێت. لەو شیعرە بێژوانە دەدوێ کە لە بەر کەوشی پێی سوڵتاندا کڕنۆش دەبەن.

لەو دروشم و قسەزل و بریقەدارانە وەزاڵە دێ کە چاوبەستی هەژارانی پێدەکەن و سیاسەتبازان لە ڕێی هەراجی نیشتماندا دەیکەن:

بۆ ڕازانەوەی سەر مێز و
بۆ ڕازیبوونی دڵدار و
پڕ کردنی گیرفانی بانک
هەراجی نیشتمان دەکات.... !

**ڕەحیم لوقمانی، شاعیرێکی مامۆستایە، شاعیرێک کە عومرێک کاری پەروەردەی کردووە و لەبەردەم پۆل و تەختەڕەشە و وایت بۆرددا ڕاوەستاوە و تۆوی ئەندێشەی چاندووە، بە وانە و شیعرە برووسکەی، بێدەنگی زرێباری زەنگی بیری قوتابی شڵەقاندووە و بۆ لابردنی ترس و خۆفی ئەوان کاری کردووە، هەمیشە چەپک چەپک وانەی تازەی چنیوە.** لوقمانی زۆرجار لە دیوانە شیعرییەکەیدا وەکوو مامۆستایەکی دەروەست لە بەرانبەر خوێنەردا ڕادەوەستێ و وانەی ژیان و بیر و ئەندێشە و تابۆشکێنی و پیرۆزی سڕینەوە دەڵێتەوە:

هاتووم چەپکێ وانەی تازە بچنم
بیدەم لەبەر یەخەی هەرێمی پاوانی ڕێتان
ئەگەر پەردەی چاوتان لادەن
بۆ تیریژی وانەی تازەم
ئەگەر ئەمجارە قژی شێواوی باوەڕتان
مشتوماڵ دەن بە ڕۆنی ئەم وانە تازەم
بەڵێن ئەدەم .... .

بەڵێن دەدات هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەخەڵەتێنێ و ئاژەڵمرۆی لێ دروست دەکات، بکاتە تۆپی ڕەنگاڵە و بیخاتە زەوی فوتباڵی منداڵانەوە.

ئەوسا شاعیر دەبێتە حکایەتخوانی کۆماری بێدەنگی. ئەو هەرێم و کۆمارەی کە دەنگی کپ کراوە و گوێی ئاخنراوە. کۆمەڵگایەک کە تەنیا و بێکەس لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا تەریک ماوەتەوە. دەنگی تاکی ئەو کۆمەڵگایە خەفە کراوە و تریفەی ڕوخساری کچانی لە بن هەوری چارشێودا حەشار دراوە و ئازادی و ئەوین لە سەهۆڵبەندانی دووربەهاردا ڕچاوە. شاعیر لە شیعری «هاواری بێدەنگی»دا لە ڕاسپاردەی «جەبران خەلیل جەبران» دەچێ کە وەک پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە بێدەنگی و بیرڕچیان و ئاوات خنکان و ژین بە خەساری، هاوار دەکات و بە قووڵایی زامەکانی گەلدا ڕۆ دەچێت و دەریایەک شەپۆلی دەنگ دەخولقێنێ و دەریای بیر و هەست و ئەندێشەی خوێنەر دەهەژێنێ:

دەنگ،
چەپڵەبارانی بەربووکی پەلکەزێڕینەی هەتاوە
بۆ گۆڤەندی باخچەی وشک و تینووی ڕۆحمان،
هەناسەی سەوزی بەهار و
مچوڕکی باخی حەزمانە،
لێوی سڕبووی کۆماری ئەشق
دەخاتە شکۆفەی ژین .... .

شاعیر، کاتێک سەنگەساری کچانی پەلکەشۆڕی قەسیدەی دەبینێ و لە هاواری بێڕەنگی و لە کۆماری بێدەنگییەوە هاتە پەیڤین، ئەوسا بۆ موعجزەیەک دەگەڕێت کە بتوانێت لەم مەراق و دەردانە ڕزگاری بێت و باڵی حەزی بکاتەوە و وەکوو مرۆڤ بژیەت. ئەوەندەی ئاواتی گیانەڵایەک بۆ سیحری دەرمانێک، لە ڕۆحی مەولەوی و دەستانی عیسادا هەستی شیعراویی و پیرۆز دەکات و بۆ حەزرەتی ئازادی دەنێرێ:

ئەوەندەی هەمو ودونیا
کەویری ئاواتی ئێمەش،
هەناوی پڕبە سۆی ئێمەش،
چەمانی وشکەڕۆی ئێمەش،
چاوەڕێی موعجیزەی تۆن
ئەی حەزرەتی «ئازادی».

کە ئازادی نەبوو، ژیان ڕەنگی نامێنێت و هەموو شتەکانی تر لە بێڕەنگیدا دەمێننەوە. گەشە بەرەو ژاکان دەچێت و وردە وردە پاییزێکی ڕەنگبزرکاو باڵی بە سەر هەموو جوانییەکاندا دەکێشێت. شاعیر لە نەبوونی ئازادی دا، لە ژیانی پڕ لە ژانی ژنان دەدوێت. ئەو ژنانەی زۆر زوو بەفری غوربەت لەسەر سەریان دەنیشێت و تەنیا لە ئاوێنەی خەیاڵدا بەفرپۆشی قژەکانیان ڕەش دەبێتەوە و سەد مەخابن ڕۆحیان لە قەفەسدا وەکوو مەلێکی غەمگین پەرپووی دەوەرێ و لە ورینگە و دەنگ و باڵەفرتەش دەکەوێت. کە ڕۆح ژاکا، ناوەندی بیر و ئەندێشە ژاکاوە. کە بیر و ئەندێشە نەما، ئیتر نیوەی کۆمەڵگا دەژاکێت و لایەکی هەمیشە تاریک ژیان دادەگرێت:

ژنێک دەناسم
درەختی ناوەکەی بە گشت بایەک
ڕادەشەکێ لێرە و لەوێ....
کەچی خۆیشی نە دەنکێ ئەندێشە و
نە دەنکە هەنجیری شیعر، هیچ ناگرێ
ئەفسووس! ئەفسووس!

لەوەها بارودۆخێکدا ئەو دوو نیوەی کۆمەڵگایە هیچ تەبا و ڕەبا نابن و ئەوەی بە ناوی ژیان لەم دوو نیوەوە سەرهەڵدەدا، جگە لە دۆزەخێک هیچی ترنییە. کە خولیاکان باڵ نەگرن و لە باڵای بیری یەکتردا هێلانە نەکەن، ئەوین دەبێتە نایلۆنی و لە گوڵدانی ئەندێشەدا دڕکی بەدگومانی دەڕوێت. هەر بۆیە شاعیری «زامستان و پشکۆی هاوار» لە وەها حاڵەتێکدا ئاوڕ لە ژیانی هاوبەشی ژن و مێردایەتی دەداتەوە و بە وشە سیحراوییەکانی، باشی و خراپییەکانی هەڵدەسەنگێنێت:

یاسای ژن ومێردایەتی
ماددەکانی حزبایەتی
هەر کام بۆ یەک، بۆ چاودێری

له چوارچێوەی دیسپلیندا
بۆ ئەوی تریان دەڕوانێ
ڕێگە و جێگە و ئەندێشەیان
هەستی«ڕوباتێک» دەیزانێ!

هەر لە شەنوکەوکردنی بارودۆخی ژیانی هاوبەش و بنەماڵەدا بە ناخی ناشیرینییەکاندا ڕۆ دەچێت و ئەمجار نەگۆڕی ژیان و چۆنییەتی ژیان بەسەربردنی جیلەکان دەخاتە بن هوردبینی ئەندێشەی شاعیرانەوە و کاتێک دەبینێ هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهاتووە و ژیانی جیلەکان هیچ جیاوازییەکیان پێکەوە نییە، ئەم تراژێدیایە لە چوارچێوەی شیعرێکی جوان و ساکاردا دەخولقێنێت و دەڵێ:

دنیای من و منداڵەکەم
هەر تەونێکە و نەخشەی دڕاو
خەونەکانمان ئاسمانێکە و
هەر یەک خەیاڵی باڵکراو،
ساڵمان، یەک ڕەنگ،
سازمان، یەک دەنگ،
تەنیا دووشت بە جیا دەژین،
من بە ئاواتی ڕابردوو،
ئەو بە خەیاڵی داهاتوو.

شاعیر لە خەمە گەورەکانی نیشتماندا تل دەدات و دانە دانە بە زامیانەدا تێدەپەڕێت. لە شیعری «گیتار»دا پێی وایە دەردی ئەو و گەلەکەی، هێندە لە دەردی گەلانی تر جیایە کە نە ئەوان دەتوانن لە ئێمە بگەن و نە ئێمەش بە باشی لەوان.

شاعیر لەم شیعرەدا لە گەڵ گەلانی بەشمەینەتی جیهان هاوسۆزە و زۆر زوو دڵی دەکاتە هێلانەی کەنارییە هەڵفڕیوەکەی هیندستان. ئاوڕ لە کوردقڕان و ئەرمەنی قڕانی خەلیفەکانی ئاشکرا دەداتەوە و دیسان لە گەڵ ڕۆژڕەشییەکانیاندا شین دەگێڕێت. هەڵقرچانی هەڵەبجە و شمشێرە سوورەکەی سەعدی وەقاس و زامی هەورامان و ئەنفالی بێ برانەوە، پێکەوە گرێ دەدات و هەمیسان شین دەگێڕێت. بۆ هەڵفڕینی تەوار و غەزەلی حافز و داخرانی دەرکەی بەندیخانە، دەبێتە بەهار و سەوزەزار. ناخی بۆ شەپۆلی دڵڕفێنی شەرابی مەولانا و ئەندێشەی سەعدی و لووتکەی دەماوەندی شاملوو لە پەنا نالی و مەولەوی تاوەگۆزدا دەکاتەوە. باسی تەواوی ئەو زامانە دەکات کە لە کورشەوە دەست پێدەکات و لە عەمامەی سەفەوییەکانەوە بە «دمدم»دا تێدەپەڕێت و دەستێک بەسەر کۆرپە ساواکەی کۆماردا دێنێت و دیسان لە پرمەی گریان دەدات وەکوو گۆران، شێوە هیوا ڕۆڵەڕۆی بۆ دەکات. لە سەدەیەک شەڕ و خوێن و تاڵان و بڕۆ دەدوێ:

هەزاران پۆلە هاوار و
بە هەزاران هەڵفڕینمان،
بۆ پێشوازی عەشق چوون و نەهاتنەوە،
هەتا ئێستاش، نە قەفەس تێرمان لێدەخوا
نە شمشێریان پاراوی ئاوی ڕۆحی من ....

لە ڕۆژی باوک دا، باوکی کۆڵبەر دەمرێت و لە ڕۆژی دایک دا جگەرگۆشە دەمرێت و لە ڕۆژی مامۆستادا، مامۆستا لە دار دەدرێت. سەرەڕای ئەو هەموو دەردەش، دەبینێ سازەکان لە خەودان و شیعرەکان قسرن و خەونەکان بێ سەروشوێنن. هەر بۆیە شاعیر گیتار دەکات بە هێما و لە گەڵی دەدوێت و دەردە دڵی لە گەڵدا دەکات. بە قەد هەموو ئازارەکان، دڵی لەوە پڕە کە هەموو ئەو دەرد و داخانە بۆ وڵاتانی گیتار تەنیا هۆیەکن بۆ بازرگانی. ئیتر تەنیا بڕوای بە هێز و ساز و دەنگ و شیعر و هەستی خۆی دەمێنێت و پشت بە خۆی و چیاکانی دەبەستێتەوە:

پەردەی کەونە سازم شین دەخوێنێ و
شێعرم سووره لەناو خوێنی وشەکانی،
بەڵام ئەمڕۆ،
لانەی بەرزی سازی سەری پڕ لە ئەندێشەی تازەم،
ئاسۆی مێژووم پڕپڕ دەکات
لە جریوەی ژیانەوە و
لە باڵەوازەی وشیاریی و نەزمی فڕین
لە ئاوازی بەرزی شعوور.

**ڕەحیم لوقمانی، شاعیری ئەوین و خۆشەویستییە. بە سروە، پێکەنینی خونچەی ناز دەکاتەوە و لە شەونمی گوڵی گۆنا دەدوێت و گەڵای بسک شانە دەکات و داوا دەکات دڵدار دەستی گەرمی دڵی بگرێت. ئەوین لە ڕازی باران دا دەبینێت و بە سروشکی تەمی گۆنای یار دەڕەوێنێت. بە ڕازی عەشقی دڵدار شادە و دەمی دەم لە دەم نان ئارام دەگرێت و لە دووریی یار، مەرگی دووری چەشتووە. ئەم دڵە پڕ لە ئەوینە دەخوازێ لە پاش مەرگیش هەر بە ئەوینەوە ڕۆحی لە گەڕدا بێت:**

من لە خوام دەوێ گەر ڕۆژێ مردم
ڕۆحم بکاتە بەر پەپوولەیەک
خۆشەویستی ناو هەموو دڵان بێ
بەهارێک تەمەن،
لێو لە سەرلێوی گەرمی گوڵان بێ.

**مامۆستا ڕەحیم لوقمانی جیا لە شیعر و شاعیری، ئاوڕی لە ئەدەبی منداڵانیش داوەتەوە و چەند پەرتووکی جوان و کەموێنەی پێشکەش بە کتێبخانەی بێ نازی منداڵانی کورد کردووە. لە وەرگێڕانیشدا ئەسپی تاو داوە و سەلماندوویەتی کە دەتوانێت شۆڕەسواری ئەو ڕێگەیەش بێت. چەند کتێبی لە بواری چیرۆکی فۆلکلۆر و کارەساتەکانی گەلی کورد و هەروەها بابەتگەلی تری بە چاپ گەیاندووە.** خاوەنی دەیان وتاری زانستی و بە کەڵکە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا چاپ کراون. با ئێمەی کوردیش، نووسەران و شاعیران و خەمخۆرانی نەتەوەکەمان بکەین بە تاجی سەرمان و گوڵزاری ئەندێشەیان بە ئاوی خۆشەویستی و پێزانین ئاو بدەین و چی تر لە هیچ شاعیرو هیچ دڵسۆزێکی تر ئەم شیعرە نەبیستینەوە:

تۆ گوتت من،
پەڕیوەی خاکی هەندەران،
ئاوارەی ناو تاریکترین کووچەی دنیام،
بەڵام من،
لە خاک و شار و زێدی خۆم،
غەریب غەریب،
تەنیای تەنیام.

سەرچاوە:
زامستان و پشکۆی هاوار- ڕەحیم لوقمانی – ئینتیشاراتی علیمی کالج- ١٣٩٣ی هەتاوی

هەواڵنامەی کتێب

ئەمین گەردیگلانی - بۆکان



# پیاوێک لە ڕەگەزی عەشق و ڕەنگی دەریا

قەڵەمێکی باڵابەرزی نێو پەنجە ئاورینەکانی «نەکەرۆز»ە
وبیری تیژی نێزەئاسای گزنگێکی بەیانییە و
بۆ هەژاران گوڵەشیعری نان و ئازادی دەنووسێ.
عاشقێکی دڵ بە خەمی خاک و مرۆڤ و وڵاتە و
هەموو ساتێ چاوە شین و دەریاییەکەی بە فرمێسکی سوور دەخووسێ.
پەڵە بەفرێکی نساری چیای «رووش»ە
لە هەرەسی ڕێبەندانێک بەجێماوە و
گێژەڵووکە، جامانەیەکی خۆڵاویی پێ بەخشیوە؛
چۆڕەچۆڕی خوێنی هیوای بە ناخی ئاخا ڕۆچووە و
خۆشی وەکوو ڕەگی ڕەوەز لە سەر سنگی بەردینی چیا چەقیوە.
چۆمێکی دەم پڕ لە هاژە و چاوشین و شەپۆلاوییە،
کەچی دڵی ناسکترە لە پەلکی چارەچەقیلە و
ئاونگی سەر لێوی گەڵا و
کولووی بەفری بەربەیان و هەوری هاوین.
سروەی شیعری کە هەڵدەکا،
دەبێتە بای دارئاوس و
بە سەرسەری هەر باخ و لێرەوارێکدا تێدەپەڕێ،
باوەشی سەوزیان پڕ دەکا لە شکۆفە و
وردە چرۆی گەشی ئەوین.
داربەڕوویەکی عاشقی دەشت و مێرگ و سەوزاییە
لە سەر زنارێکی چیای بەرزی ئازادی ڕواوە،
ڕەگی وەکوو پەنجەی ڕەوەز لە دڵی شاخ و خاک و ئاو هەڵپێکاوە.
تاڵە تیشکێکی گزنگی بەربەیانی «نەکەرۆز»ە،
لێوی بە برینجەی نەرمی «کانی چاوڕەش»ی
«چلچەمە» تەڕ کردووە و
کوڕی شەختە و کرێوەیە،
لێوی شیعر و لێوی هەست و لێوی وشەی بوونە خونچە و
بۆ ماچبارانی پێدەشت و گرد و زینوو بەڕێوەیە.
لرفە و هاژەی شەپۆلێکی یاخیبووی چەمی سەرشیوە
لە بەستێن و گابەردەکانی بەردەمی خۆی ڕاساوە؛
عاشقانە دۆڵ و دەربەند و هەڵدێر و گەوە و
پێچی بەردین دەبڕێ و
بۆ ژوانی دەریای ئارامی ژیانێکی سەوز و ڕوون و زوڵاڵ سەری پێوەناوە.
چاوی «هەڵۆ»کەی «سەقز»ە و
ئەویینداری لووتکەی عەشقە و
بە تاسەوە دەڕوانێتە باڵای بەرزی «شاخەگەورە»
دڵۆپەی ڕوونی ئاونگە و هەستی سەوزی
لە سەر دار و بەرد و دڕوو هەڵدەنیشێ و
کوڕی کانی و چەم و هەورە
شەپۆلێکی یاخیبووە و نەترەی کەناری بردووە،
گەرچی خەمبار و بێدەنگ و بێ نەشەیە؛
شمشاڵێکی قژئاڵۆزی نەورۆزی سووری چاوتەڕە و
دیاریی دەستی چەپکە گەزیزە و نێرگز و وەنەوشەیە.
مێلاقەیەکی لێوسووری مێرگەڵانی تەنیاییە،
دەبێتە تاجەگوڵینە بۆ بووکی ڕەشپۆشی زەوی و
فێری دەکا وەک خۆر هەڵێ.
سروەیەکی کەزیە سەوزی بەهارییە،
چاوی پڕە لە شەپۆلی شینی «وان» و «زرێبار» و
گۆرانی بۆ گوڵ و گەڵا و کانی دەڵێ.
کولووە بەفرێکی ئاوارەی نێو باوەشی ڕەشەبایە،
بەرەو ئاسۆی بەیانێکی ڕوون و بەفرین باڵ لێدەدا و
قەت بە کەندڕ و بوودڕ و تاریکەڵانی سەر ڕێگای ناڵێ بەڵێ!
«وەنەوشە»یە و دەستەملانی «ئارێز» بووە،
«چلچەمە»یە و «کوچکەڕەش»ی دڵ بە خەم و زیزی لە باوەش گرتووە.
«نەکەرۆز»ە و سەری لە سەر گاشەبەردی شەلالی «شاهۆ» داناوە.
دوندی «رووش»و لە ژوانێکی پڕ لە پرشنگ و تریفە و وریشەدا دڵی بە «ئاوێەر» داوە.
ئەو شیعرە سەوز و دڵپاکە،
ئەو دڵە ڕوون و بێگەردە،
نازانم بە چیا و ڕنوو بشوبهێنم،
یان بە کانی و تاڤگە و دەریا؟
من نازانم بە خۆر و مانگ و ئەستێرەی بشوبهێنم،
یان بە تۆفان و ڕەشەبا؟
بڵێم کانی،

توونیەتیی هاوین دەشکێنێ،
بڵێم دەریا،
هەرچی خەمی زەوی هەیە لە نێو خۆیدا دەیخنکێنێ.
بڵێم چیا،
لە هەمبەر هەڵمەتی ڕەشی زۆرداریدا ڕادەوەستێ و
ڕەشەبا بە چۆکدا دێنێ.
بڵێم ڕنوو،
بە سەر تاپۆی ڕەشی دژدا هەرەس دێنێ.
بڵێم هەتاو،
بە سەر ژینی تاریکی هەژارەکاندا
پرشنگی خۆی دەبارێنێ.
بڵێم مانگە یان ئەستێرە،
لە شەوگاری خەم تێزاوی عاشقاندا
چەپک چەپک گوڵووکی سپیی تریفە و
زریوەی زێڕینی ئەوین دەپرژێنێ.
بڵێم تۆفان،
زەلکاوی لیخن و متبووی قەوزەگرتوو دەشڵەقێنێ.
بڵێم بارەش،
شووره و دیواری بەردینی چڵکەباوەڕ دەڕووخێنێ.
ئەو شیعرێکە،
لە نێو ئینسیکلۆپیدیای وشەکانیا سەرگەردانم،
قامک لە سەر خەم دادەنێم،
هەرچی دڵتەنگی و گریان و دەرد و ژانە،
بە وێنەی هەنگی هارووژاو تێمدەهاڵێن.
قامک لە سەر ئەوین دانێم،
عەشق و سۆز و خۆشەویستی و ماچ و باوەش و
پەپوولە دەملاوێنن.
پەنجەم کرنۆش بۆ بەژنی نیشتمان بەرێ،
ئاڵاو وڵات،
خاک و خەبات،
خوێن و شەهید،
دەشنێنەوە و
دەدرەوشێن و
مزگێنیی ئازادی دێنن.
ئەو شاعیرە ئەویندارە،
لە بناری لێوبەباری وشکەسۆدا بۆتە کانی،
پاراو دەکا دار و بەرد و درک و گوڵ و سەوزەڵانی.
ئەی عاشقانی گوڵوشە و شیعر و ئەوین و ئازادی!
ئەگەر حەز دەکەن بناسن
ئەم شاعیرە چاو دەریایی و
دڵ بەخەم و
ڕەنگ و ڕوو ئەرخەوانییە،
تاوێک بڕوانن لە باڵا بەخشندەکەی «نەکەرۆز»م
جا دەزانن ئەو چیایە و
ئەو کانییە و
ئەو شەماڵە و
ئەو گوڵ و بەفر و گزنگ و تریفەیە،
دڵی ڕەحیم لوقمانییە.



**گوڵاڵە ئەسلانی ـ سنە**

چ کافرێکی ئەی عەشق،
بڕواکانت بە تاڵان برد،
لە گەرمە بازاڕی حاشادا
بووم بە ڕسواترین کەسی دنیا،
ئەی داد لە من، ئەی داد
وازم نەهێنا لەم ئاوێنەی مەرگە!
من، لە جنسی تۆقڵە ناسکەکانی
ژێر بەلەمی خەیاڵێک بووم.
منداڵێ بووم لە توخمی بای وەیلانی،
بزانە! چی کردمی بە تووڕەترین مێژەری خواکانی
نەفرەت!
دەستەوداوێنی فاڵی درۆزنترینەکانم، ئەی عەشق
چ شۆخییەکە حاشاکردنی تۆ... !
چ تەنیاییە شاژنی شێتی هونەر... !
تۆفانێک بووم، دۆڕاندم بە کزەبای
کووچە تەنگەکانی بێوەفایی،
نەورەسێک بووم لە باخی بەختیاریدا
هاتمەوە ژێر دارە کرمۆڵەکانی تەنیایی...
تازە چیتر هیچ وشەییەکم خۆش ناوێ،
شەونم، گۆرانی، ماسییەکان...
سەیرکە ئەی عەشق،
یاریی مەرگت لە گەڵ کردم،
ڕۆحی منت لە داری سووکایەتی هەڵواسیوە
هاوار لە من، هاوار... .
لە شەپۆلی درۆی لیستی عاشقانت، چ زوو خنکام!
تۆ پێم بڵێ، ئەی عەشق،
پاشۆرەی ڕۆحی یاوگرتووم تا کەی؟
لە کام کۆنە دەواخانەی خەیاڵەوە،
شەڕ بفرۆشم ـ
بۆ مەڵهەمی فەرامۆشیت؟
ئێخەی کام کیمیاگەر بگرم
تا ئەفسوونم کات وەک جاران،
ببم بە داگیرکەری وڵاتی ئاسوودەی دەروون؟
تۆزی تەنیایی،
ئاوێنەی ژننوێنی شیعرتی پۆشیوە،
ڕایماڵە، بە دەسماڵی خاوێنی خەیاڵت،
ڕەنگە ئێستا، لێڵاوی دوو چاوی شینی گرتبێ...

عابید حسەینی ـ سەقز



# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبە شیعری زامستان

**شنەی لووتکەی چیای بەرزە هەوێن.**
**مامۆستای ڕیشەی جەرگی شاخ**
«ڕەحیم لوقمانی».

هەرکات وەک شاخەوان لە هەڕەتی بەهاردا ڕوو دەکەیتە زنار و ڕەوەز و گاشەبەردان و حەزی چاو، بەرەو لووتکە و ترۆپک و دوندت هەڵدەفڕێنێت، لەپڕ « بەفری تواوەی سەر شاخی تەمبار، ئەبێ بە فرمێسک، چۆڕ چۆڕ دێتە خوار، هاژەی شەتاوی بن کوێستانی بەرز» دەروونی کەیلت سارێژی مۆسیقای ئاو دەکات و بەری حەسرەتی دڵت ئاوەڵا دەبێ. ئەم تابلۆ ڕەنگاڵەیە، ئامێتەی مێشک و هەتەرەی چاوە تیژباڵەکانت دەبێت. سرووشتی ناخچێژی شاعیرێکی ناتورالیستە کە هەناوت دادەگرێت و هەڤپەیڤینێک دەمارەکانت لە ئۆخەی نوقم دەکات.

پێنووسی بناری شاخەگەورە و چاوە هەڵۆنوارەکانی لە پانتای تەمەنێک وشە و ڕستە و بۆن و بەرامەی خۆرسکدا چییمان پێ دەڵێن؟

چی بۆ ئەم وێژەوانە هەستیارە، لە چی ڕادەچەنێ، بە چی دۆش دادەمێنێ، چلۆن سەرسام دەبێت، بە چ شێوازێک هەناو و ناخی دەهەژێت و دادەمرکێت؟

لە گەڵ، هەڵۆ و هەتاو مامەڵە دەکات.

ئایا هەڵۆ و هەتاو لای ئەم، هەمان ڕوانینی کۆمەڵگایە یان جیاوازترە؟

ئاواتەکانی بە دەرنەکەوتنی خۆر دەپرینگێنەوە، لە تەلبەندی پشتی ئاسۆوە، گیر دراوە، گزنگێ بەدی ناکات، دڵی پێوەیە لە ترۆپکی بەرزی چیا، گۆڤەندی ئازادی بگێڕێ بەڵام لە دەرکەی بەیانیدا هەتاو گیرا !

کاتێک دەچیتە نێو دووتوێی کتێبی «زامستان» دەنگی شیعری هێمن، سوارە و پەشێوت، بەرگوێ دەکەوێ و هەناسە و ترپەی شیعرەکانیان، ڕەگاوەژۆی شیعرەکانی زامستان بووە.

زامستان، شیعری گوند و شاخە و هەڵۆ سەرباشقەیە، « هەتاوی دێ بە ئاهەنگێک بەرەو کانی دەشنێتەوە» وشەی شار و شەقام ونە و لە بیرەوەرەییەکانی مامۆستادا نییە، جارجارە کار و پیشەی شاعیریش بووەتە ناواخن و هونەرمەند و مامۆستا خۆ دەردەخەن. وەک مامۆستای قوتابخانە تێدەکۆشێ وەرزی بێ بڕانەوەی نەزانی نەمێنێ و دەمی قەڵەم بڕژێتە سینگی ژینەوە.

لە زامستاندا، هیوا و دواڕۆژ لە ژێر ئاخ و کەسەردایە، هەرچەند شاعیر دەڵێ: «سۆزی شیعرم بانگی ئەوین و ئازادییە». لە ئاکامدا، دەیهەوێ، هەرچی شیعر و دەنگی سازە، بە یەک هاوار ببن بە سەمفۆنی تازە». لەم چەشنە دەربڕینانە کەم دێتە بەرگوێت.

بیری ساکاری سەردەمی منداڵی و چەکەرەی ئاواتەکانی هۆزانڤان لە ئاسۆی گەورەبووندا ڕەنگی نییە و سێبەری گوند و لووتکەی شاخەگەورە بە زامەکانیدا دادەچۆڕێ و زیاتر لە بەرەی تامەزرۆکانی پا داناکێشێ، زیاتر لە سەر و گوێلاکی نەیاران دەکوتێت، پێی وایە «دەستیان ناوەتە بینی شادی و سۆزی شالووری بەهەشتی». کرمی ناوخۆ و خەریکبوون بە ئازارەکانی خۆوە، هەدای نادات بیرگەی مێشکی هەڵفڕێنێ، پێموابێ ڕوانگەی هەتەرشبەری خوان و زگی برسی نایەڵێت، بیرگەی شاعیر گەشاوە بێت و ئەمە ئاواتی نەیارانە کە مێشکت هەر لە دەلاقەی بەرتەسکی ماڵەکەی خۆتا چینە بکات و خۆڵ لە سەری خۆت بکەیت و بیرگەت هەتوانی هەڵفرینی تێنەزێت. ئەمە ئاستەنگی هەموو شاعیرێکە، نەقشەی دواڕۆژ لە دەلاقەی بەرپەرچدانەوە ناترازێ و خولیاکانی هەر چاوی چیا لێڵ دەکات و سێرە لە کەوبار دەگرێت.

شاعیر هەر وەک مێشکی مرۆڤی ئەم مەڵبەندە لە دووی کاریزما دەگەڕێ، بەڵام دەرەتان و چاوەنواڕی هەمان بیری سەردەمە.

«دەڵێن»شەقەی باڵی هەڵۆی بیری ڕێبوار دەگاتە لووتکەی سەربەستی، «ئەسپی شاعیریش وەیلان وەیلان هەر ئەشقیای سەر چیایە».



پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

# گەڕەکەکانی سابڵاغی جاران ١

ڕووپەڕی بەرفرەوانی ژیانی مرۆڤ هەتا ئێستاش بە دروستی بۆ کەس هەڵنەدراوەتەوە. بە تێپەڕبوونی زەمان و پێشکەوتنی زانست و دۆزینەوەکانی شوێنەواری مرۆڤ، هەر ڕۆژە گۆشەیەکی تازەی دەردەکەوێت. ئەوە کە نیشتەجێی و داسەکنانی مرۆڤ و هۆکارە سەرەکییەکانی بۆ چ دەورانێکی ژیان دەگەڕێتەوە، هێشتا نییە. دەکرێت نیشتەجێی و داسەکنانی مرۆڤ ڕاست دەگەڵ خاوەنداریەتی تایبەتی(مالکیت خصوصی) هاوکات بێت. دیارە خاوەنداریەتی ئاژەڵی وەک ئەسپ و مانگا و مەڕ و بزن... وەک سەرەتا نەبوونە هۆی نیشتەجێیی، چونکە ئەم ئاژەڵانە بە پێی وەرزەکان ژینگەیان گۆڕاوە و بوونەوە هاوسەفەری مرۆڤەکان. هەتا ئێستا زاڵترین تیۆری هۆی نیشتەجێی مرۆڤ، ناسین و چاندنی گیای گەنمە، یان باشتر بڵێم مرۆڤی زەمینگیر کردوە و کردوویەتی بە مرۆڤی شارستانی سەرەتایی یاخۆ مرۆڤی ئەمڕۆیی. چونکە وەشاندنی گەنم هەر لە چاندنیەوە هەتا هەڵگرتنەوەی، خزمەت و چاودێری وردی دەوێ. هەروەها بارکردن و ڕاگوێزتنی، کارێکی قورس یانژی گەلێک گرانە. دەبێ دوای هەڵگرتنەوەی، چاڵ بکرێت و دیسانەوە چاودێری لێ بکرێ، ئاشی بۆ دروست بکرێت و بکرێت بە ئارد. ئەوانەش هەم پێویستی بە یەکجێنشینی و هەم کاری هەرەوەزی بووە. بەو ئاکامە دەگەین کە گەنم، مرۆڤی ناچار بە یەکجێنشینی کرد، فێری ماڵ و کاولسازی کرد، فێری کشتوکاڵی کرد، فێری پیشەسازی و تەکنیکی کرد(ئاش). سەرەتاییترین گوند لە بنەماڵەیەکەوە هەتا بەرەبابێک لە دەم ئاوێک دامەزراون، دواتر وەک قەوم و خوێش و تایفە و هۆز لە دەروی یەکتر بڵاوتر بوون و گوندنشینی و کاری کشتوکاڵی دار و دەرخت و دانەوێڵەی وەک گەنم، جۆ، گەنمەشامی و نۆک پەرەیان گرت. ئەم هۆز و گەل و خزم و هاوڕەگەز و هاوزمانانە ناچار پێویستیان بە ناوەندێکی هاوبەشی بازاڕ پەیدا کرد و شاریان دامەزراند... هەر وەک هەتا چەند ساڵ پێشیش هەر بەرچاو دەکەوت خەڵکە شارنشینەکەش وەک خزم و تایفە و ڕەگەز و زمان لە پاڵ یەکەوە لە بەشێکی شار وەک دراوسێ دەژیان. بەڵام خوو و خەسڵەتی زێدەخوازی و زێدەخۆری مرۆڤ لەسەر دەستەڵات و داگیرکردنی گوند و شاران، شەڕی ئافراند... ئاکامی شەڕان، بوون بە هۆی دابەشکردنی ژینگەکان و پێکهاتنی کیشوەر و وڵاتان و سنووربەندی و ڕاونان و هێنانی خەڵکانی دیکە. هەر وەک مێژوو بە دەیان و سەتان جار هەر لەم کوردستانە باسی ئەم شەڕ و شۆڕ و ڕاونان و دامەزرانە دەکات. وەک سەلمێندراوە کوردستان، وەک بەشی میزۆپۆتامیای سەروو و خواروو(هیتی، سۆمەری...)، کۆنترین شوێنی ژینگەی مرۆڤ و ئاژەڵ و کشتوکاڵی سەرزەوی بووە. بە پێی ئەم بەڵگانەی هەتا ئێستا پسپۆڕان و شوێنەوارناسان پێی گەییشتوون، شاری مەهاباد، وەک شوێنی نیشتەجێیی یان باشترە بڵێم وەک دوا شوێنی نیشتەجێیی مەڵبەندی باشووری دەریاچەی ورمێ لانیکەم بۆ دەورانی پێش مادەکان و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش عیسا دەگەڕێتەوە کە ئاشوورییەکان لە هێرشەکانیان بۆ سەر ئەم ناوچەیە باس لە دەستەڵات و شارنشینی لە دەوروبەری ئەم دەریاچەیە دەکەن کە چۆن تاڵان و چەپاو کراون. من لێرەدا ئەو باسە گرینگە مێژووییە بۆ مێژووناسان و شوێنەوارناسان بەجێ دەهێڵم و باسی چەندین دەیەی پێش ئێستای شارکەم(سابڵاغی جاران) دەکەم کە خۆم دیتوومە و لە بیرم ماوە. وەک پێشتر باسی ژیانی خزم وتایفە و هۆزم لە گوند و شارکرد. من بۆ خۆم بەو ئاکامە گەییشتووم کە ئەگەر بڕوانینە شارەکان، دەبینن کە هەر بەشێک لە شار، بنەماڵە و عەشیرەتێک تێیدا ژیاون و لێک هاڵاون. هۆیەکەشی ئەوە بووە کە ئاگاداری یەکتر بوون، کچیان لێکتر خواستووە. ڕدێن سپیان بووە بۆ کاتێک کە شەڕیان لە نێوان پەیدا بووە بۆ نێونجیگەری. ساماندارى تایفە ئاگای لە هەژاری تایفەی خۆی بووە. لە شەڕەگەڕەکان لەسەر یەکتر وەجواب هاتوون. سابڵاغی جارانیش لە چەند گەڕەکی تایبەت پێک هاتووە. وەک گەڕەکی ڕەزگەیان(ناوی هۆزێکی مەنگوورە لە سنووری دیوی گەرمێن) و هەرمەنیان کە هەرمەنیەکانی شاری تێدا ژیاون، جوولەکان، شوانان... ..... دابەش کرابوو. بەڵام با قسەی خۆش ون نەبێت. دەڵێن «ڕەحمان کشمیش» ماڵێکی خۆشی ساز کرد و دۆشەگەڵێکی خوری لە لای سەرەوەی دیوەخانێ ڕاخست و لەسەری دانیشت و دەستی کرد بە جگەرەکێشان و خواردنەوەی چای مێشوودار. هاوژینەکەی پێی گوت، کوڕە ڕەحمان پیاوی چاک بە خۆ تۆ نەدی بدی نی، بۆ چوویە لای سەرێ؟ئەوێ بۆ میوانان باشە. ڕەحمان کشمیش گوتی، هەی... بۆ دەنا زەحمەتم کێشاوە و ئارەقەم ڕشتووە بۆ میوانان؟وەڵڵا بستێک نایەمە خوارتر. ئێستاش لەسەر ئیزنتان با وەک ڕەحمان کشمیش، باسی گەڕەکی

خۆم وەپێش بخەم کە چۆن ساز بوو؟ ٢٦ ساڵ تێیدا ژیام و سێ منداڵم لەوێ بوو. پێمخۆشە باسی گەڕەکەکانی دیکە بە پێی توانا و شارەزایی بکەم. هەڵبەت منەتبارم کە ئازیزانی هاوشاری یاریدەم بدەن بۆ ناساندنی هەرچی باشتری شارەکەمان. تکایە بۆم بنووسن، بۆم بنێرن، کێ تێیدا ژیاوە؟ کام بنەماڵە خێرخواز بووە؟ چ شوێنەوارێکی تایبەتی لێ بووە؟ لە کوێ ڕا تا کوێ بووە؟ بە فارسیش بێ قەیدی ناکات، بۆ خۆم وەریدەگێڕم ئینجا بەسەر چاوم بە نێوی خۆتان بڵاوی دەکەمەوە. گەڵێک سپاس.

**چۆنیەتی سازبوونی گەڕەکی تەپەی قازی:**

ساڵی ١٣٥٠کۆچی هەتاوی(١٩٧١) واتە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئەمن لە شاری سەردەشت بووم بە مامۆستا. دوای دوو مانگ مانەوە و خزمەت لە شاری سەردەشت، گەڕامەوە بۆ شاری مەهاباد. ئەو کاتی لە شارە خنجیلانەکەم، ساباڵغ، زۆربەی مامۆستاکان نە ماڵی ژیانیان هەبوو و نە پارچە زەوییەک ماڵی لێ دروست بکەن. زۆربەیان لە ماڵە بابیان دەژیان و ئەگەر هاوسەرگیرییان دەکرد لە ماڵی خەزووران، دیوێکیان بۆ تەرخان دەکرا. بەشگە و کۆمپانییەکی گشتی مامۆستایان کە خاکیان بۆ بکڕێ و ئەوان بتوانن خانوویەک بۆ خۆیان یان بنەماڵەکانیان ساز بکەن، نەبوو. ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢)بە هیممەتی برای دڵسۆز و کۆڵنەدەرمان مامۆستای هێژام کاک «سولەیمان شاتریان» کە لێرەوە بە ڕێزێکی زۆرەوە، دەستی ماچ دەکەم و لە سەر چاومی دادەنێم، بەشگەی هەرەوەزیی خانووبەرە(شرکت تعاونی مسکن) لە ئیدارەی پەروەردە سازکرا. ئینجا بۆ ئێمەی مامۆستا کە لە حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەک و لە سەر زەوی، بەستە زەوییەکمان نەبوو بۆ خانوو سازکردن، لە شاخستانی تەپەی قازی لە دەرەوەی شار، ٣٠٠ میتر زەمینیان کڕی. تەپەی قازی هەڵکەوتبوو لە دوای زەمینەکانی ڕووبەڕووی شیرکەتی نەفتی (حاجی سالح شاتری) دوای پردی «یەرغوو». دەتوانم بڵێم شیرکەتی نەفتی لە لای میاندواوەوە بۆ مەهاباد، هەوەڵین بینا بوو. ڕووبەڕووەکەی چەند ماڵێکی چکۆلە ساز کرابوو کە بەداخەوە زۆربەیان هەژار بوون. تازە مزگەوتێکی چکۆلەشی لێ دروست کرابوو. دوای مزگەوتەکە هەتا چاو هەتەری دەکرد، زەوی و زار بوو. لەوێرا قولقولاغ دیاربوو. لە وەرزی بەهاردا دیمەنێکی زۆر خۆشی هەبوو بەتایبەت کاتێک گەنم و جۆ کەرویشکەیان دەکرد. ئەمن گەرچی ئێستا هەر لە ماڵی بابم بووم و شووم نەکردبوو، زەمینم کڕی. زۆربەی هاوکارەکانم گاڵتەیان پێ دەکردم کە ئەگەر خانووی لە تەپەی قازی ساز بکەم، دەبمە هاو گەڕەکی گورگان و بەدڵنیایی شەوێک لێم وەژوور دەکەون و ونجڕ بە ونجڕم دەکەن! هاوکارەکانم بڕیاریان دابوو کە چونکە جارێ پارەم نییە، خانووی لە سەر زەمینەکەم ساز بکەم، وا باشترە ڕۆژێک لەوێ ڕاخەرێکی ڕابخەم و ئەوان پێمەوە بێن و دیاریم بۆ بێنن. ئەوکات نرخی زەمینەکان دە هەزارتمەن بوو (هەڵبەت ئەگەر هەڵە نەبم)کە مانگێ تەنیا ١٠٠ تمەنیان لە مووچەکەمان دەگێڕاوە. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بۆ ئەوکاتی کە من مووچەم ٥٠٠ تەمەن بوو، ئەو١٠٠ تمەنە کەم نەبوو. بەشگەکە کاری کڕین و تاپۆکردنی زەمینەکەی تەواو کرد و هەر مامۆستایەک، بەشی خۆی و شوێنی خۆی بۆ دیاری کرا و بەسەر ئەندامەکانیدا بەشی کرد. تاق و لۆقەی هاوکارەکان بە قەرز و قۆڵە و فرۆشتنی زێڕی هاوژینەکانیان و گا فرۆشی فەرشی ژووریان بە شێوەیەکی سادە و ساکار دەستیان بە سازکردنی خانووبەرەکانیان کرد. ئەو هەلە و پەلەیش هەر بۆ وەی بوو کە لە دەست کرێنشینی ڕزگاریان بێت، وەک ئاسایی و باو دوو وەتاغ و پێشخانەیەک. دوو بەشیشی بۆ وەی کە لە ماڵی خەزووران و لە دەستی خەسوو ڕزگاریان بێت (بۆ بزەی لێو)!. لەو ماوەیەدا ئەمن هاوسەرگیریم کرد و لە خانووی بەکرێدا بووین. زۆر دڵم تەنگ بوو. هەموو بیر و زەینم لای ئەوە بوو کە خانووی خۆمان هەبێ. لەگەڵ هاوسەرەکەم ئەوەی هەمانبوو، کۆمان کردەوە و نەخشەمان کێشا کە زەمینەکەمان ساز بکەین. خۆش ئەوە بوو بەر لە سازکردنی ژوور و چێشتخانە و حەمام و جێگەی دیکەی ماڵ، ئەمن لە بیری سازکردنی ناندێن و تەندووری دا بووم(وەمدەزانی ماڵم دەبێتە ماڵە حەمەڕەشیدخانی بانەی). لەلای خوارەوەی حەساری، مەتبەخمان سازکرد و خات شیرنی نانکەر هات تەندووری بۆ هەڵبەستین و ئاوردووم کڕی و ڕفێدە و وەردێنە و پنە و ئەستێوڵک و قەلانگم لە سۆفی مستەفای کڕی. پێمەوابوو دەبێ هەموو ماڵەکان وەک ماڵی بابم، نان بکەن و نانکرین کارێکی عەیبە! خانووەکەمان تەواو بوو. بەڵام دوورە شار بوو. کارەبا و ئاوی شێرە و تەلەفوونمان نەبوو، قوڕیش لە ئەژنۆیان بوو. پێش گوێستنەوە، تەواوی کەلوپەلی ماڵێم شووشت و خاوێنم کردەوە و بەستمن. ئەو ڕۆژەی کە ئێمە ماڵمان دەگوێستەوە، لەپڕ بارانێک باری کە ماشێنی کەلوپەلەکەمان بۆ ماوەی دوو ڕۆژان لە قوڕێ گیرا (لەحاستی زەمینەکەی فرۆشگای قازی)و بە هیچ شێوەیەک دەرنەدەهات. بارانێکی زۆریش بەسەر کەلوپەلەکەمان دا باری. هەموو ماڵەکەم لە ئاوێدا خووسا. وا خووسابوون کە دۆشەگ بە دوو کەسان هەڵنەدەهات! دوای دوو ڕۆژان، تراکتۆریان هێنا، ماشێنی کەلوپەلەکەمیان لێی بەستەوە و ڕزگارمان هات. کابرای خاوەن ماشێن داوای قەرەبووی دوو ڕۆژ بێکاری و ماشێن وەستانی لێ دەکردین، هەتا بە تکا و ڕەجا بە برەپارەیەک لێمان خۆش بوو، کلکی وشترێ گەییشتە ئەرزێ. چەند ڕۆژان خەریکی هەڵخستن و ئیشککردنەوەی ماڵ و حاڵەکەم بووم. سەیر ئەوە بوو دوای ئەو هەموو گێرە و کێشەیە، ئەمن بەسەرهاتەکەم هەر وەک فیلمی کۆمیدی دەهاتە بەرچاو و هەر پێدەکەنیم! چونکە لە ڕادەبەدەر دڵم خۆش بوو کە خانووم ساز کردووە. بۆ هاتوچۆی شار، چەکمەی جیلی ڕەشمان لە پێ دەکرد. جووتێک کەوشی خاوێنیشمان پێ بوو کە تا دەگەییشتینە سەر ئیسفالتی شار، لە پێمانی بکەین.



باوکی نیشتمان ـ بانە

# بۆ نەکەرۆز






هەواڵنامەی کتێب

بۆ مامۆستای گیانی گیانی! کاکە ڕەحیمی لوقمانی
بزەیەک لە تریفەی مانگ، زەریایەک لە میهرەبانی!
ناسنامەیەک لە ئازاری چەوساندنەوە و
هەژاری و ئەوینی بۆ کوردەواری.
مرۆڤێکی ئەمەگداری تاسەر ئێسقان گەل خۆشەویست.
خۆبەخشی دڵفراوانی هەمیشە و دایم خۆنەویست!
بە هەڵوێستی وەک نەکەرۆز بەرز و بەڕێز و پیرۆزە.
بە هەڵسوکەوتی نیانی هەتا ناخی گیان، دڵسۆزە.
کۆڵنەدان و خۆڕاگری، دروشمی هەمیشەی ژینی.
سەرهەڵدان لە ڕێگەی خەبات،
هێز و وزەی تێکۆشینی.
شاچرای زانیاری لە دەست،
ڕێبواری ڕێبازی مەبەست.
تا ئەوپەڕی سنووری هەست،
سەربەخۆ و ئازاد و سەربەست.
لەم ڕێ پڕ هەوراز و لێژە، ئەم هۆزانڤانە بوێژە،
ناهومێدی لە ژین نێژە!
بە شیعر و پەخشان و وێژە.
بە چەکی کتێب و پێنووس،
بۆ دابینکردنی چارەنووس.
تەمەنێکە ئەم شاچرا،
ڕووناکی ڕێبازی سەختی ڕزگارییە.
ئاواتەخوازی گەییشتن بە خۆشبەختیی و
بەختیارییە.
ئەم مامۆستا شارەزایە، شانازی بۆ نیشتمان و
خۆشەویستی گشتمان و پشتیوانی پشتمانە،
شاگوڵی گوڵگەشتمانە، کانیاوی پێدەشتمانە.
ئەو بورکانە، دڵی داگیرکەری وڵات ئەلەرزێنێ،

وشکەساڵی ئەبەزێنێ.
دەست و قاچی نەگریس و
پیسی ناحەزانی نیشتمان ئەتەزێنێ.
ناخی ویژدان ئەهەژێنێ،
کوورەی ئەوین ئەگەشێنێ.
مزگێنی هاتنی نەورۆز،
لە لووتکەی نەکەرۆز ئەدات.
لە ناسۆری زامەکان و
ئازاری سەختی هۆز ئەگات.
دڵۆپێکە لەو بارانەی
ژیانهێنەری سرووشتە.
هەوڵ و هیلاکی و چالاکی
بۆمان بۆتە سەرگوروشتە.
شنەی شەماڵی شادیهێنەری
شاخانی شاهۆیە.
خۆڕاگریی وەکوو هەڵگورد،
سەرکەشیی وەک زمناکۆیە،
وەک قەندیل و دالاهۆیە.
بیر و باوەڕی، بڵێسە و کڵپەی ئاگری هەرمانە،
ژیلەمۆی گەشی ژینمانە،
هەتا هەمیشە کوردێکی شێت و
شەیدای نیشتمانە،
ئەوینداری کوردستان و پارێزەری دارستانە،
شاخەوانێکە، دروشمی هەتا لووتکە نەوەستانە،
پێشەنگی خاوەن هەستانە، چریکەی هەزاردەستانە،
وڵاتی خەون و ئاواتی زامستان و داغستانە!



شیوا میرەکی ـ قوروە

# کۆرۆنا و کۆمەڵ

ساڵێک تێپەڕ بوو، ساڵێک پڕ لە ترس، نەخۆشی و بیستنی هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی ئازیزان و هاوڕێیانمان کە لەم ساڵەدا سێبەرێکی ڕەش تەنانەت دەرفەتی هاوخەمیکردنی لێسەندین و وای بەسەرماندا هێناوە کە بە تاقی تەنیا بە دەرد و ئازارەکانمانەوە بتلێینەوە و هەر بە تەنیا بەرەوڕووی نەهامەتییەکانیش ببینەوە. زۆربەی کرێکاران بە هۆی کەمبوونی کاری خاوەنکاران و بێتوانایی لە داینی حەقدەست، لە کار بێکار بوونە. توانای کڕینی خەڵک بە هۆی گرانی و نەبوونی نەختینەیی، دابەزیوە، هەر ئەم پرسەیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەنگی بە ژیانی خەڵک هەڵچنیوە.

«جۆن مەینارد کەینز»ئابووریزانی بەریتانیایی دەڵێ؛گرانی لە درێژخایەندا تەواوی ژێرخانی کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون دەبات. هەر لەبەر ئەم کێشەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری دزیکردن گەشەی سەندووە و خەڵک ڕوو لە کارگەلێکی نەشیاو دەکەن. شەڕی نێوان خێزان زیاتر بووە و لەم نێوانەیشدا ژنان زیاتر بەر توندوتیژی کەوتوون. لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا، دانیشتن لە ماڵەوە و ترس لە کۆبوونەوەکان لە زۆربەی بنەماڵەکان بەردەوام بووە و بۆ بڵاوبوونەوەی خەمۆکی لە نێو کۆمەڵگا و هاووڵاتییانیش ڕێخۆشکەر بووە. لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا بە هۆی کەمبوونی گەشت و گێڵ، گەلێک کێشەی تر سەریان هەڵداوە و خۆکوژی لە بنەماڵەکان بەتایبەت لە نێوان لاو و تازەلاوەکان زیاتر بووە. کەمتر بنەماڵەیەکت پێ شک دێت کە ناچار بە دەکارهێنانی مۆبایل و ئینتێرنێت بۆ جێبەجێکردنی کاری قوتابخانە و فێربوونی وانە و دەرسەکان نەبووبێت و لەگەڵ کێشەکانی ڕووبەڕوو نەبووبێتەوە. هەر لە زەمانگەلێکی دوورەوە، قوتابخانە و مامۆستاکان بە هەموو کەموکووڕییەکانیانەوە، بۆ پەروەردەکردن و بارهێنان، پێگەی هەرە گرینگیان لە دڵ و مێشکی بنەماڵەکاندا بووە و جۆرێک ئەرخەیانییان بۆ خەڵک ساز کردووە کە سات و کاتی منداڵانیان لەو ماوەی چەند کاژێر لە شوێنێکی باشدا تێپەڕ دەبێت. هەر لەم ماوەیەدا دووربوونەوەیەک لە نێوان بنەماڵە و قوتابخانە ساز بووە و پێوەندی جەستەیی، فکری و دەروونیی مامۆستا و خوێندکارانی پچڕاندووە. سەرەڕای لاوازکردنی فێرکاری و بارهێنان، منداڵان هان دران ڕوو لە دەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بنێن کە هەر ئەم پرسە کێشەگەلێکی زۆری جەستەیی و دەروونی دروست کردووە و لە داهاتووشدا قەیران ساز دەکات. پێوەندی ناو بنەماڵەیی زۆر ڕووی لە کزی ناوە و بۆ شەڕەخێزانییەکان و تەڵاقی زیاتریش ڕێخۆشکەر بووە. ڕەوشتنزمی بەهۆی نائاگایی لە شێوازی دروست کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بووە. ئەنجوومەن و شوێنە گشتییەکان داخراون و باڵێکی گەورە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە تەواوی تێک شکاوە کە دەکرا بەرپرسەکان زیاتر لە مەسەلەکان ورد ببنەوە و جۆرێک بەڕێوەبەرایەتی قەیرانەکە وە دەست بگرن کە کۆمەڵگا کەمتر تووشی زیان بێت. هەروا کە دەزانین قەیران، ڕووداوێکی نائاساییە و کتوپڕ پێش دێت کە پێویستی بەوە هەیە بە زووترین کات و باشترین شێوە پێش لە زەرەر و زیانە ڕۆحی و ماددییەکانی بگیردرێت کە بەداخەوە ئەم بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە بە لاوازی ئەنجام بووە و جیهان تووشی شۆکێکی گەورە و دواکەوتنێکی زۆر هاتووە. لە نێوان ئەم نەهامەتیانەدا دەتوانین ئاماژە بە خاڵگەلێکی ئەرێنی ئەم پەتایە لە ژیانی خەڵک بکەین وەکوو ئەوەی خەڵک زیاتر لە مەسەلەی خاوێنی و سڵامەتی ورد ببنەوە و ڕێگەگەلی بەهێزکردنی لەش بۆ پاراستنی جەستە لە نەخۆشی فێر ببن و زیاتر ڕوو لە خواردنە کوردییەکانی ناوچە وەکوو گیاکانی بەسوود بۆ بەهێزکردنی لەش و چێشتە خۆماڵییە و قەدیمییەکان بکەن یان ئەوەی پێوەندی مەعریفی و ڕۆحی لە گەڵ کاینات و دەسەڵاتی گەورەی کاینات واتا خوای میهرەبان پتەوتر ببێت. خەڵک زیاتر بیر لە باسی مەرگ و بەها ئینسانییەکان بکەنەوە.

شاری قوروەیش وەکوو باقی جیهان و شارەکانی وڵات لەم یەکساڵەدا تووشی قەیران و ناهاوئاهەنگییەکی زۆر بووە کە لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا زۆربەی هەرە زۆری ئەنجوومەنەکان و بەرنامە گشتییەکان پەکیان پێ کەوتووە و وای لێ هاتووە تەنانەت یەک بەرنامەیش بەڕێوە نەچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، کێشەکانی کۆمەڵگا زیاتر خۆیان دەربخەن. وەکوو قەیران لە شۆرای شار و بیستنی هەواڵی ناخۆش سەبارەت بە کەمکاری و کارگەلێکی نەشیاو لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شۆرای شار کە هەرەسی بە بڕوا و متمانەی خەڵکی هێناوە و پێویستی بە هاوکاری نزیک لە نێوان خەڵک و دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و دروستکردنی بنەماکانی ئەم سەرمایەی مەعنەوییە هەیە.

م. سەیید محەممەدئەمین واژی ـ مەهاباد



# ڕەنگدانەوەی ڕەمەزان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا

**ڕەمەزان لە کوردستان دا:**

شاعیران و پەخشاننووسانی هەر نەتەوەیەک، زمانحاڵی ئەم نەتەوەیەنە. ڕەمەزان لە ناو هۆنەران و شاعیرانی کورد، کاریگەریەتی زۆری هەبووە بۆیە دەبینین ڕەمەزان، لە هۆنراوەکانیاندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە. ئێمە بۆ وێنە، تەنیا ئاماژە بە چەند شاعیرێکی گەلەکەمان دەکەین.

«مەولەوی تاوەگۆزی» دەڵێ:

**منـــاره، ســـەدای سەڵاش سەد تەرزەن**
**مزگـی، جــە شادی دەماخش بەرزەن**
**لوولەی تەراویح وەش وەش مەدۆ دەنگ**
**بـــێ ئاهەنگەن تـــار، تەموورەی ئاهەنگ**
**مــەرەحبای لیباس تاعەت پۆشانەن**
**ئــەلوەدای کاس کاس، بادە نۆشانەن**

**هەروەها لە شوێنێکی تر دا دەفەرمۆێ:**

**«ئازارم جە وێم، بێزارم کەردەن**
**ڕەویەی «ڕەمەزان »، جە یادم بەردەن**
**جەو ساوە نییەت « ڕۆزەم» ئاوردەن**
**هیچ ئازام جە هیچ، زۆرش نەوەردەن**
**نە چەم، نە دیدەن، ئازیزی بێگەرد**
**نە گۆش، نە سەدای یارانی هامفەرد**
**شیرینیی ئیفتار، دڵم تاڵییەن**
**جام نە جەماعەت، دۆسان خاڵییەن**
**نەوای «مەرحەبا»، نامان نە گۆشم**
**چەنی «ئەلوەداش»، هەر نە خرۆشم**
**زایفیم هەر یەند، جە حەد بەرشییەن**
**نەسیم ئەر بارۆم، عەجایب نییەن»**

«حاجی قادر کۆیی»: شاعیری ناسک خەیاڵ، هەستبزوێن، دانەری قوتابخانەی تایبەت، ڕێڕەوی ئەحمەدی خانی و بزوێنەری هەستی نیشتماندۆستی، لەسەردەمێک دا کە بیانییەکان لە وڵاتی عێراق، خەریکی پەرەپێدانی ئایینی خاچپەرستی(مەسیحییەت) بوون؛گەلێک جار موسوڵمانانیان دەخستە بەر جەزرەبە و چەرمەسەری، پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە کە تێیدا مەترسی دەسەڵاتی داگیرکەر و دەمەترسی کەوتنی؛ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەروەها ئاگادارکرنەوەکەی؛دەردەبڕێت. ئەم شاعیرە مەزنە؛ لە بەیتێک لەم پارچە هەڵبەستە، کە تێیدا ئاماژە بە نوێژ و ڕۆژووش دەکات؛ دەڵێ:

**بۆ کەیە ناموس و عار و بۆ چییە ئیمان و دین؟**
**خاچ و ئینجیلی لە جێی تەفسیر و قوڕئان دادەنێ**

دواتریش دەڵێ:

**تا بزانێ کێ نوێژی کرد و ڕۆژوی گرتووە**
**بۆ سیاسەتکردنی، پەنجا نیگەهبان دادە نێ**

مەحوی: شاعیری و وێژەوانی ئەدەبی کوردی لە پارچە هەڵبەستێک کە بۆ سەرۆک عێلی»جاف«ی دەنێرێت، لە بەیتێک دا ئاوا، دەڵێ:

**من بم لە باتی ئەو لە ڕقانا سبەی کە وا**
**ماهی «صیام»ە، تۆبە دەکەم، دەچمە ئیعتیکاف**

**هەندێک دابونەریت:**

بەپێی بەڵگەی مێژوویی، کوردستان، یەکەم لانکەی ژیان و ژیار و دووهەم سەرچاوەی ژیانی دووبارەی مرۆڤ بووە. **کورد بە پێچەوانەی گەلانیتر لەبەر چەند هۆیەک وەک ئەمە کە لەلایان دوو زلهێزی ئەوکات (ئێران و ڕۆم) دەچەوسێندرایەوە دوای عەرەب، دووهەم نەتەوە بووە کە بە باوەشی گەرمەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرتووە. مامۆستا هەژار لە پێشەکی شەرەفنامەدا ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرموێ: « ئایینی پاک و بێگەردی ئیسلامەتی کە لە سەرەتاوە پەیدا بووە، تیشکی برایەتی و یەکسانی، وە چیاکانی کوردستانیش کەوتووە. تاریکایی ئاگرپەرستیی لەسەر ڕەواندین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشوو تێیان گەیاندوین کە موسوڵمان هەموو پێکەوە بران و ڕەش و بۆر و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیەک لە ئارا دا نییە و هەموو ڕەگەز و تیرە و هۆز و نەتەوەیەک، لەبەرانبەر بارەگای خودای بەرزا، یەکجۆرن و یەک تەرزن».**

بۆ ماوەیەک لە ژێر ئاڵای شەکاوەی ئیسلام حەسانەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کەسانێک بەناوی دین دەستیان کرد بە ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی ئەم گەلە.

لە کوردستانی ئازیزمان دا خەڵک هەمیشە زۆر بە گەرم و گوڕی بەرەو پیری ڕەمەزان چوونە، لێرەدا چاوێک دەخشێنین، بە سەر هەندێک دابونەریتی کە لە کۆمەڵگای کوردەواری چیان بۆ کردووە کە هەڵقوڵاوی هەستی بەسۆز و خۆشەویستی بەرانبەر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە. زۆر بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١ـ بە چەند ڕۆژ بە ڕۆژووبوون بەرەو پێشوازی ڕەمەزان چوونە.

٢ـ دوو ڕۆژ بمێنێ بۆ مانگی ڕەمەزان، بۆ سۆی مانگ، لاوەکان، دەچوونە سەربان، بانوان و لووتکەی بەرزی تەپۆڵکەکان، دەست لەسەر کەوانەی برۆ، بە تیژکردنی چاو و، خڕکرنەوەی قاپۆچکەی، چاوێک دەکرایە چوار چاو، یەکتریان، بۆ ئاسۆی زەردەپەڕ دنە دەدا. یەکێک بە دیتنی مانگی زەرد و باریکی یەکشەوە، بە ڕاداشتنی قامکی دۆشاوەمژە، دەوروبەری، ڕێنوێنی دەکرد، ها ها،

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەتە، لە دوایی دا بە هەڵەداوان و سڵاوات لێدان، لە دیداری ڕەسووڵڵا، بەرەو مزگەوت دەچوون و لە خزمەت ماموستای، گەڕەک یان ئاوایی، شایەتی دەدرا. دیسان بڕیار دەدرا لە تەنگەی نوێژی شێوان دا، بچنە سەر بستۆکان، ئاور بکەنەوە، تا گوندەکانی دراوسێش بزانن ئەمە هەواڵی دیتنی مانگی یەکشەوەیە. هەر ئەم شەوە، پسوولەی دیتنی مانگ و وەرگرتنی شایەتی، بە تەتەر(نامەبەر) بۆ شار و ئاواییەکان بەرێ دەکرا. بۆ سبەینێ، بەفەرمی ڕەمەزان دیاری دەکرا.

٣ـ پازدە ڕۆژی هەوڵ، بە کۆمەڵ لە نێو تەراویح دا گوتوویانە بەخێر بێی(مرحبا) ڕەمەزان. پازدە ڕۆژی دوایە بە خوێندنی دوعای (الوداع) ماڵاواییان لێ کردووە.

٤ـ هەستانی خەڵک بۆ پارشێو، لە هەندێک شوێن بە دەهۆڵ یان دەفە، لە هەندێکی دی بە خوێندنەوەی شیعر و چامە(قصیدە)ی بوردییە، لە پەسنی خوا و پێغەمبەر (د. خ)؛ خەڵکیان وەخەبەر دەهێنا. لە هۆنراوەی کوردی زۆر کەڵک وەرگیراوە؛ وەک؛ هۆنراوەکانی: ماموستا ئەحمەدی خانی، ماموستا نالی، ماموستا مەحوی، ماموستا وەفایی، ماموستا بێخود و ماموستا مەلا هادی ئەفخەم زادە و زۆری تر. لێرە دا ئاماژە بە پەسنی ماموستا «ئەحمەدی کۆر» دەکەین؛ کە لە موکریان زۆر دەخوێندراوە؛ وەک دەڵێ:

دڵبەرا داییم دەناڵم، دەم بەدەم، شام و سەحەر
جاری ناپرسی لە حاڵم، چاو عوقابی خۆش خەبەر.

یان هۆنراوەی «تاهیر بەگی جاف»؛ کە دەڵێ:

مەتلەعی سوبحی سەعادەت، مەزهەری عیلمولیەقین
ئەی سوپاسالاری فەوجی ئەنبیا و مورسەلین

کە ئاهەنگ و مۆسیقای تایبەتی خۆی هەبووە و هەڵقوڵاوی مزگەوت و خانەقا بووە، زۆرتر بە شێوەی مەقام دەخوێندرایەوە. هەندێک لە لاوەکان و لەم شوێنەش کە فەقێ هەبان کە جاران زۆربەی ئاواییەکانی کوردستان، فەقێیان هەبووە دەستیان دەکرد بە خوێندنەوەی موناجات، کە بە نێوی «سەڵا»، «کەبار»، «گاز» و... ناسرا بوون.

دوای ئەمە کە ئامێری وەک بڵندگۆ و تۆمارکەر پەیدا بوو، دەنگی زۆر دەنگخۆشان تۆمار کراوە و لە سەر بڵندگۆی مزگەوتەکان دەخوێنرێنەوە؛ وەک دەنگی: ئێمە لێرەدا بە پێی پارێزگاکان دابەشیان دەکەین:

پارێزگای کرمانشاە: ١ـ ماموستا مەلا محەممەدی ڕەبیعی ٢ـ حاجی ماموستا فەرەجی سەفەری(سەرپێڵی زەهاو ڕێژاو). ٣ـ سۆفی محەممەدی کەمینە(پاوە). ٤ـ خالید کەمینە(پاوە). ٥ـ ماموستا قادر علیمورادی (سەلاسی باوەجان کرماشان).

پارێزگای سنە: ١ـ ماموستا سەیید بەهائەددینی ئەحمەدی(ئارانانی ـسنە) ٢ـ حاج ماموست مەلا عارف عەلامی(مریوان) ٣ـ ماموستا مەزهەری خالەقی (سنە) ٤ـ محەممەد عەلی مراد خانی ناسراو بە حەمەیلی(هەورامان مەریوان) ٥ـ حاجی دەروێش ناسراو بە حەزین(سەقز) ٦ـ میرزا عەبدلقادر ناسراوە بە میرزا قادرە شەلە (سەقز) ٧ـ شێخ عەبدڕەحیم(کەسنەزانی سەقز) ٨ محەممەد عەبدی ناسراو بە جەناب(کەسنەزانی سەقز) ٩ـ عەبدوڵڵا سەیید زادە(کەچەڵمیە سەقز) ١٠ـ ماموستا مەلا محەممەد ئەمین عەلایی ئاخکەند. سەقز) ١١ـ ماموستا مەلا محەممەد ئیمامی (سەقز) ١٢ـ ماموستا زەبەردەست(مەریوان). ١٣ـ سەیید محەممەدی حوسەینی(ترجان سەقز).

پارێزگای ورمێ: ١ـ مەلا عەوڵای بۆکانی یا عەوڵا شەلەی سەردەمی قاجار(بۆکان). ٢ جەلیل بەلەدی (شنۆ) ٣ـ حاج ڕەحیم سەڵاکەر (مەهاباد) ٤ـ سەعید مامڵێ(مەهاباد) ٥ـ مەلا عەلی حافیزولقورئان (مەهاباد) ٦ـ مەلا غەفووری دەبباغی(مەهاباد) ٧ـ محەممەد شەریف سوڵتانی (مەهاباد). ٨ـ مەلا حوسەینی قازانەسەری (بۆکان) ٩ مەلا محەممەدی عەزیمی (سەردەشت) ١٠ـ مەلا یونسی قادر پوور (شنۆ) ١١ـ حاجی ماموستا مەلا ئەحمەدی سەلیمی، ناسراو بە دۆنەخۆر(پیرانشار) ١٢ـ مەلا محەممەدی موئەززین، ناسراوە بە مەلا سەبیلە(بۆکان) ١٣ـ ماموستا عەزیز شاڕوخ (مەهاباد) ١٤ـ حای خدر قادری گرماوی ناسراو بە خلە دەرزی (سەردەشت) ١٥ـ مەلا ڕەحمانی قەڵای سەوزی (ناوچەی میاندواو) ١٦ـ عەیزی کەریمەسووری خونەکجان(پیرانشار) ١٧ـ ماموستا مەلا ڕەحیمی ئیسماعیلی ئەفشار، ناسراو بە مەلا ڕەحیمی دەنگ خۆش و خەت خۆش(ئەفشار. شایندێژ) ١٨ـ فەقێ عوسمانی شاریکەندی(بۆکان) ١٩ـ حەمەدی شێخە (ئاڵوەتان سەردەشت) ٢٠ـ ماموستا حوسەینی قەلعە جوجەیی (ورمێ) ٢١ـ سەیید محەممەدی سەفایی (سەفاخانەی سەقز) ٢٢ـ ماموستا مەلا نەجمەددینی شەریعەت پەنا(سەردەشت) ٢٣ـ مەلا حوسەینی عەزیزی (بۆکان) ٢٤ـ مەلا عەبدولعەزیز ژمیرزایی (ورمێ).

لە کوردوستانی باشوور
١ـ مەلا محەممەدی کەج(سولەیمانییە)
١ـ مەلا عەوڵای سەرما بردوو، یا دەروێش عەوڵای دەفەزەن. (هەولێر)

**کوردستان، جەمسەری، مۆسیقای عیرفانییە، ئەو مۆسیقایەی کە لە موناجاتەکانی کوردستان کەڵکی لێ وەرگیراوە، مەقامە. بۆ وێنە ئاماژە بە دوو دانە لە سەڵا (موناجات)ی ماموستا ڕەبیعی دەکەین؛ یەکیان: بەخشەندەیی و بوزورگی، بێباکی... . کە ئەمە ناسراوە بە مەقامی «ئەڵلاوەیسی». دووهەمینیان: یا ڕەب من تەوبە، من پەشیمانیمە، ئەم مەقامە لە مۆسیقادا بە مەقامی «شووشتەری» ناسراوە.**

٥ـ پیرەکان و گەنجەکان تێکڕا و وێکڕا لەگەڵ مێرمنداڵەکان بۆ خوێندنی نوێژی تەراویح دەهاتنە مزگەوت و کەس لە سەر شتێکی چکۆلە، لە کەس قەڵس نەدەبوو، بەڵام لاوەکان بە دابی گەورە و چکۆلایەتی، لە ڕیزی پشتەوە نوێژیان دادەبەست.

٦ـ هەمۆ ڕۆژێک بەربانگان دەچوونە مزگەوت و بەتایبەتی بۆ منداڵەکان، خۆی جێژنەیەک بووە. دیمەنێکی زۆر خۆش بوو... کاتێک بانگ دەدرا، مێرمنداڵەکان ئاو و خورمایان بە نێو ڕۆژووانان دا دەگێڕا. لە هێندێک شوێن، مەجومعە دەهاتە مزگەوت. هەر لە مزگەوت ڕۆژوو دەکرایەوە و بەربانگیان دەکردەوە و تا نوێژی خەوتنان لە مزگەوت دەمانەوە. دوایە کە تەراویحیان دەکرد، ماموستا لە پێشێ و ڕیش سپی لە دوایە دەچوونە سەردانی ماڵەکان. هەر شەوە لە ماڵێک.

٧ـ ئەم دە شەوەی ئاخیری ڕەمەزان، مەگین بە هەڵکەوت، دەنا زۆربەیان تاکوو پارشێو بەخەبەر دەبوون و لەگەڵ خوای خۆیان نزا و پاڕانەوەیان دەکرد.

٨ـ بیست و حەوتی ڕەمەزان، خۆی نیمچە جێژنێک بوو، زۆربەی ماڵەکان ئەوێ شەوێ کولێرەناسکە، کولێرەچەورەیان دروست دەکرد. زۆر کەس کە کاتی خۆی بۆی هەڵنەسووڕاوە، لەم ڕۆژ و شەوە حەوتووی منداڵی، نەزریان، بەڕێوە دەبرد. شەو پیاوەکان بە گشتی لە مزگەوت و ئافرەتانیش لە ماڵ، دەستیان بە نزا و پاڕانەوە

دەکرد. مانەوەی شەوانی قەدر و شەونخوونی، دەروونەکانی، لە سۆز و لێبوردەیی دارماڵ دەکردن، دڵەکانی وەکوڵ دەهێنا و تەیاری دەکردن بۆ هەر چەشنە ڕاسپاردنێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، هەر لەوێ شەوێ ڕا بڕیاری نوێی دەدا کە لە ژیانی دا وەرچەرخانێک بەرەو چاکەوێژی، چاکەکاری، ڕوو بدات.

٩- سەر چاکردنەوە، لە پازدەی ڕەمەزان ڕا دەستی پێ دەکرد؛ ئەویش بۆ کەسی نەدار دادەنرا. چونکە بە پێی ڕێڕەوی ئیمامی شافیعی(ر. خ) سەرفیترە دەبێ لە بژیوی ئەو مەڵبەندەی بێت. ناوچەی کوردەواریش بژیوان نانە، بۆیە لە گەنم دەدرا، کە سەری هەر کەسێک تۆزێک هەورازترە، لە دوو کیلۆ و نیوە، دەم و دەستیش گەنم وەگیر نەدەکەوت؛ زۆربەیان سەریان بە قەرزی سەر جێخون و سەرخەرمانان چاک دەکردەوە.

١٠- جێژنی ڕەمەزان، هەموو بە شادییەوە، بە جلکی تازە، بەرەو پێشوازی جێژن دەچوون، لە هەموو ماڵەکان کاسە جێژن ئامادە دەکرا، تەندووری هەموو ماڵێک هەڵدەکرا. بۆنی خۆشی چێشت، لە هەموو گەڕەکەکان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوییشت. پیاوەکان بەرەو مزگەوت و کابانەکانیش خەریکی ڕازاندنەوەی ماڵ، زایەڵەی دەنگی بە کۆمەڵی(الله اکبر) لە مزگەوتەکان و سەربانەکان کە زمان ناتوانێ بەیانی بکات لە ژێر عاسمانەکان و زەوی، دەزرینگایەوە. منداڵەکان، کچ و کوڕان، لاو و پیر، ساغ و نەخۆش، ئەم جێژنە دڵێکی دەکردە سەد دڵ. لە مزگەوت تا تاوهەڵاتن، چەند کەسی دەنگخۆش هاوڕێیەتی مامۆستایان دەکرد؛ بۆ خوێندنەوەی سوورەتی پیرۆزی «رحمن» جا لە سەر ڕستەی: « **فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ** » ڕادەوەستان و وێکڕا، دەیان گوت: «الله اکبر... . لله الحمد». دوای هەڵاتنی تاو، بە پێوانەی بڵیندی ڕمبێک(نزیکەی چارەگێک) مامۆستا، داوای لە خەڵکەکە دەکرد، ڕووکەنە ڕووگە(قبلە)، مامۆستا بە کردنی دوو ڕکات نوێژی جێژنی ڕەمەزان و هاندانی خەڵکەکە کە ئاوا نییەت بێنن، دەستی دەکرد بە خوێندنی نوێژی جێژن. دوای نوێژ، مامۆستا باسی لە ئەرکی موسوڵمان، لە سەر موسوڵمانان دەکرد. باسی لە سۆز و میهرەبانی دەکرد، باسی لە دراوسێ و ئاوماڵ دەکرد کە هەموویان، مافیان بەسەریەکەوە هەیە، باسی لەوە دەکرد کەسێک زیاتر لە سێ ڕۆژان دەنگ لە برای موسوڵمان بگۆڕێ، لە ڕۆژی پەسڵان، خۆشەویست(د. خ)ئاوڕی وێ نادا، زۆر جار دەنگی گریان لە نێو جەماوەرەکە بەرز دەبۆوە، دوای تەواوبوونی وتاری مامۆستا؛ هەموو وێکڕا دەستیان دە ملی یەکتر دەکرد و داوای گەردنئازایییان لێکتر دەکرد. یانی ئەگەر شەڕی تایفەیی با، شەڕی گەڕەک با، هەموو لەو ڕۆژە دەکوژانەوە. دوای لە ئامێزکردنی یەکتر و دەست ماچکردنی مامۆستا؛ یەکێک بە دەنگی بڵیند هەرای دەکرد: «کاسەو مەجومعەی بێننە مزگەوتێ»، هەر لاوە، بڵەی یەک و دوو، لە ماڵێ ڕا مەجومعەیان دێنا و دوو دوو پێکەوە لەسەر مەجومعەیەکی دادەنیشتن. لاوەکانیش لە چەقەخانەی مزگەوت خەریکی خواردن دەبوون و چایان ساز دەکرد. دوای تەواوبوون و سفرە کۆکرنەوە، خاوەن ماڵەکان دەهاتنەوە ماڵێ و پیاوەکان، جێژنە پیرۆزەیان لە ماڵ و منداڵ دەکرد و بە غورابی و قەرەپووڵ دڵی منداڵەکانیان دەگەشاندنەوە. ئەم جێژنە تەمەکان، ڕادەماڵێ، خۆش دەماخی دەخاتە ناخەکان، دارا و نەدار، وەک یەکن، یەک ڕەنگن، دەنگ برینێک نەماوە، خۆ لێک هەڵاواردنێک نابینرێ. دوای کەمتر لە کاتژمێرێک هاتنەوە لە مزگەوت، وێکڕا دەچوونە ماڵە مامۆستا. لەوێ چایەکیان دەخوارد و دوایە سەری ماڵە گەڕەکەکانیان دەدا. بەر لەوەی بچنە ئەم ماڵە، خاوەن ماڵەکە بە خۆشی و بە هەڵەداوان دەچووە ژووری کە میوان هاتن، ژن و منداڵ هەموو دەهاتنە دەرێ و بە ڕیز ڕادەوەستان و میوانەکانیان بە خێر هاتن دەکردن و جێژنە پیرۆزانە لێکتر دەکرا، مێرمنداڵێک بە زەنبیلەیک لە مێوژ و نوقڵ پێشوازییان لە میوانان دەکرد. داوایان لێ دەکرد تەشریف بێننە ژورێ. هەر لەبەر دەرگا، لەو ماڵانەی کە نێوان ناخۆشییەک هەبا، دەچوونە ژووری و چایەکیان دەخواردەوە. لەو ڕۆژەدا، ئەگەر ئافرەتێک ڕەدوو کەوتبا، باوەخوێن دەکراوە؛ ئەگەر دڵێشێک هەبا هەر لەو ڕۆژەی دا بە نێوبژی مامۆستا و چوار ڕدێنسپی چارەسەر دەکرا. کەس قسەی وەبەر نەدێنان. تەنانەت ئەگەر قەتڵیش با، ئاشتەوانی دەکرا و ئاو بە ئاگر دەکرا. ئەمە کەشی هەوای ئەو کات بوو.

لە هەندێک ئاوایی دا کە من کاتی خۆی لە (سێوەدینی خوارێ)ی بۆکان مەلا بووم، عادەتیان وابوو، دوای نوێژی جێژن بە کۆمەڵ دەچوونە سەر قەبران و دوای فاتیحا، جا دەگەڕانەوە ماڵ.

١١- یەکیتر لە نەریتەکانی ئەو کاتی ڕەمەزان، چێشتی مجێور بوو. کاتێک کە مەجومعە، کەوڵ و سەرشیلکە لە ڕۆژی جێژن دا دەهاتنە مزگەوت، هەموو جۆرە چێشتێکی کوردەواری لەسەر بوو، کە ئێمە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان؛ دەکەین: ١- بەربەسێڵ ٢- ترخێنە ٣- شۆربا و کفتە ٤- شۆربا و بایجان ٥- شۆربا و هێلکە ٦- شۆربا و باقلە ٧- کوکی بە پنگەی ٨- شۆربا و پەنیر٩- شۆربا و ماش ١٠- ماشێنە ١١- خۆریشت پلاو ١٢- خۆریشتی بە لەپە ١٣- قەیسی و ڕۆن ١٤- خورما و ڕۆن ١٥- دۆڵمە ١٦- دەسخۆری بە لەپە ١٧- هێلکە و ڕۆن بە دۆشاو١٨- سەنگەسیر ١٩- قورمە کەشکی ٢٠- دۆکوڵیوی کەشک ٢١- تاس کەباب ٢٢- کارد و پلاو ٢٣- هەڵوا ٢٤- کولەکە ٢٥- ترشی بەکەلەم ٢٦- سەروپێ ٢٧- تەندوور پلاو ٢٨- مزراویلکە ٢٩- ساوار ٣٠- بۆرانی ٣١- نیسکێنە ٣٢- ماشێنە ٣٣- برۆێش ٣٤- شیر برینج٣٥- هێلکە و ڕۆن بە قەند ٣٦- نیسک پلاو ٣٧- هەریشتەپلاو و... . دوای ئەمە چێشتەکە دەخورا، کەس بلاوی نەدەکرد، تا گەنجەکان کۆیان دەکردەوە. نانەکانیان لە سەر یەک دادەنا. جاری وایە، چەند دەستەواوە دەبوو، کە لە لایەکیان دادەنا و، چێشتەکانیش، هەموو دە دوو- سێ مەنجەڵیان دەکرد، چونکە چێشتەکان، یەک شل بوو، یەک توند بوو، یەک شیرین، یەک تیژ، یەک سوێر و، یەک ترشۆک، نەدەکرا هەموو لە یەک مەنجەڵ دابێ... ئەمە چێشتی مجێوری و جێژنانەی مجێوری بوو. لە دواییدا مجێور دەیبردنەوە ماڵ و لە گەڵ ماڵ و منداڵی ئەوەی دەخورا، دەخورا و ئەوەی دیکەشیان تاقەت دەکرد. بەمەیان دەگوت، چێشتی مجێوری، کە مامۆستا هەژاریش نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی کە ژیانێکی پڕ لە ترشی، سوێری، شیرینی و تاڵی بووە، بەم نێوە ناوە. زۆر کەس هەبووە، لە ماڵێ ڕا دوو- سێ نانی لەسەر مەجومعەکە و کەوڵەکەی داناوە، تاکوو یارمەتییەک بێت بۆ مجێور، مجێوریش ئەم نانانەی هەڵدەخستن، ڕەق هەڵدەهاتن و خراپ نەدەبوون، بەشی چەند مانگی دەکرد، تەنانەت هەبووە، لە مجێوریان کڕیوەتەوە.

زۆرم سپاس هەیە بۆ بەڕێزان:مامۆستا ئەحمەد شەریعەت پەنا(مەهاباد)، کاک ڕەحمەت ئیبراهیمان(مەهاباد)، کاک سەیید محەممەد سەمەدی(مەهاباد)، مامۆستا مەلا محەممەد خزرنیژاد (بۆکان)، مامۆستا مەلا محموود مەعرووفی(بۆکان)، مامۆستا مەلا شەفیع سادقی(ورمێ). مامۆستا مەلا عەبدوڕەحیم نەیریزی(کرماشان)، دایکم، زێنەب خزری و خوشکم، سەیید زادە کافیە کە هەندێک زانیارییان بۆ نووسینەکەم خستووتە بەردەمم.



کەریم سۆفی مەولوودی(تینوو مەهابادی)

# ئەنفال





بژاڤی نیشتمانیی میللەتێک، بۆ دابینی نان و شەرافەت و ژیان و پاراستنی فەرهەنگ و هێمنایەتی و ڕێزی بەرانبەر، وەها دیکتاتۆر و ڕەگەزپەرستانی فاشیست، دەشڵەژێنێ، کە پەنا بۆ ژینۆسایدی ژێردەستان و کۆمەڵکوژی دەبەن.

شاڵاوی بەدناوی ئەنفال لە ٥ی ڕەشەممەی ١٣٦٧ی هەتاوی(٢٣فێبریوەری ١٩٨٨) لە کوردستانی عێراق دەست پێدەکات و لە ١٦ی خەرمانانی ١٣٦٨ی هەتاوی(٦ی سێپتەمبەری ١٩٨٨) کۆتایی پێدێت.

«سەددام حوسێن» زیندە بەچاڵکردنی خەڵکی ژێردەست، بە ئۆپراسیۆنێکی سەرکەوتوو بۆ خۆی و هاودەستانی دەزانێت.

ئەنفال، یەک لە تاوانگەلی دژە مرۆیی دێتە ئەژمار و سزای نێودەوڵەتی هەیە و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم تاوانە، ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان داکۆکی لە سزادانی جەنایەتکارانی ئەم کردەوە دژە مرۆییە دەکات.

وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی باشووری کوردستان و تاڵان و بڕۆی دەڤەرە جیاجیاکانی، ئیعدام و کوشتار و لە بەندکردنی هەزاران کەس لە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ، زیندە بەگۆڕکردنی ١٨٢٠٠٠ کەس مرۆڤی بێتاوان و ئاوارەکردنی نیزیک بە ٦٠٠٠٠٠ کەس لە حەشیمەتی کوردستان و گەڵاڵە و پلانی بە عەرەبکردنی وڵات و نیشتمانی کوردان، دەکەوێتە کارنامەی خوێناوی و دزێوی سەرداری خوێنمژی قادسییە.

پەیماننامە یاسایی و مەدەنی و سیاسییەکان، جاڕنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، چاودێرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، چاودێرانی مافی مرۆڤ، جاڕنامەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، دادگاکانی تاوانی نێودەوڵەتی لە جیهانی ئازاد، هەموو سەرجەم، دان بەم ژینۆسایدەدا دەنێن و پێڕەوی ناوخۆی دادگای تایبەتی عێراق بۆ بە دواداچوون و پێڕاگەییشتن بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان، مۆرکی ئەرێ بەسەر سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جینایەتە بێوێنەیە بە تایبەت، گەورە تاوانکاری مێژوو «سەددام حسێن» و داروودەستەکەی دەنێن.

سەددام کە لەم ئاکارە ناپیاوانەی دا، تێماو و عاجز و بەزیو ببوو، دەستی بە کوشتاری کوردی بەستەزمانی خۆی بە بیانووی هاوکاری لە گەڵ ئێران کرد و دەستی بە ڕاگواستنی کورد و بە عەرەبکردنی خاک و نیشتمانەکەیان و تاڵان و بڕۆ و سووتمان و کوشتار و قەڵت و بڕ و قڕ و قەپکردنی خەڵک و وڵاتی کوردەواری بە مەبەستی تێکدانی پێکهاتە و ژێرخانەکانی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری وسیاسی و کاولکردنی ژینگە و ژیوار و ژیانی کورد لە ساڵی ١٩٨٧ تا هاوینی ١٩٨٩ کرد و ئەم پرۆسە کرێتەی لە ماوەی سەرجەم ١٠٠ ڕۆژدا جێبەجێ کرد.

بەڵگەنامەکانی ئەم ماوە لە جینایەت، بە ئەندازەیەک، بەربڵاو و بەرچاو بوون، کە نکۆڵی و حاشایان لێ نەدەکرا و کار لەوەی دەرچووبوو کە لە ئاستێکی لاواز و کەمڕەنگ دا باسیان بکرێت.

تاراندنی کوردە فەیلییەکان لە ١٩٦٩ و ١٩٧١ بە ژمارەی ٤٠٠٠٠ کەس، ئاوارەکردنی ٢٠٠٠٠٠ کەسی دی لە ساڵی ١٩٨٠، ئاوارەکردنی ٧٠٠٠٠ کەس لە تورکمان و ئاسووری و کوردانی دانیشتووی کەرکووک بە ئامانجی جێبەجێکردنی گەڵاڵەی، بە عەرەبکردنی دەڤەرەکە، ژەهراویکردنی نانی ٣٠٠٠ کەس لە کوردەکان لە کەمپەکان دا، کۆچی ٣٠٠٠٠٠ کورد تا ڕێکەوتی ١٩٨٩/٦/٣

بە پێی ڕاگەیاندراوی « فاینەنشناڵ تایمز » لە بەینبردن و خاپوورکردنی ٣٨٣٩ گوند، ١٧٥٧ قوتابخانە، ڕووخاندنی ٢٤٥٧ مزگەوت و عیبادەتگە، ڕووخاندنی ٢٧١ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، تەرەی ٢١٩٨٢٩ بنەماڵە، زیندەبەگۆڕکردنی ١٨٢٠٠٠ کەس و ئاوارە و دەربەدەرکردنی ٦٠٠٠٠٠ کەس، ٥٠٠٠ کەس شەهیدی کیمیاباران و زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس بریندار و بە هەزاران ئیعدام و بەندیی و تەرخانی ٣٥٠٠٠ کیلۆمەتری دووجا بەجێی ٨٦٠٠٠ کیلۆمەتری دووجا بۆ کورد لە خاکی کورددا، لە قامووسی هیچ مێشک و کاژەڵەیەکی ساغ و مرۆڤایەتیدا و لە هیچ یاسایەک و ئایینێکدا ناگونجێت و تەنانەت دوای گۆڕبەگۆڕبوونی سەددام و نەمانی دەستەڵاتە خوێنخۆرەکەی، پاشماوەی ڕەگەزپەرستانی جنایەتکار بە نێو موسوڵمانەتی، دەست لە سەربڕین و تاڵان و بڕۆ و چەتەگەری و ئەتک و دەستدرێژکاری هەڵناگرن و بە هەزاران کەس لە کوردانی ئێزدییان لە شنگال و کۆبانی و عەفرین و... قەڵت و بڕ و ئاوارە و بێ ماڵ و بێچارە و دەربەدەر دەکەن.

کام ئینسانییەت لە جیهاندا دەتوانێت چاو لە بەسەرهاتی پڕتراژێدیای کۆمەڵکوژی میللەتێکی ڕەسەن و خودان ژیاری جیهان بە تاوانی حەقخوازی بکات!

سەرجەم پەرتووکەکانی مێژوو هاوار دەکەن و ئەزموونەکانی ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە، کە ئەوانەی بە نێوی ڕەگەزپەرستی، ئایین و ئایدۆلۆژیا، تیئۆکراسی، خوویستی، دۆگم و فاشیزم، پۆلوکراسی، ڕادیکالیزمی سیاسی، شۆڤینیزم و لە هەر چوارچێوە و بێچمێک دا و بەهەر نێوێک، ئەگەر خۆشی و حەسانەوەی گەلان و ڕێزی مرۆڤیان لەسەردا نەبێت، هەرگیزاو هەرگیز بۆ خۆشیان ناحەسێنەوە. « جەواهیر لەعل نێهرۆ » دەڵێ: ئەوەی دیمۆکراسی بۆ گەلانی تر نەوێت، بۆ خۆی بە دیموکراسی ناگات.

کەم نین ئەو تاوانانەی کە بە نێوی کۆمەڵکوژی لە دنیای پڕ کێشەی ئێمەدا بەدرێژایی مێژوو جێی باس وسەرنجن و لەم نێوەدا، کورد، نۆبێلی ستەملێکراوی بەر کەوتووە و دەکرێ بۆ هەڵسانگاندنێک ئاماژە بە چەند جەنایەتی گەورەی مێژوو بکرێت.

١- ڕووداوی «هۆلۆکاست»ی جوولەکەکان لە لایەن هیتلێرەوە دوای شەڕی هەوەڵی گێتی.

٢- پاکتاوی ڕەگەزیی بۆسنیاییەکان لە یۆگوسلاڤیای پێشوو بە دەست ژێنەڕاڵی جەنایەتکار « ڕاتکۆ میلادیچ» Ratko Milladich دوای ڕووخانی ١٩٩٠ی سۆڤییەت، بە چەند پارچەی سەربەخۆ.

٣- کۆمەڵکوژکردنی هەرمەنەکان بەدەستی عوسمانییەکانی فاشیست لە سەرەتای ١٩١٥ بەدواوە.

٤- ڕەچەڵەکی دزراو. دانیشتووانی خۆماڵی ئوستراڵیا لە کۆنترین دانیشتووانی سەر عەرز یان « ئابۆریجیناڵ ». جیاکردنەوەی. منداڵەکانیان لە دایک و بابەکانیان.

٥- پاکتاوی ڕەگەزی سوورپێستەکانی ئەمریکا دوای ١٤٩٢ و هاتنی ئەورووپاییەکان، لە ئەمریکای باشوور بە دەست؛ « فرانسیسکۆ بیزارۆ».

٦- پاکتاوی ڕەگەزی پیگمێکان. لەشەڕەکانی نێوخۆیی پیگمێکان لە بەسەرهاتی بزوتنەوەی ئازادی کۆنگۆکان، خەڵکیان وەک ئاژەڵ ڕاو دەکرد و دەیانخواردن.

٧- لە بەینچوونی ئێرلەندییەکان. بە کوژرانی یەک میلیۆن کەس و ئاوارەبوونی میلیۆنێکی دی.

٨- کۆمەڵکوژییەکەی ڕواندا. [ڕۆئاندا] کوشتاری تووتسییەکان بە دەست هووتووییەکان، کە سەدان هەزار کەس بە « شیر و قەمە» قەڵت و بڕ کران (لە دوای دەیەی ٩٠ ی زایینی).

٩- ڕەگەزکوژی « مۆریۆرییەکان». شەرخوازی مائووری خەڵکی نیوزلەند کە کاریان خواردنی « مۆریۆرییەکان» بوو، لە ئاکامدا هەموویان لە بەین بردن و ساڵی ١٩٣٥ز ئاخرین کەسی بە ڕەگەز خوێن پاکژی ئەم بەرەیە مرد و بەرەیان بە یەکجاری لە سەر عەرز تەواو بوو.

١٠- شاڵاوی دژە مرۆیی ئەنفال کە « عەلی حەسەن ئەلمەجید» کوڕە مامی سەددام حوسێن، عۆدەدار و فەرماندەی هێزی چەکداری عێراق، بۆ ئەو کردەوە، جەنایەتکارانەیە هەڵبژێردرابوو. هەروەها کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە باشووری کوردستان لە لایان هێزەکانی عێراق لە ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ١٩٨٨ زایینی دا، کە لە چەند چرکە سات و کاتژمێردا، ٥٠٠٠ کەس کوژران و هەزاران بریندار و بە هەزاران ئاوارە و تەراوی لێ کەوتەوە.

١١- قەڵاچۆی خەڵکی سابلاغ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە شەڕی یەکەمی گێتی، کە لە ماوەی ٣ ڕۆژدا، ٧٦٧٠ کەس بە تفەنگ و شەمشێری ڕووسەکان کوژران و بە سەدان بریندار لێ کەوتەوە و بەشێکی دیکە لە سەرجەم حەشیمەتی ١٢٠٠٠ کەسی گوند و شار مەهاباد بە دیل گیران و ڕووسەکان بەشێک لە ژنە کوردەکانیان لە بازاڕی شاری تەورێز فرۆشت و بەشێکی دیکە لە ژن و منداڵەکانی کوردیان لە گەڵ خۆ بە دیل بردن. (بەفرانباری ١٩١٦ زایینی)

١٢- سەربڕین و قەڵاچۆ و ڕفاندنی بە کۆمەڵی هەزاران کوردی ئێزدی لە شەنگال و کۆبانی بە دەست هێزەکانی دەروون تاریکی داعش و پاشماوەی حیزبی بەعسی ڕژێمی دارماوی سەددام بە نێوی دەوڵەتی بێ بنەمای ئیسلامیی عێراق و شام بە پێی دەستووری ئەربابە خوێنخۆرەکانیانەوە.

هەڵبەت بە ڕاپەڕینی شاری ڕانییەی کوردستانی عێراق لە ٥ی مارسی ١٩٩١ی، وەک هەوڵ شار، سۆسیالیستی بەرەو پلۆرالیزمێکی دیموکراتیک، تۆڵەی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و ئیعدام و کیمیابارانی بە کۆمەڵ و وێرانکرانی نیشتمان و تاڵان و بڕۆ و ڕاگوێزانی خەڵکی خۆیان لە دوژمنانی کورد کردەوە و سەددام و دارودەستەکەی بە دەست کورد گیران و پاشان بە پەتی سێدارە بە جەهەندەمیان ئەسپاردن.

گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال، چیای خۆڕاکری میللەتێکی نەحەساوەن و مەتەرێزی تۆڵە ئەستێنانی مێژوو.

ئەنفالکراوەکان، مامۆستایانی مەشقی خەبات و یاری و خۆڕاگرین لە سەر سەکۆی شانازی و قارەمانانی ڕێبازی دیموکراسین لە سوور دەشتی شەرەف و ڕێبازی گیانبازی.

ئەنفالکراوەکان، قارەمانانی خەڵاتی نۆبێلی ستەملێکراوی سەدەی بیستن.



ناسر عەلیار ـ بۆکان

# لە سەر خوانی بیرەوەرییەکانی
# مامۆستا ئیمامی

ملّا محمّد، روحانی میانسال و خوش‌سیمایی است از شهر بانه. مردی است متین، خوش‌گفتار و خوش‌رفتار، صدایی شنیدنی دارد و هر از گاهی با خواندن مثنوی به زبان کردی، اطرافیان را غرق در لذّت می‌کند.

درد زمانه، محمد علی عمویی ـ ص ۱۸۰

پتر لە ساڵێک بەسەر دوا کۆچەکەی کەسایەتی ناودیاری کورد مامۆستا «مەلا محەممەد ئیمامی»دا تێدەپەڕێت. مامۆستا ئیمامی، پاشەڕۆکی ئەو بەرەیە لە مامۆستایانی ئایینی بوو کە یادگاری دواهەمین پلەی شکۆی حوجرەکانی کوردەواری بوون کە لە سەد و پەنجا ساڵێک لەمەوبەرەوە بە دوای ڕێفۆرم و ئیسلاحاتی زەوی و زار لە دەیەی چلی هەتاوی بەرەبەرە بەرەو لاوازی و نزمیی هاتبوون و شەستەکانی زایینی ئاخرین هەناسەکانیان دەکێشا و بە دوای شۆڕشی ئێران لە شەستەکانی هەتاوی بەولاوە ئاخرین نەفەسەکانیشیان لێ چندرا.

مامۆستای هەڵکەوتە و گەلپەروەر مەلا محەممەد ئیمامی، ڕۆژی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی(سێپتەمبەری ٢٠١٩) لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا کە ساغ و سەلیم بوو و هێشتا هەر جێگەی بەهرەمەندی بوو، چووەوە بەر قاپیی ڕەحمەتی یەزدانی مەزن. بە شوێن ئەودا، لەو ڕیزە و لەو ئاستەدا هەتا ئێستا مەلا جەلال شافیعی لە سەقز، مەلا قادر بەیزاوی لە ورمێ و مەلا حەیدەر موستەفەوی لە سنە بە کاروانی خامۆشان پەیوەست بوون. تاق‌ولۆق کەسانێک وەک مەلا سەدیق عەلایی لە سنە و مەلا قادر عەبباسی لە مەهاباد خوا دەوامی عومری داون، وەک یادگاری شکۆی حوجرە پڕ بەرەکەتەکانی کوردی ڕۆژهەڵات هێشتاش مایەی چاوڕوونی دڵسۆزانی ئەو گەلەن. دیارە مەلایانی گەورە و شوێندانەر هەر کام لە لایەکەوە سەرناس و هەڵکەوتە بوون.

١ـ ئی وا هەبووە لە لانی بیر و هزرەوە هەڵکشاو و داکشاو بووە.

٢ـ ئی وا هەبووە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی مۆری خۆی لە مێژوو داوە.

٣ـ ئی وا هەبووە ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند بووە.

٤ـ ئی وا هەبووە دەرس و وانەبێژی دوور و درێژی لە کارنامەدا هەبووە و مەلا و فەقێی زۆر خەملاندوون و عاملاندوون.

٥ـ ئی وا هەبووە لە خۆپارێزی و خواپەرستیدا گۆی لە مەیدان دەرکردووە.

سپاس بۆ خودا تا ئێستا هەمیشە تاق و تەرا لەو ئەستێرە گەشانە لە زێدی کوردان درەوشاونەتەوە. مامۆستا ئیمامی لە هەموو ئەو هەڵکەوتووییانەدا پشکی هەبوو. بە وتەی ئەوڕۆ ، مەلایەکی فرە ڕەهەند بوو. بە کورتی بە سەر لایەنەکانی بەرچاوی مامۆستادا تێدەپەڕین و دەیخەینە بەر ڕوانین و



تێڕامانی ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە تا بە چاوی کەم نەڕواننە بەرەی پێش خۆیان و ڕێگەی ئەوانیش بگرنە بەر و درێژەی پێ بدەن.

مامۆستا ئیمامی، بیرەوەری و ڕۆشنبیری و نەتەوەپەروەری، بارتەقای یەک هەبوو. ئەو سێ کوچکەیە زۆر کەسی دەکێشایە نێو جەغزی ڕەمزاوی کێشەری مامۆستا ئیمامی. بە بیرەوەرییەکانی هەمە چەشنە و هەمە ڕەنگی بە پیر و جەحێڵ و خوێندەوار و نەخوێندەوار، چێژی دەبەخشی و کۆڕ و مەجلیسی دەڕازاندەوە. بە سەر ئەوەشدا پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. شتی تازەی لە هەموو کەس وەردەگرت. لێکدانەوەی بەهێز بوو. دەمارگرژی تێدا نەبوو. ئاڵقەی مەجلیسی ئەو، سنووری مەلا و دیندارەکانیشی تێپەڕاندبوو و هەمە ڕەنگ بوو. مامۆستا ئیمامی بە درێژایی تەمەنی، کوردپەروەر و نەتەوەخواز بوو، بەڵام شۆڕشگێڕێکی توندوتیژ و سیاسییەکی قەڵس و تووڕە نەبوو، ئەمما هەستت بە بێ‌مەیلی ئەو بە حوکوومەت و حاکمەکان دەکرد. کەوشەنی لەگەڵ کەوشەنی چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگە وەک ئاغاوەتی گەورە و سەرمایەدارەکانی شار و مەلایانی کاربەدەست و کاربەدەستانی دەوڵەت، جیاواز بووە. بەڵام بە نەرمی و حەلیمی خۆی لەگەڵ هەموو کەس دەحاواوە. ئەو

زیندانی سیاسی زەمانی شا بوو. هەستی دوورەپەرێزی لە حوکوومەتی تێدا گیرسابوو. لە قووڵایی زەینیدا هەستێکی گوماناویش سەبارەت بە حوکوومەتەکان جێگیر ببوو. خۆ دیارە مامۆستا ئیمامی وەک مەلایەک هەموو خزمەتەکانی مەلایەتی وەک پێشنوێژی و دەرسوێژی و دابورەسمی مەلایەتی بە چاکی بەڕێوە دەبرد.

لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی مەلایەتی کەمتەرخەمی نەدەکرد، هەڵبەت لە چینی مەلایانی چاکەخواز و هاسانگیر دەهاتە ئەژمار. ساڵانێکی زۆر لە سەقز لە مزگەوتەکەی خۆی، مزگەوتی «بەردبڕان»، دەرسی فەقێی دەگوتەوە. فتوای شەرعی دەدا و لە کتێبە شەرعییە تەقلیدییەکان شارەزا بوو، جارجاریش بەدەر لە چوارچێوەی دیاریکراوی ئەوان بڕیاری دەدا. لە بیروباوەڕی ئیسلامی نوێ بەتایبەت ئەوانەی کاک ئەحمەد موفتیزادە هێنا بووینە گۆڕێ، ئاگادار بوو. جارجار بۆ خۆشی ڕەچاوی دەکرد و بە خەڵکیشی ڕادەگەیاند. مامۆستا ئیمامی ساڵەکانی مەلایەتی لە سەقز بە بێ خەڵات و بەرات خزمەتی کرد. هەتا ٨٥ ساڵی هەر هاتوچۆی مزگەوتی کرد. تا دوا دەمی ژین، ڕۆژووی گرت و تا دوا ساڵەکانی تەمەنی نوێژی بەپێوە دەکرد. نەتەوەخوازی و هونەرمەندی و گەلپەروەرییەکەی بە باشی لەگەڵ بیر و فکری ئیسلامی پێکەوە لکاندبوو.

مامۆستا بە چەند هونەری دیش ئاراستە بوو، شاعیری، نووسەری، وەرگێڕان، دەنگخۆشی و قسەخۆشی سەرباشقەی هەڵکەوتەییەکانی دیکەی بوون. لەو ساڵانەی دوایی چەند کاری قورسی ئەدەبیشی کرد، وەک: وەرگێڕانی غەزەلەکانی مەحوی بە فارسی و وەرگێڕانی بڕێک غەزەلی حافز بە کوردی. بە خۆشییەوە مامۆستا ئیمامی بە پێچەوانەی زۆر لە مەلایانی هاوقەتاری، بیرەوەرییەکانی خۆی خستۆتە سەر کاغەز و هەرجارە لە دەفتەرێکدا بە کوردی و فارسی دیتراوەکان و بیستراوەکانی بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوە. نووسراوەکانی سەرجەم داوەتە دەستی دۆستێکی خۆی (کاک هیدایەت هیدایەتی) کە ئەو نووسراوە پەرژ و بڵاوانەی بۆ کۆ بکاتەوە؛ ئەوەی فارسییە بیکاتە کوردی و ئەوەی کوردییە، دیسانەوە بینووسێتەوە. هیدایەت ئەو کارەی کردبوو. لە پاشان مامۆستا ئیمامی، ئەمنیشی ڕاسپارد لەگەڵ هیدایەت بە سەریدا بچمەوە. پاشان بۆ هەڵەچنی دامان بە کاک محەممەد مووسەویان، ئەویش کاری دیکەشی لەسەر کرد. بڕێک لە کارەکانی ئەومان پەسند کرد و بڕێکیشمان گۆڕی. ئەمجار بە تایپێکی تازەوە لەبەر دەستی مامۆستا ئیمامیمان دانا، ئەویش دێڕ بە دێڕ خوێندبوویەوە. چەند مانگێکی لە لا بوو، زۆریشی لێ زیاد کردبوو. ئەو کاتە ساڵی ئاخری ژیانی مامۆستا بوو. چەند پێشنیارێکمان پێ‌کرد، کە بڕێک شتی گرینگ هەیە مامۆستا ئەویش بنووسێتەوە. قەولی دا بەڵام مەرگی ناوادە و کوتوپڕ گەییشتێ و مەجالی نەدا. چەندین جاریش بەینەنابەینێک یان ئێمە دەچووین بۆ سەقز یاخۆ مامۆستامان بانگێشت دەکرد بۆ بۆکان. قسەمان لەسەر کتێبەکە و لەسەر بڕێک زاراوەی نێو دەقی کتێبەکە و هەندێک ڕووداوی ناو کتێبەکە دەکرد. شتێک پێویستە خوێنەر و لێکۆڵەر و ڕەخنەگر بیزانێت ئەوەیە کە جاری ئاخر لە ماڵی کاک هیدایەت چاومان پێی کەوت، خۆی سەری قسەی دامەزراند، فەرمووی: لە بەشی ئاخری بیرەوەرییەکانمدا زۆرم باسی کاک ئەحمەد کردووە، دەترسم بە کتێبەکەم بڵێن «ئەحمەدنامە»، ئەو چەند بەشەی ئاخری دەخەینە بەرگی دووهەمی کتێبەکە. کاک هیدایەتیش گوتی، حاجی مامۆستا تۆ بیرەوەرییەکانت لەوەتا هاتوویە سەقز زۆر کەمە. منیش عەرزم کرد حاجی مامۆستا تۆ قامک بۆکێشراوی، هەندێک بیرەوەری هەیە پێویستە بیاننووسی. گوتم لە مەڕ بانگێشت بۆ دادگای هەمەدان و ئاکامەکانی. فەرمووی جا خۆ ئەوە هاسانە. هەرسێکمان بە قسە ڕێککەوتین کە ئەو بیرەوەرییانە بەرگی دووهەمیشی هەبێ. حاجی مامۆستاش کە نزیکانی دەیانزانی ئێستا هەر گل و گوێزی ئەوەی تێدا مابوو شت بنووسێ و بیرەوەرییەکانی بێنێتەوە بەر زەین و بیاننووسێتەوە، ئەو هومێدەمان تێدا پەیدا بوو. بەداخەوە پاش دوو هەفتەیەک بە دوای ئەو دیدارەدا حاجی مامۆستا لە ناکاو کۆچی دوایی کرد، هەرچەند تەمەنی زۆر بوو بەڵام داخێکی قورسی لەسەر دڵی هۆگرانی دانا. قسە و باسی بانە و دۆڵی میرەدێ و گەورکایەتی و موکریان لە ناو بیرەوەرییەکانیدا بۆ هەمیشە چۆڕاوی داهات. ئێمە مابووینەوە ئەو بەشانەی ئاخری بیرەوەرییەکە، کە تێبینی گرینگیان تێدا بوو، بەڵام بەشی بەرگی دووهەمیشی نەدەکرد. لەوانە بوو تێدا بچێ؛ هەروەها لەوانە بوو گلەیی ئەوەشمان بێتە سەر بۆ ئەو باسانە کە زۆربەی لەسەر کاک ئەحمەدن، قرت کراوە و خۆمان دەزانین دووبەرەکی مەکتەبی قورئانیش لەوانە بوو ئەو قسەلۆکانە زل بکاتەوە و کەسانێک بڵێن کتێبەکە ناتەواوە یان شێوێنزاوە و دەستی لێدراوە. کەوابوو خوێنەر ئەرخەیان بێ ئەو کتێبە هەر ئەو دەستنووسە تایپکراوانەی حاجی مامۆستایە کە لەبەر دەستی خۆی هاتووەتە دەرێ لەوانەشە تاقوتەرا بیرەوەری و قسە و باسی دیکە لە کاسێتدا هەبن کە لە دەستی خەڵکدا بڵاو بوونەتەوە. ئەگەر شتێکی وا هەبێ و عومریش باقی بێت، دەکرێ لە چاپی دووهەمدا شتیش لەو بیرەوەرییانە زیاد بکرێ. مادام بە دەنگ یان نووسراوی حاجی مامۆستا بن. خۆ دەزانین ئەگەر حاجی مامۆستا مابایە، ڕەنگبوو ئەو بیرەوەرییانە بە دووقات زیادی کردبایە، بەڵام چ بکەین هەر ئەوەندەیان لەبەر دەستدا بوون.

دوای کۆچەکەی حاجی مامۆستا بۆ ئەوەی پێشی قسە و قسەلۆک بگیرێ، لە پاییزی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە ماڵە چۆڵەکەی حاجی مامۆستای ڕەحمەتی، هەموو کوڕەکانی و هەندێکی تریش لە خزمەکانی کە لێزان و ئەهلی نەزەر بوون، دانیشتین و کاغەزی وەکیلایەتی درا بە کاک هیدایەت کە دووبارە بەسەر کتێبەکەدا بێنەوە، چەند نووسخەشمان دا بە چەند کەس ڕای لەسەر بدەن کە بەداخەوە هیچمان پێنەگەیی. ئەمجارە کاک عەبدولقادر خزریشمان ڕەگەڵ کەوت. بۆ ئاخرین جار کتێبەکە هەڵەچنی کرا و کاک هیدایەت بە پێی ئەو وەکالەت و پێ ئەسپێردراوەی لە دەستی دابوو، کتێبەکەی دا بە چاپ. بە خۆشییەوە کتێبەکە بە بێ کەم و زیاد لە ژێر چاوەدێری وەزارەتی ئیرشادیش هاتە دەرێ. ئەوەیە کە لە بەردەست دایە.

ئێستاش بەو هەموو ڕامان و خوردبوونەوەیە دیسان بەداخەوە چەند هەڵەیەکی تێدایە کە ڕەنگە لە پیتچنییەکەیدا تێکەوتبێت کە لە ئاخری ئەو وتارەدا دەیخەینە ڕوو.

هەڵمەتی پێشوازی لە بیرەوەرییەکان لە کوردستانی ئێران:

لە بەربەیانی ئاڵوگۆڕی ڕێژیم لە ئێران بەر لە چل ساڵ پێش، هەلێک ڕەخسا بۆ بڵاڤۆکەکان یەک بە دووی یەکدا کتێب برژێننە بازاڕەوە و زۆرێک لەو کتێبانە کە بیرەوەری پیاوانی گەورە بوون، زۆریان پێشوازی لێکرا تا ئەو رادەیە برێک لەو کتێبانە وا کەوتنە سەر زاران، باس و خواسیان بوو بە قسە و باسی کۆڕ و مەجلیسان.

یەکێک چێژی لێ وەردەگرتن، پێی هەڵدەگوتن، یەکێک ڕەخنەی لێدەگرتن، بێزاری خۆی دەردەبڕی و چەند دانەیەکیان نێو دێنم کە وەبەر چاوی من کەوتوون.

١. «خاترات»(بیرەوەرییەکان)ی دوکتۆر «ئاسۆ» بە فارسی: کە سەرگورشتەی مامۆستایەکی قوتابخانەیە لە مەهاباد کە بە هۆی سیاسییەوە ڕوو دەکاتە یەکێتی سۆڤییەت. دوای چەرمەسەرییەکی زۆر لەوێ دەبێتە دوکتۆر. دوای شۆڕشی ئێران هاتەوە مەهاباد ئەو بیرەوەرییە پانتاییەکی دوای ٢٠ی خەرمانانی هەتاوی (چلەکان) هەتا ساڵەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی (هەفتاکان) دەخۆ گرتووە.

٢. لە کوێوە بۆ کوێ: پێشەکی دیوانی «هێمن»ی شاعیرە کە هەندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو کەسایەتییەی لە خۆ گرتووە. لەبەر نووسینی کوردییەکی ڕەسەن، ئەو بیرەوەرییە لە نێو خوێندەوارانی کورددا بە نێوبانگە.

٣. خاترات (بیرەوەرییەکان)ی «ناهید» بە فارسی: سەربردەی عەبدوڵڵا خانی ناهیدە کە خانێکی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگییە. گەلێ خوێندەوار بووە. چەن کتێبی‌تریشی هەیە، پانتایی زەمەنی ئەو بیرەوەرییانە لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی تا ئاخری شەڕەکەی لە خۆ گرتووە.

٤. ئاوێنەشکاو: بیرەوەری «هێدی» شاعیرە کە کورتەکەی لە پێشدا کرابووە پێشەکی شیعرەکانی «کاروانی خەیاڵ». دواتر پەرەی پێدا کە ژینی ئەو کەسایەتییە لە منداڵییەوە بەر لە خەرمانانی ٢٠ی هەتاوی هەتا ساڵەکانی دوای دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە دووتوێی خۆیدا جێ کردۆتەوە. ئەو کەسایەتییە لە هەر دوو کوردستانەکەی ئێران و عێراق ژیاوە.

٥. چێشتی مجێور، بیرەوەرییەکانی قەببە و پڕ کارەساتی «هەژار»ی شاعیرە، ڕەنگە پڕ خوێنەرترین کتێبی کوردی ئێران بووبێت، لە سەردەمی منداڵییەوە هەتا دوا ساڵەکانی تەمەنی، واتە لە زەمانی ڕەزاشادا هەتا دەیەی ٦٠ی هەتاوی(هەشتاکان) بە وردی باسی لەسەر کراوە. ئەو بیرەوەرییەش کورتە مێژوویەکی هەر دوو کوردستانەکەی دەخۆی گرتووە.

٦. «خاطرات یک مترجم» بە فارسی، بیرەوەرییەکانی «محەممەد قازی»، وەرگێڕی بەناوبانگی کوردە کە زۆربەی تەمەنی لە تاران ژیاوە بەڵام چەند بیرەوەریی وردیشی لە منداڵی و مێرمنداڵی لەسەر کوردستان تێدایە.

٧. شەوێک و خەوێک، بیرەوەرییەکانی «نووری»ی شاعیرە، لە پێشەکی شیعرەکانی بە نێوی «لەسەر بستۆی ژیان» کە باس لە بیرەوەرییەکانی شاعیر لە بەینی ساڵەکانی بەر لە خەرمانانی ٢٠ی هەتاوی هەتا چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئێران دەکات.

٨. «خاطرات شیخ رئوف نقشبندی» بە فارسی، لە پێش ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی هەتا ساڵەکانی دەیەی چلی هەتاوی دەگرێتە خۆ. ئەو بیرەوەرییە، کورتکراوەی بیرەوەرییەکی دووور و درێژترە. شێخ ڕەئووف، کوڕە شێخ بووە بەڵام مالیک و دواتریش کارمەندی دەوڵەت بووە، سەردەمێکیش لە زەمانی ڕەزاشادا موفتی سەقز بووە. ئەو بیرەوەرییانە دوای شۆڕش لە دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «صلاح‌الدین ایوبی» لە چاپ درا.

٩. «وحشت سقز»، بیرەوەرییەکانی حاجی «تەیموورزادە»ی سەقزییە کە زەمانی قەدیم چاپ کرابوو. دواتر لە ساڵەکانی نزیک لە ئێمە، دیسان چاپ کراوەتەوە. ئەو بیرەوەرییەش وەک بیرەوەرییەکەی شێخ ڕەئووف لە دەورەی مەشرووتە ڕا هەتا ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دێنێتە بەر باس.

١٠. «از مهاباد تا بایکانور»، بیرەوەرییەکانی «ڕەحمان حەلەوی» کە بە زەحمەتی زۆر توانی بۆ خوێندن بچێتە یەکێتی سۆڤییەت. کارەساتەکانی دوای خەرمانانی ٢٠ی هەتاوی و تێکەڵیی لەگەڵ حیزبی توودە و چوونە سۆڤییەت و گەڕانەوە بۆ ئێرانی وەک بیرەوەرییەکی دووورودرێژ نووسیوەتەوە.

١١. «ڕۆژگاری ونبوو»: بیرەوەرییەکانی «ڕەحمان قازی»یە لە مەهاباد. ئەوە چەند بیرەوەرییە کە لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا نووسراوە. ژیانی خۆی لە منداڵییەوە هەتا ساڵەکانی سەختی دوای شۆڕش لە شاری مەهاباد تۆمار کردووە.

١٢. بیرەوەرییەکی کورتی شێخ «نافیع مەزهەر»ی سەقزی لە بنەماڵەی شێخەکانی کەسنەزان لە سەر دیوانی شیعرەکانی چاپکراوی ١٣٩٧ ی هەتاوی(٢٠١٨) لە دەزگەی چاپ و پەخشی خانی. ئەو کەسایەتییە لە ئێران و عێراق ژیاوە. لە پۆشەنی مەلایەتی هاتۆتە دەرێ. خوارزای شێخ ڕەئووف زیایی بووە، بە کارمەندی و مامۆستایی قوتابخانە ژیانی بردۆتە سەر. لە گۆڤارەکانی ئێران و عێراق شتی نووسیوە. ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی(١٩٩٨) لە شاری سەقز کۆچی دوایی کردووە. بیرەوەرییەکانی هەر دوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووری گرتۆتەوە و زۆر لە پیاوە گەورەکانی کوردی چاو پێ کەوتووە.

ئەوانەی لیستەم گرتن، ئەو بیرەوەرییانەن کە من پێم زانیون. زۆربەی زۆریان لە لایەن خوێنەرانی کوردەوە پێشوازی لێ کراوە، بەشێکی باش لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی وڵاتیان وەدەر خستووە.

بیرەوەریی مەلایانە لە کوردستانی ئێران:

دەزانین مەلایانی کورد، بە درێژایی مێژوو کانگای کولتوور و ڕۆشنبیری کورد بوون، بەڵام ئەوەی مێژووی ئەو تاقمە بێت، هیچ لە گۆڕێدا نییە. شتێکی سەرسووڕهێنەرە لەو هەمووە کەڵە زانایە، زۆر کەم بیرەوەری خۆیان نووسیوەتەوە؛ لەوانەشە هەندێک نووسراوە لەم بابەتەوە شرت و گوم بووبێت. لە نزیکەی چوارسەد ساڵێک لەمەوبەر، سەید «عەبدوسەمەد تووداری» کتێبی «نورالأنوار»ی لەمەڕ بەسەرهاتی هێندێک بنەماڵەی سەیدەکان، کە زاناشیان زۆر تێدا بووە، نووسیوە کە وەک ژێدەر و بونچاقی زانایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکی لێوەر دەگیرێت. هیچ نووسراوەیەکی تێر و تەسەل سەبارەت بە بنەماڵەی زانیارانی وەک: مەردۆخییەکان، بنەماڵەی مەلای یایی، بنەماڵەی مەلای بانی، بنەماڵەی پیرخدری بەتایبەت بنەماڵەی چۆڕپییەکان تا دەگاتە سەدەی پێشوو، بنەماڵەی قزلجی، بنەماڵەی مەلا سەلامی بانە، بنەماڵەی وەلزی، بنەماڵەی مەلا شەفیع عەمبار

و چەندین بنەماڵەی تر بۆ ئێمە بەجێ نەماوە. لە سەدەی پێشوو ڕەنگە سێ سەرچاوە بکرێ وەک لانیکەمێک لە هیچ چاکتر تا ڕادەیەکی نزم کەڵکیان لێ وەربگیرێ؛ لە ژێرەوە ناویان دێنین:

١. کتێبە مێژووییەکەی «آیت الله مردوخ کردستانی» (تاریخ کردستان) کە ژیانی کورتی برێک لە زانایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نووسیوە.

٢. «مشایخ قزل بلاخ» نووسینی شێخ محەممەد مەردۆخی قزل بڵاخی، برێک لە بەسەرهاتی زانایانی لای دیواندەرەی تێدایە.

٣. «مشاهیر اسلام»، نووسینی قازی خزری کە ژیاننامەی کورتی زۆرێک لە زانایانی کوردی ئێران بەتایبەت برێک لە زانایانی لاجان و موکریانی تێدا بە وردی باس کردووە.

ساڵەکانی دوای شۆڕش، بابا مەردۆخ ڕۆحانی، کتێبێکی پڕ بایەخ و تا ڕادەیەک تێر و تەسەلی بە ناوی «مەشاهیری کورد» لە سێ بەرگدا لە چاپ دا؛ کە دوو بەرگی شرۆڤەی ژیانی زانایان و شێخەکانی کوردە.

لە لای خوێنەرانی بەڕێز ڕوون بێت کە نووسینی بیرەوەری لە لایەن زانایانی بەر لە سەد ساڵ لەوە پێش باو نەبووە بەڵام وەک وتمان، ژیان و بەسەرهاتی مەلایانی کوردی ئێرانیش هەر کەمە کە لە عەرەبی بە کتێبی «مشاهیر» یان «طبقات العلما» یاخۆ «تذکرة العلما» نێودێرن.

جا ئێستا دێینە سەر بیرەوەرییەکان کە بە چەتوونی چەند مامۆستایەک دەدۆزینەوە کە بیرەوەرییان لە ژیان و بەسەرهات و دەرس و وانەوتنەوەی خۆیان و چۆنییەتی کۆمەڵگەکەیان نووسیبێتەوە. ئەمن تەنیا سێ بیرەوەری شک دەبەم.

یەکەم: بیرەوەرییەکانی «آیت الله مردوخ کردستانی» بە ناوی «اتوبیوگرافی مردوخ»، هەروەها بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە کتێبی تاریخەکەیدا نووسیوە کە سەرجەمی بیرەوەرییەکانی لە پەنجا لاپەڕە تێناپەڕن.

دووهەم:بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە کە ئەویش کورتە و لە پەنجا لاپەڕە تێناپەڕێت و هەر ئێستا ئامادە کراوە و قەرار وایە لە چاپ بدرێت.

سێهەم:بیرەوەرییەکانی مەلا قادر قادری، ئیمام جومعەی پاوە کە وتووێژی ئەوە لەگەڵ هەواڵنێرێکی دەنگ و ڕەنگی ئێران و پیادە کراوە و چاپ بووە. بەڵام چونکە تەمەنی مەلا قادر کەمە، زیاتر کەوتوتە سەردەمەکانی دوای شۆڕش کە لە بیری زۆر کەسدا ماوە.

هەر وەک لە بەشی پێشوودا باس کرا، بیرەوەرییەکانی شێخ ڕەئووف نەقشبەندیش دەچێتە ڕیزی بیرەوەریی مەلایان؛ هەرچەند شێخ ڕەئووف، ئاغا و کوڕە شێخ بووە دواتریش کارمەند بووە بەڵام زانای دینی بووە، شیعریشی گوتووە، کتێبی دینیشی نووسیوە و سەردەمێکیش موفتی سەقز بووە.

دەبینین بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیمامی لە هەموو ئەو بیرەوەرییانە زیاتر وشەی بیرەوەری بەسەردا دەبڕدرێت. لەبەر ئەوەی مامۆستا تەمەنێکی دوور و درێژی پڕ کارەساتی لە سێ دەورەی ڕەزاشا، محەممەڕەزاشا و دوای شۆڕش بردۆتە سەر و شتە بەبایەخەکانی لە بیرەوەرییەکانیدا دانەخستووە.

لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو بیرەوەرییانەی تر زۆریان خۆ پێوە ماندوو نەکراوە و سەرچڵ چەند بابەتێکی گرنگیان نووسیوە یان وەک مەلاقادر ڕەنگە دوورەپەرێزیی سیاسی لە لایەنێک و لایەنگریشی لە لایەنێکی دیکە تێدا بێت. کە وابێت بیرەوەریی مامۆستا ئیمامی لە ڕاستیدا پێشەنگی بیرەوەریی مەلایانەیە بەڵام مەلایەک کە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا تێکەڵیی بووە؛ مەلایەکی بەئەزموون و بیرمەند و قووڵ کە تەمەنێکی دوور و درێژی تێپەڕاندبوو.

مامۆستا ئیمامی، سنوور و کەوشەنی مەلایەتی تێپەڕاندبوو. مەلایانی کورد لە کوردستانی ئێران لەبەر ئەوەی لە زەمانی سەفەوییەکانەوە لە پەراوێز خراون، تێکەڵیی زۆریان لەگەڵ چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان نەبووە، ئاگاداری کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوون، نە تێکەڵیان لەگەڵ کاربەدەستانی عەجەم (غەیرە کورد) بووە، نە لەگەڵ ئاغاوەت تێکەڵییان بووە، نە لەگەڵ دەوڵەمەندانی شار. جا لەبەر ئەو هۆیانە، مەلای ئێمە زیاتر فەقیرۆکە و بێخەبەر لە کاروباری وڵات هەڵکەوتوون؛ تەنانەت مەلای زۆر عالمیش شوێندانەر لە ڕەوتی کۆمەڵگە نەبوون. لەو شوێنە کە بوون، لە شار یان دێ، لە چوارچێوەی حوجرەکەی خۆی بەدەر حیسابێکیان بۆ نەدەکرا. لە دوای هاتنە سەرکاری ڕەزاشا واتە سەد ساڵێک لەمەوبەر، لە وڵاتی کوردەواری ئەم چین و توێژانە هەبوون:

مەلا و فەقێ
وەرزێر و ڕەشایی لە دێهات
دووکانداری خەڵکی شار
کاربەدەستانی دەوڵەت
ئاغاوەت و مڵکدارەکان
شێخ و خانەقا و تەکیەدارەکان
حیزبە سیاسییە غەیرە دینییەکان
حیزبە سیاسییە دینییەکان

لە نێو ئەو چین و توێژانە تا ئەمڕۆ جێگە پەنجەی ئەمانە دیارە:

کاربەدەستانی دەوڵەت، ئاغاوەت، شێخەکان، حیزبە سیاسییەکان. ئەیامێک مەلای چاک بەوە دەزاندرا خەریکی فەقێ و وانەوتنەوەی خۆی بێت و لەگەڵ ئەو چینانەی سەرێ، تێک هەڵنەچێت. بەڵکە گوێڕایەڵیان بێ ئەگەر شەرعێکیشی بە دەستەوەیە، لە نێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بەڕێوەی بەرێ. سەرەڕای ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە کە بە گشتی شوێنیان بۆ مەلا دیاری کردووە و دار و لەلەیان بۆ داناوە. بەردەوام زۆر مەلای ڕێزپەڕ هەبوون کە ئەو سنوورە دەستکردانەی کۆمەڵگە و زلهێزەکانی ناو کۆمەڵگەیان بەزاندووە و لە نێو شانە چرکەی هێزە کاریگەرەکاندا جێگایان بۆ خۆیان دیاری کردووە و مۆری خۆیان لە مێژووی سەردەمی خۆیان نەخشاندووە جا ئەو مەلا ڕیزپەڕ و بە دەگمەنانە کە خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیان بوون، لە چەند ڕێگاوە هەوڵیان داوە:

یەکەم: خاوەن دەسەڵات و مڵکداربوون وەک حاجی بابەشێخ و مەلا خەلیل و مەردۆخ و شێخ محەممەد، کوڕی شێخی برهان.

دووهەم: بە وریایی و سازان لەگەڵ چینەکانی سەرووی کۆمەڵگە وەک مەلا حوسێن مەجدی و قازی خزری و مەلا عەبدولعەزیز موفتی و مەلا سەدیق موجتەهیدی.

سێهەم: بە گێڕانی دەوری ئۆپۆزسیۆن و ئاڤانگارد وەک: مەلا ئەحمەد فەوزی، مەلا هادی ئەفخەمزادە، مەلا شێخ عیزەددین حوسێنی و مەلا محەممەد مەفاخری، مەلا کەریم شاریکەندی، مەلا مەجید دەوڵەتاوا، مەلا محەممەد ڕەبیعی، مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان و چەند کەسایەتییەکی دیکە وەک لە سەرەتای ئەو باسەدا ئاماژەم پێکرد، لە نێو هەزاران مەلای خوێندەوار و دەرسوێژ و نێوبەدەرەوە کە زۆریش بەڕێز و پاک و خاوێن و خوێنشیرین بوون، زۆر کەم لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری شوێندانەر بوون بەڵام ئەو پۆلە مەلایە کە ڕیزپەڕ بوون، بەڕاستی شوێنی پەنجە و مۆریان لە مێژووی کوردەواریدا دیارە.

ئێستا کە دێینە سەر باسی مامۆستا ئیمامی، بە باوەڕی من وەک ئەو مەلایانە بووە کە چ لە باری سیاسی و چ لە باری نەریتی دینی بە ئۆپۆزسیۆن ئەژمارده کراون.

یەکەم: بە بۆنەی گەشت و گێڵی فەقێیانە لە سەردەمی کۆمار لە شاری مەهاباد و دەوروبەر چوونە نێو کۆمەڵەی ژێکاف. هەروەها لەبەر ئەوەی بنەماڵەیان مەنسووبی شێخانی نەهری بوون، هەم ئادابی تەریقەت، هەم کوردایەتییەکی چەسپاو لەو بنەماڵە شێخە کاریگەرییان لەسەر داناوە؛ وەک لەو بیرەوەرییانەوە دەردەکەوێت، مەلا خدری باوکی، ڕۆحێکی سۆفییانەی بێ دەغەڵە و خلتەی هەبووە. مامۆستا ئیمامی بە بنەماڵەیی نزیکییەکی خزمایەتی لەگەڵ بڕێک ئاغای گەورکی دۆڵی مێرەوێ هەبووە.

بە بۆنەی نزیکی لەگەڵ حاجی مامۆستای مەرخوز ، لەگەڵ ئاغاوەتی دێبوکری و مەلایانی ناوچەی موکریانیش ئاشنایی بۆ پەیدا ببوو. نزیکی حیزبی دێموکرات پاشان زیندانی سێ ساڵە، تەواو چاو و گوێی مامۆستای بەرەو عالەمی سیاسەت و چەپایەتی کردەوە، ئەزموونی زۆری لە هەموو بوارەکان کۆ کردەوە. ئاخرین ئەزموونی سیاسیی مامۆستا لە پێناوی ئیسلامگەرایی نزیکی لە مەکتەبی قورئان بوو، لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانی ، دیسان هەستی ئەدەبیی دەورانی لاویی تێدا ژیاوە، بەو بۆنەوە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ شیعرناسان و ئەدەبدۆستان وەدەست کەوت.

ئەو هەمووە قۆناغ تێپەڕاندنە، ئەو هەمووە نزیکایەتیی لەگەڵ چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، مامۆستای کردبوو بە گەنجینەیەکی بیری ورد و چێژی ساغ و دینداریيەکی سەردەمییانە. لەگەڵ هەموو کەسێکی بە بەهرە و ژیر سازان و گوزەرانی بۆ دەکرا و کەسانی دەوروبەریشی بەهرەیان لە لای ئەو وەر دەگرت.

بە کورتی مامۆستا هەر لە نێو عالەمی مەلایەتی قەتیس نەماوە، زۆری دنیا قوونەکەو کرد، لە زۆر وێستگە ڕاوەستا و تێپەڕی وەک دەورەی فەقێیەتی زۆری کوڵی ڕەنگین و بەپیت و بەرەکەت هەڵگرت و داینا و خوردی کردەوە و لەو بیرەوەرییانەیدا دەرخواردی ئێمەی دەدا.

خاڵە ناوازەکانی بیرەوەرییەکەی مامۆستا ئیمامی:

یەکەم: خاڵی زەق و بەرچاوی بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیمامی، باسی دوور و درێژ و تێر و تەسەل لەسەر فەقێیەتی و مەلایەتی و کەند و کۆسپ و دژوارییەکان و دەبێ و نابێ لە نێو ئەو چینە فکری و فەرهەنگییەیە. لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرەی ئێستا و داهاتوو لە ڕێگای ئەم بیرەوەرییانەوە تا ڕادەیەکی زۆر تێدەگات کە ڕەوتی فێرکاری و پەروەردە لە ساڵانێکی زوو، بەر لە ئێستا چۆن بووە.

وەکی وتمان، ئەم بیرەوەرییانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردی بڵاو بوونەوە ، هەر لەم بارودۆخ و ژینگەدا گیرساون کە پێی دەڵێن کوردستانی ڕۆژهەڵات یا کوردی ئێران، چونکە نووسەرەکانی لە نێو مەلا و فەقێدا نەژیاون، بەو ئاقارەدا هەر نەچوون. ئەمانەش کە مامۆستا بوون و مامۆستای بەرز بوون، وەک: مەردۆخ و ئەفخەمزادە ، زۆر کاتی خۆیان بۆ ژین و تاسە و هەست و خولیای دەورەی لاوییەتی خۆیان یان هاوەڵانیان تەرخان نەکردووە. یەکێکی وەک مامۆستا هەژاریش کە لە نێو فەقێدا ژیاوە، سەرپەڕ بە سەریدا ڕۆییشتووە بەڵام چەند شتێکی گرینگیشی باس کردووە وەک دەزانین زۆرتر لەسەر دیمەنە کۆمیکەکان کە بۆ پێکەنین دەبن، شین بۆتەوە.

دووهەم: خاڵی جیاوازی ئەو بیرەوەرییانە، ئەزموونی ڕاستەوخۆی حاجی مامۆستایە سەبارەت بە ژێکاف و کۆماری کوردستان. هەر لەو کاتەڕا کە لەگەڵ دوکتۆر شیرازی لە شاروێران ناسیاوی پەیدا دەکات تا لە ساڵی ٢٥ ی هەتاوی(١٩٦٤)، چەند جار بە فەقێیەتی دەچێتە مەهابادی ئازاد تا ئەو ئاکامە ناخۆشەی کە لە قەراغ شاری سەقز، یازدە دارەکەی شەهیدان بە چاوی خۆی دەبینێ، هەموو ئەوانە گێردراوەی ڕاستەوخۆن لە زمانی ئەو مامۆستا بە هەستە.

سێهەم: ڕووداوە جیهانییەکانی سەردەم کە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستادا ڕەنگی داوەتەوە، وەک بارودۆخی سەیری زەمانی ناسر و کارەساتی فەلەستین و کۆچی جوولەکەی نێو کوردستان بۆ فەلەستین کە فەقێ محەممەدی ئەو کات و مامۆستای دواتر، بە هەستی ئیسلامییانە لەگەڵی ڕووبەڕوو بۆتەوە. یان وەک کۆدەتای چاردەی تەممووزی عێراق و ڕووخانی سیستەمی پادشایی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و چارەنووسی کورد کاریگەری زۆری بووە.

چوارەم: زیندانیبوونی مامۆستا کە ئەوکات بە مەلا محەممەدی سورێن ناوبانگی بووە، هەر لە گرتنی تا چێشتنی ئەشکەنجە لە ئەشکەنجەگەی تەوریز و پاشان گوێزرانەوەی بۆ تاران و حوکم بەسەردابڕینی سێ ساڵ و ڕووداوە تاڵ و شیرینەکانی زیندان، ئەزموونی ژین لەگەڵ زیندانییانی سیاسیی نێوبەدەرەوە، کێشەی فیکری و سیاسی ناو زیندان بە گشتی دەورەیەکی پەروەردە و فێرکاری بووە بۆ کەسێکی وەک مامۆستا ئیمامی کە بەهرەیەکی بەهێزی بووە؛ زیندان بۆی بۆتە زانکۆی فێربوون.

پێنجەمین خاڵی ناوازە لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیمامیدا، شۆڕشی ئێران بە پێشەکییە مێژووییەکانی «مشروطه» و شەڕی جیهانیی دووهەم و دابەشکردنی نەوت و دابەشکردنی زەوی لە زەمانی دوکتۆر «مصدق» هەتا ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی(١٩٧٩) کە دەگاتە قڵپبوونەوەی ڕژێمی پێشوو کە مامۆستاش وەک زۆربەی سیاسییەکان پێی شاگەشکە دەبێت. بەڵام ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵەکانی دوایی، مامۆستاش وەک زۆربەی خەڵکی کورد ، واقی وڕ دەمێنێت و دەچێتەوە قاپێلکی خۆی و بەتایبەت گێڕانەوەیەکی ڕاست و بوێرانە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٥٨ ی هەتاوی(١٩٨٠) وەک هاتنی هەیئەتی باڵای

دەوڵەت و شۆرای ئینقلاب بۆ سنە.بەشداری لە کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات و چەند وردە ڕووداوی تر دەخاتە بەردەستی خوێنەر.

شەشەمین خاڵی ناوازەی ئەم بیرەوەرییانە، دیمەنێکی جیاوازە لە کاک ئەحمەد موفتیزادە بەتایبەت لەمەڕ هەڵسوکەوتەکانی لە ساڵی شۆڕش و ساڵەکانی دوای شۆڕش. پیاوە سیاسییەکانی کورد ئەوە دەزانن کە کاک ئەحمەد موفتیزادە لەوەتا پێی ناوەتە گۆڕەپانی سیاسەت و کوردایەتی، وەک کەسایەتییەکی موسوڵمانی نوێخواز لە لای زۆربەی چین و تاقمە سیاسییەکان بێجگە لە لایەنگرانی سیاسی و مەزهەبیی ڕژێمی پەهلەوی خۆشەویست بووە. بەڵام لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەم لاوە، ئاسایی یان نائاسایی ڕیزی لە ڕیزی سیاسییەکانی کورد جوێ بووەوە، خەندەکێک کەوتە بەینی ئەو و لایەنگرانی لەگەڵ گرووپە سیاسییەکانی کورد. مامۆستا ئیمامی هەوڵی ئەوەیە ئەو خەندەکە پڕ بکاتەوە.

مامۆستا ئیمامی و حیزبایەتی:

مامۆستا ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆریان لە کۆمەڵەی ژێکاف ڕا ئەزموونی حیزبایەتییان بووە، زۆریشیان زیندانی و ئەشکەنجەشیان لە پێناویدا کێشاوە. ئەوەش بڵێین حیزبایەتییەکەی بەر لە شۆڕشی ئێران ڕێک کوردایەتی بوو و بەس. لە سێ قۆناغ مامۆستایانی کوردی ئێرانی واتە ڕۆژهەڵات، چالاکی زۆریان نواندووە.

یەکەم:سەردەمی پێکهاتنی ژێکاف.

دووهەم: سەرهەڵدانەوەی کوردایەتی دوای چاردەی تەمووز و ڕووخانی پاشایەتی لە عێراق.

سێهەم:کاتی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول بە دەستی مەلا مستەفا بارزانی.

مامۆستا ئیمامی لە هەر سێک قۆناغدا بەشداریی بووە، بەتایبەت لە قۆناغی دووهەم کە زیندانیشی لەسەر کێشا. دەزانین کە حیزبایەتی لە نێو کوردانی ڕۆژهەڵات تەمەنێکی کورتی هەیە، بنەبانەکەی دەگاتە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژێکاف) تەمەنی چەند حیزبێکی کوردی لە نێو کوردانی باکوور و باشوور وەک «جمعیتی تعالی کورد» هەروەها «خۆیبوون» و «هیوا» زیاترە لە «ژێکاف».

بەڵام حیزبە ئیسلامییەکان لە نێو کورددا تەمەنیان کورتترە ئەوەی بتوانرێت ناوی حیزبی لێبندرێ، درێژەی چالاکییەکانی «ئیخوان»ە کە لە کوردستانی باشوور سەرەتای وەدەر کەوتووە، لە دەیەکانی ٥٠ی زایینی کەسانێک چوونە نێو ڕیزەکانی ئیخوانەوە بەڵام ئەو حیزبایەتییە لە کوردستانی ئێران هیچ شوێنەوارێکی نییە.

لە کوردستانی باکوور، بزووتنەوەیەکی گەورە بە بێ خەسڵەتی حیزبی بۆ بانگەشەی ئیسلامی لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم سەری هەڵداوە بە ناوی «مەدرەسەی نوور» کە بە دەستی زانایەکی کورد وەرێ کەوتووە (سەعید نوورسی). بەڵام بزووتنەوەیەکی گەورەی جیهانی بووە و تا ئێستاش بەردەوامە و چەند لقوپۆپی لێ بۆتەوە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات واتە کوردستانی ئێران، بزووتنەوەیەکی دیکەی ئیسلامی دیسان بە دەستی زانایەکی کورد لە دەیەی ٦٠ی زایینی سەری هەڵدا. کاک ئەحمەد موفتیزادە وەک مامۆستا ئیمامی و زۆر لە زانایانی کورد کوردایەتییەکی هاوسۆز لەگەڵ ئیسلامیان ڕەچاو کرد. دواتر ڕەوتی ئیسلامی گرتە بەر بە بێ ئەوەی هاوسۆزیی لەگەڵ دۆزی کورد وەلانێ. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئێران وێڕای دەستە و گرووپی تر، مەدرەسە قورئانییەکەی موفتیزادەش تەقییەوە. زەختی گرووپە چەپییەکان و حوکوومەتی تازە دامەزراوی ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵێک مەکتەبی قورئانیان خستە پەراوێزەوە و موفتیزادە بە دەستی حوکوومەت لە زیندان خرا. بەڵام سەرلەنوێ لە هەشتاکانی زایینی، مەکتەبی قورئان ژیاوە و ئێستاش لە چەند باڵدا هەر بەردەوامە.

مامۆستا ئیمامی لە ساڵەکانی سەرەتای خەباتی گەلانی ئێران لەگەڵ کاک ئەحمەد ناسیاویی پەیدا کرد و وردە وردە لەو برازاوەی موفتیزادە هەڵی ئایساندبوو، نزیک و نزیکتر بۆوە تا بە متمانەپێکراوی مەکتەبییەکان ناسرا و لە پۆل و کۆبوونەوەیان بەشداری دەکرد. بەڵام هەرگیز بەرەو توندڕۆیی و پەرگیری نەچوو؛ بەردەوام ئاواتەخوازی یەکگرتن و هاوکاری و یەکدی قەبووڵکردنی ڕچە و ڕێبازەکانی نێو کوردەواری بووە.

ئەزموونی نزیکی لە ئیسلامییەکان بۆ ماوەی نزیک بیست ساڵ، ٥٧ ـ ٧٥ی هەتاوی(١٩٩٨-١٩٧٨) هەر وەک ئەزموونی تێکەڵی لە نەتەوەییەکان بۆ پتر لە بیست ساڵ ٣٦ ـ ٥٧. ئەو دوو ئەزموونە بوو کە سینگفراوانییەکی زۆر و بە بنەمایانەی لە مامۆستای پایەبەرز سازاندبوو و هەموو وەک مامۆستا و باوکی مەعنەویی خۆیان سەیریان دەکرد.

نەوتراوەکانی بیرەوەرییەکانی مامۆستا ئیمامی:

لە ڕاستیدا ئەو بیرەوەرییانەی مامۆستا ئیمامی لە ئەوەڵ تا ئاخر، یەک بە دوای یەکدا نەنووسراوەتەوە. لە منداڵییەوە تا فەقێیەتی، ڕووداوەکان زنجیرەیی بە دوای یەکدا هاتوون. لە پاشان سەربردەی کۆمار و بەسەرهاتەکەی حەمەڕەشیدخان و مەلایەتی و زیندان و مەلایەتی دوای زیندان و ناسیاویی لەگەڵ کاک ئەحمەد موفتیزادە (باس لەسەر «مەشرووتە» و دەوڵەتی «مصدق») و ... . نێو بە نێو لە مەودای زەمەنی دوور لە یەک نووسراونەتەوە. زەحمەتی کاک هیدایەت و ڕێنوێنی حاجیمامۆستا ئەو ڕووداوانەی بەیەکەوە پەیوەست کردووە (ئەو شێوازەی ئێستای بە خۆیەوە گرتووە). حاجیمامۆستا عادەتی وا بوو لە نێو قساندا پرسیار دەهاتە گۆڕێ، باسێکی لەسەر دەکرد، هاومەجلیسەکانی جاری وا بووە ئەو باسەیان بە دڵ دەبوو، ڕووی دەمیان تێ دەکرد، ئەرێ حاجیمامۆستا بۆ ئەوە نانووسییەوە؟ جاری وا بوو دەیگوت: نووسیومەتەوە، جاری واش بوو دەیوت: دەینووسمەوە؛ ئی واش هەبوو زۆر موشتاق بوو دووربین و ئامێری تۆمارکردنی دەهێنا و برێک شتی لێ تۆمار دەکرد. چونکە ناسیاوان و هاومەجلیسەکانی حاجیمامۆستا زۆربەی هەرە زۆریان گەنج و نێوانساڵ بوون، ڕووداوەکانی دەورانی شۆڕشیان لەبیر بوو، بە هەڵە پێیان وابوو لەو ئاڵقە زەمانییەدا شتێک نییە لە بیریان نەبێ یاخۆ نەیزانن، لە بەر ئەوە لەو بابەتە کەمتر پرسیاریان لێ دەکرد. تا برێک مەسەلەی سەر بە هاتنی هەیئەتی تاڵەقانی و برێک شتی جێگای کێشە و دەمەقاڵەی سەر بە کاک ئەحمەد موفتیزادە هاتە گۆڕێ. ڕووداوەکان بە شێوێندراوی لەسەر کەناڵە سەتەلایتییەکان بڵاو بوونەوە. حاجی مامۆستاش دەگەڵ تەمەنی نزیک نەوەد ساڵی، ڕووداوەکانی بە باشی

ڕزگار خدر مستەفا - سلێمانی



# سلێمانیی جاران

## (شاری ئاشتی و پێکەوەژیان)

لە ٢٠١٩/١٠/٣١، ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ڕۆژی جیهانیی شارەکاندا، شاری سلێمانی، وەک شاری داهێنەری ئەدەب ناساند و پێشتریش ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەفەرمی بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناسێنرابوو. ساڵی ٢٠٢٠ سەرەڕای ئەوەی کە ساڵێکی سەخت و پڕکێشە بوو بەتایبەت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەڵام سلێمانی توانی تا ڕادەیەکی باش بەسەر ئەم پەتا کوشندەیەدا سەرکەوتوو بێت و یاساکانی خۆپارێزی بەشێوەیەکی باش پەیڕەوبکات. لەگەڵ سەختیی ڕۆژەکان، هەر لە ئەمساڵدا نازناوێکی تر لە لایەن ڕێکخراوی (تنسيقية التعايش السلمى) لەبەرۆکی شاری سلێمانی درا و نازناوی شاری (ئاشتی و پێکەوەژیان)ی پێدرا. ئەم پێکەوەژیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بنیاتنانی شار کە خەڵکانێک لە هەموو لایەکەوە بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لە جێگە و پێگەی جیاواز، ئایین و ئایینزای جیاواز، لە قەڵاچوالانەوە، لە هەڵەبجە و شارەزوور و دەربەندیخان و پشدەر و بتوێنەوە، لەهەمەدان و سنە و سابڵاخ و سەردەشتی دیوی ئێرانەوە، بە کولتوور و کار و پیشەی جیاوازەوە، لە وەستا و سنعەتکار و بازرگان و کاسبکار و خوێندەوار و شوان و جووتکارەوە، هاتن و لەم خاکەدا نیشتەنی بوون و وەک کەس و ناسیاوی یەکدی، هەموو پێکهاتەکان تەبا و هاوکاری یەکتر بوون و لە خۆشیی و ناخۆشیدا، لە جەژن و بۆنە ئایینییەکاندا بەشداری یەکتریان کردووە. خاوەن کار و پیشە هاوبەشەکان و گەڕەکەکان لە بەهاراندا پێکەوە گەشت و سەیرانیان ڕێک خستووە، گەشتیار و ڕۆژهەڵاتناسەکان کە سەردانی شارەکەیان کردووە، گەواهیدەری ئەم ڕاستییە بوون.

«مستەر هارت» (Hart)، لە کتێبەکەیدا یاداشتی کردووە کە ساڵی ١٨٢٠ز بە ٣٦ ساڵ دوای تەواوبوونی شاری سلێمانی، نفووسی دە هەزار کەس بووە کە لە ٢١٤٤ماڵدا، ١٣٠ی ماڵی جوولەکە، ٩ ماڵی کلدانی و ٥ ماڵی ئەرمەنی بووە. «کلۆدیۆس جیمس ڕیچ» لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی؛ لە سلێمانیدا دوو هەزار خانووی موسوڵمان و سەد و سی خانووی جوولەکە و نۆ خانووی کلدان و پێنج خانووی ئەرمەن هەبوون؛ هەرچەندە ئەم داتایانە فەرمی نەبوون، بەڵام سەرەتای پێکەوەژیان لەم شارەدا دەردەخەن، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی موسوڵمانن، ڕێژەیەکی زۆری مزگەوتی تێدا بنیات نراوە بەڵام کڵێسەی مەسیحی و کەنیشتەی جوولەکەشی تێدابووە. جوولەکەکان، گەڕەکێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە کە بە گەڕەکی جوولەکان ناسراوە و زیاتر خەریکی کاری پیشەگەری و بازرگانی بوون تا دامەزراندنی دەوڵەتی جوولە کە ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥٢ کۆچیان کردووە بۆ فەلەستین. هیچ کەس هەڕەشەی بەموسوڵمانبوونی لێ نەکراوە و بەشداری ڕووداو و چالاکییە سیاسییەکانی شاریان کردووە. یەکێک لە ئافرەتە ناودارەکانیان، دایکی جەمال (بەهیجەی کچی ئیبراهیم یەعقووب)ە، کە خزمەتێکی زۆری هونەری گۆرانی کوردی کردووە و ساڵی ١٩٢٦ ژمارەیەک بەستە و گۆرانی لەسەر قەوان تۆمارکردووە. لە کاتی کۆکردنەوەی پیتاک بۆ کڕینی چاپخانە، ئەوانیش بەشدارییان کردووە، تەنانەت لە کاتی هەرای ڕەشیدعالی گەیلانی کە جوولەکەکانی بەغدا کەوتنە بەر هەڕەشەی پەلاماردان و لە لایەن قەومییەکانەوە، زۆر ماڵە جوولەکە تاڵان کران، ئەو کات شێخ مەحموود لە بەغدا دەبێ و وەڵام دەنێرێ بۆ خزمان و خەڵکی شار کە ئاگاداری سەروماڵی جوولەکەکانی سلێمانی بن. مەسیحییەکانیش، گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە بە گەڕەکی گاوران ناسراوە. ساڵی ١٨٦٢ ی زایینی، یەکەم کەنیسەی (مریەمی عەزرا) لە سلێمانی دامەزراوە، گەلێک کەسایەتی دیار و بە خزمەت لە ناو دیانەکانی شاردا هەڵکەوتوون. لە هەمووان دیارتر، (عەبدولکەریم ئەلیاس پۆڵس ئیبراهیم)ە کە بە کەریمی عەلەکە ناسراوە کە ساڵی ١٨٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. کەریمی عەلەکە، گەورەبازەرگانێکی بەهەڵوێست و بەخشندە و خەمخۆری شاربووە کە لە گرانییە گەورەکەی شاردا زیاتر ناوبانگی بڵاو بووەتەوە. ئەم مرۆ دڵسۆزە، یارمەتییەکی زۆری هەژار و نەداری دانیشتووی شاری داوە و ڕۆژانە بە مەنجەڵی گەورە، نان و چێشت و شۆربا و خواردنی ئامادە کردووە کە بەسەر خەڵکیدا دابەش کراوە و ئاشەکەی کە بە (ئاشی گاوران) ناسرابوو، ڕۆژانە بەخۆڕایی لە خزمەتی هاووڵاتییاندابووە و دانەوێڵەی لێ کردووە و بەسەر هەژاراندا دابەشی کردووە. هەر لە کارێزەکەی خۆیەوە(کارێزی حاجی عەباس) ئاوی ڕاکێشاوە بۆ مزگەوتەکانی (حاجی شێخ ئەمین، تەکیە ڕووتە، هەمزئاغا، شێخ محەممەد بەرزنجی). لە کاتی بۆردمانکرانی سلێمانی لە لایەن فڕۆکەی ئینگلیزەوە کە زۆرینەی خەڵک شاریان چۆڵ کردبوو و موڵک و ماڵیان بەجێهێشتبوو، بەڵام کەریمی عەلەکە لە ماڵەکەی خۆی، خۆی و خێزانی ماڵیان چۆڵ نەکرد. کاتێک لەشکری ئینگلیز ڕووی کردە ماڵەکەی، سەری سووڕما لە خۆڕاگریی و پرسیاری لێ کرد، چۆن شاری چۆڵ نەکردووە؟ لە وەڵامدا وتی: من کوڕی ئەم شارەم، زۆر عەیبە لە خۆشیدا لە شار بمێنمەوە و لە ناخۆشیدا بەجێیبهێڵم. کاتێک لەشکری ئینگلیز کەوتنە تاڵانکردنی ماڵی شێخ مەحموود، کەریمی عەلەکە هەموو کەلوپەلەکانی بۆ دەکڕێتەوە و بە لای خۆیەوە دەیانپارێزێت و دواتریش دوای گەڕانەوەی شێخ و گەڕانەوەی ئارامی،

کەلوپەلەکان بێ بەرانبەر بۆ شێخ مەحموود دەگێڕێتەوە. لە سەردەمی حوکوومەتی کوردستان لە ١٩٢٢/١٠/١٠ کرا بە وەزیری دارایی؛ تەنانەت کە کرا بە وەزیری دارایی، ئامادە نەبوو هیچ مووچەیەک وەربگرێت. ئەمڕۆکە دوای تێپەڕینی دەیان ساڵ لە پاداشتی گەورەیی ئەو پیاوە، قوتابخانەیەک و شەقامێکی بە ناوەوە کراوە و گەورەترین دەزگای خێرخوازییش، لە ژێر ناوی ئەودا کەوتۆتە کاری خێرخوازی تاکوو یادی بۆ هەمیشە زیندوو بێت. مەسیحییەکان بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بوون و شەهیدیان داوە. دیارترینیان شەهید (شەوکەت عەزیز شینە) یە، (قەشە یووسف پەری)کە لە شەستەکاندا قەشەی کەنیسەی گاوران بوو، چەند جار لە سەر کوردایەتی گیراوە. لە نەوەدەکاندا، نوێنەری حوکوومەتی هەرێم لە ڤاتیکان بووە. لە ڕێگەی پەیوەندیی زۆر و گەرم و گوڕیەوە، خزمەتێکی زۆری بە کوردستان و مەسەلەی کوردی کردووە. ئێستا مەزاری لە کەنیسەی گاورانە و باخچەیەکی جوانیشی لە سەر ڕێگای ئەزمەڕ بە ناوەوە کراوە. مامۆستا فرەنسیس داوود لەگەڵ ڕەحمەتی ولیەم یۆحەننا، خزمەتێکی باشی موزیکی کوردییان کردووە و بە دەیان مامۆستا و پەروەردەکاری بەخزمەتیان تێدا هەڵکەوتووە. ئەم مرۆ خەمخۆرانە، هەمیشە لەم شارەدا نموونە و هەوێنی پێکەوەژیان بوون. ئەم شێوازی پێکەوەژیانە لەم شارەدا تاوەکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش بە هۆی قەدرزانی و میوانداری و زوو ئاشنابوون، باوەشی شار ئاوەڵایە و زۆرێک لەوانەی بە هەر هۆیەک بێت، ڕێیان کەوتبێتە ئەم شارە، بڕیاری مانەوەیان داوە و تێکەڵ بە خەڵکی ئەم شارە بوون، بەتایبەت لە خەڵکی ئاوارەی باشووری عێراق و برا ئێزدییەکان و ئاوارەی سووریایی، خەڵکانێک کە گرانی و سەختیی ژیان، ئاوارەی ئەم شارەی کردوون، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە ژیان دەگوزەرێنن.

سەرچاوەکان؛

١-شاری سلێمانی / ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە – بەرگی یەکەم – چاپی دووەم

٢-چیم دی، ئەحمەد خواجە / ئامادەکردنی سدیق ساڵح – چاپی سێیەم – ساڵی ٢٠١٦

٣-شاری سلێمانی، مامۆستا جەعفەر ١٨٢٠-١٩٢٠ بنکەی ژین ٢٠٠٦

٤-جوولەکەکانی شاری سلێمانی، لێکۆڵینەوەی ڕێبوار حەمە تۆفیق، چاپی یەکەم ٢٠١٥چاپخانەی پەنجەرە-تاران

# بۆ هەوەتوو

جەمیل کەرەم وەیسی (دە روون) ـ دیواندەرە



بۆ هەوەتوو
جەمیل کەرەم وەیسی (دە روون)
مەڵبەندی جوانم، دەشتی هەوەتوو
داخی گرانم، بۆ بەفرەکەی زوو
مەڵبەندی جوانم، دەشتی هەوەتوو
بۆ کرێوە و بەفر، بە ناوبانگی توو
ڕچەشکێنی بۆ هاتنی زستان
ڕێگە ون دەکەی تۆ لە ڕێبواران
ڕێبەندان دەکەی لە ڕێبەندانا
نگین بەفریت، تۆ لە ئێرانا
لە بەهاریشدا خۆت ئەخەملێنی
ئێژی بەهەشتی سەررووی زەمینی
گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، دەشتان دەپۆشی
خە م ڕادەماڵی، شادی دەفرۆشی
سەوزیت نیشانەی سرووشتی جوانە
زەویت بە پیتە و پڕ دەدخەڵ و دانە
وڵات مەست دە کەی لە بۆنی گوڵان
سونبولی جوانیت، تۆ لە کوردستان
لە هاوینیشدا هەر کرێوە دەکەی
ئێژی دواکەوتووی چلە بیچکۆلەی
ئاوە ساردەکەت، ئاوی حەیاتە
بە وێنەت نییە، لەم سهربیساتە
تیشکی هەتاوت، هەرە پیرۆزە
خەڵکی هەوەتوو، بە هەست و سۆزە
دەشتی هەوەتوو، ئەم باسکە و باسکە
جێگای بوونەوەر، مامز و ئاسکە
لە ڕەنگ زەردییەکەی وەرزی خەزانت
تەواوی دونیایش، دەبنە حەیرانت
گەلاڕێزانی ئەم دار و ئەو دار
ڕێبوارراکێشە لە هەموو دیار
جوانی تایبەتە، گشت وەرزەکانت
ڕۆژێک هەزارجار، دەبمە میوانت
هەزار وەک (دە روون) وەسفی تۆ ناکات
مەگەر مێژوو خۆی، باسی جوانیت کات





# جوامێر هەمەوەند

لوقمان نادرپوور- حەیدەر لوتفی نیا ـ سەقز



نەتەوەی کورد مێژوویەکی ئێجگار سەیر و پڕ لە کەند و کۆسپی هەیە. ئەگەر چاو لە ئاسەوارەکان بکەین و بە پێی بەڵگەی کۆنینەناسی چاوی لێ بکەین، زیاتر لە چەند هەزار ساڵ مێژوومان هەیە، تاڵ و شیرین تێکەڵاوە؛ بەڵام بەداخەوە بە بڕوای نووسەرانی ئەم وتارە، بەشی تاڵی مێژووی کورد زیاتر و زەقترە لە شیرینەکەی. یەکێک لە ناخۆشترین بەشەکانی مێژووی کورد، مێژووی براکوژییە. هەر لە ئەفسانەی «ئاژیدەهاک»ەوە کە بە دەستی یەکێک لە ئەفسەرانی خۆی خەیانەتی پێکرا، هەتا دەگاتە ئەم ڕۆژگارەی هاوچەرخی خۆمان. ئەبینین هەر کات کەسێک دەسەڵاتێکی هەبووە، بەداخەوە بە هۆی خەیانەتێک لە لایەن نزیکترین کەسانی خۆیەوە یان لە لایەن عەشیرەتێکی دیکەی کوردەوە لەناو چووە. هەمیشە کورد وەک داردەستێک بووە لە نێوان زلهێزانی ڕۆژگاری خۆی وەک سەفەوی و عوسمانی و قەجەر و پالەوی. کاتێکیش کاریان پێی نەماوە، زۆر بە ئاسانی وەلایان ناوە و قەلاچۆ و تاڵان و بڕیان کردووە...

ماوەیەک پێش لە دوو لە پیرەپیاوانی ناوچەی سەقز بەشێکی زۆر کورت و کەممان لە بەیتێک بە ناو «جوامێر هەمەوەند» تۆمار کرد. دیارە بەیتەکە زۆر بووە و بەداخەوە تەنها چەند دێڕێکیان لەبیر مابوو. باسی سەرۆکێکی کورد دەکات کە بە هۆی خەیانەتەوە دەکوژرێت، «جوامێر هەمەوەند».

بەو جۆرەی لە کتێب و وتارەکاندا هاتووە، «هەمەوەند»ەکان زۆر ئازا و بوێر بوون و لە دەورانی بابانەکاندا پاڵپشتی ئەوانیان کردووە دژ بە عوسمانی. لە شەڕ و ئەسپسواریدا چوست و چالاک بوونە و کەس شانی لە شانیان نەداوە. یەکێک لەو سەرۆک عەشیرانەی هەمەوەند، جوامێرئاغا بووە کە لە ناوچەی زەهاو بووە کە دواتر بە هۆی غەدری حاکمانی قەجەری دیل کراوە و کوشتویانە. قەڵای جوامێرئاغا لە قەسری شیرین ئێستایش ئاسەواری ماوە و بەناوبانگە.

لە کاناڵی تێلگرامی «کردستان نامە» و هەروەها «مخاطبین کشکول» وتارێک و چەند بەڵگەی مێژوویی لە مامۆستای پایەبەرز «ئیسماعیل شەمس»مان چاو پێ کەوت بە ناوی «اسنادی از جنگهای کردی - کردی در قرن نوزدهم». لەو وتارەدا مامۆستا شەمس باسی چەند نامە و بەڵگەنامەی دەورانی نەسرەدین شای قەجەر دەکات کە یەکێکیان پێوەندی بە یەک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد لە ناوچەی زەهاو و کرماشانەوە هەیە. بە پێی ئەو بەڵگانە وا دەردەکەوێت جوامێر(جوانمیر) وەک داردەستێک بووە و بە فەرمانی حاکمانی قەجەر هێرش دەکاتە سەر «فەقێ قادر هەمەوەند» و تاڵان و بڕیان دەکات و دەیانکوژێت. دوایەش خۆی بە دەستووری حاکم دەگیردرێت و لە بەندیخانە دەیکوژن. ئەگەر چاو لە مێژووی کورد بکەین، دەبینین ئەم بەسەرهاتە زۆر بۆمان ئاشنایە. «شەریف کاشانی» حاکمی ئەو کاتی کوردستانیش هەر ئەو بەڵای بە سەر قارەمانەکانی کورد هێناوە و هەر بە دەستی کوردەکان، خۆیانی سەرکوت کردووە.

ئەمە کورتەیەک لە بەسەرهاتی جوامێر بوو کە دواتر بە شێوەی بەیت لە ناو خەڵک هۆنراوەتەوە و ناوچە بە ناوچە و گوند بە گوند هاتووە هەتا گەییشتووە بە ناوچەی سەقز و ئێمە تەنها دوو ڕەوایەتی کورتمان لێ تۆمار کردووە و لەم وتارەدا پێشکەشی ئێوەی ئازیزی دەکەین. ئەوەی لە دەقی بەیتەکە بۆمان دەردەکەوێت بەم جۆرەیە کە جوامێر،

دەستدرێژی کردووەتە سەر کچی حاکمی ئەوکات. ئەوانیش بە تۆڵەی ئەوە، هێرش دەکەنە سەر جوامێر. هەرچەند جوامێر زۆر ئازا و بوێر بووە بەلام لە بەرانبەر سپای ئێجگار زۆری تورکان هیچی پێ ناکرێت و دەیکوژن و ماڵ و منداڵی بە یەخسیر دەبەن.

هیوادارین ئەگەر کەسانێک زانیاری زیاتریان لەو بەیتە هەیە، بە وتار بڵاوی بکەنەوە.

دەقی یەکەم:

(بێژەر: محەممەد شوهرەتی- ئاوایی حاجی مەمەدان - ۸۹ ساڵ)

جوامێر، یەک نەفەر بووە لە شا یاخی بووە. شای ئەو وەختەشە ئەمیری ناو بووە. ئەمیریان پێ وتیە. ئەو وەختە جوامێر لە شا یاخی بووە و ملی وە شا نەدایە. ئەو وەختە جا ئەو شا وتیەسی وەک دایک جوامێر، وتیەسی: تۆ ئەیەر جوامێر ساز کەیت و ئێمە بیگرین، من تۆ مارە ئەکەم. ئەو وەختە ئەویش[دایکی]: وتیەسی: باش؛ باشە وەڵڵا بۆتان ساز ئەکەم. وەلێ [دایکی] وتیە: ئاخر نەیکوژن. [ئەمیر] وتیە: نا، نایکوژین؛ هەر ئێمە دەسبگیری کەین، ئێتر تەواوە. [دایکی] وتیە: ڕۆڵە و دەغاڵەت بکە و ئەمانە، ئەم شا حەتمەن لێو خۆش ئەوێت و قەولی وەمن دایە لێو خۆش ئەوێ. ئێتر نایژێ قەولی پێدایم مارەم کا. ئەویش[جوامێر] ئێژێ: باشە دایە ئەیەر تۆ لێت مەعلوومە، ئەچم. ئەچێ بۆ دیوان ئەمیر. ئکە ئەچێ ئەو مەجلیسە پڕە لە خەڵک و دانیشتین خۆیان ئامادە کردە ئەو جوامێرە بێت و لێیەن بیکوژن. جا ئێژێ:

**لە ناو تورکەکان بوو بە هەمهەمە**
**جوامێر بە خنجێر، تورکان بە قەمە**
**گوللەی تەلێعە نەیدا ئامانی**
**سی نەفەری کوشت، لاڵ بوو زوانی**

(وە گوللەی تەلێعە کوشتیان. جا دوای ئەوە دایکی مارەیش ناکا. جا دایکی پیا هەڵئەچنێ)

ئێژێ:

لە خرەی چەکمە زەرد دەور قەلای میریم
وە دەور گیریایەی دەسی ئەمیریم
دایک وە قوروان باڵی دریژت
شۆڕی فەقیانەی سەر بەردەنوێژت
گیانم بە قوربان گیانێ شیرینت
فیدای هەیا و هووی مەیدانێ قینت
بە قوربانت بم نەونمامی تۆ
عەمرم نەمێنێ یاخوا لە دوای تۆ
دایک وە قوروان کوێتەی کاسە سم
کێ تاڵان بێرێ لە هەمزە قاسم؟
دایک وە قوروان بۆرەی کەیلانی
کێ تاڵان بێرێ لە تورکمانی؟
سی و دوو تۆپ ماوت، خاسەکی و گەز بەر
بریا وەباڵای نیزامان ئەفسەر
سی و دوو مەجوعەی تەواو نوقرەی رووت
هەر یەکێ خەڵات پادشایی کرد

دەقی دووهەم:

(بێژەر: حاجی ساڵە ڕەشیدپوور- ئاوایی مامەشا -۱۰۰ ساڵ)

ئائمە من سونحم لە شەش ساڵ و حەوت ساڵا بووە، باوکم ئەیگێڕاوۆ ئەیوت: یەک نەفەر بووە جوامێر.

وتی:

ڕۆژێ لە ڕۆژان بە عەزم شکار
چوومە سەعرا
ڕوانیمە لە دوور غەیمەیێ دیارە
پای نا بە توخس بچۆ بەرەوۆ
خورێ لە غولام غەیمە کەرەوۆ
غولام وەبێ ڕۆح ویسا وە پاوۆ
ئەمرا تیخورێ
بە چاری ناچار غەیمەی دالاوۆ

جوامێر وتی: ئەرێ هەی نەوجوان ئەڵڵاهو عالەم
پەنج و دوو ڕۆژێ تۆ های لە تاڵەم
پەنج و دوو ڕۆژێ مەیل بیە پێمان
ئەیەر خراو بووین حاشاکە لێمان

(ئەمە کچ بوو)

وتی: جوامێر بە خاتر قازی عەداڵەت
لە ماڵ باوکما مەمکە خەجاڵەت
ئەویش لە ئەسپ داوەزی لە زین بوو خاڵی
...... ...
شای بەچەی شێران
شکانی کلیل شازادەی ئێران

کچەکە ئەگەر ڕۆییشتۆ چووە لای باوکی و وتی:

بابۆ خەیاڵێ کردم چوومە کەلبەلا
ڕێگەی پێم گرتیە جوامێر لە زەها
کردمی بە قەرە پوولەکەی نارەوای شاران
کردمی بە تانەی کول هەرزەکاران

باوکیشی ئەمیە بیست پێ ناخۆش بوو. نۆکەرێکی بوو ناوی ئەمیر بوو؛ وتی ئەمیرم بۆ بانگ کەن زۆر بە تەویرە بزانم چۆن ئەم حەقە بسێنین. ئەوییش هات، وتی:

ئاغا، عالەم ئەزانێ جوامێر شێرە
تۆپ و تۆپخانە ئەونە بنێرە
هەتا ئەتوانی خەرج حەواڵە کە
تەواو هۆردوەکەی گ ئاوارەکە

جا هۆردووەکەی ڕۆیی ئاوارە بوو ئەمجار ڕۆییشتن بۆ سەر جوامێر. ڕۆییشتن و چووین بۆ سەر جوامێر و دەوریان دا و هۆردوو بە دەورێو نەماوە و کەسی نییە و بەحسی قسەیی بکا. بوو بە تەقە

ئەو ڕۆژە ڕۆژ خەتەر وو
کوڵە چوارشەممەی مانگ سەفەر وو
[لەناو تورکەکان بوو بە هەمهەمە
تورکان بە خنجێر، جوامێر بە قەمە
تورکان لەعین بوون نەیاندا ئامانی
لە بەین نیو سحاتا جوامێر لاڵ بوو زوانی

حەقیان سەند. ئەمجار جا چوار ژنیشی بوو، ژنەکانی بە ئەسیری بریان. دایکی وتی:

دایک بە قوربان هورتمان لای شانت
کێ بێ بە هامراز ناسکەی دەزورانت

چوار ژنیشی بووە و دەزوورانێکیش. جا ئەمجارەکە یەکە یەکە گشتی تەواوەکەی ئێتر هۆردوو هاتو و باقی وە سەلامەت



# دایک

**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**

**وەرگێڕان: کەریم ڕەحمانی - بانە**






پشکێنەر نامیلکەیەکی لەبەر چاوم ڕاگرت.
«تۆ ئەمەت تایپ کردووە؟»
پێداگرانە وتم: «نا، نەوەڵڵا. »
وێنەی کوڕێکی تازەلاوی نیشان دام و وتی: «دەیناسی؟»
نا، نایناسم.
وێنەی شوعاعی نیشان دام: «ئەوەت لە کوێ دیوە؟»
«لە هیچ کوێ، نایناسم».
وێنەگەلێکی دیکەشی نیشان دام و من هەر وتم نایانناسم.
بردیانمە دیوێکی دیکە کە کاشییەکانی سپی بوون. هەر ئەو پشکێنەرە ڕەشتاڵەیەی دوێشەوێ لە بان کورسییەکە دانیشتبوو. پەڵەپەڵەی خوێن بەسەر کاشییەکانەوە دەبینران. عەزۆدی هات و مەچەکی دەستی گرتم و بای دا. بە یەکێک لە ڕاسپێراوانی خۆیانی وت: «خێرا ئەو ئامێرە کارەباییانە بێنە».
گیرەئاسنینە کارەباییەکانیان لە لەشم دا. ژێر قوڕقوڕۆچکەم، نەرمایی گوێم، پێڵووی چاوم و گشت شوێنە هەستیارەکانی لەشمیان لە کارەبا دا. لە نەکاو تەکانم خوارد. تەواوی لەشم ئاوری گرت. دەتگوت لە نێو ئاگردام. وەکی کارەباگرتوو لەشم سووژنئاژن دەبوو. دەسووتایەوە. هەمیسان ڕاتڵەکانە کارەباییەکەیان لێ دامەوە. ئەشکەنجەدەران بە دەورمدا دەخولانەوە. قەمچییان هێنا. لە کاتێکدا لە کارەبایان دابووم، بە قەمچییان وەرگەڕانە سەرم. دوایە بە میلەی پەنجەرەکەوە هەڵیانواسیم. دەستیان بە میلەکانەوە شەتەک دابووم. تەزووی کارەبا بە لەشمدا هاتوچۆی دەکرد. بە توندی ڕادەچڵەکام. ئەوین بە منداڵەکانم و هاوڕێیان و بە وانەی کە پەڵەی خوێنیان پڕژابووە سەر کاشییەکان نەبووایە کەس نەیدەتوانی لەوان کات و ساتانەدا خۆ ڕابگرێت و قسە نەکات و نهێنییەکان خۆیا نەکات. ئەمن وەچنگ، دوژمن کەوتبووم. چکۆڵەترین وشە، دەیتوانی ئەوان بکێشێتە ئەم ئەشکەنجەگەیەوە.
«جیهانبەخش دەناسی؟». «نا».
پێمخۆش بوو لەوەی کە هێشتا جیهانبەخش زیندووە.
«شوعاع دەناسی؟» «نا».
بە دڵ کەیف ساز بووم لەوەی کە هێشتا شوعاعیش زیندووە.
پشکێنەر دەستەیەک کلیلی لەبەر چاوم ڕاگرت و وتی: «ئەم کلیلانە ئی کوێن؟»
ئەوەم دەزانی کە دوو شەو و ڕۆژ، بەسەر گیرانمدا تێپەڕیوە و هاوڕێیان دەبێ ماڵەکانیان چۆڵ کردبێت. کلیلەکان لەبەر چاوم دەلەرانەوە. من دەمژمێر دووی دوانیوەڕۆی دوو ڕۆژ پێش، بڕیار بوو لەگەڵ «کەبیر» یەکتر ببینین. کەبیریش کاژێر حەوتی هەمان ڕۆژ، بڕیار بوو لەگەڵ شوعاع کۆ ببنەوە. کەوابوو کەبیر، شوعاعی دیتوە و هەستیان بە مەترسی کردووە و ماڵەکەیان چۆڵ کردووە. ئەم ڕاسپێراوانە کلیلەکانیان لەو ماڵە وەدەست کەوتووە. نەڕاندم:
«جەللادەکان، کوڕەکەمتان کوشت. وەرن منیش بکوژن».
«پەلە مەکە تۆش دەکوژین. با زانیاریت لێ وەرگرین».

پرسی:
«خێراکە خانووی شوێنی کۆبوونەوەکانتان بێژە». «نایڵێم».
بە ڕاتڵەکانە کارەبایی و قەمچی وەرمگەڕانێ. لە میلەی پەنجێرەکەیان کردمەوە و هێنامیانە خوارێ. «نەخشەی ماڵەکە لەسەر ئەم کاغەزە وەکێشە».
لەوەی کە ماڵەکەیان چۆڵ کردووە، دڵنیا بووم. ناونیشانەکەم وێ دان. پشکێنەر خێرا بە تەلەفوون ناونیشانەکەی بە پیاوەکانی خۆیان ڕاگەیاند و وتی:
«بەو ناونیشانە بڕۆن و گشت کەلوپەلی ماڵەکە پەنجەمۆر کەن». پاشان هات و مستێکی کێشا بە سەرمدا و وتی:
«ئەتۆ گشت کارەکانت لێ تێک داین. هەموو جێیەکمان گەمارۆ دابوو. گەرەکمان بوو ئەوەی تۆی بۆ ئەو ماڵە بردبوو، قۆڵبەست کەین. لێ تۆ هەموو شتێکت تێک دا».
لەوەی کە کەبیر ڕزگاری ببوو، بە کەیف بووم. دیسان وێنەی کەبیریان هێنایەوە. وێنەی تازەی ئەو بوو. وتیان:
«ئەمە دەناسی؟» «بەڵێ، دەیناسم».
: «ئەرا پێشوو وتت نایناسم؟»
«ئاخر، ئەوەی پێشوو، وێنەی تافی لاویەتی بوو. نەمناسییەوە».
«دەی خاس! ئەم شوعاعە بالای چ قاسە؟»
«لەبیرم نییە».
«بەرگی چ ڕەنگی لەبەر دەکات؟»
«ڕەنگی کلی لەبەر دەکات». دەمزانی کە شوعاع، ئەو جلکە کلیانەی ساڵان لە بەری دەکردن، ئیتر ئێستێ لەبەریان ناکات. کۆن ببوون و تەقەڵەکانی دەرکەوتبوون.
«قژی درێژن یان کورت؟» وتم: « درێژ، لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگبێ ئێستا قژی کورت کردبێتەوە».
ڕاسپێراوەکان بە دەستی بەتاڵ، لەو ماڵەی ناونیشانەکەیم پێ دابوون، گەڕانەوە. زۆر توورە بوون. دیسان بۆ دیوی ئەشکەنجەیان بردمەوە. هەمیسان بە قەمچی و ڕاتڵەکانە کارەباییەکان وەرمگەڕانێ. دوای ئەشکەنجە بردیانمە دیوێکی تر. پیاوێک هاتە ژووری و دەستی بە قسان کرد:
«خانمەکە! من دەگەڵ ئەوانە جیاوازم. ئەوانە جەللادن. لەوانەیە هەر ئێستا بتکوژن. وەرە ڕێکوپێک قسەکانت بۆ من بێژە، بەشکم ڕزگارت بێ».
بزەیەکی گاڵتەجارانەم بۆ کرد و وتم:
«بەڵێ، بە ڕاست ئێوە لەوان جیان. بە قەلافەتترا دیارە».
منیان بردە هۆدەیەکی دیکە و چاوم لێ بوو کە سمایلیشیان هێنا. لە بان کورسی ئەشکەنجە، بەستبوویانەوە. منیان بردە کن ئەو و وتیان: «ئەوە دەناسی؟» وتم: «نا».
سمایلیان لە کورسییەکە کردەوە و بە ڕاکێشانەوە بردیان.
دوانیمەڕۆ، پشکێنەرێکی تر لەگەڵ عەزۆدی هاتن. ناهیدی بوو. ئەشکەنجەگەری بە نێوبانگ بوو. هاتە پێشێ و وتی:
«نێوی هاورێیانت بێژە».
نێوی چەند کەس لە هاورێیانم هێنا کە پێشتر گیرابوون. عەزۆدی زڵلەیەکی توندی لە بناگوێم سرەواند و گوراندی بە سەرمدا: « ئەم قەحبەیە نێوی ئەوانە دێنێ کە قۆڵبەست کراون. بیبەنە ئەشکەنجەگەوە».
منیان بردە سەرێ و ئەشکەنجە، دەستی پێ کردەوە. هێنامیانە خوارێ و چەند جاران پاتەیان کردەوە. هەوا و بان تاریکی کردبوو.
شەو، پیاوێک بە دەفرێکەوە کە فلچەیەکی تێدابوو، پەیدا بوو. دەفرەکە خوێئاوی تێدا بوو. کابرا فلچەکەی لە خوێئاوەکە هەڵدەکێشا و برینەکانی منی پێ دەهەنوو. لە تاو ئێش و ژان گلۆڵە دەبووم و وێک دەهاتمەوە. کابرا بە ئەسپایی وتی: «قسان بکە خانم، ئەگەر زار هەڵپچڕی و قسان بکەیت بەشەرەفم خێرا دەتنێرم بۆ نەخۆشخانە».
لە چاوە ڕیپۆقاوییەکانیم ڕوانی و هەروا کڕ و بێدەنگ مابووم. شەقەزللەیەکی لە ڕوومەتم سرەواند و وتی:
«ئەم بێ شەرەفە لە بیری منداڵەکانیدا نییە. منداڵەکانی ئەم عەمتەرە بێ ورەیە کەس نازانێت لە کوێن. دیارە تۆزێ غیرەتی تیا نەماوە.
پیاوێکی ڕەشتاڵە هاتە ژووری و وتی:
«پێمان بڵێ منداڵەکانت لە کوێن؟ بە خوداوەندی تاق و تەنیا بۆ باشترین فێرگەیان دەنێرم. ئەگەریش قسان نەکەی دیسانەکە دەتبەمەوە دیوی ئەشکەنجەی سەرێ».
ئەمە هەڕەشە بوو. دەمزانی. چونکی شوێنێ لە لەشم بە ساغی نەمابۆوە کە دیسانەکە ئەشکەنجەم دەنەوە. تاوێ لەوە پێش سیرۆمەکەیان لێ کردمەوە. ڕۆژی پێشووش لە ژێر سیرۆمەکەدا لە خۆ چوو بووم. بۆ ژووری تاکەکەسییەکەیان بردم. کورسییەکی ئاسنینی لێ بوو، بەوە بەستیانمەوە.
ئێشکچییەکان ڕۆییشتن. بە تەنێ مابوومەوە. لە میچی ژوورەکە ڕامابووم.
لە زیندەخەوندا بووم... . خەریک بووم لە چۆڵەوانییەکی کاکی بە کاکی هەڵدەهاتم کەلەبابێک لە بن هەنگڵم دابوو. کەلەبابێکی ڕەش بوو. بە ناوی سەرقەڵەمانە بۆ نووشتەنووسم دەبرد. نووشتەنووسەکە چەند فرسەخ لە گوندەکەی ئێمەوە دوور بوو. یازدە ساڵان بووم. برا بچووکەکەم نەخۆش کەوتبوو. نووشتەنووس وتبووی دەبێ نووشتەکە لە ئاو هەڵکێشی و ئاوەکەی پێ بدەی. کەلەبابەکەم لە دەستان بەربوو. زۆرم ڕاکرد بە دوایدا هەتا گرتمەوە. نووشتەنووس کەلەبابەکەی لێ وەرگرتم و کوتێ کاغەزی دا بە دەستمەوە هەتا لە ئاوی هەڵکێشم و ئاوەکەی بدەم بە براکەم. بە ئاژانێکی پیریان، بە مێرد، دام. ئارەقخۆر بوو. لە دەرکەوە دەهات، مەست بوو. دەکەوتە حەوزەکەوە. دەرم دەهێناوە و دەمبردە ژووری. جلەکانیم دەگۆڕی... تەڵاقم لێ وەرگرت. بە قسەی شووەکەم دەکرد. هەموو شەوێ لێی دەدام. دەستمی لە پشتەوەڕا دەبەست و دەیهەویست بە چەقۆ سەرم ببڕێ... ... . منداڵەکانم... ... . منداڵ خۆشەویستەکانم. مەزدەک، مانی و ئەسفەندیار. ئەلحان لە کوێن؟ چ دەکەن؟لە ماڵێ کۆبوونەوەکاندان؟... ... . ڕق و قین ئەوکی دەگوشیم. نەمهێشت فرمێسکەکانم دەرکەون، نەوەک ئەشکەنجەدەران ببینن. کاژێر دوازدەی

هەواڵنامەی کتێب

شەو بوو. کەسێکی چاویلکە لە چاو هاتە ژوورێ. لە ڕابردنی کات و سات ڕا دەمزانی دەشێ دوازدەی شەو بێ. کابرا چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودا بوو. دانیشت و پرسی:

« ئەتۆ ئەندامی کام تاقمیت؟»

بە خۆڕادیوییەوە وتم: «چریکی فیدایی خەلق».

چاویلکە لە چاو پرسی: «بیروڕای ئێوە چییە؟ مارکسیزم، لینینیزم؟ چ کارە بووی؟

«کابانی ماڵێ».

ئەوانەی دەیانناسی کێن؟

نێوی ئەو کەسانەی کە گیرابوون یان شەهیدکرابوون، پێم وت. پرسی:

«کاتێ کە گیرایت، کێت لەگەڵ بوو؟»

«کەسم لەگەڵ نەبوو. «نێوی کەبیرم نەهێنا.

پرسی: «کێ ئێوەی برد بۆ ئەو یانەی ڕێکخراوە؟»

«یەکێ لە هاوڕێیان کە هەتا ئەو دەم نەم دیبوو».

پرسی: «باڵای چ قاس بوو؟»

وتم: «مامناوەند بوو».

وتی: «هەتا ئێستا چ کتێبگەلێکت خوێندۆتەوە؟»

وتم: «دەرفەتی خوێندنەوەم نەبووە. زۆر کەم کتێبم خوێندۆتەوە».

پرسی: «یەکێ لەو کتێبانەی خوێندووتەوە، بیڵێ؟»

وتم: «دایک، دایکی ماکسیم گۆرگی». نەمدەزانی سووچی خوێندنەوەی دایکی ماکسیم گۆرگی، سێ ساڵانی بەند بۆ دەبڕێتەوە.

پرسی: «منداڵەکانت لە لای کێ بەجێ هێشتووە؟»

وتم: «ڕۆژێکی لە ماڵ چوونەدەرێ و ئیتر لێیان بێئاگام».

پرسی: «کێهە ماڵ؟» وتم: «ئەو ماڵەی کە لە تاران تێیدابووم».

پرسی: «منداڵەکانت لە تەک کێدا دۆستایەتیان هەیە؟»

ڕووم بەرەو دیوارەکە وەرگێڕا و بە ناڕەزایەتییەوە وتم: «کاکە ئیتر ماندوو بووم. خۆت دەزانی شوێنی ساغتان لە لەشمدا نەهێشتووە، ئیدی ناتوانم وەڵام دەمەوە».

لێپرسینەوە هەتا بەری بەیانی خایاند. چاوم هەڵنەدەهات. دەستی کردمەوە و ڕۆییشت. لە داڵانەکەدا، دەنگی زڕەی زنجیر دەهات. بەندییەک زنجیر لە پێ، لاقی بە عەرزدا ڕەکێش دەکرد. لە نێو ژوورێکەوە دەنگی زریکە و هاوار دەهات. «نێوی هاوڕێیانت بێژە... ... ژوانگەکەتان کوێ بوو؟... . » «نازانم... نازانم... بە هەڵە گرتوویانم... ... »

دەمزانی کە تاوێکی دیکە ئەشکەنجە و لێپرسینەوەم دەست پێ دەکاتەوە. هەستام و لەسەر کورسییەکە دانیشتم. لەچکەکەم لەسەر کردەوە و لە ملم هاڵاند. ئەم سەرەوسەری لەچکەکەم کێشا بەشکم خۆم بخنکێنم. بەڵام نەمتوانی یانی دەستەکانم ئەوەندە بە هێز نەبوون. ویستم هەستمە سەر پێ و لە کورسییەکە خۆم خەمە خوارێ بەڵام نەمتوانی هەستمە سەر پێ. ماوەیەک بێ حاڵ مام. سەرم کێشا بە دیوارەکەدا. بێ هۆ بوو. لەچکەکەم گلۆڵە کرد و خنیمە زارمەوە.

بێ هۆ بوو، نەمردم و زیندوو مام.

لە حەولی لە نێوبردنی خۆمدا بووم کە دەرکە کرایەوە و پێنج، شەش ساواکی هاتنە ژوورێ. بە زللە و شەپان هاتنە ویزەم. پیاوە ڕەش ئەسمەرەکە هات و ئەمنی لە ژێر پێلەقەی ئەوان دەرهێنا و وتی: «خانم، شوێنی منداڵەکانت بێژە؟ چوونە کوێ؟ بە خودا بۆ باشترین فێرگەیان دەنێرم. ئەمن بەزەییم پێیاندا دێتەوە..... »

وتم: «کاکە ئەگەر منداڵەکانم بۆ جێیەک چووبان دەبووایە خۆم بزانم. یان لەلای خۆم دەبوون. سەد جاری تریش دەیڵێمەوە نازانم بۆ کوێ چوون».

عەزۆدی هاتە ژوورێ و وەکوو جارەکانی تر شەقەزللەیەکی تێسرەواندم و پرسی:

«ئەو قوولکەی لە ژێرخانەکەدا لێتانداوە بۆ چی بوو؟»

بە سەیرمانەوە پرسیم: «کێهە چاڵ؟ئێمە لە ژێرخان چاڵمان نەبوو؟»

چەند زللەی تری پێگەیاندم و وتی: « بەڵێ چاڵ، خۆتی لێ گێژ مەکە، قەرەج».

بە قسەی عەزۆدی ئامێرە کارەباییەکانیان هێنا و هەر لەوێ لە ژوورەتاکەکەسییەکدا لە کارەبایان دام. ئەم ڕا گەنجێ ئەشکەنجەی دەدام. گیرە ئاسنینەکانی لە پێلووم دا. لەگەڵ چاوترووکاندا گیرەکان هەڵبەز دابەزیان دەکرد. بۆ ئەوەی گیرەکان بەر نەبنەوە، عەباکەیان دا بەسەرمدا. نیو کاژێر گیرەکانم پێوەبوو.

بەرزیان کردمەوە و بە میلەی پەنجێرەکەدا هەڵیانواسیم. بە قامچی لێیان دام. گیرەکانیشم پێوەبوو. ڕاتڵەکانە کارەباییەکانم پێوەبوو. بە خەرەزەنگیش لێیان دەدام. دەنگەدەنگێکی سەیر لە مێشکمەوە دەهات. شوعاع لە کوێیە؟. . ، نازانم. .

عەزۆدی بە تووڕەییەوە وتی: «ئەم شوعاعە لە پوویاش مەترسیدارترە. ماوەیەکە بە دوویەوەین. لە حەڤدە ساڵانەوە خەریکی چالاکییە. تەنانەت بۆ جارێکیش چییە قۆڵبەست نەکراوە.

وێنە و بەڵگە فەرتەنەییەکانیشمان وەدەست خستووە. مستەکۆڵەیەکی لە چەنەم دا.: «

قژی درێژن یان کورت؟»

وتم: «درێژ».

لە ڕۆژدا کەنگێ دەچێتە دەرێ؟

وتم: «بەیانی زوو».

چەند جاران ئەو پرسیارەیان کردن. باوەکوو بە چرە و گوڕە جنێویان پێ دەدام و لێیان دەدام، بەڵام ئاگام لە خۆم بوو. ڕێم لێ هەتلە دەکردن.

«شوێنی منداڵەکانت بێژە بەر لەوەی خۆمان بیانگرین و تیرەبارانیان کەین».

وتم: «من نازانم منداڵەکانم لە کوێن».

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «هاوارا بلووری»

عومەر محەممەدی ـ شنۆ



بەرایی:

نووسینی ڕۆمان بە ژانری مێژوویی، هەڵگری کۆمەڵێک مۆتیفی سەرەکیی و لاوەکییە، ئەو مۆتیفانە یارمەتی نووسەر دەدەن بۆ بەرەوپێشوەبردنی ڕیوایەت، بێچمگرتنی کەش و تیمی ڕۆمان. کەڵکوەرگرتن لەو مۆتیفانەیە کە ئەگەر بە شێوەیەکی ئەدەبیی داڕێژرێن، پێهکاتەی ڕۆمان باڵکێش دەکەن بە جۆرێ کە خوێنەر دەتوانێت چێژی لێ وەربگرێ. شرۆڤەکردنی ژیانی کەسایەتییەکان لە ناو ڕووداوەکانی مێژوویيدا تایبەتمەندی ژانری مێژوویی ڕۆمان یانی پەروەردەکردنی کەسایەتییەکان و دارشتنەوەی دووبارەی ئەو کەسایەتییانە لە کەشێکی ئەدەبیدا دەتوانێ ڕیوایەت کۆنکرێت و بەهێز بکات. ئەگەر ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە لە شیکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی مێژوویيدا، مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکان نەکات، ڕووداوە ڕاستییەکان و ژیاننامەی قارەمانەکان نەخوازراوانە خۆ دەکێشنە ناو ڕیوایەت. ئەگەر ڕۆماننووس بەوریایی ڕووداوە ڕاستییەکان لە حاڵەتی قاڵبکراو نەهێنێتە دەر، ڕیوایەت بە ئاقارێکی بیۆگرافیدا دەچێتە پێش و لەم ئالییەوە خەسارە دەبینێ و ئاستی ئەدەبییبوونی دادەبەزێ.

پێشینە:

لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «هاوارا بلووری»، نووسینی ئوسفی حەمید، چەند تشت هەنە لەو ڕۆمانەدا زەینی مرۆڤ بەخۆوە سەرقاڵ دەکەن. ئەویش ئەو مۆتیفانەن کە لە ڕۆمانا کوردی بە گشتی میناک و جێپێی خۆیان هەیە، محەممەد ئۆزۆن لە هەر دوو ڕۆمانی « سیبەری ئەڤین» و «چاڵی چارەنووس «مۆتیفکی هاوبەشی بەکار هێناوە ئەویش بیۆگرافی ئەو کەسانە کە لە ناو جڤاتی کوردیدا هەن، ئەویش قارەمانی بنەڕەتی» محەممەد سەلیم بەگ و جەلادەت بەدرخان»ن، ئەو دوو مۆتیفە بە شکلەکی نوێ لە ڕۆمانا هاوارا بلووریدا دیار دەکەوێ: یەکەم، زەمان لە هەر دوو ئالیدا زەمانی تێپەڕبوویە «ڕابردوو». دووهەم، لە هەر دوو شێوەدا، گێڕەوە بە ڕێژەویەکی زێدە خودی نووسەرە و لە ژیانی کەسایەتییەکاندا پێداچوون دەکا. سێهەم تشت کە کاروەدانی لە هاوارا بلووریدا هەیە، پشکی دەنگە، نووسەر یان گێڕەوە دەوری دەنگبێژ دەبینێ، بەلام تشتەک کە جیاواز دێتە بەرچاو لە دوو ڕۆمانێ محەممەد ئۆزۆن دا ڕووداو پاش مەرگی قارەمان دەست پێدەکات و نووسەر لە نۆی بەسەرهاتی پێش مردنی قارەمانەکەی ڕیوایەت دەکات. ئەو شکلە لە ڕیوایەتدا باش توانیوەیەتی کە ببێت بە ئوستوونەکی قایم بۆ پێهکاتەی ڕۆمانی کوردی بە تایبەت لە ڕۆمانی محەممەد ئۆزۆن دا.

ئامانجی شیکاری:

ڕوانین و خوێندنەوەی من لە سەر ڕۆمانی هاوارا بلووری زیاتر لێکدانەوەیەکی چەمکییە لە سەر چەند دیاردەیەک کە وەکوو مۆتیف باسیان لێوە دەکرێ. چەند نموونەیەکم لەو مۆتیفانە بە بەڵگەوە دەستنیشان کردووە و خوێندنەوەم بۆ کردوون. دووان لەو مۆتیفانە کە باسیان لێوە کراوە، مۆتیفی دەنگ و مۆتیفی ڕەنگە:

وشەسەرەکییەکان: مۆتیف، دەنگ و، ڕەنگ، ڕاگواستنی زەمانی، مێژوو

لەو وتارە دا ئەوەی زیاتر تیشکی شیکارییان دەخرێتە سەر، دوو مۆتیفی سەرەکین کە هەڵگری زۆرینەی دیاردەی چەمکین و باسیان لێوە دەکرێت. ئەو دوو مۆتیفە بریتین لە «دەنگ» و «ڕەنگ»لە هاوارا بلووری دا.

- مۆتیفی دەنگ

لە ڕۆمانی هاوارا بلووری دا راوی کەسێکە ڕیوایەتی چیرۆک بە یارمەتی وەسف و دیالۆگەکان ڕادەگوازێ، ڕەوتی ڕووداوەکان بە چاوەدێری ئەو و لە گۆشەنیگای سۆبژێکتیوڕا هزر و هەستی کەسایەتییەکان کە سەرەکیترینیان ئاپێ هلۆوە، ڕۆمان بە ئاقارگەلێکی ڕیالیستیدا دەباتە پێش: «ل سەر بەرەکی ڕەخ کانیا سپی ب گۆپالەکی لە ناڤ هەر دوو دەستان دە ڕوونشتبوو. گۆپال بووبوو ستوونا لاشێ وی ب زەوقەکا کوورمژوولی سەیرانا تەڤگەرا تەیرێ نارێ بوو کو ب نەقش، ئەسمانێ بەرین کربوو قادا جلیتان... . ل٩»نووسەر بەو جۆرە بە وەسف کردن، زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەو کەسایەتییانەی شوێندانەری ڕووداوەکانی مێژوویین و کارێزمای کۆمەڵگان وەک: (جەلادەت بەدرخان، عەبدوڕەزاق بەدرخان، ئیحسان نووری پاشا) بەگشتی ئەو کەسانەی لە شۆڕشی ئاگری داغ و کۆماری ئارارات دەوریان هەبووە، زۆربەیان لە ڕۆمانی هاوار بلووریدا دەوریان هەیە.

ناوەڕۆکی ڕۆمانی «هاوارا بلووری»، بلوور سیمبۆلا دەنگە کە هاوار و پەیامەک دەداتە خوێنەر: «... ئەزێ وەکە کوردەکێ بێناڤ و نیشان بزڤرم ل سەر پەیڤ و حەرفان بخەبتم تاکوو بنگەهەکێ ژ زمانێ گەلێ ڕازایی ڕا داینیم، ئەزێ ب دەنگێ بلوورەکێ ڤان ژخەوا دیرۆکی شیار بکم... ل ٢٠٦» ئەو دەنگە لە ناو کۆمەڵێک بەسەرهات و گێڕانەوەدا بزرە بەڵام بەردەوام لە ناو ڕیوایەتدا بە شکڵ و شێوەی جیاواز بوونی هەیە و وەکوو مۆتیفەک کار دەکاتە سەر چەمکی ڕۆمان. جاری وایە دەنگ دەکەوێتە سەر تێکستێکی ڕاپۆرت یان هەواڵ بۆ مەبەستی زیاتری شرۆڤەی ڕیوایەت لەسەر ڕووداو:... «دەنگەک لە قوتیا ڕەش هات بهیستن:بیریڤان

خەبەر ددە، گوهدارێن ئەزیز ببیزن خەبەردانا مەیا بەزمانێ کوردی ئەز زەینەبا ئیبۆ خەبەر و خەباتێن جەماەتا کوردا و دونیا و دونیالکێ ژوەڕا پێشکەش دکم. (ل١٤٢) مۆتیفی دەنگ وا هەیە لە زمانحاڵی دەنگبێژیکی غایبەوە زەین و بیرەوەری قارەمان بۆ ڕیوایەت دەوروورژێنێ:... دەمدەما ڕۆژقەلباندنێ بوو، دەنگێ کاووس ئاغا لە ڕادیۆێ بڵاڤ دبوو، ئاپێ هلۆ خەنێ بوویێ وی ڕادیودادانێ سەرچۆکێن خۆە و کاووس ئاغا دەلۆراند و وی ژی پێ ڕەب هۆلکرنا ڕۆندک لە گۆشەیین چاڤان دا پەنجەرەیەک ل دنیایا خەیال و بیرەوەریان ڤە دکر»(١٥٠) ئەو دەنگە وەک مۆتیفێک بە شێوەگەلێکی جیاواز لە دەنگی حەسەن تیلۆ و مامک و ئامێری مۆسیقاکەی ڕیوایەت دەکرێت یان باشتر بڵێین هەر جارەی مەیدان بۆ دروستکردنی ڕیوایەت ئامادە دەکات. هاوارا بلووری، گەلەک دەنگ و سترانی حەزین لە کارەساتی ناخۆشی لە خۆ گرتووە. کاتێ دەنگ لە شێوازێکی میلۆدرام باسی کارەسات دەکات، هەستێکی دڵتەزێن و نۆستالۆژیک لە ڕیوایەت دا دروست دەکا: «لاوکێ دەنگبێژ بالێ دکشینە سەر کارەساتێ گەلیێ زیلان. . وەکی هەر ڕۆژ نۆچەیەکە نوو گهیشتییە ژ هەر جهەکی قالا گەلیێ زیلانە دبێژن ئەسکەران ڕەحم ل ژنێن دووجان ژی نەکرنە. . کوشتی بێ هەژمارن... کۆمەڵکوژی و دەستدرێژیبویە ئەدەتەکە ڕۆژانە» (٢٣٩-٢٤٠) جاری وایە مۆتیفی دەنگ تێکەڵ بە دەنگ و ڕەنگەکان دەبێ، وێنەیەکی ڕۆمانتیکی دێنێتە ئارا: «... شەڤێن پاییزێ درێژن، چۆڵ و چیا ژ کۆچەران ڤک و ڤالا، بێدەنگیا خەمسار تەنێ ب هاوارا دەنگێ تەیرێن بەراتێ و بلووری ئاپێ هلۆ کو سەمفونیا برین و نالین و مرنێ بوو تێک شکاند، ڤێ کەش و هەوایێ دەرفەتەک دابوو هەر دوو بریندار ان تاکو کول و کەسەران ب هەڤ ڕە ب پار ڤە بکن... (٦٩) ئەو دەنگە کە لە گەرووی شمشاڵی قارەمان»عەبدولحەمید» دێتەدەر، ڕێگا بۆ حیکایەتێک خۆش دەکا کە قارەمانێکی واقیعی مێژوو پەلکێش بکات بۆ ناو ڕیوایەت ئەویش حیکایەتی عەبدوڕەزاق بەدرخانە. نووسەر بە کەڵکوەرگرتن لە دیاردەکانی وێنە و دەنگ دەست بە گێڕانەوەی ڕیوایەتێکی مێژوویی دەکات هەتا شرۆڤە و زانیارییەکانی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێ.

- مۆتیفی ڕەنگ

کەڵکوەرگرتن لە ڕەنگ لە ئەدەبی داستانیدا شێوازێکی جوانیناسانەیە کە ڕۆماننووس بە تێکەڵکردن و لێکدانەوەی دیاردەکانی سرووشت، تێمێکی جوانیناسانە و بەگراواندێکی بەچێژ بە ڕیوایەت دەدات. مۆتیفی ڕەنگ لەو تێم و بەگراواندەدا حاڵەتی سیمبۆلیک بە خۆیەوە دەگرێ کە جگە لە پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبیی، پەیامێکی خەیاڵی و ئوستوورەییش بە ڕیوایەت دەدات و ئامادەکاری پێک دێنێ بۆ کردەوەی کەسایەتییەکان کە لە ناو دڵی ڕاستیدا دەوریان هەیە. یەکێ لەو مۆتیفانە کە لە دەقەکانی ڕیوایەتی هاوارا بلووری دێتە بەر چاو، هەمان هێمای کۆلکەزێڕینە یان کەسکەسۆرە.

کەسکەسۆر:

کەسکەسۆر لە زاراوەی کورمانجیدا پتر لەسەر دوو ڕەنگ تۆخ بۆتەوە. «کەسک و سوور». با بزانین کەسکەسۆر بەگشتی لە ئەفسانەکانی ڕەشۆکیدا چییە و ڕەنگەکان هێمای چین؟

کەسکەسۆر، دیاردەیەکی جوان و دڵبزوێنە، کە لە سرووشتی هەوای دوای باران دروست دەبێ. لای ئۆل و کولتووری گەلان، لێکدانەوە و تەعبیری جیاوازی بۆ دەکرێ، لە باوەڕی گەلانی یۆنانیدا کەسکەسۆر شوێنێکە لە لایان پەیامهێنەرێکەوە لە نێوان عەرز و ئاسماندا چێ بووە. لە باوەڕی چینییەکاندا کەسکەسۆر قەڵشێکە لە ئاسماندا لە لایان خواژنی «نووا» بە پێنج بەردی ڕەنگکراو پڕ بۆتەوە. لە کولتووری ئێرانییەکاندا کۆلکەزێڕینە بە هۆی بەربەرەکانی دوو هێزی خێر و شەڕ پێک هاتووە کە هێزی خێر بە شێوەی کەمان بەسەر هێزی شەڕدا چەماوەتەوە: «ئەڤ کەمانە کە لە ئاسمانەوە دێتە بەرچاو، خەڵک پێی ئێژن «تەنوار»، کەمانێک کە ڕەنگەکانی زەرد، سەوز، سوور و ئاماڵسوور لە دڕۆشانەوەیەکی هێمنانەدا خۆی دەنوێنێ «دێوەکان» ڕەنگی زەرد و سوور لە بەرانبەر کەسک «ئورمەزد» دەبارێنێ و لەگەڵ هەورەکان لە بەربەرەکانیدان هەتا کەسکەسۆر دروست نەبێ. ئەوانە هەمان دێوەکانی بەدشوومن بەڵام ئەو بەشەیان کە نووری سپی تێدایە، پەیوەندییان بەخواکانەوە هەیە بۆ یارمەتیدان بە ئورمەزد بۆ شەڕ لەگەڵ دێوەکان. ئەمە باوەڕی ئەفسانەیی ئێرانییەکان بووە بەڵام لە کولتووری کورددا بە کەسکەسۆر ئێژن «تەونی عایشە و فاتیمە «کە باوەڕی دینیی و خەیاڵی ئایینی ئیسلامی پێوە دیارە، لەچەند ڕیوایەتێکی هاوارا بلووری دا کەسکەسۆر لە زەینی هۆشیار و هەستی خەیاڵی کەسایەتییەکاندا وەکوو کۆنە سەرچەشن بەشێوەی میراتێک گەییشتووە بە کۆمەڵگا. واتا هێندێک وێنەی سەرەتایی هەن کە لە ناو دۆخ و ڕەگەزەکاندا هاوبەشن. ئەو ئەزموونە دەروونیانە جارێکیتر و بە شێوەیەکی تر دووبارە دەبنەوە. ئەو وێنانە بەیارمەتی کێشی دەروون دەچنە دە قالبی هێماوە و هێز و وزەی دەروونی کە بە هۆی سەرلێشێواوییەکی مەزن بۆ مێشک دێتەئارا، ئازاد دەکرێت. کۆنە سەرچەشنەکان چ بە شێوەی تاکی و چ بە شێوەی جەماوەری، کردەوەی ئەرێنی و نەرێنی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر ناوەڕۆکی ئەرێنی کۆنە سەرچەشن نەتوانێ بە شێوەیەکی ناخوداگا سەرهەڵبدا و سەرکوت بکرێ، ئەو هێزە دەکشێتە پاڵ کردەوەی نەرێنی و پەرێشانی و ناجێگیری دەروونی لێ دەکەوێتەوە و کونترۆڵ ناکرێ. «یونگ»دەڵێ، هێما و مۆتیفەکانی کۆنە سەرچەشن، کاردانەوەیەکن لە پێهکاتەی سەرەتایی و بنەڕەتی دەروون و ئەزموونی بەردەوام و دووبارەکراوی مرۆن لە گەڵ بزوێنەکانی سرووشتی و کۆمەڵایەتیدان کە دەتوانن شوێنەوارێکی ئوستوورەیی لە دوای خۆیاندا بۆ دەروون جێبهێڵن.

کەسکەسۆر لە ڕۆمانی هاوارا بلووری دا پردێکی هەڵبەستراوە لە نێوان زەینی ڕابردوو و ئێستای قارەمانەکەیدا بۆ ڕاگواستنی چەمکی زەمان و بەرزنرخاندنی مەکان و لە هەمان حاڵدا کەسکەسۆر، بیانوویەکە بۆ ڕاڤەی خەون و خەیاڵی قارەمان، بزاوت و گۆڕانکاری زەمان و مەکان لە ناو خەون و خەیاڵدا بەهۆی دیمەنی کەسکەسۆر و ڕەنگەکانی خۆیا دەبێ:

«... کەسکەسۆرەکە ڕەنگ ب ڕەنگ مشتەنوور ڕووناهی کر ئەڤ کەسکەسۆرا بەرۆڤاژی هەرکەسکە سۆرەکە دن بوو سەریکی وی ل سەر مشتەنوورێ دەچیکیا بووسەری

دن هەتا بلندیا ئاسمانا دچوو تا کو دگهیشت ئاگریی... مە ل سەر چیایێ مشتەنووریێ ل قەسرا ئێلیزێ مێزەکر، کەچەکە رووسەت گورڤەر وەکە پلنگەکێ لە پیلەکانێن قەسرێ دەچوو ژۆر، سەرۆککۆمار و ئەرکانی دەولەتا فەرانسایێ ب رێزداریەکە تەمام ماقوول ماقوول ل بەر دەرێ قەسرێ راوەستابوون ل کەچەکا کۆبانێ پێشوازی دکرن... . ل ٢٠٧ – ٢٠٨»

رەنگ و سیمبوڵ بۆ لێکدانەوەی خەون و خەیاڵ لە ناو دڵی راستییەکاندا خەمی قارەمانی چیرۆکە کەسکەسۆر لە کولتوور و ئۆلی کورداندا راز و رەمزی بەختەوەرییە بەو مەرجە کەسێ بتوانێ بەسەریدا باز بدا هەتا بە مرازی خۆی بگات. ئەو رازە لە رۆمانی هاوارا بلووریێ دا بە کردەوەی کەی کەس دەرباز دەبێ و کرداری جڤاتی بە خۆیەوە دەگرێ. بازدان بە سەر کەسکەسۆر بەختەوەری و رزگاری جڤاتێک لەم دیالۆگەی عەبدولحەمید و سەیدا ئەو راستییە باش دەردەکەوێ:

«... چاڤێن وی تەژی هێسر بوو نالیا:

– من نەگرت، من نەگرت من سەردا باز نەدا ئەز نەگەهیشتم وێ، ما تە نەبیهیستییە، دبێژن هەرکەس ل سەر کەسکەسۆرێ دە بانز بدەیێ بگە هێژە مرازێ خوە... . هەما لۆ مە دبێژن خەراب رەش.

– سەیدایێ من خوە ئاجز نەکە ب کۆمەکا خوە دێ و کەرەما جەدێ تە ئینشالا ئەمێ سەر کەسکەسۆرێ دەبانز بدن و... »

ئەو خەون و خەیاڵە لە کردەوەی قارەمان بەرەو ژوورتر دەچێت. سەیدا دەیهەوێ بە گۆڕینی رەنگی رەش و سپی، بەردەکانی حەساری ماڵی ئاپێ هلۆ رەنگێکی تر بە ئاوایی خەراب رەش بدا دیمەنێک لە رەنگەکانی کەسکەسۆر کە بۆتە کەلکەڵەی خەمەکانی ئەو.

کۆتایی و ئەنجام:

نووسەر بەگشتی توانیویەتی ئەو مۆتیفانەی ئاماژەمان پێ کردن، تا رادەیەکی باش بەکاریان بێنێ چ لە ئاستی دیالۆگەکان و چ لە ریوایەتکردنی راستەوخۆی دیاردەکانی رۆمان بەڵام راگواستنی گۆشەنیگا لە گێڕەرەوەی هەمووشتزانی سنووردار بۆ گێڕەرەوەی هەمووشتزانی بێ سنوور تا رادەیەک لە هێندێک شوێندا ریوایەت بەرەو ئاقارێکی گێڕانەوەی مێژوویی و بیۆگرافی کەسایەتییەکان لە ئاستی ئەدەبیی بوون دادەبەزێنێ و شێوە راپۆرتێک بە دەستەوە دەدا هەتا ئەو جێگایە کە ریوایەت لە کۆتایی رۆماندا لە نێوان کەشێکی تەماوی لە نۆستالۆژیک و ئەنجامێک لە گێڕانەوەی ئاساییدا دەمێنێتەوە و دەرفەتێک بۆ پشووودانی زیاتر ناهێڵێتەوە.

سەرچاوە:
١ – انسان و سمبول هایش/ کارل گوستاویونگ/ ترجمه محمود سلطانیه/ تهران نشرجامی ١٣٧٧
٢–دانینگ ویلیام/١٣٨١/ حقیقت وتاریخ /عزت الله فولادوند/مجله فرهنگ وهنر شماره ٢٣
٣– عناصر داستان /میرصادقی، جمال، تهران/نشرسخن/(١٣٧٦)
٤– هاوارا بلووری / رۆمان/ئووسفی حەمید/نەشری پەرەند١٣٩٦

# کیژۆڵەی ئینتیزار

گۆنا راهیەیما ـ پاوە



کات، ئێوارەیەکی درەنگ وەختی پاییزە و شنەی شەماڵ پرچی ئاڵۆزی شۆڕەبی زەردهەڵگەڕاوی لێواری رووبار شانە دەکات.

مانگەشەو لە پشت گەواڵە هەورێکی رەشی ئاوس بە لێزمەی باران خۆی حەشار داوە، ئارەقی ئەوین و دڵەخورپە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە هەناوی کیژۆڵەی چاوەڕوان.

چرکەکان بە ساڵ تێدەپەڕن و نمە نمە باران دەنووک لە رۆحی بێقەرار و نا ئارامی دەدەن، هەورەکانیش بە دووکەڵی ئینتیزار سواخ دراون و ها پلۆمەیان بەتەقێت و کراسە سوورە ئاورێشمینەکەی کیژی ئینتیزار بکەن بە جۆگەلەیەک رەنگ و رووبار بکاتە سوورێکی تۆخی شەرابی.

لە جیاتی لێوی دەزگیران، دڵۆپی باران و تارمایی شەو لە گەردنی کیژۆڵەی ئینتیزار سەفەر دەکەن و رووبار گۆرانییەکی خەمگین بۆ جێژوانی کۆتایی دەڵێتەوە

کیژۆڵە دەستی خستە ناو باخەڵی ئەو کراسە سوورەی دەزگیران لە تاناکورا بۆی کڕی بوو، نامەیک کە کچە قەرەچێکی مەستی بولگاری بە ئەلفبێیەکی نامۆی رووسی بۆ کوڕێکی قوزی ئیتالی نووسیویەتی، دەردەهێنێ و بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی تێبگات، هەستێکی ئاشقانە جووڵە دەخاتە نێو دەمارەکانی لەشی و لە گەڵ سرووەی با، شەو باش بە مانگەشەو دەڵێت.

کچ و مانگەشەو و نامەی کچە مەستی بولگاری هەموو دەستی یەکدی دەگرن و بەرەو غوربەت دەفڕن و غوربەتیش دەیانکاتە هەزار پارچە.

هەر پارچەیەک بە ئاوی کانیاوی خەیاڵی خۆی دەستنوێژێک دەگرێت و روو لە قیبلەی ئەشق و ژوان سوجدەیەک دەبەن.

کات، دەمەو بەیانە و خۆر، تیشکە زێڕینەکانی دەگرێتە گیان و رووبار سەرمەستی ژوانی کراسی سووری ئاورێشمی لاشەی ساردی کچی ئینتیزارە، گەڵاکانی شۆڕەبی تەرمەکە گوڵباران دەکەن و هەموو ساڵێک لە راموسانی شەوی پاییز و لێزمەی باران کچێکی چاوەڕوان، چاوێک لە مانگەشەو دادەگرێت، ئامێزیان لە باڵای یەکتر وەردێنن و لە نێو یەکتردا دەتوێنەوە.

رووبار لەو ساتەوە رەنگێکی سووری تۆخی شەرابی لە خۆ گرتووە.

هەواڵنامەی ئەدەب

# وێژەوانانی موکریان

بەشی ١٥



سەید نووح عینایەتی(نەبەز) - مەهاباد

به پێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک، چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان، دەناسێندرێن.
لەم ژمارەیە: حەتەم مەرزەنگ، حوسێن حەیدەرپوور و ڕەسووڵ خزری (قەڵەندەر)



**حەتەم مەرزەنگ:**

شاعیر و نووسەری ئازیزی ئەم بەشەمان مامۆستا «حەتەم مەرزەنگ»ە کە ڕۆژی دەیەمی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١)وەک خۆی گوتەنی لە پاشنوێژێکی فێنکدا لە حەوشە و حەساریکی گەورە، تەویلە و عەمباری کا و تفاق لە بەری ڕۆژاوای حەوشەکە، چەند نێوماڵ و وتاغی میوان، لە نێو ماڵێکی فراوانی بە شەش کۆڵەکە و کەندووە ئاردێک لە دەستی چەپی ژوورەکە، تەندوور لە نێوەڕاستی دیو و هەرزاڵێکی درێژ لەوسەری نێوماڵەکە تا ئەوسەر، لە نێو زیل و بەندی شەش خوشک و دەر و جیران و خزم و کەس بە دوای ئاواڵدووانەکەم «سەفوورا»ی خوشکمدا بە گریانێکی نەرم خۆیان بە جیهانی ڕوونی ژیان دەناسێنن.

سەفوورای ئاواڵدووانە لە کوێستانی «ماینبلاغ» بە ئاور دەسووتێ و دەمرێ، وەک دایکی خۆشەویستیان بۆی باس کردووە، هەر زۆر بە منداڵی هەستی بە مردنی ئاواڵەکەی کردووە و گریانەکانی زۆر خەماوی بوون و ئەو خەمەی هەر نەبڕاوەتەوە.

ساڵی ٥٦ی هەتاوی (١٩٧٧) لە سەراو ڕوو دەکاتە قوتابخانە و تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی هەر لەو گوندە درێژە بە خوێندن دەدات. بە هۆی وەزعی نالەباری ئەو سەردەمی ناوچەکە، چەند ساڵێک لە خوێندن دادەبڕێت و ساڵی ٦٣ی هەتاوی(١٩٨٤) بۆ درێژەی خوێندن ڕوو دەکاتە شاری بۆکان کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بە وردی باسی ئەو دەورانەی گێڕاوەتەوە.

ئەم جار ڕوو دەکەینە خۆی و لە زمانی شیرنی مامۆستا حەتەمەوە، درێژە بە کورتەی ژیان و بەسەرهاتی دەدەین:

«ژیان بە هەزاران شەڕ و کێشەوە بەرەنگارم بوو، ویشکەساڵی، دەستەنگی، نەخۆشیی دایک و باب و ناشارەزایی لە هەموو کاروباری ژیان بەجارێک تەنگیان پێ هەڵچنیبووم و سەرباری ئەوانەش، تەوس و توانجی خزمی هەرە نیزیک یەکجاری سەریان لێ شێواندبووم.

من کۆڵم نەدا، شانم دا بەر باری هەموو کێشەکان و بە دوای یەکدا گرفت و بەربەستەکانم دەشکاند و بە تەواوی مانا خزمەتی دایک و بابی پیر و نەخۆشی خۆمم کرد بە جۆرێک کە خەڵک و خزم و کەس وردە وردە ڕوانینیان گۆڕا.

هەستامەوە سەر پێ، خۆم لەو تەمومژەی دروستیان کردبوو، دەرباز کرد و کەوتمە بەر خوێندن و دیپلۆمم وەرگرت. چوومە دانیشگا و لیسانس(بکالۆریۆس)ی یاساشم دوایی پێ هێنا و ئێستاش خوێندکاری فەوقی لیسانسی حقووقی عموومی(ماستەری مافی گشتی)یم لە دانیشگای کوردستان.

کۆی بەرهەمی چالاکییەکانم بە شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و تەرجەم(وەرگێڕان)ەوە، زیاتر لە ٢٠ کتێبن کە پێوەم لەبەرەوە لە چاپیان دەم و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردییان بکەم. »

ئێمەش لێرەوە دەستخۆشی لە مامۆستا حەتەم مەرزەنگ دەکەین و تەمەنی پڕ لە سلامەتی و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**ڕازی غونچە**

بەیانانە لە گەڵ گریانی بولبول
دەپشکوی لێوی غونچەی خەڵکی سەر چڵ
شکۆی ئەشقە فیداکاری دەکا مەل
کە سڵ ناکا لە دڕک و داو و پێکوڵ
بەڵێ، ئەی بولبولی شەیدای گوڵی سوور
لە خۆت جوانە، هەڵیرێژە کوڵی دڵ
پلووسکی تەبعی سەرشارت کەلاوە
لە گوڵزارا حەقی شەیدایە مەنزڵ
دەزانم باوە گوڵ سەرمەستی جەورن
بزەی غونچەش بە شیوەن دێتە حاسڵ
«حەتەم» ناگا بە سافی مامە سۆفی
کە دوردی کێش نەبێ، قەت نابێ کامڵ



**حوسێن حەیدەرپوور:**

شاعیری خۆشەویستی ئەم لاپەڕەیەمان ڕێزدار ماموٚستا «حوسێن حەیدەرپوور» ناسراو بە (هومێد)، کوڕی کاک حەمەدەمین و خاتوو ڕابیعایە کە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی(١٩٦١) لە بنەماڵەیەکی دەسکورت و هەژار، لە گوندی «کاوڵانی سەرێ»ی سەر بە بەشی «خەلیفان»ی شاری مەهاباد لە دایک بووە. خۆی گوتەنی، بەگریان پێی ناوەتە ژیان، گریانێک کە تا ئێستاش دەستی لە کۆڵ ناکاتەوە. ماموٚستا هومێد لە تەمەنی هەشت ساڵی چووەتە قوتابخانە و هەر لەم گوندە

تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی(١٩٧٨) دەچێتە خانەی ماموٚستایان لە شیراز و دوای دیتنی دەورەی ماموٚستایی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و بۆ یەکەمین جار دەبێتە ماموٚستای قوتابخانەی گوندی «کانێ سپی».

هەر وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، لە باری ئەدەبی، یەکەمین ماموٚستای، باوکی خوالێخۆشبووی بووە کە خاوەنی هەستێکی پاراو بووە. شیعری جوانی هۆنیوەتەوە، کتێبی شاعیرانی بۆ خوێندووەتەوە و بەم جۆرە هەر لە بنەماڵەدا دەگەڵ وەزن و ئاهەنگ و موٚسیقای شیعر ئاشنا بووە.

یەکەم گڕ و گاڵەکانی شیعری بەمەبەستی گاڵتەوگەپ لەگەڵ ئاواڵەکانی شیعری داناوە کە هەرچەند سادە و ساکار و پڕ لە کەموکووڕی بوون، بەڵام بوونەتە هەوێن و مایەی شیعرەکانی ئێستاکەی. ڕێنوێنییەکانی باوکی، زۆری شوێنی لە سەر داناوە و خۆی گوتەنی، چونکە بۆ خۆی لە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی بەشدار بووە، دوو ساڵ لە سەر ئەم هەستە پاک و خاوێنە لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی، پەرپووەی باشووری کوردستان بووە. لەو سەردەمە تاڵانەدا دایکی دڵسۆزیان بەخێوی کردوون و هەر ئەم هەستە پاکانەی باوکی خوادلێخۆشبوویان بووە کە لە دەمارەکانی ماموٚستا هومێددا ڕەگاژۆ بووە و ئەویان هان داوە زۆربەی هۆنراوەکانی بۆن و بەرامی نیشتمانییان پێوە بێت.

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی(١٩٨٩) بە نازناوی «هومێد» هەنگاو دەنێتە دونیای شیعر و ئەدەب و لە زۆربەی گۆڤارەکاندا شیعرەکانی چاپ و بڵاو بوونەتەوە. لە زۆربەی ڕێوڕەسم و بۆنەکان بەشداری چالاکانەی هەبووە و شیعری خوێندووەتەوە و تا ئێستاش زۆربەی گۆرانیبێژەکان، هۆنراوەکانی ماموٚستا هومێد بۆ گۆرانی هەڵدەبژێرن.

ساڵی ١٣٨٧ (٢٠٠٨)وەک ماموٚستای قوتابخانە دوای سیی ساڵ خزمەت بە منداڵانی گەل و نیشتمان، خانەنشین کراوە و ئێستا لە شاری مەهاباد نیشتەجێیە و خودا سێ منداڵی خۆشەویستی بە ناوەکانی زانا، زانکۆ و زەمانە پێ بەخشیوە.

کاک حوسێن حەیدەرپوو، ناسراو بە هومێد، خاوەنی چەند دەفتەرە شیعری ئامادەی چاپە کە بەداخەوە تا ئێستا دەرفەتی چاپیان بۆ نەڕەخساوە. هەر لێرەوە وێڕای ئاواتی سەرکەوتن و سەرفرازی، هیوادارین هەرچی زووتر بەرهەمەکانی بە چاپ بگەن و پێشکەش بە کتێبخانەی وێژە و فەرهەنگی کوردی بکرێن.

**هەتاو**

پێم خۆشە نەمرم ببینم هەتاو
هەوری ڕەش لاچێ، وە دەرکەوێ ساو
لە بەر بەرۆچکەی هەتاوی بەتین
بزانم چۆنە تام و مانای ژین
ببزوێ خوێنم، وەک ئاوی کانی
وە بەر بێ باغم، بۆ ئاوەدانی
سەهۆڵ و بەفریش وەتوێن، ببنە ئاو
لە پڕ هەڵستێ، لافاو و سێلاو
لەگەڵ خۆی بەرێ گەند و گەڵای پیس
لەسەرێ لا دا، ماری کەڕ و سیس
گرینگی هەتاو گەرم کا زەوی
هەڵم هەڵستێ، لە بەرز و نەوی
بباریٚ نم نم بارانی ڕەحمەت
گوڵ بێنە دەرێ، بێ دەرد و زەحمەت
بە تیشکی ڕۆژی ئاسمانی ڕووناک
وەبووژێ وڵات، برەنگێ سەرپاک
سەرزەوی تێکرا ببێتە گوڵزار
بەستێن بکرێتە مێرگ و مێرغوزار
جووتێری ماندوو بە نیر و ئاموور
زەوی بکێڵێ، بیکا ژێرە و ژوور
قەرەی خۆش نشین لە نێو ئاوایی
هەڵپەڕێ بیکا بە بەزم و شایی
«هومێد»یش بڕوا بەرەو پیری تاو
لە سەر ڕێی نەبن تەپکە و تەڵە و داو
پێم خۆشە نەمرم ببینم هەتاو
ڕۆژی وڵاتم، جوان بێتە بەرچاو

هەواڵنامەی کتێب



ڕەسووڵ خزری (قەڵەندەر):

شاعیری ڕێزدار مامۆستا «ڕەسووڵ خـزری» ناسراو بە «قەڵەندەر» ساڵی ١٣٣٦ ی هەتاوی (١٩٥٨ی زایینی) لە گوندی «جانداران» سەر بە ناوچەی مەهاباد چاوی بە دونیا دەپشکوێت و وەک بۆ خۆی بە زمانێکی خۆشەوە ئاماژەی پێدەکات، بە کەش و هەوای کوێستانەکانی ئەو مەڵبەندە و لە ناو گیا و گژ و مەندۆکجاڕ و کەنگر و ڕێواس و لووشە و دۆڕێ و کارگ و کوڕادە و کەما و هەڵز و بیزا و شنگ و پنگ و کووزەڵە و لە ژێر سێبەری دارەکانی بەڕوو و مازوین و شەکین و هێڵوین و دارەبەن و بادام و بە بۆنی بێژان و بەیبوون و وەنەوشە و شەوبۆ و نێرگز و گیاخاو و هەزاران تیرەی تریش هاوڕێ لە گەڵ ئاوەکانی سەرچاوە و جۆگە و جۆبار و بە فراوی کوێستانەکان لە باوەشی دایکێکی دڵسۆز و باوکێکی ماندوونەناس و تێکۆشەردا پەروەردە دەبێت. ناوبراو تەمەنی یەک ساڵە بووە کە باوکی بارگە و بنەی پێچاوەتەوە و گەڕاوەتەوە گوندی باب و باپیری خۆی واتە (زێـوە)ی سەر بە ناوچەی سەردەشت و خەریکی کشتوکاڵ و باخداری بووە.

بە هۆی ئەوەی کە باوکی بەڕێزی خوێندەواری هەبووە و زۆربەی کتێبە گەورەکانی فارسی ئەو زەمان وەک گوڵستان و بووستانی زانیوە و قورئانی پیرۆزیشی خەتم کردووە، هەر لە تەمەنی چوار و پێنج ساڵیدا لە لای خۆی وەبەر خوێندنی دەنێت. پاشان ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی (١٩٦٤) کە بۆ یەکەم جار لە گوندەکەیان قوتابخانەی دەوڵەتی دادەمەزرێت، لە خزمەت مامۆستایەک بە ناوی حەسەن فتووحی، خوێندنی ڕەسمی دەس پێدەکات و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەخوێنێت.

ساڵی ١٣٤٩(١٩٧٠)دووبارە باوکی ماڵ و حاڵی دەپێچێتەوە و دەچێتە شاری سەردەشت و کاک حەسەنی بەڕێز واتا مامۆستا قەڵەندەر، ڕوو لە کاری بەننایی و دوایی دووکانداری دەنێت. لە ساڵی ٥٤ و٥٦ (١٩٧٤ بۆ ١٩٧٦)لە خانەی مامۆستایانی شاری نەغەدە دەورەی مامۆستایەتی تەواو دەکات و پاشان لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەچێتە سەربازی و شەش مانگ دەورانی سپای دانیش ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨) لە شاری «سەراو» کۆتایی پێدەنێت و دەگەڕێتەوە سەردەشت و چەند ساڵێک لە گوندەکان وەک مامۆستا وانە دەڵێتەوە و دوایی لە ناو شار وەکوو جێگر و بەڕێوەبەری قوتابخانە درێژە بە خزمەت دەدات. لە کۆتاییدا ساڵی ١٣٨٢ (٢٠٠٤)کاری مامۆستایی و بەڕێوەبەری و قوتابخانە بە جێ دەهێڵێت.

مامۆستا قەڵەندەر ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٤) دەستی بە شیعرنووسین کردووە و خۆی گوتەنی، بە کتێبەکانی مامۆستا هەژار و هێمنەوە تێکەڵاوی دونیای شیعر و ئەدەبی کوردی بووە.

ئێستاش دانیشتووی شارە جوانەکەی سەردەشتە و ژیانی ڕۆژانەی بە نووسینی شیعر و خوێندنەوەی شیعری شاعیران تێپەڕ دەکات.

ئاواتی تەمەندرێژی بۆ دەخوازین و هیوادارین لەو بوارەدا سەرکەوتنی زیاتری بە نسیب بێت.

## وەتەن

وەتـەن دەمرم دەبەر خاکی بەری پێی لاوەکانت
دەبەر شاخ و شەت و دۆڵ و ڕەقان و ئاوەکانت

سـیا کێوت کە لێی باری بە دانە گەوهەری پاک
چ خۆش ڕەنگن قەڵات و قووچەک و سەرچاوەکانت

بەهارم سـەوزەڵانی ڕێچکە، ڕێژە و دووخڕانی
هەمووی سفرەی ئەوینن سێبەر و بەرتاوەکانت

زەلاو و قاقریش بن هەر سـەراوی نیعمەتێکن
دەوەن، دانگـە، دەلاو و دوند، قەد و لافاوەکانت

لە کوێستان و لە کۆساران، لە کەپر و کۆنە هۆبان
پەری ئیشـقن، ڕەوەند و کۆچ نشینی پیاوەکانت

کـەل و کێـو و کەلێن و قوژبنـی گۆماوەکانیش
گـڕاو و گوێزەڵێـن و گوێنیەڵێـن ڕازاوەکانت

بەهاری خۆشی کوردانن لە چاو و زار بەدوور بێ
لەوەرگـە و گرد و لاپـاڵ و هەموو گۆماوەکانت

لە لاپاڵ و لە لووسـانت پلووسـکی ئاوەساردان
بە شۆڕ دەرژێنە خوارێ بۆ چەم و بەنداوەکانت

کە گوڵجارت دەکا پەخشانی بۆنێکی سرووشتی
دەراوی دڵ وەجۆش دێنێ، تەپەی هەنگاوەکانت

هەزاران دێڕ بنووسـی نایەتە ئەژمار، بەهەشتە
«قەڵەنـدەر» خێوەت و هۆبە و هەواری باوەکانت



حەسەن سینا ـ مەهاباد
یانەی شاخەوانی بەرزینی مەهاباد

# سیٚ کانیان

Mahabad BARZIN Mountain Climbing Group

## کورتەباسێک لە سەر سیٚ کانیان:

سیٚ کانیان، پەنا و شوێنی ئۆخژنی شاخەوانانە کە بۆ وچان و حەسانەوە و دوورکەوتن لە سەرما و گەرمای شار و کوێستان لە تەواوی وەرزەکانی ساڵ بۆ چەند کاتژمێرێک یان جاری وایە بۆ شەوێک لەویٚ دەمێننەوە.

لە مەهاباد بۆ سیٚ کانیان، سیٚ ڕێگا هەیە کە بریتین لە: ١ – بەردە گەورە ٢ – کانگا (کە پێی دەڵێن مەعدەن و بە هۆی ناخۆشی ڕێگای، ڕێبوارانی زۆر کەم بە خۆیەوە دەبینیٚ) ٣ – سیٚ حەساران (کە ڕێگایەکی خۆشە و بۆ هەموو ڕێبوارێک سووک و هاسانە تەنانەت ئەگەر شاخەوانیش نەبێت).

سیٚ کانیان دەکەوێتە ڕۆژاوای مەهاباد کە نزیک پێنج کیلۆمەتر لە شار دوورە و لە ناو دڵی کوێستانەکانی زاگرۆس لە پشتی «خودا پەرستە» هەڵکەوتووە. (خودا پەرستە، چاکێکە کە بە هۆی ڕووداوەکانی میللی و مێژوویی پێگەیەکی تایبەتی لە لای خەڵکی ناوچە هەیە و خاوەنی ڕابردوویەکی درێژە کە باسی لەو ڕاپۆڕتە دا ناگونجێت)

سیٚ کانیان دەڕوانێتە سەر بەنداوی مەهاباد (بەنداوی مەهاباد نزیکترین بەنداوە لە تەواوی جیهان بۆ شار کە ئاوی خواردنەوەی خەڵکی شار و داشتنی باغات و زەوی و زاری دەشتی شاروێران دابین دەکات).

بە پێی بوونی دیمەنی دلڕفێنی بەنداو لەو بەرزاییە ڕا، شاگەشکەیی دەبەخشێتە مرۆڤ و چاو دەلاوێنیٚ؛هەروەها کێوە بەرزەکانی ناوچەی «سەرشاخان» وەکوو: مەیدان ئەستەڕ، سپی سەنگ، قەڵاتی شای، لەندی شێخان لە دوورەوە قامەتی بەرزی خۆیان دەنوێنن.

چۆنێتی نێوی سیٚ کانیان، بوونی چەند کانیاوە لەو بەرزاییە کە لە درێژایی تەواوی ڕۆژانی ساڵ، ئاوێکی زووڵاڵیان لیٚ هەڵدەقوڵێت. (تەنانەت لە ساڵەکانی کەم بارانیش ئاویان کەم دەبیٚ بەڵام ووشک نابن)

ئاماژەکانی سەرەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە یانەکان و کۆڕەکانی شاخەوانی هەوڵیان داوە بۆ خۆیان تا ئێستا ٤٤ خانوو (هەر یەک بریتی لە یەک یان دوو وەتاغ) لەویٚ ساز بکەن و ناوی «کەمپی» (Camp) لیٚ بنێن و لە ئەنجامدا بە تێکڕایی ناوی «دێگەی شاخەوانی» (دهکدەی کوهنوردی) بۆ هەڵبژێرن.

پێشتر چەند دیوی بەردینە لە سیٚ کانیان ساز کرابوو بەڵام یەکەم کەمپی فەرمی لە لایەن گرووپی شاخەوانیی «ئاراز »ی مەهاباد ساز کراوە کە لە دوایی دا بە دوو گرووپی شاخەوانی بە ناوی «ئەوراز» و «ئاراز» دابەش بوو. ئێستاش کۆمیتەی شاخەوانی و یانەی ئەورازی مەهاباد بە یەکەوە کەڵکی لیٚ وەردەگرن. (جێگای سەرنجە کە ئارازی مەهابادیش ماوەی سیٚ ساڵە بەڵگەی یانەبوونی بە فەرمی وەرگرتووە)

لە سیٚ کانیان، داری گێوژ(گۆیژ) و چاڵووک زۆرە بەڵام بە هۆی ئەوەی هەر شاخەوانێک لە ژینگەپارێزی هەستیارە، بۆ جوانترکردنی ئەو شوێنە، دار و درەختی زۆریان لیٚ چاندووە و خزمەتیان دەکەن تا بەڵکوو شوێنەکە ڕازاوەتر بێت.

لە سیٚ کانیان، چەند ساڵێک مەراسیمی نەورۆز لە لایەن ڕێکخراوی شاخەوانی بە نێوی «ئەنجوومەنی شاخەوانانی مەهاباد» بەڕێوە چووە و جگە لە شاخەوانان، خەڵکی شاریش بۆ بەشداری لە جێژنی سەری ساڵ خۆیان گەیاندۆتە ئەو شوێنە دڵگیرە و بە ئامێری مۆسیقا و ڕەشبەڵەک، ئاهەنگی شادییان گێڕاوە.

هەروەها مەراسیمەکانی تایبەت بە کۆمیتەی شاخەوانی مەهاباد (وەکوو حەوتووی وەرزش، ڕێزلێنان، کێبڕکێی شاخەوانی)، بەرەنگاربوونەوەی پەتای «ئایدز» لە لایەن «فەرمانگەی بێهداشت و دەرمان» ی (شبکە بهدشت و درمان) مەهاباد لە ساڵانی ڕابردوو لەو شوێنە دا بەڕێوە چووە.

چەند ساڵە «کۆمیتەی شاخەوانی مەهاباد» و بناغە دامەزرێنەرانی «ئەنجوومەنی شاخەوانانی مەهاباد»

تێدەکۆشن کە بە هاوکاری « فەرمانگەی سەچاوەکانی سرووشتی» (اداره منابع طبیعی) و «دەزگەی وەرزش و لاوان» (اداره ورزش و جوانان) بە فەرمی بەڵگەی تۆمارکرانی دەوڵەتی بۆ وەربگرن تا لە ژێر چاوەدێری کۆمیتەی شاخەوانی مەهاباد کاروباری لە ڕووی یاساوە بەڕێوە بچێت.

ئەگەر سێ کانیان بە ناوی « دێگەی شاخەوانی» (دهکدەی کوهنوردی) بە فەرمی تۆمار و تاپۆ بکرێت، بە دڵنیایی لە تەواوی جیهان، تاک و تایبەت دەبێت و وێدەچێت ببێتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ گەشەدا بوونی زیاتری ناوچە.

**کەش و هەوای سێ کانیان:**

هەوای کوێستانی هەیە کە لە وەرزەکانی بەهار و هاوین و پاییز فێنک و لە زستان دا سارده (ئەگەرچی بەفرێکی بەرچاویش ناگرێتە بەر).

گیا و گوڵی سێ کانیان:

داری گێوژ(گوێژ)، چاڵووک، گوڵە گەزیزە، وەرزێر و چەند گیا و گوڵی کێوی.

**زیندەوەرانی سێ کانیان:**

گورگ، ڕێوی، چۆلەکە، کۆترە باریکە، کەو (کە بە داخەوە لە دەست ڕاوچییان پشوویان نییە و لە زۆر شوێنان تووشی قاوخە گوللەی تفەنگی تاپڕ بووینە کە تەقەیان لێ کردوون)، بە دەگمەنیش کەروێشکی لێ بینراوە.

**ڕاپۆرتی بەرنامە:**

کاتژمێر ٩ی بەیانی ئەندامانی گرووپ لە شوێنێک بە ناوی «تاجی بەنداو» کۆ بوونەوە و لە ڕیزێکی جوان و لە پشت سەری یەک (کە لە تایبەتمەندی هەموو گرووپ و تیمەکانی شاخەوانییە) بە ڕێگای « سێ حەساران» بەرەو بەرزایی وەڕێ کەوتین.

بە هۆی سەرمای ژێر ١٢ خاڵی شەوی ڕابردوو و بە هۆی بارینی بەفرێکی کەم، پێ ڕێی سێ کانیان بەستەڵەک بوو کە ئەندامانی تیم بە جێگای کاتژمێرێک شاخەوانی کە کاتی گەیشتن بەو شوێنەیە ناچار بووین بە نزیک لە دوو کاتژمێر بگەینە شوێنی لە پێشتر دیاریکراومان.

کەمپی ئەنجوومەنی شاخەوانانی مەهاباد دەرگای ئاوەڵا بوو کە بە تێکڕایی لە ژووری نیشتەجێ بووین.

پێویستە ئاماژە بکەین بەو کارە پیرۆزە ئەنجوومەن:

خزمەتگوزارێکی بەرچاوی ئەنجوومەن ئەوەیە کە ڕۆژانی هەینی یەکێک لە ئەندامانی خۆیان وەکوو میواندار، بەیانی زوو دەنێرن تا دەرگای کەمپ بکاتەوە و وەرگری میوانان بێت (گرینگ نییە کە ئەندامی ئەنجوومەن بێت یاخود نەبێ، مەبەست خزمەت بە شاخەوانە).

لە دوای حەسانەوەمان و خواردنی ژەمی بەیانی، بە پێی بڕیاری کاک هەژار خزری (ئەندامی شارەزا و خاوەن ئەزموونی یانەی شاخەوانیی بەرزینی مەهاباد و هەڤاڵی دێرینی نەمر موقبیل هونەرپەژوهـ) بۆ بەڕێوەچوونی پۆل تێکڕا چووینە داوێنی ڕەوەزێکی نزیک لە کەمپ.

باسی پۆلەکە، ئاشنابوونی ئەندامان بوو لە گەڵ چەند کەرەستەی تەکنیکی و شێوەی بە کارهێنانی ئەو کەرەستانە کە بریتی بوون لە: پێچی سەهۆڵ (Ice climbing)، هەشت (Eight)، ئیسلینگ (Sling)، کاڕابین (Carabin)، گری گری (Grigri)، یوومار (Yumar)، هاڕنێس (Harness)، کڵاو کاسکێت (Helmet)، تەسمە (Tape)، تەناف (Rope) و هەروەها چەند گرێی پێویست لە سەر تەناف وەکوو گرێکانی: دووسەر تەناف (Fisherman knot)، نێوەڕاست یان پەپوولە (Alpine butterfly knot)، دەستەبەر یان زامن (Overhand)، پڕۆسیک (Prusik knot) ، پشتگر یان حیمایەت (Italian hich / Munter hich/ Halfmastwurf).

بەشدارانی بەرنامە لە هەر جێگایەک گرفتیان بۆ دەهاتە پێش، پرسیاریان دەکرد و وڵامی خۆیان بە تێگەیشتنەوە لە ڕاهێنەر وەردەگرتەوە (جار جاریش ڕاهێنەر بۆ دڵنیابوونەوە لە سەر فێربوونیان، دەیخستنە بەر لێپرسینەوە).

کاتژمێر ١٥ فێرکاری تەواو بوو و بە کۆکردنەوەی کەرەستەکان گەڕاینەوە کەمپی ئەنجوومەن تا ژەمی نیوەڕۆ بخۆین.

کەمپ تا کاتژمێر ١٦ ئاوەڵا دەبوو کە ئێمە تا ئەو دەم کۆتایی بە کاروبارمان نەدەهات بۆیە بە مۆبایل پێوەندییم گرت لە گەڵ کاک «محەممەد حوسێن زادە» (یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەن لە مەهاباد و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئێستا)، ئەویش بە دڵاوەڵایی پەیامەکەی وەرگرتین کە لێرە ڕا دەستخۆشی لە هەموو بەرپرسان و ئەندامانی ئەنجوومەنی شاخەوانانی مەهاباد دەکەم.

کاتژمێر ١٦ ی نیشان دەدا کە کاک «برایم عەزیزان» (ئەندامی ئەنجوومەن کە ئەو ڕۆژە بەرپرسی کەمپ بوو) هات و دەستە کلیلی کەمپی دا بە ئێمە و خۆی بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێ.

کاتژمێر ١٧ و نیو، کەمپمان بە تەواوی خاوێن کردەوە و تیمی ئێمەش بە تێکڕایی بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێگا و لە دوای کاتژمێر و نیوێک بە سلامەتی گەیشتینەوە تاجی بەنداو.

خاڵەکانی بە هێزی بەرنامە:

کەڵکوەرگرتن لە ڕاهێنان و گوێڕاگرتن بۆ بەڕێوەبەری پۆل.

ئەزموونی خۆڕاگری لە بەر سەرما و ئامادەبوونی زیاتری تیم بۆ ڕۆژانی سەختی کەش و هەوا.

**بەشدارانی بەرنامە:**

حەسەن سینا، جەمیلە سیگاری، ئەحمەد سیگاری، هەژار خزری، هادی ئاب خزر، سامان سیامەندی، پەریا ئەحمەد زادە، تارا نەقشبەندی، ڕامین قادری، زانا موعینی، سیروان نیزامی، کەیوان ئیسووفی، نینا دانافەڕ، دەریا تاڵەبانی، مۆبینا حەسەنخاڵی، میلاد حەسەنخاڵی



# دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە

**بەشی ٣**

**دامەزراوەیەک بۆ هاوکارییە هەمیشەییەکانی کوردستان**

**کانیاو ڕەسووڵزادە ـ مەهاباد**




دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە، هاوکاری گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی.

دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە ٢٠٢٠/٤/١٩ هاوکاری بۆ ١٠٠ خێزان گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، ئەمەش هەوڵێکی تری دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز (د. تەها ڕەسووڵ)ە کە جێبەجێ دەکرێت.

لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە وەکوو دەزگایەکی خێرخوازی، هاوکارییەکانی گەیاندۆتە زۆر ناوەند و شار و شارۆچکە جیاوازەکان کە ئەمە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەیە و جێی پێزانینە.




دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە
بۆ جارێکی تر خێزانەکانی ناو شاری سلێمانی بەسەرکردەوە.

٢٠٢٠/٤/١٩ دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەری بەڕێز (د. تەها ڕەسووڵ) ئەو ١٠٠ خێزانەی بەسەرکردەوە کە لە ڕێگای پەیجی تایبەتی دەزگاوە هاووڵاتییان، ناو و ژمارەی تەلەفۆنیان ناردبوو کە داوای هاوکاریان کردبوو، هەربۆیە ئەمڕۆ خێزانەکان بەسەرکراونەتەوە و بڕیارە ڕۆژی دووشەممە گەیاندنەکان بەردەوام بێت.



سوپاس و پێزانین
ڕێکخرای خێرخوازیی کەریمی عەلەکە

بەڕێز د. تەها ڕەسووڵ میوانداری کردین، ئینگلیزەکان دەڵێن:

« کورد بە میوانداری بەنێوبانگە».

Kurd is famous for it s hospitality

بەڵێ لە زەمەن و ساڵی کۆرۆنادا باس لە چۆنێتی هاوکاری و دەستگیرۆیی خێزانە کەمدەرامەت و هەژارەکانی ناو شار کرا، بەڕێزی وتی:

« دەبێت هەموومان پێکەوە ئەم شەمەندەفەرە پاڵ پێوە بنێین و ئەگەریش پێویست بکات، ڕایکێشین، »

داوای لێکردین و پێکەوە چووین بۆ عەماری خواردنەکانی و ٢٠٠ فەردە برنجی پێنج کیلۆیی بەخشی بە خێزانە هەژار و کرێچییەکانی سلێمانی و پێش هەموومان خۆی دەستی کرد بە بارکردنی برنجەکان.

بەڵێ، نەوەکانی کەریمی ئەلەکە بە هەمان ڕۆحییەت و ویژدانی زیندووە نەک پێیەکیان بەڵکوو هەردوو پێیان خستۆتە ناو ئەو ئاوەی کە کەریمی ئەلەکە ڕشتوویەتی.

من و بێسارانی فۆتۆگرافەر و خانمی شانۆکار «شایی» و «لاوک»ی کوڕم دەستمان کرد بە دابەشکردنی ئەو بڕە هاوکاری و یارمەتییە.

سەرەتا بەشێک لەو هاوکارییانە خرایە بەردەست چەند خێزانێک لە گەڕەکەکانی؛ سەرشەقام، جوولەکان و خەبات و بەشێک لە گەڕەکی دەرگەزێن و یەک خێزان لە گەڕەکی هۆلێ بە هاوکاری لەگەڵ کاک کەریمی شووشەی ئەنجوومەن و کاک فەرەیدوون. هەر خێزانێک، دوو فەردە برنجی پێ بەخشرا.

وەجبەی دووەمی ئەو هاوکارییە کە (٧٥) فەردە بوو، لە گەڕەکەکانی:

سەرشەقام، چوارباخ، مەلعەبەکە، ئابڵاخ، شارەوانی، ڕۆژهەڵات، ئاوارەکانی تانجەرۆی یەک، ئازادی و دارۆغا، سەروەری... دابەش کرا، هەر خێزانێک (١٠) کیلۆ.

وەجبەی سێهەم، جگە لە پێنج- شەش خێزان کە یەکی (١٠) کیلۆیان پێ بەخشرا، ئەوی تری بەم جۆرە دابەش کرا:

١٢ فەردە بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی سلێمانی،

١٥ فەردە بنکەی پۆلیسی ئیبراهیم ئەحمەد،

٣٥ فەردە بەسەر کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ لە فولەکەکانی ناوشار، هەر کارمەندێک یەک فەردە.

سوپاس بۆ ڕێکخراوی خێرخوازی کەریمی ئەلەکە،

سوپاس بۆ بەختیار سەعید، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارمان بوون.

فایەق حەمەساڵح عەلی

٢١ / ٤ / ٢٠٢٠



دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە
بۆ جاری دووەم هاوکاری گەیاندە چەمچەماڵ.

ئەمرۆ ٢٠٢٠/٤/٢١ دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە لە درێژەی دابەشکردنی هاوکارییەکانی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، سەعات ٣ بۆ جاری دووەم هاوکاری بۆ ٥٠ خێزانی تری ئەو شارە ئازیزەی چەمچەماڵ دابەش کرد و هاووڵاتییان بە ئەمەگداری و سوپاسێکی زۆرە باسیان لە دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە و سپۆنسەری دەزگاکە بەڕێز (د. تەها ڕەسووڵ) دەکرد کە بۆ جاری دووەمە هاوکاری دەگەیەنێتە ئەو شارە ئازیزەی کوردستان.



دەزگای خێرخوازی کەریمی ئەلەکە
هاوکاری منداڵان دەکات.

بۆ جاری دووەم ئەمرۆ ٢٠٢٠/٤/٢٢ دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە هاوکاریی بۆ منداڵان دەگوێزێتەوە بۆ چەند خێزانێک کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە خێزانەکان تووشی کێشەی بژێوی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان هاتوون، هەربۆیە دەزگای خێرخوازیی کەریمی ئەلەکە بە سپۆنسەري بەڕێز (د. تەها ڕەسووڵ) سەرجەم پێداویستییەکانی هاووڵاتییانی بەدەست هێناوە.



وەرگێڕان: هۆمەر نۆریاوی - هەورامان

# ئەلی ئەشرەف دەرویێشیان لە «ئاوشووران»ەوە تا «پەڕەمووچ»

مەنسوور یاقووتی

لەو دەمەوەی کە ئەلی ئەشرەف دەروێشیان(٢٠١٧-١٩٤١)، یەکەمین بەرهەمی خۆی بڵاو کردەوە تا بەمرۆ، نزیکەی ٤٢ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت؛ واتە نزیک بە نیو سەدە. ئەو کاتەی کۆمەڵە چیرۆکی "ئاوشووران" و دواتر کۆچیرۆکی "لەم هەرێمەوە" بڵاو بووەوە، شەپۆلێک لە شۆر و شۆق و هیوا باڵی بەسەر کۆمەڵەی لاگرانی کتێب لە ئێراندا کێشا. پاش "عەلی محەممەد ئەفغانی"(١٩٢٥)بە ڕۆمانی"مێردەکەی ئاهوو خانم" کە سەرکەوتنێکی گەورەی بە نەسیب ئەم نووسەرە کرد، گەلێک نووسەری دی دەستیان دایە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی خۆ، بەڵام ئەوە ئەلی ئەشرەف دەروێشیان بوو کە بە دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆکی سادە و بەپێز، شۆق و هیوایەکی تایبەتی خستە دڵی کۆمەڵەی ئەدەبییەوە. پرسیار ئەوەیە باشە لە ماوەی ئەم نیوە سەدەیەدا، ئەرچی گەلێک نووسەر لە شاری کرماشان دا دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی کتێب، ئەی هۆکار چییە هێشتا بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئەلی ئەشرەف دەروێشیان خاوەنی سەنگی تایبەت بە خۆن و خوێنەر و کڕیاریان زۆرە و ئەی بۆچی ئەوەندە باس لە بەرهەمی چیرۆکنووسانی دی ناکرێت و ئەوەند ئاوڕ لە بەرهەمەکانیان نادرێتەوە؟

ئەوە ئەرکی من نییە بە دوای وەرامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێم. ئەلی ئەشرەف دەروێشیان، دۆست و هاوڕێی ساڵانی ڕەنج و کوێرەوەری و خەباتی من بووە. ئێمەوە پێکەوە بەرهەمەکانمان بڵاو دەکردەوە. پێکەوە بووین. لە گەشت و گەڕان و لە نێو سەرما و سۆڵە و کڕێوە و بەفر و بەستەڵەکی زەمەندا.

کوا ڕەوایە من باسی بەرهەمەکانی خۆم و کارتێکەرییان لەسەر کۆمەڵ بکەم! ڕەخنەکەی "ئیحسان تەبەری"(١٩٨٩-١٩١٧) بە سەردێڕی"چرایەک بەسەر چیای مادیانەوە"، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکەی "ئەسەد پیرانفەڕ" بە سەردێڕی "دارکونکەرەی بەر باران کەوتوو"، ڕەخنەی "ئازادیخا" لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی "تووشای"، نووسینە ڕەخنەییەکەی "عەبدولعەلی دەستغەیب"(١٩٣١) و ڕوانگە و بۆچوونی "جەعفەر مودەڕیس سادقی"(١٩٥٤)، سەفدەر تەقی زادە(١٩٣٢)، یۆسفعەلی میرشکاک(١٩٥٩)، ئەمین فەقیری(١٩٤٣) و ڕوانگەی شارۆخ توندڕۆ ساڵح(١٩٦٣)لە گۆڤاری "شەهروەند" بە ڕۆژی چوارشەممە، بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی(٢٠١٤)، ژمارە ١٠٨، پێگەی ئەم نووسەرە لە نێو ڕووبەری چیرۆکی ئێراندا بە ڕوونی دەسەلمێنێت.

پێویستە پرسیار لەو نووسەرانەی بکرێت کە لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەدا کتێبی چیرۆکیان چاپ کردووە و، ژمارەیەکیان نزیک بە ١٠ بەرهەمی خۆیان بە پارەی نێو گیرفانیان لە کرماشان دا بڵاو کردۆتەوە، کەچی ئەی چلۆنە بەرهەمی هیچ کامەیان بە قەدەر "ئاوشووران" یان "لەم هەرێمەوە"ی دەروێشیان، دەنگدانەوەی نەبووە؟ هۆکار چییە؟ هەڵبەت ڕەنگە ژمارەیەک لە نووسەران لەسەر ئەو باوەڕە بن کە سەنگی بەرهەمەکانیان زۆر بانتر لە بەرهەمەکانی دەروێشیان بێت. بەڵام دیارە کەس بە گوێرەی باوەڕ و بۆچوونی خۆی، وەبەر هەڵسەنگاندن نادرێت. بمانەوێت یان نەمانەوێت بەردەنگ و خوێنەر زۆر گرینگە: جا چ بەردەنگی گشتیی بێت یان خوێنەری تایبەت!.....

بەردەنگ و خوێنەری گشتیی، دوای بەرهەمی نووسەری ئاسایی و جەماوەرپەسەند دەکەوێت. نامەوێت ئیشارەت بە ناوی نووسەرێکی تایبەت بدەم. ئەمڕۆکە خەڵکی ڕەشۆک، خاوەنی نووسەری خۆن کە بەرهەمی دڵهەژێنی ئەویندارییی و بێ ناوەڕۆک هەر وەک فیلمەکانی کەم بایەخی کۆن بڵاو دەکەنەوە و بەرهەمەکانیان تا بە چاپی دە یان سەدیش دەچێت.

بەردەنگ و خوێنەری تایبەتیش، خۆی لە نێو جەغز و بازنەی ئەدەبێکی قووڵ و خاوەن سەنگدا دەبینێتەوە و لە ئاستی جیهانیشدا، نووسەری خۆی هەیە،

نووسەری وەک: لیۆ تۆلستۆی(١٩١٠-١٨٢٨)، میخایل شۆلۆخۆف(١٩٨٤-١٩٠٥)، رۆمەن رۆلان(١٩٤٤-١٨٦٦)و نووسەرانی دی... ئەدەبی پێشڕەوی چیرۆکیش لە ئێراندا خودانی نووسەری تایبەتە: سادق هەدایەت(١٩٥١-١٩٠٣)، سادق چووبەک(١٩٩٨-١٩١٦)، غولامحسێن ساعیدی(١٩٨٥-١٩٣٦)، ئەحمەد ئەعتا یان هەمان ئەحمەد مەحموود(٢٠٠٢-١٩٣١)، مەسعوود کیمیایی(١٩٤١) و گەلێک نووسەری دی... .

پرسیار ئەوەیە: باشە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی نووسەری پێشڕەو لە نووسەرانی دی چییە؟ وەرامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوون و ڕوانگە و جیهانبینی نووسەر. وەرامێک بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە نووسەری پێشڕەو، وردبینە و بە قووڵی چاو لە دیارەکان دەکات و لەسەریان تێدەفکرێت و هەر وا هەڕەمەکی و گۆترە ئاوڕیان لێ ناداتەوە و سۆراخی پرسە جەوهەرییەکان دەگرێت. وەرامێکی تریش بۆ ئەم پرسیارە، پێوەندی بە تەکنیکەکانی نووسین لای نووسەر هەیە. بۆ فۆرم و شێوازی نووسین. نەک یاریکردن بە وشە و گەمەکردن بە وێنە و کایەکردن بە خەیاڵ. ئەم پرسەیش پێوەندی بە ڕادەی ژیرییەتی و لێزانبوونی نووسەرەوە هەیە.

لە ڕاستیدا پرسی "چی بنووسیت" و "چلۆن بنووسیت"؟ئەدەبی پێشڕەو لە دونیای چیرۆکی ئاستنزم و کەم بایەخ جیا دەکاتەوە. نووسەری پێشڕەو، پرسە جەوهەری و بنچینەییەکانی سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە و باس لە دیوە شاراوەکان دەکات. نووسەری پێشڕەو لەسەر ماک و جەوهەری ژیان دەنووسێت. بۆ قووڵایی ژین شۆڕ دەبێتەوە و بۆ خستنە پێش چاوی دیمەن و وێنە و وەسفکردنی دیمەنەکان و ڕاڤەی دیوی ڕاستینەی ژین، خامەکەی تووشی نووشوستی نایەت.

خوێنەری چیرۆک دەبێت چێژ لە سەربردە و چیرۆکەکە ببات. ئیدی لەمە سووک و ساناتر کوا دەکرێت ئاماژە بە پرسەکە بدەم. ئەو نووسەرەی بە خامە و هزری خۆی، خوێنەر تووشی چەواشەیی و سەرلێشێواوی دەکات، کوانێ دەبێت ئەو چاوەڕوانییەی هەبێت بەرهەمەکەی بکەوێتە بەر سەرنج؟!

ئەو نووسەرەی کە ئەوەندە لووتبەرز و لەخۆباییە کە تەنێ هەر خۆی دەبینێت یان دڵی بە خەلاتی تەماویی و لاگریی تەماوییەوە خۆشە و، بە گۆشەنشینی و تەریککەوتەیی خۆ ڕاهاتووە و کەس لە نێو کووچە و کۆلان و شەقامان نابینێت، لە خۆڕا هات و هاوار دەکات و دەناڵێنێت کە بۆچ کتێب و بەرهەمەکانی لە نێو پەرتووکخانەکەیدا گەرد و تۆزیان لێ دەنیشێت و ڕێ نابرنە پەرتووکخانەی ماڵانەوە، دیارە ئەو نووسەرە دوورە لە جەماوەر و هاوڕێی دیوارە.

"لەم هەرێمەوە"، هەر وەک بە ناونیشانەکەیڕا دیارە، چیرۆکی ژیانی خەڵکانی بەشمەینەت و هەژار و دەستکورتی ئەم هەرێم و سامانە دەگێڕێتەوە، واتە دەڤەری کرماشان. سەبارەت بە "نیاز عەلی نەدار"ەکان... . "ئاوشووران"، دەروێشیان، زمانێکی هێمائاسا و سیمبۆلیکی دەکار هێناوە و باس لە ژیانی خەڵکانی دەوروبەری ڕووباری ئاوشووران دەکات کە جێی سەگی بەرەڵلا بوو، جێی هەژار و بەلەنگازان و مەکۆی ماڵوەکوڵ و خەڵکانێک کە جگە لە زەلکاولستانەکەی ئاوشووران، شوێنێکیان بۆ ژیان پێ شک نەدەهات... . و گەلێک وێنەی دڵهەژێن لە نەزانیی و کۆنەپەرستیی کە لە چیرۆکی "گووهەڵخلێن"(ڕیخ گلێن)دا بەجوانی خۆ دەنوێنێت... .

دەروێشیان، ئەو سەردەمە، بەوپەڕی خەمخۆریی و پەرۆشییەوە بەرانبەر ژیانی خەڵکانی هەژار و نەدار و بێلانە و یانەی کۆمەڵگە، گەلێک وێنەی ڕاستینە و بەرهەست لە زەلکاوستانی ژیانی ئەوان دەخاتە بەرچاوان کە نووسەرانی ڕۆمانتیکی ئەو ڕۆژگارە ئەوەیان بە عەیبە بۆ کەسایەتی خۆ دەزانی کە پێنووس و خامەکەیان بۆ ئەو چەشنە ژیانە تاڵ و مەینەتبارە بسووڕێنن.

هەر بۆ ڕێزنان لە هەمان کەف و کوڵ و هەست و نەستە کە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە ئەوەیان بە ئەرکی سەرشانی خۆ دەزانی لە بەرەبەری ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییدا(١٩٧٩)و دروستبوونی هیوا بە گۆڕانی بنچینەیی لە ژیانی هەژاران، وێنەی "دەروێشیان"یان لەسەر دیوارەکانی شاری کرماشان هەڵدەواسی.

نازانم بۆچ دەبێت ئەو نووسەرەی "جیهانی سێیەم" کە گەلەکەی بەدەست گەلێک کێشە و ئاریشەی کوشندەی نێودەوڵەتییەوە دەناڵێنێت و کۆمەڵگەکەی هێشتا گیرۆدەی دەست سەرەتاییترین پرسەکانە، هەر وەک مافی ژیان، بێبەشبوون لە پێوەرەکانی ژیانی سەدەی بیست و یەکەم، خۆی لەگەڵ نووسەرێکی فەرەنسا یان ئەمریکا یاخۆ بەریتانیا هەڵسەنگێنێت و بەم بۆچوونە دەروونبۆشە، دەست بۆ خامەکەی ببات کە "پرۆست" وا دەنووسێت و هێمینگوای ئاوا ژیاوە؟!

نووسەری ڕاستینە، پێنووس و خامەکەی دەخاتە خزمەت خستنە پێش چاوی ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی. باس لە ژیان و گوزەرانی خەڵکانی نێو وڵات و نیشتمانەکەی دەکات. نووسەری ڕاستینە، خامەکەی بە نێو شادەماری ڕاستییەکانی کۆمەڵەکەیدا وەگەڕ دەخات و ڕاستییە تاڵ و دژوار و ئاڵۆزەکانی ژیان، باشترین ڕێنما و چرای بەردەمیەتی.

ئەو جیهانەی ئێمەی تێدا دەژین، دونیایەکی ڕاستینەیە. دونیای بیر و خەیاڵ و مێشکی ئێمە، سەرچاوەکەی هەمان جیهانی بەرهەستە. ئەو دیاردە و پرسانەی دەکەونە ئەودیو ڕاستییەکانەوە، بۆ چیرۆکنووس هیچ دەکار نایەن. هەمووان دەزانین کە سەربردە و چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز واتە قورئان، باس لە ڕاستییەکان دەکەن و هەڵقولاوی ڕاستین: لە سەرەتای سوورەتی قەسەس دا هاتووە(قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، سوورەتی قەسەس):

"بێ سوو فیرعەون لەو زەمینا باڵادەس بوو؛ خەڵکی ئەوێی کردبوونە چەند دەستەیەک؛ هێندێکی هەق زەبوون دەکرد:کوڕەکانی سەر دەبڕین و ژنەکانی ڕادەگرتن... . ". (قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، دەزگای چاپ و پەخشی ئیسحان و تازە نیگا، ١٣٧٩ی هەتاوی، ئایەتی ٤، ل٣٨٥)(١٩٩١-١٩٢١)



هەر لە ڕێی هەمان وەرگێڕانەوە، لە سوورەتی یوسف، بۆمان دەردەکەوێت ئەمە باشترین چیرۆک و سەرگورشتە لەسەر بنەمایەکی ڕاستینە و واقیعخوازانەی تێگلاو بە کێشە و گرفتەکان بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکانە.

داستان و ئەفسانەی " گەلگامێش" کە بە واتایەک یەکەمین و کۆنترین چیرۆکی تێر و تەسەلی جیهانی کۆنە، ئەرچی هەموو هەوێنەکانی ئەفسانە و داستانی تێدا ئامادەنە، لێ بنەما و کرۆک و ناوەرۆکەکەی لەسەر واقیع ڕۆ نراوە. "مردن" کە هەوێنی سەرەکیی چیرۆکەکەیە، ڕاستییەکی ماددییە، نەک ساختەی زەین و مێشک. ئەفسانەی گەلگامێش، باس لە جیهانی پاش مردن ناکات، باس لە بەرەنگاربوونەوەی مردن و مەرگ دەکات.

کتێبی"پەرەمووچ" کە بە دوایین کۆمەڵە کورتەچیرۆکی "ئەلی ئەشرەف دەروێشیان" دادەنرێت، درێژکردنەوەی هەمان چیرۆکەکانی " ئاوشووران" و "لەم هەرێمەوە"یە. کۆمەڵە چیرۆکێکی سادە و ساکار کە دیوی ڕاستینە و هەژێنەری ژیانی خەڵکانی هەژاری ناو کۆمەڵ دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر و باس لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران دەکات، ئەو خەڵکانەی هێشتاکە توانای دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاساییان نییە و بەدەست سەرەتاییترین ئارێشە و پرسەکانی ژیانەوە گیرۆدەن واتە: دیتنەوە و پەیداکردنی پارووە نانێک و ئەوەی کە بتوانن تریبۆنێک بۆ خۆ ببیننەوە و پرس و کێشە و ئارێشەکانی خۆ لە هەمان ڕێگەوە بێننە زمان.

بەڵام ئەوە پەرۆش و خەمی نووسەری ئەمڕۆ نییە کە بچێتە نێو ڕاستییەکانی ژیانی خەڵکەوە. پێگەی بەشی فرەی نووسەری ئەمڕۆکە، لە نێو توێژی مام ناوەندی و هەروەها توێژە جۆربەجۆرەکانی وەک واسیتەچی و توێژی دارا و زەنگینی کۆمەڵدا لە جێگۆرکێدایە کە لە ڕێی سامان و پارەیەکی بێ ڕەنج و زەحمەتەوە، بە دیدێکی توانج ئاساوە چاو لە پرسەکانی ژیان دەکات و دەژێت و سات و کاتی دوور لە کارەکەی، بە فالگرتنەوەی وەرەق، قاوە، و پرسی هاوپەیوەند بە "مێردەزمە" و "دۆڵپا" و بوونەوەری هوردبینی یان جیهانی پاش مردنەوە... . پڕ دەبێتەوە و چونکە بەرانبەر دیاردەکانی مۆدێرنیتە واتە سینەما و شانۆ و ئۆپێرا و... نامۆن، ڕوو لە عیرفان و سۆفیگەری و دەروێشایەتی و مەرایی بە ئاستی بەشدارانیانەوە دەکەن. چیرۆک و شیعر و سینەما و مۆسیقا و شانۆ... یش، دەبێت وەرامدەرەوەی وەهم و خەون و خەیاڵی سەیر و سەمەرەی وان بێت.

بەمجۆرەیە کە نووسەرێکی وەک دەروێشیان، کە بەرهەمەکانی سەردەمانێک هەژانیان دەخستە نێو کۆمەڵ و پرپری پەیڤ و چەمکی گڕدار و شۆڕشگێرانە و هیوا بە گۆڕان بوون، ئەمڕۆکە، لەبەر جێگۆرکێی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، لە بندەست و هەژارەوە بۆ توێژی سەردەست، ئیدی لە ژیانی خەڵکانی تازە پێداکەوتوو و نۆکیسە لا دەدرێت. ئەوان ئێستا ئیدی چ پێویستییان بە ئەدەبی بەرستەم کەوتە نییە، دەیانەوێت بنوون. پێویستییان بە لایلایە یان بە مۆرفین و ژانبڕی بەهێزە. دەجا دیارە بۆچی!!... .

سێهەمی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی(٢٠١٥)/کرماشان

تێبینی: جێی ئاماژەپێدانە کە ڕۆژبەری ئەم نووسینەی مەنسوور یاقووتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی(٢٠١٥)واتە پێش کۆچی دوایی مامۆستا دەروێشیان. لە بەشێکی نووسینەکەدا، مەنسوور یاقووتی وەرگێڕانەکەی "محەممەدعەلی فولادوەند"ی دەکار هێناوە بەڵام من کە دەقەکەم بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە، ڕووم لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار موکریانی ناوە. ئەم نووسینە وەختی خۆی، لە گەلێک ماڵپەڕدا بڵاو بووەتەوە و منیش(وەرگێڕ)دەقی فارسیی نووسینەکەی مەنسوور یاقووتیم لەو ماڵپەڕانە وەرگرتووە.

**وەرگێڕ و پەیڤێکی کورت لەسەر دەروێشیان:**

دەمێکە ئاشنا بە هاژەی ڕۆحێکم، هەتا دێت زێتر وەبەر شەپۆلانی گیانە بێگەردەکەی دەکەوم. لەو دەمەوەی بۆ یەکەمجار گیان، ئاشنا بە دەقەرەکانی دەروونی ئەم زاتە نیگا ئەرخەوانییە بوو هەتا ئەو ساتەی لە نێزیکەوە چاوم بە فرمێسکی نیگای کەوت، بەردەوام هەر ڕێبوارێکی شەیدا بە لق و پۆی دارئەرخەوانەکانی ئەو هەناسە پاکژە بوومە.

هەنووکە، گەلێک ساڵان بەسەر ئەو ڕۆژانە و ئەو دەمانەدا تێپەڕیوە و ئیدی وەک جاری جاران، کوا بۆم دەلوێت، لە ژێر نسێی گیانیدا، تاوێک بەدەم گفتی دڵپاکانەیەوە، ئۆقرەیەک بەم گیانە شەکەتەم ببەخشم؟بەڵام هەر جارە و لەودیو شووشەی نیگارینی دڵستانەکەی کتێبەوە، چاوم بە تیشکی هەسارەیەکی دەگەشێتەوە، ئۆخژنێکم دێتێ و پڕ بە گیان، لە هەناسەکانی ئەو هەسارە ڕووناکە هەڵدەمژم و لە بۆنی دارئەخەوانەکانی پێ بناری ڕۆحی، مەستی مەست دەبم. مەبەست لەو زاتە دڵپاکەی نێو تەمستانەکەی ژیانی ئەم سەردەمە، نووسەری کوردی فارسینووس، "ئەلی ئەشرەفی دەروێشیان"ە. ئەو چەند پەیڤە بە دڵنیاییەوە نە تێکەڵە بە مەرایی و ڕووبینی و نەیش هەتا بە ئێستا گیانم بەو دەردە ئالوودە بووە. لەمێژ بوو دەمەویست جارێکیتر دەروون بخەمەوە بەر هاژەی ئەو ڕۆحەی، ژەنگاری زەمەن نەیتوانیوە تۆزقاڵێک گەرد بخاتە سەر سەفحەی دڵی. بە هەمان مەبەست بە ڕۆژێکی ئاخر و ئۆخری وەرزی بەهار و گەرما و گڕی ناو گەورەشاران، بەرەو "کەرەج" و شارۆچکەی "عەزیمییە" کەوتمە ڕێ. هەرکە دەرکەی ماڵی کەوە خۆشبەز و دەنک سوورەکەی دوێنێ و مرۆ تەنیاکەوتەکەی ئەمڕۆم لە ڕوو کراویەوە، دڵم هەژا و هەناسەیەکی ساردم بۆ بەختی ئەو نووسەرە خامە ڕەنگینە هەڵکێشا. کە دیسان بە دیداری شاد بوومەوە، دەتگوت چی یادی خۆشی ژیانە، لە لام پاتە بۆتەوە. پێش ئەوەی بە پرسیار، ڕووی تێبکەم، پێکەوە لە سەر ئازارەکانی مرۆی سەردەم کەوتینە باس. "تەنیایی"، بە دەردی کوشندەی ڕووناکبیری ئەم سەردەمە دادەنا و باسی پەرۆشەکانی خۆی دەکرد. بە دەس ئەو ڕەوشە نالەبارەی ژیان و گوزەرانی جەماوەرەوە ناڵان بوو کە مرۆ بۆ دەسخستنی پاروەنانێک، گەرەک بە دەیان کاتژمێران لە دەرەوە خەریکی کار و هەرمان بێت تا دابینی ژیانێکی کولەمەرگی بکات. ئیدی هەر باسی ڕەوشی چاندی و ڕۆشنبیریی نێو کۆمەڵگە مەکە کە هەر بەتەواوەتی لەبیر کراوە. لای ڕووناکبیر، گەورەترین خەم، خەمی مرۆڤایەتییە. ئەو خەمەیە کە مرۆ بۆ ژیان پێویستە دەستبەرداری هەموو شتێک ببێت کەچی هەنووکە ناچارە بۆ دەستخستنی تیکەنانێک سەرپاک ژین هەڕاجفرۆش بکات. تا زێتر دەتدواند، پتر هەستت بە خەمە قووڵەکانی ناخی دەکرد. زێتر ئاشنا دەبوویت بەپەرۆشەکانی "دەروێشیان". لە دەست مرۆی ئەم سەردەمە گەلێک دڵ بەژان بوو. ئەیوت:"حەز بە بینینی خەڵک ناکەم". کونجی خەڵوەت و گۆشەنشینی، یار و هاوڕێیەکی ئەم ڕۆژانەیەتی. بەڵام لەو لاوە هێشتا هیوا، تاقانە هاوڕێی سات و کاتی تەنیایی "دەروێشیان"ی مرۆڤە بە مانا ڕاستینە و قووڵەکەی و هێشتا بەو بارەگرانەی سەر لەش و گیان، هەر دەنووسێت و دەخوێنێتەوە و هەدادانی نییە. دڵی بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ سەر چەندان زمان گەش بوو. کە کتێبەکانی پێ پیشان دەدام، دەتگوت چرایە و شۆقی خەریکە ڕوخسارت ڕووناک دەکاتەوە. دیارە دەبێت هەر چاوەڕوانی ئەو شتە لە کەسایەتییەکی وەک "دەروێشیان" بکەیت. دڵسۆزیی "شاناز"خانمی هاوژینی بەڕاستی بۆ "دەروێشیان" لە وەسف نایە. هاوژین، خەمخۆر، خوشک، برا، دۆست، باوک، دایک، هاوڕێ و تاقانە هاریکار بۆ هەموو دەم و سات و کاتێکی ژین لای دەروێشیان، هەر بە تەنیا ئەوە و بەس. ئەوە بەم ڕۆژانە کە دەروێشیان، پێویستیی پێیەتی، پەپوولەئاسا بە دەوریدا دەسووڕێتەوە و بەهەر جووڵە و ناڵەیەک، زەریایەک دڵسۆزیی و میهرەبانی پێ دەبەخشێت. ئەوپەڕی وەفا و ئەمەگ لە سیما و ڕوخساری دەبارێت و ئەوە هەر ئەوە بەهەر هەناسە و نیگایەکی، ئاگادارە. بەڵام بینینی "دەروێشیان"ی کەوی گورج ڕەفتار بەو حاڵەوە بەڕاستیی لام گران بوو. بە ڕوویەکی گەشەوە مینا جاری جاران و خاکەڕا و کوردانە ڕووی تێکردم و پاش وردە قسە و باسی نێوانمان، پێم وت، دەمەوێت بە چەند پرسیارێک، هەندێک ماندووت بکەم؛ ئەرچی ئەزانم تاقەتەکەی جارانت نەماوە و زوو شەکەت و هیلاک دەبیت. بە دڵفرەوانییەوە وتی:چیت دەوێت بپرسە.

بۆ ئاشنابوونی زێتری خوێنەر بە ژیان و بەرهەمەکانی "دەروێشیان"، کورت و پوخت هەندێک زانیاری دەخرێتە بەردەم. جا کێ بێت جوانتر لە خودی خۆی، پێناسەی خۆی بکات. بۆیە بۆ خۆی دەڵێت: سێیەمی خەرمانانیساڵی ١٣١٩ ی هەتاوی (١٩٤١ زایینی)لە شاری کرماشان و لە نێو خێزانێکی قەرەباڵغدا دیدەم لە ڕووی ژیان هەڵێناوە. ماڵەوەمان ئەوەندە شلۆق و قەرەباڵغ بوو کە هەموو کەس و کار تێیدا کۆ بوو بووەوە. هەر لە خاڵ و مامەکانەوە تا باوک و دایک و برا و باپیر و داپیر. هەر کامە لە ئەندامانی خێزانەکەم بە دوای کار و هەرمانێکدا دەچوون و بە شەوان لە دەوری یەک خڕ دەبووینەوە. شەوانە هەر کامە و بە گوێرەی کار و هەرمانەکەی و هاودەمبوون لەگەڵ خەڵک و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی، باسی بەسەرهاتی ڕۆژانەی خۆی دەکرد. مامەکان و باوکم، ئاسنگەر بوون. خاڵەکانم لە شەریکە و کۆمپانیای نەوت کاریان دەکرد. هەڵبەت باوکم دواتر و لە ڕووی ناچارییەوە ڕووی لە چەند کار و پیشەیەکی دی نا. دایکیشم خەریکی جگەرە پێچاندن (لاپێچ)بوو. بەڵام داپیرەم کە دەورێکی زۆر گرینگی لە ژیانی مندا بینی، لەسەر کولتوور و فەرهەنگی کوردستان خوێندنەوەی باشی هەبوو و دەتوانم بێژم شارەزای زۆربەی دابونەریت و حەکایەت و چیرۆک و ئەفسانەکانی کرماشان بوو؛وای لێ هاتبوو گەر شەوێک نەقڵ و سەربردەیەکی بۆ نەگێڕابامەوە، چاوم نەدەچووە خەو. باشە بزانن ئەو نە تەنێ شارەزای چیرۆک و ئەفسانەکانی کوردەواری بوو بەڵکوو تەنانەت یەکەم کەسیش بوو ئاشنای کردم بە "سادقی هەدایەت". منیش لەو نێوانەدا خۆم خەریک دەکرد بە چەند جۆرە کار و هەرمانەوە. بۆ نموونە بەینێک بە لاوی خاڵمەوە کاری قاڵبڕێژیم دەکرد. ماوەیەک بەردەستی ئاسنگەرێک بووم. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، لەبەر ئەو بنەماڵە و خێزانەی تێیدا پەروەردە و گەورە بوو بووم و کەم تا کورتێک هۆگری ڕۆژنامە و کتێب بوون، توانیم هەندێک ڕۆژنامەی کرێکاری و کتێبی "مەکسیم گۆرکی" کە خاڵم بۆ ماڵەوەی دەهێنانەوە، بخوێنمەوە. هەڵبەت

پێشتر کتێبی "ئەمیر ئەرسەلان"م خوێندبووەوە و لە ڕاستیدا لە هەمان سەردەمی منداڵییەوە هۆگریم بە کتێب و خوێندنەوە پەیدا کردبوو. تا پێش سەرکەوتنی شۆڕش، چەند جارێک کەوتمە زیندانەوە. جارێکیان لە کرماشان و لەبەر نارەزایەتی بەرانبەر پرسەکانی پەروەردە و بارهێنان لەبەند کرام. جارێکیش لە تاران خرامە زیندانەوە و لەسەر کار و پیشەی مامۆستایەتی دەرکرام و لە زانستگەیش وەدەریان نام و جاری سێیەمیش هەر لە تاران و ئەمجارەیان بۆ ١١ ساڵ کەوتمە زیندانەوە کە دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، منیش لە زیندان بەر بووم. باشە بزانن یەک لە تۆمەتەکانم کە لەبەر هەمان هۆ خرامە زیندانەوە، ئەوە بوو کە دەیانگوت گاڵتەی بە شۆڕشی شا و جەماوەر کردووە. ئەوەیش بزانن زۆربەی چیرۆکەکانم هەر بەو ساڵانەی زیندان نووسی. لە تاران هاتوچۆی پەخشکاری "سەدای مەعاسر"(دەنگی هاوچەرخ) م دەکرد و لەوێ لەگەڵ نووسەران و خاوەنڕایان ئاشنا بووم. یەکەمین کتێبی منیش بە ناوی "لەم هەرێمەوە"، هەمان پەخشکار بڵاوی کردەوە".

ئەوە گۆشەیەک لە ژیان و سەربردەی دەروێشیان لە زمان خۆیەوە بوو.

دەروێشیان دواتر کتێبی "ئاوشووران" لەچاپ دەدات.

دەروێشیان هەروەها دەڵێت:"پاشان توانیم کتێبەکانی "ئەفسانە و مەتەڵە کوردییەکان"، "وشەبژێری بنزاری کرماشانی" و "فەرهەنگی ئەفسانەکانی جەماوەری ئێران" (بە یارمەتی ڕەزا خەندان) بنووسم کە بەو ساڵانە لەبیرمە "جەلال ئالی ئەحمەد " زۆر یارمەتی دام و دەستی گرتم و زانستگەی تارانیش بۆ لەچاپدانی، هەندێک داکۆکییان لێکردم".

بۆ وتن دەشێت ئەم بەرهەمەزەنگینە لە ٢٠ بەرگدا لەچاپ دراوە.

دەروێشیان، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی لە نێوەندی خوێندنی باڵای مامۆستایان، ڕوو دەکاتە پیشەی مامۆستایەتی قوتابخانان و لە فێرگە و قوتابخانەکانی ئاوایی و گوندەکانی "گێلان" و "شاباد"ی سەربە ستانی کرماشان، خەریکی وانەوتنەوە دەبێت. هەرکە زێتر شارەزا بە دۆخی تایبەتی ئەو ناوچانە و هەژاریی و دەستکورتی خەڵکەکەی دەبێت، هەمان پرس دەکاتە هەوێنی زۆرێک لە چیرۆکەکانی خۆ.

جێی ئاماژەپێدانە کە مامۆستا دەروێشیان، دەرچووی بەشی دەروونناسیی پەروەردە و هەروەها بەشی ڕاوێژکارییە بە پلەی بەکالۆریۆس و ماستەر.

دەروێشیان، پاشان لە بەشی وێژە و ئەدەب لە زانستگەی تاران درێژە بە خوێندنی خۆ دەدات. چەند بەرهەمێکی وەک" هەورە ساڵان" و "چیرۆکی وان ساڵان" چەندان جار لە چاپ دراونەتەوە. " ئاواتی قاقەزین"، بەرهەمێکی دی نووسەرە کە پەخشکاری "چەشمە" ئەرکی لەچاپدانی وەئەستۆ گرتووە.

لە بەرهەمەکانی دی دەروێشیان دەکرێت ئاماژە بکەینە:"لەم هەرێمەوە"، "پەڕەمووچ"، کە داگری نزیکەی ١٠-١٢ کورتە چیرۆکێکە، "ئاوشووران"، "فەسڵی نان" و "هاوڕێی گۆرانییەکانی باوکم" کە گەلێک جاران لە چاپ دراونەتەوە.

هەروەها چەندێک لە بەرهەمەکانی "دەروێشیان"، دەچنە خانەی وێژەی منداڵانەوە؛لەو بەینەدا دەکرێت ئەم بەرهەمانە نێو بەرین: "هەوری ڕەشی هەزار چاو"، "ڕەنگینە"، "ڕۆژنامەی دیواریی قوتابخانەکەی مە"، "کاکە گیان، کەی دەگەڕێیتەوە"، "گوڵ تەڵا"، "کڵاشی سوور "و کۆمەڵە کتێبێک بۆ منداڵان و مێردمنداڵان.

مامۆستا دەروێشیان بەم ساڵانە خزمەتێکی شیاوی زمان و وێژەی کوردیشی کردووە و بە لە چاپدانی چەند بەرهەمێک، ئەوپەڕی دڵسۆزی بۆ گەلەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. مامۆستا دەروێشیان بە وەرگێڕانی هەڵبژاردەی کورتە چیرۆکی هاوچەرخی کوردی، هەستی نیشتمانپەروەری خۆی بەو چەشنە لای هەمووان دەسەلمێنێت. هەر بەنیشانەی وەفا بۆ ئەو هەموو خزمەتە بێگەردە، بە گەرمی لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی پێشوازی لێکرا و بەناوی نووسەر و ڕووناکبیر و کەسایەتییەکی دڵسۆز بەرانبەر گەلەکەی، ڕێزی لێ نرا و ژمارەیەکی گۆڤاری گرانمایە و زەنگینی "ڕۆڤار" یش تەرخان درا بە ژیان و بەرهەمەکانی. زۆر بەرهەمی دەروێشیان کراونەتە کوردی. "هەتاو"، یەکێکە لەو بەرهەمە بەپێزانە کە داگری نزیکەی ١٠ کورتە چیرۆکی دەروێشیانە کە نووسەر، وەرگێڕ و ئەدیبی ناوئاشنای کورد مامۆستا"عەبدوڵڵا حەسەن زادە "وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بەدەیان بەرهەمی تری دەروێشیان چاپ و بڵاو بوونەتەوە. هەر بە هەوڵ و کۆشش و دڵسۆزیی مامۆستا "حەسەن زادە"، ڕۆمانی هەرە بەپێزی دەروێشیان "هەورەساڵان" بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و بەمزووانەش لەچاپ دەدرێت. ئەمە مژدەیەکی هەرە خۆشە بۆ خوێنەری کورد کە مامۆستا دەروێشیان بۆ خۆی هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندم.
ئەم نووسەرە کۆڵنەدەرە خاوەنی چەندان بەرهەمی توێژینەوەییشە، لەو بەرهەمانەش دەکرێت ئیشارەتێک بەمانە بدەین: "کۆمەڵە وتار"، "چلۆن و بۆچ"، " کورتە چیرۆکەکانی لەبەردلانی لام" لە ٨ بەرگدا بە هاوکاری ڕەزا خەندان، "بیرەوەرییەکانی سەفەرخان"، " یادەوەری سەمەد بێهرەنگی"، "قامووسی کوردی- فارسی(کەڵهوڕی)"، "کتێبی بێستوون "و "سەمەد، چووە ڕیزی نەمران".

بەلای دەروێشیانەوە، هۆکاری سەرەکی کزبوونی ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ئێراندا ئەوەیە کە خەیاڵ سانسۆر دەکرێت.

سەد مخابن ڕۆژی ٤ی گەلاڕێزانی ٢٧١٧(٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) دڵە بێگەردەکەی مامۆستای مرۆدۆست "ئەلی ئەشرەف دەروێشیان" لە شارۆچکەی "عەزیمییە"ی سەر بە گەورە شاری کەرەج(ستانی ئەلبورز)، لە لێدان کەوت و یادگارییەکانی وەکوو دیاری بۆ هەمیشە لە لا دانان. وەسیەتی کردبوو لە کرماشان و لە پەنا تەرمەکەی دایکیدا بنێژرێت کەچی لەبەر چەند هۆکارێک ئەمە سەری

نەگرت و گۆڕستانی "سەکینە"ی کەرەج بوو بە دواهەواری.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بدەم کە ڕۆژبەری ئەم کورتە نووسینە کە پاش وەرگێڕانەکە هاتووە، بۆ گەلێک ساڵان پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کە وەختی خۆی بە مەبەستی هەڤپەیڤینێک، ڕووم لە ماڵەکەی مامۆستا دەرویشیانم کرد. تەمەن یار بێت هەڤپەیڤینەکەیش دواتر بڵاو دەکەمەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەم خاڵەیش بدەم بەداخەوە نازانم وەرگێرانی هەورە ساڵان لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە بۆچ تا هەنووکە چاپ و بڵاو نەبووەتەوە لێ، جێی خۆشحاڵییە کە مامۆستای خامەڕەنگین"عەزیز گەردی"ئەم ڕۆمانە بەپێزەی لە بن ناوی"ساڵانی هەورین"کردووە بە کوردی و ئەم ڕۆمانە بەپێزە، ساڵی ٢٠١٦ چاپ و بڵاو بووەتەوە. هەروەها مامۆستا عەزیز گەردی، کتێبی"ئەفسانە کوردییەکان"ی مامۆستا دەرویێشیانیشی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و ئەم بەرهەمەیش بڵاو بووەتەوە.

**هەورە ساڵان**

(بۆ خاوەنی "هەورە ساڵان" و شاکاری تر)
هۆمەر نۆریاوی
چیی تامی تاڵی ژیانە
هەر هەمووی چێشت،
تا شەکراوی
بن گڵمتک و داری نیشتمانە بێنازەکەی،
کوردستانمان،
پێ بچێژێ.
ئەم سێبەرە هەر هەمیشە مژدە بەخشە،
خۆی قوتابی و خۆی مامۆستا و
هەر خۆی مرۆ؛
خۆی ئاشنا و خۆی ئاشق و
هەر خۆی چرۆ.
هەر هەموو ساڵانی لای ئەم،
ناودێرن بە "هەورە ساڵان".
تۆ چوزانی کوێ نەگەڕا؛
هەنووکەش هەر
گوند بە گوند و
دۆڵ بە دۆڵ و
شاخ بە شاخ و
چۆم و ڕەز و
باخ بە باخی
"کرند" و "گیلان" و
"زەهاو"،
دەنگی ئەویان لە سنگدایە و
ئەیگوێزنەوە
بۆ ئەو جیهانە خامۆشەی
بەرانبەر کورد
خۆیان لە بێدەنگیی داوە،
یان جەخار جەخار
کپ کپن وەک
دەشتێ هەراو!
کەچی ئەو سیما هەورینە،
ئازاری سەر هەناوەکەی
ئەم گەلە بەشمەینەتییەی
لەسەر سنگە سپیکەلە و
وردیلەکەی نەخشە،
هەر وەکوو سەدان"بەفرینە".
نازەنینە کورتەباڵا و
ڕێکپۆشەکەی
من و تۆی کورد
لە کوێ دەبوو؛
هەر خۆی پاڵپشت،
خۆی نوێنەر و
داکۆکیکار
بۆ هەر هەموو
چەوساوەکان
دەبوو بە پرد.
پردێ،
نامەرد، هەرگیز هەرگیز
نەیدەتوانی هەنگاوێ سووکی
بنێتە سەر.
مەکۆی ژیان
"کرند" بایە،
یانژێ "تاران"،
یانەخۆ "کەرەج" و
زیندان،
ئامانجی خەباتەکەی وی،
هەر ئازادیی بوو
بۆ ئینسان.
ئەی هەورەکەی "هەورە ساڵان"
خۆت و خودات
دە بەسیەتی
داکە باران.
داکە و داکە
تا هەر هەمووان،
لە بن نسێکەی
ئەم سیما
هەردەم مژدە بەخشەی ژیان
بڵێین ئۆخەی:
ئۆخژنێ کەوتە دڵ و گیان.

پەیڤێک: "هەورە ساڵان" ناوی یەک لە ڕۆمان و بەرهەمە هەرە بە پێزەکانی مامۆستا "ئەلی ئەشرەف دەرویێشیان"ە کە چیرۆکی ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی تێدا دەگێڕێتەوە. بەفرین یان "بەفرینە"، ناوی یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەم مرۆ نازەنینە لە کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی "پەڕەمووچ"دا کە خاوەنی ئەم دێرانە، هەر هەموو چیرۆکەکانی نێو ئەم بەرهەمەی، گەلێک ساڵان بەر لە ئێستا گوێزتوتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەم شیعرە، ڕۆژێک پاش دوا ئۆغرەکەی مامۆستا دەرویێشیان نووسراوە.



وریا عەبدی زادە ـ تیکاب

# گەشتێکی شاخەوانی بە کوێستانەکانی هەوشاردا

ئاسمان وتی:
ئەوە زەوییە وا ئەزێ.
زەمین وتی:
ئەوە شاخە ئەڵێی مایینی ئاوسە و
ژان بە جوانووی شۆڕشەوە ئەگرێ...
شاخە و ئەزێ و بێشەی ئەبێ...
خوێنە و ئەزێ و مێژووی ئەبێ... (شێرکۆ بێکەس)

**شاخ، یەکێک لە سامانە هەرە گرینگەکانی ژیانی سرووشتیی مرۆڤە کە بۆ گەلی کورد واتا و مانای جیاوازی هەیە و تێکەڵە بە ژیان و ژانەکانی. شاخ، بووەتە هێما و سەمبۆلێک و چووەتە ناخی شیعر و شایی و شیوەنی کوردەواری. شاخ بووە بە داڵدە و دایکی کوردەواری و پردی سەرکەوتنەکانی و پەناگای ڕۆژە نەگریسەکانی.**

شاخ لە سەردەمانی کۆنەوە تا ئێستاکە دەوری بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە و پاش پەرەسەندنی شارنشینی، خۆراگرانە و بە باوەشێکی ئاوەڵاوە، بە ناوی شاخەوانییەوە گوتار و کارکردێکی تازەی لە ژیانی مرۆڤدا ساز داوە. لەم کەین و بەینەدا بەختەوەرانە «هەوشار»یش لەبەر کەشوهەوای کێفسانی و بوونی کەژ و کانیاوەکانی، لاوە چالاکەکانی هان داوە تا لە چەندین گرووپی شاخەوانیی جیاوازدا، هەوراز و نشێوەکان و هەرد و بەردی ناوچەکە بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەوە بە سەر بکەن و هاوکات لە گەڵ سەیر و گەشت و گێڵ و وەرزشوانی، ئەرکی ژینگەپارێزیش بە جێ بێنن. ئەم گرووپانە بریتین لە: شەمدیلان، پیرساوەر، زاگرۆس، قەڵابەردینە، کۆیار، بەیان و سارۆخ کە هەر گرووپێک پتر لە سیی کەسی تێدا خەریکی چالاکییە.

بەشێک لە شاخە بەناوبانگەکانی هەوشار کە ڕێبوارانی شاخ و ئەویندارانی چیا، بە کانیاوەکانی تێراو دەبن و ناویان لە سەر زارانە، ئەمانەن: شاخی دووهاچە (بەڵکیسە یان بلقەیس) بە بەرزایی ۳۳۵۰ میتر لە ئاستی دەریاوە، بەرزترین کێوی هەوشار و یەکێک لە شاخە بەرز و بە ناوبانگەکانی کوردستانە. بەڵکیسە، شاخی شاخان کەوتووەتە ٤٥ کیلۆمەتری باکووری شاری تیکابەوە.

لە دەسپێکی ڕێگای دووهاچە، لە گوندی قەراوڵخانە، پیرۆزە مەزارێکمان لێ دەردەکەوێ کە مەزاری پیرێکی یارسانە و لە لای خەڵکی یارسانەکانی هەوشار(خواجەوەنەکان)، وەک موراد و پیری تەریقەت زۆر ڕێزی لێ دەگیرێت. لە پەنای ئەم بارەگایەوە بۆ گەیشتن بە لووتکە، بەیانییەکی زوو، پێش خۆرکەوتنان، ڕێگای پڕ لە کانی و ئاوی ئەم شاخە دەگرینە بەر و نەرمە نەرمە بە پاکوتەڕێیەک سەردەکەوین. پاش کاتژمێرێک ڕێپێوان کە خۆر هەڵدێت. داوێنی دوو هاچە بەرجەوەنێکی یەکجار دڵڕفێنی خۆی دەردەخات و دڵ و مەیلمان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. لە لووتکەی ئەم شاخەدا، شوێنەوارێکی زۆر کۆنی سەردەمی ساسانییەکان بەجێ ماوە کە قەڵایەکی چاوەدێری ئازەرگوشنەسب (تەختی سولەیمان) بووە. لە داوێنی بەخشەندەی بەڵکیسە، کانیاوگەلێکی زۆر هەڵئەقوڵن و دۆڵ و دەوەنی پێ دەوڵەمەند دەکەن، بۆ ئاژەڵداری و پەروەردەی مێشەهەنگووین کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

دڵڕفێنی و جیاوازی ئەم شاخە ئەوەیە کە دوو لووتکەی پێکەوەنووساوی هەیە وەک ئێچی H ئینگلیزی دەنوێنێ و بەم بۆنەوە پێیان وتووە دووهاچە. لە نێوان دوو لووتکەدا، قووڵاییەکی لێیە کە تا کۆتاییەکانی پووشپەڕ سەرڕێژە لە بەفراوی بەهارونە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بە بەڵکیسەی سەربەرز دەدات.

بەڵکیسە، ڕۆژانی هەینی مەکۆی ئەویندارانی شاخە و لە سەرانسەری ئێرانەوە گرووپە شاخەوانییەکان سەردانی دەکەن.

تایبەتمەندی شاخەکانی هەوشار، تێکەڵاوییانە بە مێژووی ژیارێکی هەرە کۆن و ئاوێتەبوونیان بە گەلێک ئەفسانە و ئوستوورەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی پێویستە تا مێژوو و لایەنی فکری و فەرهەنگی دێرینی هەوشاری پێ بخوێندرێتەوە. لێرەدایە کە جوانیی سرووشت بە سیحری فکر و هەستی مرۆڤ تێکەڵ دەبێت و دیمەنێکی ئەفسووناوی دەخولقێنێ.

کورە لەیلاخی هەوار دووهاچە
هیلاک و مانی مەیلی لە ماچە
بەفراو دووهاچە، گەزیزەی بڵقەیس
نەزر یارم وێ، ئەچین بۆ سەر وەیس

پیرساوەر، مەڵبەندێکی دارستانییە کە سەر تا داوێنی کێفەسووری بەرانبەر بە شارەدێی «حەسەناوا»ی لە ٢٠ کیلۆمەتری باشووری خۆراوای تیکابی بە دارسنەوبەر داپۆشیوە. دارستانێکی پیرۆز و بارگاویکراو کە لە لووتکەدا بەیاخی مەزارێکی پیرۆز دەشەکێتەوە.

لە ئاوایی «زینهار»ەوە بە هەورازێکی بەرزدا دادەگەڕێین و پایی پایی بە کوێرەڕێیەکەوە کە پاکوتی سەردەمانێکی زۆر کۆنە، سەر دەکەوین. بە پێی زانیاری خەڵکی ئەو



خالید عومرانی ـ تیکاب

# هەوشار:
## موکری، ئەردەڵانی یان کوردستانی بچووک

**پوختە:**
زمانی کوردی کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین لقەکانی بنەماڵەی گەورەی زمانە هیند و ئەورووپاییەکانە، هەر وەک فرەیەک لە زمانە ڕەسەنەکانی ئەم بنەماڵەیە، چەندین زاراوە، بنزاراوە و شێوەزار لە خۆ دەگرێت. بە شێوەی گشتی هەر زمانێک لە هەندێک زاراوە، بنزاراوە و شێوەزار پێک هاتووە کە زمانی کوردیش لەم ڕێسا و یاسا جیاواز نییە. هەر بەم بۆنەوە لەم وتارەدا هەوڵ دراوە وێڕای کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگەی زمانناسان و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی، باسێک لە سەر کوردی هەوشار بکرێت تا بەم پرسیارە وڵام بدرێتەوە کە کوردی هەوشار بە پێی پۆلێنکاری و دابەشکاری زمانییەوە، ئەکەفێتە خانەی کام یەک لە زاراوەکانی زمانی کوردییەوە؟

وشە سەرەکییەکان: زمان، زاراوە، بنزاراوە، شێوەزار، هەوشار

**پێشەکی:**

زمانە هیند و ئەورووپاییەکان، یەکێک لە گەورەترین بنەماڵە زمانییەکانی جیهانە کە چەند لقی جیاجیای لە خۆ گرتییە. بۆ وێنە، زمانە هیند و ئێرانییەکان، یەکێک لە ژێرلقەکانی ئەم بنەماڵە گەورە دێتە ئەژمار.

کوردی، فارسی، بەلووچی، مازی، گیلەکی، پەشتوو و هتد لە زمانە ئێرانییەکانی ئەم کۆمەڵە زمانییە لە قەڵەم دەدرێن. زمانی کوردی لە جوگرافیایەکی پان و بەرفراوان قسەی پێ دەکرێت. زمانی کوردی هەر وەک فرەیەک لە زمانەکانی جیهان، چەن لقی جیاجیای هەیە. ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، باکووری ڕۆژاوای سووریا و لە ئێران دا زمانی ئاخاوتنی جەماوەر لە پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ئیلام و ورمێیە. شیاوی باسە کە لە بەشێک لە ناوچەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، تورکەمەنستان، لوبنان و ئەفغانستان بە زمانی کوردی قسە دەکەن. بڕێکیش لە کوردزمانەکانی ئێران لە خۆراسانی باکوور، مازەندەران، گیلان، قوم، سیستان و بەلووچستان ژیوار دەکەن کە لە سەردەمی سەفەوییە و پەهلەوییەوە بە کۆمەڵ بۆ ئەم ناوچانە ڕاگوێزران.

**ڕوانگەی لێکۆڵەران:**

بەشێک لە توێژەران و لێکۆڵەران وەک ڤلادیمیر مینۆرسکی، ڤاسیلی نیکیتین، سێسیل ئەدمۆندز، ئیگۆر دیاکۆنۆف، توفیق وەهبی و مەسعوود محەممەد، زمانی کوردی بە پاشماوە و شێوەی گەشەکردووی زمانی مادی دەزانن. محەممەد تەقی بەهار، شاعیر و لێکۆڵەری خاوەن ناوی ئێران، زمانی کوردی بە پاشماوەی زمانی مادی دەزانێت و لەم بارەوە ئێژێت: گاتاکانی زەردەشت بە زمانی مادیین و زمانی کوردییش کە یەکێک لە زمانە ئێرانییەکانە، بە پاشماوەی زمانی مادەکان لە قەڵەم دەدرێت. ڕوانگەی توێژەران لە بارەی زاراوەکان، بنزاراوەکان و شێوەزارەکانی کوردی، جیاوازە. وا باشترە بەر لە ئاماژە کردن بە بیر و ڕای لێکۆڵەران، کورتە باسێک سەبارەت بە پێناسەکردنی زاراوە، بنزاراوە و شێوەزار بکەین.

**زاراوە:**

زاراوەکان، لقەکانی هەر زمانێکی سەربەخۆن. واتە، هەر زمانێکی سەربەخۆ چەندین لق لە خۆ دەگرێت کە بەو لقانە «زاراوە» دەوترێت. زاراوەکان لە بارەی واچ و وشە و ڕێزمانەوە لە یەک جیاوازن و تێگەیشتنیان پێویستی بە فێربوون و خوێندن و زانستە. لە فارسی بە زاراوە «گویش» و لە ئینگیزی «dialect» ئێژن. کە وابوو، بە هەر لقێک کە لە زمانێکی سەربەخۆ جیا دەبێتەوە، «زاراوە» ئێژن کە لە تەک زاراوەکانی تر لە باری واچ و وشە و ڕێزمانەوە تۆفیر و جیاوازی هەیە.

**بنزاراوە:**

بنزاراوەکان، ژێرلقی زاراوەکانن. هەر وا کە زاراوەکان لە یەک زمان جیا دەبنەوە، بنزاراوەکانیش لە زاراوەیەکی سەربەخۆ جیا دەبنەوە. بنزاراوەکانی هەر زاراوەیەک تەنیا لە بارەی واچ و وشە و چۆنێتی گەردانکردنی کردارەکان و کەڵکوەرگرتن لە جێناوی لکاو و سەربەخۆ جیاوازییان هەیە و ئەوەندە لە باری ڕێزمانییەوە جیاواز نییە.

**شێوەزار:**

ـ شێوەزارەکان، ژێر لقی بنزاراوەکانن. بە شێوەی ئاخافتن و چۆنێتی دەربڕینی واچ و وشەکان شێوەزار دەوترێت کە ناوچە بە ناوچە جیاوازییەکی فرە بچووکیان هەیە و لە باری سینتاکس و ڕێزمانەوە هاوبەشن و هیچ فەرقێک لە نێوانیاندا نییە.

هەر وا کە وترا، ڕوانگەی توێژەران لە بارەی زاراوە،

بنزاراوە و شێوەزارەکانی زمانی کوردی جیاوازە. «بەدلیسی» لە کۆتایی سەدەی شازدە، زمانی کوردەکانی بە گوێرەی جیاوازیی دابونەریت و شێوەی ئاخافتن، بە چوار لقی کورمانج، لور، کەڵهوڕ و گۆران دابەش کردییە. لە دوای بەدلیسی، لێکۆڵەرانی کورد و بیانی وەک پیتێر لێرخ، ڤلادیمیر مینۆرسکی، دەیڤید مەکێنزی، محەممەد مەردۆخ، عەبدورەحمان زەبیحی و هتد، بیر و بڕوای جیاوازیان دەربڕیوە کە برێکیان لە ڕوانگەکەی بەدلیسی نزیک و هەندێکیشیان فرە جیاوازن. زۆبەیر بەلال ئیسماعیل، زمانی کوردی بە سەر چوار لقی کورمانجیی باکوور، کورمانجیی ناوەڕاست، کورمانجیی باشوور و هەورامی دملی دابەش دەکات. فرەیەک لە توێژەران و زمانناسەکانی کورد و بیانی لە تەک ئەم دابەشکارییەی زۆبەیر بەلال ئیسماعیل هاوبیر و ڕان. هەر بەم بۆنەوە لە درێژەی ئەم وتارە لە بارەی ئەم دابەشکارییە باس دەکرێت.

**پۆلێنبەندی زاراوەکان:**

ئەگەر بە وردی ڕوانگەی توێژەران و زمانناسە کورد و بیانییەکان بخەینە بەر چاو و سەرنجیان پێبدەین، دەتوانین بڵێین کە کوردی، چوار زاراوەی لە خۆ گرتووە کە بریتین لە:

زاراوەی کورمانجیی باکوور یان سەروو: ئەم زاراوەیە چەندین بنزاراوەی لێ کەوتووەتەوە کە بادینانی، شەمزینانی، شکاکی و هەکاری، سەرەکی ترینیانن.

هەر کام لەم بنزاراوەیلە، شێوەزاری تایبەتی بە خۆیان هەیە کە ناوچە بە ناوچە و جار و بار لادێ بە لادێ، جیاوازیی گەلێکی بەرچاویان هەیە. بۆ وێنە، دهۆکی، شێوەزارێکە لە بنزاراوەی بادینی.

زاراوە کورمانجیی ناوەڕاست: سەرەکیترین بنزاراوەکانی ئەم زاراوەیە کە بە ڕوانگەی توێژەران، فرەترین ئاخێوەری هەیە، بریتین لە ئەردەڵانی، موکریانی، هەولێری.

زاراوەی کورمانجیی باشوور یان خواروو: زاراوەی کورمانجیی باشوور، بنزاراوەکانی فەیلی، لەکی، کەڵهوڕی و سنجاوی و هتد لە خۆ دەگرێت. هەرسینی، شێوەزارێکە لە بنزاراوەی لەکی و کرماشانی لە شێوەزاری کەڵهوڕیی دێتە ئەژمار.

زاراوەی هەورامی دملی: بنزارەوەکانی زاراوەی هەورامی بریتین لە لهۆنی و تەخت کە پاوەیی، شێخانی، ژاوەرۆیی، باجەڵانی و هتد لە شێوەزارەکانی ئەم بنزاراوەنە. زازاکی، بنزاراوەی دملییە و شێوەزارەکانی دێرسیمی، مودکی و کوری لە خۆ دەگرێت.

**کوردی هەوشار، کوردیی نێوەڕاست(موکری) یان ئەردەڵانی؟**

بیر و باوەڕێلێکی فرە هەڵە لە بارەی کوردەکانی هەوشارەوە هەیە. هەندێ کەس هەوشار بە کەڵهوڕ و هەندێک بە گەرووسی دادەنێن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لە سەر ئەم باسە دەڕۆین. هەوشار، یەکێک لە گەورترین ناوچە کوردەوارییەکانی پارێزگای ورمێیە کە بە سەر دوو پاژی هەوشاری سەروو بە ناوەندیەتی شاری «تیکاب» و هەوشاری خواروو بە ناوەندێتی شاری «سایین قەڵا» دابەش بووە. بە سەرنجدانی ورد بەم ناوچەیە دەتوانین بڵێین هەوشار، کوردستانێکی بچووکە. چونکە تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردی بێجگە لە هەورامی دملی لەم دەڤەرە قسەیان پێ دەکرێت. بەشی باکووری هەوشار کە دێهاتەکانی زاخۆرانی نشین و مووسەڵانی نشینی سایین قەڵا لە خۆ دەگرێت، بە زاراوەی کورمانجیی سەروو دەئاخفن؛ بەشی ناوەڕاستی هەوشار کە نەوەد لە سەدی کوردەکانی شاری تیکاب و سایین قەڵا و ئاواییەکانیان لەوێ نیشتەجێن، زاراوەکانیان دەچێتەوە سەر کوردیی نێوەڕاست (موکری و ئەردەڵانی). کوردەکانی بەشی ناوەڕاستی تیکاب کە لە سنەوە نزیکن، بە ئەردەڵانی قسە دەکەن و کوردەکانی ناوەڕاستی سایین قەڵا کە بە بۆکانەوە نزیکن، بە زاراوەی موکری(کوردیی نێوەڕاست) قسە دەکەن و هەندێک لە گوندەکانی سایین قەڵا کە هەم لە بۆکان و هەم لە سەقزەوە نزیکن، بە زاراوەیەک قسە دەکەن کە تێکەڵێکە لە موکری و ئەردەڵانی. لە بەشی باشووری هەوشار، کوردێلێ نیشتەجێن کە بە زاراوەی کورمانجیی خواروو قسە دەکەن کە زیاتر لە بنزاراوەی کەڵهوڕی کەڵک دەگرن. شتێک کە لە هەوشار لە بارەی زمانەوە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە بەشی باکووری تیکاب و سایین قەڵا بە شێوەزاری زاخۆرانی و مووسەڵانی قسە دەکەن کە دەکەونە خانەی زاراوەی کورمانجیی سەروو؛ پاژی ناوەڕاستی تیکاب و سایین قەڵا لە بنزاراوەی ئەردەڵانی و موکری و یان تێکەڵێک لەم دوو بنزاراوەیە کەڵک وەردەگرن کە ئەکەفێتە خانەی زاراوەی کورمانجیی ناوەڕاست و بەشی باشووری هەر دوو هەوشاری سەروو و خواروو بە زاراوەی کەڵهوڕی قسە دەکەن کە ئەکەفێتە خانەی کورمانجیی خواروو. شیاوی باسە کە لە بەشی سایین قەڵا، هەندێک کورد هەن کە بە زاراوەی چاردۆڵی قسە دەکەن و ڕوانگەی توێژەران لە سەر لقی ئەم بنزاراوە جیاوازە و هەر کەس ڕای خۆی بە شێوەیەک دەربڕیوە. لە بەشی هەوشاری تیکابیش بەشێک لە ئاواییەکانی نزیک بە شاری بیجاڕ بە بنزاری گەرووسی قسە دەکەن کە فرەیەک لە لێکۆڵەرانی گەرووسی بە بنزاری ئەردەڵانی و هەندێکیش بە دیالێکتی کەڵهوڕی لە قەڵەمی دەدەن. لە کورتەی بابەت پێویستە بڵێین کە لە سەدا سەدی کوردەکانی هەوشار، نەوەد لە سەدی بە کوردی نێوەڕاست قسە دەکەن، سێ لە سەدی بە بنزاری زاخۆرانی و مووسەڵانی و سێ لە سەدی بە کەڵهوڕی قسە دەکەن. چوار لە سەدی کوردەکانی هەوشار، بە شێوەزاری چاردۆڵی و گەرووسی دەدوێن کە بەشی گەرووسییەکان سێ لە سەدە و بەشی چاردۆڵییەکان، یەک لە سەدە. کە وابوو، دەتوانین بڵێین هەوشار، کوردستانێکی بچووکە کە دەشێ فرەتر سەرنجی پێ

هەواڵنامەی کتێب

بدرێت.

**ئەنجام:**

ئەگەر بە وردی بە پێکهاتەی زمانی کوردی و ڕوانگەی زماناسان و توێژەرانی کورد و بیانی کە هەر یەک بیر و بۆچوونی خۆیان لە بارەی دابەشکاری و پۆلێنبەندی ئەم زمانە دەوڵەمەندەوە دەربڕیوە، سەرنج بدەین، دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە کوردی بە سەر چوار لقی کورمانجیی سەروو، کورمانجیی ناوەڕاست، کورمانجی خواروو و هەورامی- دملی دابەش دەکرێت کە فرەیەک لە زماناسان و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی لەم بارەوە هاو بیر و ڕان.

بە پێی ئەم دابەشکارییە، دەتوانین بێژین کە کوردانی تورکیا، بەشێک لە ئێران و عێراق، کوردانی سووریا و ناوچەی قەفقاز، ئاخێوەرانی زاراوەی کورمانجیی سەروون. بەشێک لە کوردەکانی ئێران و عێراق، دەکەونە سنووری جوگرافیای کورمانجیی ناوەڕاستەوە. ئاخێوەرانی کورمانجیی خواروو زیاتر لە ئێران و بەشێکیشیان لە عێراقدان. ئاخێوەرانی زاراوەی هەورامی لە کوردستانی ئێران و عێراق و ئاخێوەرانی زاراوەی زازاکیش لە کوردستانی تورکیا و شارەکانی تورکیا دەژین.

ناوچەی هەوشار کە یەکێک لە گەورەترین ناوچە کوردەوارییەکانی ئێرانە، هەواری تەواوی زاراوەکانی زمانی کوردییە، هەڵبەت بێجگە لە زاراوەی هەورامی دملی. زیاتر لە سەدی نەوەدی ئاخێوەرانی هەوشار بە زاراوەی کورمانجیی ناوەڕاست قسە دەکەن کە شێوەزارەکانی بە پێی کاریگەری جوگرافیاییەوە دەکەونە خانەی بنزاری موکری و ئەردەڵانی یان تێکەڵێک لەم دوو بنزاراوەیە. شیاوی باسە کە ئاخێوەرانی زاراوەکانی کورمانجیی سەروو و خواروو لە ناوچەی هەوشار لە چاو ئاخێوەرانی کورمانجیی ناوەڕاست فرە کەمن و هەژماریان بە دە لە سەد ناگات. لە ئاکامدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە هەوشار بۆ خۆی کوردستانێکی بچووک و کۆلکەزێڕینەی زاراوەکانی زمانی کوردییە و ئەم تایبەتمەندییە بووە بە هۆی ئەوە کە هەوشارییەکان هەم لە تەواوی زاراوەکان تێ بگەین و هەمیش بتوانن بە تەواوی زاراوەکان قسە بکەن.


سەرچاوەکان:

١- سەجادی، بەختیار، زمان و وێژەی کوردی. سەقز: گوتار، ١٣٩٦

٢ - اسدی، علیرضا، فرهنگ تطبیقی گویش کردی ایلامی با زبان ایرانی میانه (پهلوی اشکانی و پهلوی ساسانی) به انضمام تاریخ و زبان استان ایلام قبل از اسلام. ایلام: انتشارات جوهر حیات، ١٣٩٠

٣- پهلوان، چنگیز، خودآموز کردی سورانی (مجموعهٔ زبان‌های حوزهٔ تمدن ایرانی). نشر فراز، ١٣٩٠

4- D. O›Driscoll, Kurdish Dilect Studies -I. London: Oxford UP, 1962

5- G. Haig &Y. Matras, Kurdish Language II: History of Kurdish Studies. Encyclopedia Iranica, 2009


دەڤەرە، یەکێک لە زیارەتگاکانی ناوچەیە و پیرێکی تەریقەت لە سەر ئەو شاخە نێژراوە و لە خوێنی پرژاوی ئەو پیرە، دارستانێکی چڕ و پڕ و بەرین ڕواوە و بە ئەفسوونی ئەو شێخە، بەهار و زستان، گەڵای ئەو دارانە سەوزن. خەڵکی ناوچە ئەو شوێنەیان پێ پیرۆز بووە و نەزر و نەزیلەیان بۆ کردووە. وتوویانە بە شکاندن یان بڕینی لقی ئەو دارانە، خوێنیان لێ دەفیشقێ و کەس بوێری نییە ئەم کارە بکات. وتوویانە هەر کەسێک لقە وشکی ئەو دارانە بە ئاگرەوە بنێت، شیری ئاژەڵانی وشک دەبێت و خێر و بەرەکەت لە ماڵیاندا نامێنێت. بەم باوەڕەوە ژیانی هەزار ساڵەی ئەم دارانە پارێزراوە.

کاک هێمن ناوێک کە ئاژەڵدار بوو، لەو نزیکە بۆمی گێڕایەوە کە لە بیرمە دایە گەورەم لە تەک ژنانی ئاوایی جاروبار ئاژەڵێک یان پەلەوەرێکی خۆماڵیان ئەبردە سەر ئەو شاخە بۆ لای داری گەورەی پیرساوەر و قوربانیان ئەکرد.

یا پیرساوەر ڕوو لە خۆراوا
لە منی نەسێنی ئەو بەرخە ساوا
پیر و پیرساوەر، عەوداڵان کۆ
بۆ تکا و تەمەننا، تێنە خزمەت تۆ

بەرانبەر بە پیرساوەر بە مەودای ٢٠ کیلۆمەتر بەرەو ڕۆژاوای پیرساوەری پیرۆز، قەڵابەردینە هەڵکەوتووە کە بە بڕوای خەڵکی ناوچەکە، یەکێ لە حەوت قەڵاکەی دەوری ئاگرە پیرۆزەکەی ئازەرگوشنەسب بووە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئایینی زەردەشت تا هاتنی ئیسلام ڕۆڵی پاسەوانی لە هورووژمی دوژمنان هەبووە. ئەم قەڵایە لە بەرانبەر ئاوایی «وزگەپان» هەڵکەوتووە کە بە مانای نیگابانی ئاگرە. ئێستاکە نێوی ئاواییەکە تورکێندراوە بە «قزقاپان» کە بە هیچ کلۆجێک لە گەڵ مێژوو و زمان و زاراوەی باوی ئاواییەکە ناخونجێ.

شاخی شاواغی(باخی پاشا) لە پەنای قەڵابەردینەوە، دیمەنێکی دڵڕفێنی بە ناوچەکە بەخشیوە و لە بار کەشوهەواوە، هاوتەریبییەکی سرووشتی پێک هێناوە. وەک دەڵێن سەردەمی خۆی پڕ بووە لە کەلوپەلی بە قیمەت کە بە داخەوە وەک پیرساوەر و قەڵابەردینە و هتد، تاڵان کراوە.

هەیوانساری، شەمدیلان، گۆرگۆر، بەیان، سوروسات، قەڵای کچان، بەردە قاوەتوون، سێبانجە، قەرەپۆڵا، کێفەڕەش و قەڵای سارم خان، هەریەک بە لەون و دیمەنێک خۆیان دەنوێنن و شان و شکۆی هەوشار وەک هێما و دروشمێک لە دروشمەکانی کوردەواری دەخەنە دڵ هەر ڕێبوارێکەوە.



# ناساندنی حوجرە و فەقێ و مەلای کورد

محەممەد ئەحمەدیان ـ مەهاباد



مەدرەسەی عولوومی دینی « قۆزلوێ گەورک» ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی
دانیشتووان لە ڕاستەوە: ١- مەلا جەلال شافیعی ٢- مەلا سەعید ڕەسووڵی ٣- مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان ٤- مەلا عەلائەدین نەبی زادە ٥- مەلا حوسێن جبەڕەندی ٦- مەلا عەبدولکەریم بانەیی ٧- مەلا حوسێن ڕەحیمی
ئەوانەی ڕاوەستاون لە ڕاستەوە: ١- فەقێ مستەفا محەممەدی ٢- مەلا محەممەد یاڕاڵی ٣- مامۆستا مەلا عەبدولکەریم فیدایی(شاعیر) ٤- مەلا محەممەد ناسری ٥- مەلا کەریم ئیسماعیل سورخ ٦- مەلا عەبدوڵڵا عیلم ئاباد ٧- ڕەمەزان عەجەم (ئەو منداڵەی لە باوەشی دایە محەممەد ئەحمەدیان) ٨- حوسێن ئاغا محەممەدی ٩- میرزا عەبدوڵڵا (میرزا ترکە) ١٠- مەلا عومەر عەرەبی ١١- مەلا ئەحمەد نووری ١٢-؟ ١٣- مەلا حوسێن قیفار سەقزی ١٤- مەلا حەسەن کانی درێژ ١٥- مەلا محەممەد مەرخوزی ١٦- مەلا عوبەیدوڵڵا نستانی ١٧- سمایل ئاغا محەممەدی ١٨- محەممەد کوڕی سەرخوراو (ئەو منداڵە بایز محەممەدی)

مێژووی حوجرە و فەقێ لە کوردستان، بەشێک لە مێژووی ئەم گەلەیە، شێوازێکە لە شێوازەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکی فەرهەنگی و کولتووریی ئەم وڵاتەیە، بەڵام زۆربەی خەڵک ئاگاداریيان لە سیستەمی خوێندنی فەقێیان نییە، هەر لەبەر ئەوە پێویستە خوێندەواری کورد لە چۆنیەتی خوێندنی فەقێ و دەورێکی حوجرە لە ڕابردوودا گێڕاویەتی، ئاگادار بێت.

ئەوە بابەتێکی ئاشکرایە سەرەتای خوێندن لە ناو گەلی کورد لە نێو حوجرەوە دامەزراوە « خوێندەواری لە ناو کۆمەڵی کوردەواری لە پاش بە ئیسلامبوونی کورد بۆ مەبەستی ئایینی پەیدا بوو، حوجرەی خوێندنی مزگەوتی کوردەواری دەیویست ئەو ئامانجە بهێنێتە دی». (مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، ل٧٦)

کورد بە باوەڕێکی پاک و بێگەرد پەیڕەوی ئەم ئایینەی کرد، بیر و باوەڕ و تێبینی و نەریت و خوو و ڕەوشتی تازە هاتە نێو کۆمەڵگای کوردەواری. (پێشوو٦٢). لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە تازەیە، مزگەوت پەیدا بوو، لە گەڵ مزگەوت، پێشەوا و پیاوی ئایینی موسوڵمان پەیدا بوون کە ئێمەی کورد «مەلا»ی پێ دەڵێین، لەتەنیشت هەر مزگەوتێک، «حوجرە» پەیدا بوو، بوو بە پۆلی وانەگوتنەوە، حوجرە، زاراوەیەک بوو بەرانبەر قوتابخانەی ئێستا لەو هەزارساڵەدا لە سەرزار و زمانی خەڵک بووە.

**«لە کوردستان، حوجرە، مەڵبەندی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بووە، بەدرێژایی مێژوو، زانایان و شاعیران و نووسەران و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد لە مزگەوت پێگەیشتوون**، ئەوە وەنەبێ تایبەتمەندی ئەو وڵاتەی ئێمە بێ، تەنانەت ئەو کاتەی ئاوڕ لە مێژووی زانکۆکانی ئەورووپا دەدەینەوە، دەبینین کە خوێندنگاکانیان سەر بە کەنیسە بوون، ئێستاش زۆر لەو زانکۆیانە، پارێزگاری لە هێندێک نەریت و دابوڕەسمی ئەوکات دەکەن، بەڵام هەر بەوە ڕازی نەبوون کە خوێندنەکان تەنیا باری ئایینی بێت و ڕاستەوخۆ هەر خزمەت بە ئایین بکات، بەڵکوو جەغزی خوێندنەکانیان فراوان کردنەوە و دوایی زانکۆ و کەنیسە و مزگەوت لێک جیا کرانەوە. لە وڵاتانی عەرەبیش هەربەو شێوەیە، زانکۆی «زەیتوونە» لە توونس و زانکۆی «ئەلئەزهەر» لە میسر لەگەڵ کۆلیژە ئایینییەکان، دەیان کۆلیژیان تێدا کراوەتەوە کە پەیوەندییان بە ئایین و مزگەوت و کەنیسەوە نییە، بەڵام لە کوردستان ئەوە بەدی نەکراوە. دەیان هۆی سیاسی هەبووە خوێندنگا بەناوبانگەکان نەگەنە ئەو ڕادە گەشە بکەن». (ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان- مەلا محەممەد عەلیاوەیی – پێشەکی دوکتۆر فوئاد مەعسووم)

ئەگەر بەپەلە بە نێو لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوو و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکەمان دا چاو بگێڕین، هەوڵ و تێکوشان و ماندوبوونی مەلا و فەقێ و کاریگەری خوێندنگاکان و قوتابخانە ئایینییەکان- حوجرە-کانمان بۆ دیار و ئاشکرا و ڕوون دەبێ کە لە ئاستێکی یەکجار بەرز و مەزن و پرشنگدار هەڵسووڕانیان بووە. دەوری ڕابەرایەتی و چاوساغیی و پێشەنگی زۆربەی هەرە زۆری بوار و لایەنە جیاجیاکانی

نێو کۆمەڵی کوردەواری، هەر لە هۆشیاری و ڕۆشنبیری و زانستی ئایینی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ڕابەرایەتی و جووڵانەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان لە ئەستۆی وان بووە.

« حوجرەکان، سەنتەرێکی زانستیی بەهێز و توانا و پڕ لە جۆش و خرۆش بوون بۆ بووژاندنەوەی پرۆژەی ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی میللی و پێگەیاندنی سەدان کەسایەتی کارامە و بەتوانا و پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا وەک زانا و ڕووناکبیر و شەرعزان و هەستیار و مێژوونووس و نووسەر و ئەدیب و پیاوانی ڕەمزیی میللی»... (زانستەشەرعییەکان، یونس پیرداودباویانی، ل٧)

بەهەڵە نەچووین ئەگەر بڵێین زۆرینەی مێژوو، کولتور و فەرهەنگی گەلەکەمان لە حوجرەکاندا سەری هەڵداوە و سەرچاوەی گرتووە، ساڵانێکی زۆر تەنیا مەڵبەند و سەنتەری زانستیی و ئاکادیمی بوون، حوجرەکان سەرچاوە و چاوگەی یەکەمی پیرۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکەمانن، گشت لا قەرزداریانین. مامۆستا هەژار دەڵێ: «ژیانی ناو فەقێیان بەڕاستی سەرنجڕاکێشە، ئەگەر کۆمەڵێکی هاوزمان و هاووڵاتی بە میللەتێک دادەنێن، بە بڕوای من فەقێ تا نەبوونەتە مەلا، میللەتێکی سەربەخۆن. (چێشتی مجێور، ل ٢٨)

فەقێ بە هەموو ئەو کەسانە گوتراوە لە مزگەوت یان حوجرە دەیانخوێند، بێ ڕەچاوکردنی پلەیان، کە ئەوانیش لە ناو خۆیاندا چەند قۆناخی وەک سوختە و موستەعیدیان هەبوو. فەقێ دوای تەواوکردنی خوێندن «ئیجازە»ی پێدەدرا، وەک ئەوڕۆکە خوێندکار لە زانکۆ دەردەچێ لیسانس(بەکالۆریۆس) وەردەگرێ، لەوسەردەمەدا باری خوێندن لە سەرشانی مەلا و فەقێیەکان بوو، ئەوان تاقمی ڕووناکبیری ناو نەتەوەی کورد بوون.

قوتابی حوجرە لە سەرەتا فێری ئەلفبێی عەرەبی دەبوو، دواتر قورئانی خەتم دەکرد، پاشان ئەو زانستانەی پێوەندییان بە قورئان و ئایینی ئیسلامەوەیە وەکوو تەفسیر و حەدیس و شەرع و مەنتیق و بیرکاری و ڕێزمانی عەرەبی «صرف و نحو» یان دەخوێند، لە پاڵ ئەوانە زمان و ئەدەبی فارسییان دەخوێند، شیعری سەعدی و حافز، پایەیەکی بەرزیان هەبوو، هەروا خەمسەی نیزامی و مەسنەوی جەلالەددین ڕۆمی و عەتتار و جامیان دەخوێند. « جەمیل ڕۆژبەیانی» پلەی سەرەتایی و سوختەیی بەرانبەر بە پلەی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوندی میری دادەنێ، پلەی موستەعیدی بەرانبەر بە پلەی قوتابخانەی ئامادەیی و پلەی سەرەتای زانستگا دادەنێ. (مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، ل٨٠، مارف خەزنەدار)

دەبێ ئەوە بزانین لەو ڕۆژەوە کە قوتابخانەی ئایینی ئیسلام لە خاکی کوردەواری پەیدا بووە، فێرکردنی «تەقریر»ە زانستەییەکان لە سەرەتاوە بە زمانی کوردی بوو، بەڵام زمانی قسەکردن، مەلا هەموو وانە و دەرسەکانی بەو زمانە کوردییە گوتوتەوە، ئەوەی قسەی پێ کردووە، ئەوە هەر چەند زمانێکی کوردی- عەرەبی ئامێزی تێکشکاوی تایبەتی بوو. (پێشوو، ل٨٠)

سیستەمی خوێندنی فەقێیەتی لە مزگەوت و حوجرەدا وەنەبێ یاسایەکی نووسراوی هەبووبێت، خوێندکار پابەندی بێ، ئەگەر لە تاقیکردنەوە دەرنەچوو، لە قوتابخانە کە وەدەر بندرێ، دوور بخرێتەوە، بەڵام نەریتی خۆی هەبوو کە ڕەچاو دەکرا، گەییشتبووە ئاستی یاسا، بێ ئەوەی دەسەڵاتێک هەبێ ئەو یاسایە جێبەجێ بکات. (ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان- مەلا محەممەد عەلیاوەیی – پێشەکی دوکتۆر فوئاد مەعسووم)

خوێندنی مەلایەتی، وردەکاری و قووڵییەکی زۆری تێدا بوو، وەنەبێ فەقێ هەر لەوەندە بوەستێ دانەری کتێب وای گوتووە و بیسەلمێنێ، دەبا بزانێ بۆ وای گوتووە، بۆچوونی تر لەم مەسەلەیەدا چییە و بەڵگەیان چییە؟ کاتێک بابەتەکە پەیوەندی بە گرامێرەوە بووە یاخود شەریعە، یان بەلاغە، دەگۆڕا و دەبووە بابەتێکی «منطق» و فەلسەفە، بەتایبەتی لۆجیکی ئەرەستوو بەسەر هەموو زانستەکاندا زاڵ بوو، ئەو کاتەی بابەتی لێکۆڵینەوە دەگەییشتە خودی مەنتیق و فەلسەفە، دەکەوتنە دەریایەکی بێ قەراغ، بە گشتی مەلای کوردەواری ناسراوە کە لە بواری زانیارییە عەقڵییەکان زیرەک و شارەزا و بەئاگا و لێهاتوون. (ژیانی فەقێیەتی لە کوردستان، ل. ج)

هەرلەو بوارەدا کتێبی « مفصل قاموس فلسفە» بەرهەمی نووسەری تورک « ڕەزا تۆفیق» دەنووسێت: « زانستەکانی فەلسەفە لە ڕێی فەقێیەکانی کوردی کوردستانەوە لە تورکیا ژیاونەوە». (حاجی قادری کۆیی، ب١، ل١٩٠، وەرگێراوە لە « میزان الحق» ی «حاجی خەلیفە»)

مامۆستا هەژار نووسیویەتی: «بابم مەلا بووە، بەچکە سۆنە لە سەرەتی مەلە فێر بێ... بە پێنج ساڵی پێم خوێندراوە و دوای سیپارە و باغەبان و یاقیدە و سوڵتان جومجومە و سەنگتراش و چەند وردە کتێبی دیکە ناردراومە سوختەخانە و لەوێوە چوومە مزگەوت و بوومە فەقێ و گولستان و بووستان و سەرف و نەحوی عارەبیشم مل لێ ناوە و بۆ دەقنە دەرگام کوتاون و بۆ ڕاتوە گوندان گەڕاوم و زۆر مامۆستا و زۆر فێرگەم ئاڵوگۆڕ کردوون و بە هیوا بووم: ببمە مەلا و جێی باپیران بگرمەوە». (شەرەفنامە، ل٨٣٤)

هێمن موکریانی لە پێشەکی نالی دا نووسیویەتی: «ئەو سەردەمە کە وەک سوختەیەکی نەزان لە خانەقای شێخی بورهان بووم، دەمدی مەلا زاناکان و موستەعیدە باشەکان لە سەر شیعری نالی دەڕۆن، ئەگەر نیوە خوێندەواری وەک منیان بۆ حاڵی نەبووبا، هیچ نەبێ سەرنجیان بۆ لای مەلە لەو دەریا مەند و بێ بەستێنە ڕادەکێشا...». (دیوان نالی، پێشەکی هێمن، انتشارات صلاح الدین ایوبی)

بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی ئایینی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی هێندێک جیاوازی تێدا بوو، ئەو ناوچانەی سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوون یان ئەو ناوچانەی سەر بە دەوڵەتی ئێران بوون یان ئەو ناوچانەی سەر بە دیالێکتی گۆران بوون، بەڵام بە تێکڕایی دەتوانین بڵێین ئەوکتێبانەی لە حوجرەکانی کوردستان دەخوێندران، «بە تەرتیبی خوێندن» بەو چەشنەی خوارە بوون:

١- تصریف الزنجانی ٢- عوامل الجرجانی ٣- انموذج ٤- الاظهار، یان الصمدیە یان الهدایە ٥- تصریف ملاعلی یان شرح التصریف للتفتازانی ٦- الاستعارە ٧- رسالةالوضع ٨- شرح الجامی یان الکافیە ٩- البهجةالمرضیە، المسماةبالسیوطی ١٠- شرح النظام یان سید عبداللەصرفی ١١- «مغنی الطلاب و ملتقطە (یەکێکیان) ١٢- الحاشە الملاعبداللە یزدی

١٣- شرح العقايدالنسفى يان رسالة التوحيد ١٤- گلنبوى آداب ١٥- المعقولات ١٦- مختصرالمعانى يان مطول ١٧- جمع الجوامع يان المستصفى للغزالى، لەودوايانەدا « الوجيز»ى دوكتۆر عەبدولكەريم زەيدان و«اصول الفقةالاسلامى» الدكتوروهبة الزحيلى ١٨- تهذيب الكلام ١٩- سبزوارى ٢٠- خلاصةالحساب و الهندسەواشكال التاسيس ٢١- تشريح الافلاک و اسطرلاب و ربعين. بابەتی ئەو كتێبانە، «دوازدە عیلم» بوو، واتە ئەو فەقێیانەی ئەو كتێبانەیان دەخوێند، بە مەلای دوازدە عیلم دەناسران، ئەو دوازدە عیلمە ئەوانە بوون: ١- نەحو ٢- سەرف ٣- بەلاغە ٤- فیقە ٥- ئوسوولی فیقە٦- مەنتیق ٧- ئاداب ٨- كەلام ٩- فەلسەفە ١٠- بیركاری ١١- هەیئەت ١٢- فیقە ولوغە (مێژووی زانایان، ل٦٧)

كوردستان بە شێوەیەكی گشتی، پڕ بووە لە مەدرەسە و زانای گەورە و ناودار كە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامییەوە ڕوویان تێ كردووە، دوكتۆرفوئاد مەعسووم نووسیویەتی: « لە باوكم بیستووە كە خۆی (لە پێش جەنگی یەكەمی جیهانی) لە مەدرەسەی باوكی (مەلا خدری هەورامی) لە كۆڕی دەرس فەقێی دیوە لە (بوخارا و سەمەرقەند)ەوە هاتوون بۆ خوێندن، واتە فەقێ بە ئازادی هاتوچۆی كردووە و بە ئازادی شوێنی خوێندنی خۆی هەڵبژاردووە و ئازادیش بووە لەوەی چ دەخوێنێ، بە مەرجێ مامۆستاكەی ڕازی بێ، مەلای كورد گەییشتۆتە(شانگهای) لە چین و بوخارا و سەمەرقەند و مەراكش و ئەفریقا، جگە لە میسر و شام و حیجاز و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (دوكتۆر فوئاد مەعسووم، ل،ج)

هەزاران مەلای زانا و بەناوبانگ و مەدرەسەی پڕ لە فەقێ لە كوردستان دا بووە، لاپەڕەكانی مێژوو، شاهیدی ئەوەن كە ئەو سەردەمە كوردستان لە چ ئاستێكی پێشكەوتندا بووە بەپێی ئەو سەردەمە، بەڵام ئەوەی نابێ لە بیر بچێ، فەقێ و مەلای كوردەواری لە پێناوخوێندن زۆر بە سەختی ژیانیان بەسەر بردووە و لە شوێنی خۆیان و كەسوكاریان دوور كەوتوونەوە، دوكتۆر فوئاد مەعسووم لەوبارەوە دەڵێ: هەرلە بابم بیستووە، ئەویش لە باوكی كە بۆی گێڕاوەتەوە، جار هەبووە فەقێ شەش مانگ تامی گۆشتیان نەكردووە، سەفەری شاریان كردووە بۆ ئەوەی چەند جارێك بە بەردەم كەبابخانەدا بێن و بڕۆن، بەڵكوو بە بۆنی كەبابەكە سۆ و تامەزرۆیان بشكێ، چونكە پارەی نان و كەبابێكیان نەبووە بیكڕن و بیخۆن».

مەلاكان و فەقێكان، ڕۆڵێكی پۆزەتیڤ«ایجابى» و لەبەرچاویان هەبووە لە بونیاتنانی كۆمەڵگای كوردەواری، مامۆستا مەسعوود محەممەد نووسیویەتی: « كوردی ئێران لە سایەی تێكۆشانی مەلا كوردەكانی ئێران دەگەڵ ئەوە لە ئێران ژیاون و سەر بە دەسەڵاتی ئێران بوون، هەربە سوننی شافیعی ماونەوە. (حاجی قادری كۆیی، مەسعوود محەممەد، ب١، ل١٧٤)

مامۆستا محەممەد مەلا كەریم نووسیویەتی: « لە كاتێكدا كە كوردستان tرووسكەی ڕووناكی تێدا دیار نەبوو، باری خوێندن لەسەرشانی مەلا و فەقێكان بوو، ئەوان تاقمی ڕووناكبیری ناو نەتەوەی كوردبوون (. (حاجی قادری كۆیی، حەمەی مەلا كەریم، ل٣٥)

لە دواییدا دەڵێین:دەرچووانی ئەوناوەندە-حوجرە- زانا و مامۆستایان، دەوری پێشەوایی نێو كۆمەڵگایان دیوە و خوو و خەسڵەتی بەرزی برایەتی و تەبایی و لێبوردەیی و هاوكاری و دڵسۆزییان وەبرەو خستووە. جا دوای ئەو درێژدادڕی و توول تەفسیلە، بڕیاری یەكێك لە خوێندكارانی حوجرەكە بە پلەی دوكتۆری گەییوە، تا پلەی كۆمەڵایەتی و ناو و نان و شۆرەت پەیدا بكا، ڕەنگە بۆ خوێنەری ئەو بابەتە هێندێك سەیر و سەمەرە بێ كە دەڵێ: « ئەوەی زۆربەی خوێندەوارەكانی كورد، پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام تا سەرەتای چەرخی١٤ی كۆچی فێری بوون، ئامرازی نان و پلەی كۆمەڵایەتی پەیداكردن و ناو و شۆرەت بووە و لەو ڕۆژگارانەدا، لە كۆمەڵێكی دواكەوتووی دەرەبەگایەتی دا نرخی هەبووە، هەر بۆیە وەدووی كەوتوون و برەویان پێ داوە و زەحمەتیان تێدا كێشاوە. (دوكتۆر حوسێن خەلیقی، كۆمەڵناسی كوردەواری، بەرگی یەكەم، ل٣٠٢)

لە جوابی دوكتۆردا پێویستە بڵێین: جەنابی دوكتۆر! كوجا مەرحەبا!

ئەو چەند پیت و لەتەی لە حوجرەكانی كوردستان خوێندووتە، تۆی گەیاندووتە پلەی دوكتۆری و مامۆستای زانستگا !!

ساڵیانی ساڵ لە نێو كۆمەڵگای كوردەواری لە گەرمێن و كوێستان-هەتا سەد ساڵ پێش ئێستا- ڕێوشوێن بەوشێوە بوو هەربنەماڵەیەک، دەستڕۆییشتوو یان دەستكورت، كوڕێكی خۆی ناردۆتە حوجرە بە نێوی «فەقێ»، زمانی عەرەبی و زانستی ئایینی و یاسا ئیسلامییەكان «فیقهـ »ی پێ خوێندووە، هێندێك بابەت وەک كەلامی ئیسلامی یان فەلسەفەی بڕیارەكان و بەڵگەهێنانەوەی بڕواكان فێر بووە، تەنانەت بنەماڵەی وا بووە چوار-پێنج كوڕی وەبەرخوێندنی ئایینی ناوە، دوای تەواوكردنی ئەو زانستانە، خزمەتی كۆمەڵگای ئەوكاتیان كردووە. دەگەڵ ئەوە، ژیان و بەڕێوەچوونی ئەو گەلە هاوڕێی هەژاری و دەسكورتی بووە و داهاتی ژیانیان لەسەر بناغەی ئاژەڵداری و كشتوكاڵ تێپەڕاندووە، لەسەرئەو حاڵەش خزمەتی مەلا و حوجرەكانیان هاویشتۆتە سەرشانی خۆیان و لە دەوڵەت بێ منەت بوون، بۆ ڕاگیركردنی حوجرەكان و دابینكردنی ژیانی فەقێیەكانیش لەوسەردەمەدا كە زۆربەیان چینی هەژاربوون، خۆیان لە خوێندن هەڵكردووە، ئازایانە چوونە نێو خوێندنی ئایینی، مەلای چاک و زانا و توانا و فارسیزان و عەرەبیزان و كوردیزان و قەڵەمداریان لێ هەڵكەوتووە و لە ڕێی « تدريس و وعظ و تبليغ » ئازایانە خزمەتیان كردووە.

بەڵام دوای شەڕی جیهانیی هەوەڵ (١٩١٤-١٩١٨)، بە تایبەت دوای شەڕی دووهەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، وردە وردە ژیانی لادێیەكانی كوردستان زیاتر لە جاران تووشی دەسكورتی و نەهامەتی هات، هەر لەبەر ئەوە، خەرج و بەرجی حوجرە و مەلا و فەقێیەكانیان بۆ دابین نەدەكرا، دیارە دەسەڵاتیش قەت ئاوڕی لە حوجرەكانی كوردستان نەداوەتەوە. هەر لەبەر ئەوە گەڕی خوێندن لە حوجرەكانی كوردستان تا ڕادەیەک شل بووە.

مامۆستا هەژار لە پێشەكی «قانون در طب» دا نووسیویەتی: « ما (فەقێ) ها بايستى هر روز بعد از نماز عصر در خانەهاى مسلمانان روستايى را بكوبيم و صداى بلند سر دهيم (نانی فەقێ ڕەحمەتی خوداو لێ بێ)». بەو جۆرە بێ معاش و مووچە و پانسێون و لایەنگری دەسەڵات

ژیانی فەقێ بەڕێوە چووە، زۆر مەلای کورد دەگەڵ ئەوە تەفسیری بەیزاوی و جەمع و لجەوامیع و موتەوەلیان بێ کتێب بە دەرس دەگوتەوە بەڵام بۆ نانی شەو موحتاج بوون، دایم و دەرهەم لەگەڵ کێشەی ژیان و داهاتی گوزەران و خۆبەڕێوەبردن لە ململانێ دابوون، هەتا ئەورۆش ئەو گرفتە هەر درێژەی هەیە، بەپێچەوانەی خوێندەواری شیعە کە لە ڕێی وەرگرتنی بەشی ئیمام و داهاتی خومس، ژیان و گوزەرانێکی تەواویان بۆ دابین دەکرێ، مەلا و فەقێی کورد بەداخەوە هەر چاولەدەست و ئاتاجی دەستی خەڵک بوون.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، خوێندنی مزگەوت ڕووی لە کزی کرد، دواتر ئەو کزی و لاوازییە پتر بوو، بەتایبەت دوای «چاکسازی لە زەوی و زار» لە ئێران لە چلەکاندا خوێندنی مەلا و فەقێ بەرەو نەمان ڕۆییشت، زۆربەی هەرە زۆری دەرکی حوجرەکان داخران، لە عێراق هەر بەو شێوە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ خوێندنی مەلا و فەقێ کوردەکان کەوتە کزی و لاوازی، بەڵام دەوڵەتی عێراق لەو سەردەمەدا بۆ خوێندەوارە ئایینییەکان دەورەی کردەوە، بەو جۆرە مەلا و فەقێیەکی زۆر، پاش دەرچوونیان لە تاقیکاری، کران بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەرەتایی میری و لە مەلایەتی دابڕان، ئەوە لەلایەک باش بوو بۆ ئیدارە و گوزەران کردن، لە لایەکیش خراپ بوو کە وا مەلا و فەقێ کەم بوونەوە. (عەلیاوەیی، ل١٠)

دیارە لە کوردستانی تورکیا هەر لە سەردەمی هاتنە سەرکاری ئەتاتورک، واتە ئەو کاتەی بەسەر کوردستان دا زاڵ بوون، دەرکی حوجرەکان داخران و فەقێ و مەلای کورد پەرەوازە بوون. هەر لەبەر ئەو هەلومەرجە لە کوردستانی ئێران زۆربەی زانایانی ئایینی بەپێچەوانەی ویست و داخوازی خۆیان لە تاقیکاری «مودەڕیسی» هاوبەشیان کرد و بڕوانامەی بەرانبەری «دیپلم» یان وەرگرت، ئەو بڕوانامەیە بۆ ڕزگاربوون لە سەربازیی و دامەزران لە ئیدارەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا، لەو ڕێیە زۆربەی مامۆستا ئایینییەکان بە نێوی مامۆستای قوتابخانە دامەزران و لە چنگ مەلایەتی ڕزگاریان هات، هێندێکیان دوای ئەوە، ڕوویان لە کۆلێژی زانستە دینییەکان کرد کە ئەوکاتە نێوی «دانشکدە علوم معقول ومنقول» بوو، خوێندنی ئەوێیان تەواوکرد، دوای تێپەڕاندنی چەند وانە لە دەرسی ماف، ئیجازەیان دان لە «وزارت دادگستری» دامەزرێن و خەریکی ئەرک و کاری یاسایی و مافەوانی بن. تەنانەت دوای خانەنشینی سەرقاڵی کاری وەکالت بوون، هێندێکیان بوونە سەردەفتەری «ئەسناد و ئەملاک» (علماودانشمندان کردستان درصدسال اخیر سید عبدالمجید سجادی، ص١٢، ناشر آراس١٣٩١)

بەو جۆرە مەلا و فەقێیەکانی کوردستان پەرەوازە و پەرەم پەرەم بوون، هەر یەک بۆ لایەک بە دوای ژیان و نان دا وێڵ بوون، تێکۆشان و زەحمەتی خوێندنی «صرف ونحو» یان «صرف و محو» بوو، بەو شێوەیە هێز و توانای زانستی ئەو چینە ڕووی لە کزی نا، ئەورۆ فەقێیەتی تاک و تەرا لە هێندێک شوێن ماوە، بەڵام ئەویش هەر بە ناوە و ناوەڕۆکی نییە، نە ئەو مامۆستایانە ماون، نە ئەو خوێندکارە لەخۆبردووانەی مەبەستیان تەنیا هەر خزمەت و فێربوونی عیلم بێ.

**لەو هەموو زانایانەی کە سەردەمێک هۆی شانازی گەلی کورد بوون، ئەورۆ لە تەواوی کوردستان دا بەقەد قامکی دەست زانای ئایینی خاوەن زانست و بەهەڵوێست نابیندرێ، دەگەڵ ئەوە مزگەوتەکانی کوردستان ئەورۆ هەموو مەلای پێشنوێژیان هەیە، بەڵام قەت ناتوانن جێی «قزڵجی و پێنجوێنی و قەرەداغی و پیرەباب و شەفیعی و وەلزی»یەکان لە موکریان بگرنەوە.**

نووسەری ئەو وتارە لە بابەتێک دا هۆی شلبوونەوەی گەڕی خوێندن و داخرانی دەرکی «حوجرەکانی موکریان»ی بەو شێوەیە دەستنیشان کردووە:

١ – یەکەم هۆی شلبوونەوەی گەڕی خوێندنی ئایینی لە کوردستان نەبوونی پشتیوانی ماڵی و دابەزینی داهاتی خاوەن ملکەکان بوو، کە لەو کاتەدا زۆربەی ئەرکی دابینکردنی حوجرە و مەدرەسەکان لەسەر ئەستۆی وان بوو، بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕەی دەسەڵاتی پەهلەوی ساڵی (٤١)ی هەتاوی بەنێوی شۆڕشی سپی و «چاکسازی لە زەوی و زار» لە ترسی پەرەساندنی مەرامی کۆمۆنیستی بەڕێوەی برد – هەرچەند قازانجی زۆربەی خەڵکی تێدا بوو – بەڵام ژیانی خاوەن ملکەکان کەوتە لێژی و هەژاری و دەسکورتی، ئەو ڕەوتە بوو بە هۆی ئەوە ئاوڕدانەوەی ئەو خاوەن ملکانە لە مەلا و حوجرەکانی کوردستان لە ئێران دوایی پێ هات، چینی وەرزێر کە لەو کاتەدا نەبووژابوونەوە، داهاتیان دەرەقەتی دابینکردنی ژیانی مەلا و فەقێ و مەدرەسە نەدەهات واتە ئەو ئەرکەیان بەتەنیا بۆ جێبەجێ نەدەکرا.

٢– برەوپەیداکردنی خوێندن لە قوتابخانەکانی میری بەشێوەی نوێ و دابینکردنی مامۆستا و مەدرەسە و کورسی و تەختەڕەشە و پێدانی بڕوانامە و دواتریش نامەی پسپۆڕی بۆ دامەزراندن لە فەرمانگە و یانەی میری، ئەو ڕەوتە ببووە هۆی تامەزرۆیی بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی خوێندکاری بە بێ بایەخدان بە فێربوونی زانستێک بە زاراوەی ئێرانییەکان «مدرک گرایی» بوو بە هۆی بێرمێنبوون و شلبوونەوەی گەڕی خوێندن لە مەدرەسەکانی ئایینی، ئەوجار چاوەڕوان نەدەکرا لەو حوجرانە زانای وەک «ابن الرسول و مفتی زهاوی و ملاعلی قزلجی و ملاعبدالله پیرەباب و ملاعبدالله ولزی» هەڵکەون، خوێندکاری ئایینی بە بێ ئەوە دابمەزرێت و مووچە و برپەی بۆ دابین بکرێ، ئەرکی قورس و گرانی خوێندنی حوجرە درێژە پێ بدات.

٣– هەڵمەت و پرپێدانی دەسەڵات بۆ حوجرەکان و ڕاوەدوونانی فەقێیەکان بە لایەنگری لە کوردایەتی، ئەو کەشوهەوایە ببووە هۆی ئەوە سەدان مەلا و فەقێی کورد وەک مەلا ئاوارە و مەلا زەنگە و سەدان مەلای تر لە لایەن ساواکەوە دەستبەسەر بکرێن و تەنانەت بکوژرێن و دوور بخرێنەوە، ئەو کاتە حوجرەکان بنکەی خوێندن و بیرکردنەوە لە کوردستان بوون، دەسەڵات ترسی تەواوی لێیان هەبوو و بە چاوی ئەمنییەتی دەیڕوانییە حوجرەکان.

٤– دەگەڵ تەواوی ئەوانە، پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستی کە لەو کاتەدا بە نێوی توودەگەری خۆی دەنواند، بیر و زەینی چینی خوێندەواری ئاسایی ئاڵوگۆر کردبوو، ئەو هۆیە هەرچەند هۆی بنەڕەتی نەبوو بەڵام لە شلبوونەوەی ڕەوتی خوێندن لە حوجرەکان شوێنی هەبوو.



# هەڵوێست و کاردانەوەکان لە هەمبەر پەیکەرەکەی

## مامۆستای حەیرانبێژ «خدر قادری»

**حاجی عەبدوڵڵا حەمزە ـ سەردەشت**



هەر گەلێک، بۆ ناسینی خۆی و ناساندنی خۆی بە نەوەکانی نوێ و داهاتوو و گەلانی دیکە، پێویستە سەرەڕای پاراستنی زمان و دابونەریت و کولتوور و نیشتمان و بەرهەمی هزر و دەستی ڕۆڵەکانی، هێندێک هێمای تایبەتی هەن کە دەبێت بیانپارێزێت.

زۆر شت هەن کە هێمان و زۆر کەسایەتی و ئامێر و ئامراز و کەرەستە و داهێنان و نووسین و دەنگ و ڕەنگیش هەن، بە پێی پێداویستی و کەڵک و شوێندانەرییان لە سەر ژیان و فەرهەنگ و زمان و مێژوو و تێکۆشانی گەلان، بە هێما هەژمار دەکرێن. هونەرمەند و ئاڵا و سروود و بەرگی تایبەتی گەلێک، هێما هەژمار دەکرێن.

مامۆستا «خلە دەرزی»، وەک هێمای حەیرانبێژێکی ڕەسەن و دەنگخۆش، لە لایەن نەتەوەی کوردەوە هەژمار کراوە و دانیشتووانی شارەکەی مام خدریش، وەک هەموو گەلانی دیکە مافی خۆیانە، پەیکەری مامۆستا خدر قادری، وەک هێمای دەنگخۆشیی و هەڵگر و پارێزەری بەشێکی گرینگ لە مۆسیقا و ئاوازی ڕەسەنی خۆیان، لە شوێنێکی بەرچاوی شارەکەیان بچەقێنن و هەموو ڕۆژێک خەڵکی شار بە چاوی کەسایەتییەکی دیاری بواری چاندی نەتەوەکەیان و میوانانیش، وەک هێمای هونەرمەندی گەلێک، چاوی تێهەڵەنگوێن.

لە هەموو نیشتمان و شار و شوێنێک، بێجگە لە تێکڕای گەل، ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان، فەرمانگەکانی دەستەڵاتی خۆجێیی، بە تایبەت شارەوانی و ئەنجوومەنی شار، ئەرکیانە بۆ ناساندن و یادکردنەوە و زەقکردنەوەی کەسایەتییە ناودار و شوێندانەرەکان، لە شوێنە گشتییەکاندا، پەیکەریان بۆ چێ بکەن و بیخەنە بەر دید و سەرنجی خەڵکی شار و میوان و ڕێبوار و گەشتیاران و تێچووی سازکردن و پاراستنیان، بۆ دابین بکەن.

ئەو ڕۆژانە، ئەنجوومەنی شار و فەرمانگەی شارەوانی و فەرمانگە بەرپرسەکانی ئەو بوارانەی سەردەشت، قۆڵیان بۆ سازکردنی پەیکەری هونەرمەند « حاجی خدر قادری»، هەڵماڵیوە و بە پەنجە سیحراوییەکانی پەیکەرتاشی کورد، «هادی زیائەدینی»، خەریکە ئەو پرۆژەیە تەواو دەبێ و دێتە واری جێبەجێ کردن و دانان؛ بەڵام، سەرەڕای ئەو هەموو گیر و گرفت و بەرهەڵستییانە و نەبوونی دارایی پێویست بۆ تێچووی سازکرنی ئەم پەیکەرە؛ چەندە زۆرن ئەوانەی حەپەساون و ئەنگوست دەگەزن و لەپی دەست لە ئەژنۆیان دەدەن و چاپۆکان بەخۆدا دەدەن و بە بێ ئەوەی چیان لە دەست هاتبێت یا چیان لە دەست بێت و بێ ئەوەی پێشتر هەواڵی سازکردنی ئەو پەیکەرەیان زانیبێت، بەردان هەڵداوێن و خۆ هەڕ و گیف دەکەن و هەزاران قسەڵۆکی بێ نێوەڕۆک و ناپەیوەند و نەشیاو، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسن و دەڵێن:

١- لەو قاتوقڕییەدا، کوا کاتی سازکردنی پەیکەر بوو؟

٢- بۆ ناچن پارە و دەفر و تووڕەکێکی خواردن و بەرەشێوی بۆ بەرن؟

٣- بۆچی هەر بۆ ئەو، پەیکەر ساز دەکرێت و بۆ کەسانی دیکە نییە؟

٤- بۆ لە فلان شەقام و مەیدان و فولکە، دایدەنێن و لە شوێنێ نزیک ماڵەکەی خۆی یان ناوەندی شار دایانانێن؟

٥- بۆچی دەستەڵاتی سازکرنی پەیکەرەکەیان نەداوەتە خەڵکی ئاسایی یان هونەرمەندانی شار و ڕێکخراوە مەدەنییەکان؟

٦- بۆچی شێوەی پەیکەرەکە لە شێوەی ڕاستەقینەی مام خدر ناچێت؟

و هەزاران پرسیار و گلەیی و گازندەی دیکە... !

هەرکەس و هەر فەرمانگە و ڕێکخراو و ئەنجوومەن و کەسایەتییەکی سەردەشت و شار و شوێنەکانی دیکە، لە بیرۆکەی سازکردن، تا هەر جۆرە چالاکییەکی هزری و کردەیی و دارایی و ڕێکخستنی ئیداری و وەرگرتنی ئیجازەی سازکردنی پەیکەری مام خدر، بەشدار بوون و ئێستاش بەشدارن، دەستی ماندووییان دەگوشین و هەست و هەڵوێستیان بەرز دەنرخێنین و هەوڵی تێکدەرانە و نابەرپرسانەی کەسانێک کە ئاگا و نائاگا، دژی سازکردنی پرۆژەکە وەستاون یان خوازیاری شێواندن و بەلارێدابردنی ئەو پرۆژەیەن، شەرمەزار دەکەین.

بەو هیوایە، هەموومان بەرپرسانە، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ژنان و پیاوانی شوێندانەری گەلەکەمان، بە تایبەت ئەدیبان و وێژەوانان و هونەرمەندان، چالاکانە تێبکۆشین.



حسەین شێربەگی - بۆکان

# ئاگرە گڕەی خۆمانە

که جوان تەماشات دەکرد، دیمەنێکی گشتی شارەکە و بارودۆخەکەت لێ حاڵی دەبوو، شەقام ساردوسڕ و کۆڵان بەستەڵەک و هەردووکیان برێ چۆڵ و کەم هاتوچۆ. جاروبار کەسێک، یان کەسانێک هاتوچۆیان بوو، بەڵام وەک سێبەر، وەک کابووس؛ تارمایی بۆر و ڕەش و کەس خۆی لە کەس نەدەگەیاند. ڕەنگە لە سووچێکی دڵی تاقەولۆقەیەک لەم ڕێبوارانەدا، چاوەڕوانییەک بووبێ، بەڵام بچووک و نادیار و شاراوە...

ئەو ڕۆژەی کیژ و کوڕێکی گەنج، هەرکام بە کۆڵەیەک چیلکەوچاڵەوە لە سەرەتای کۆڵانەکەوە دەرکەوتن، بە هۆیەکی نادیارەوە دەتوت هەوا برێک گۆڕاوە، کوڕە گەنجەکە جیا بۆوە و ڕۆیی، کیژۆڵە، کۆڵەی چڕوچیلکە و بابەتی ئاگرکردنەوە بە دەست و کۆڵیەوە، بە کۆڵانەکەدا شۆڕ بۆوە. کار و شوێنی خۆی پێدەزانی. کیژ برێ لە دەرکوبان و کۆڵانی دەڕوانی! برێ ورد دەبۆوە! کەسەکەش، ئەو کەسەی هیوای پێی بوو، ئەویشی دەستنیشان کردبوو. کیژ هەروا بە لارولەنجەوە، بزەیەکیش لە سەر لێو، بە کۆڵانەکەدا دەخوشی، لە بەر درگای هەر ماڵێک برێ لە چیلکەوچاڵەکەی دادەنا، لە زەنگی درگاکەی دەدا و تێپەڕ دەبوو. گەییشتە حاندی دەرگا و دیوارێکی یەکپارچە سەوز.

دەرگا سەوز و دیوارەکە سەوز و دار و درەختی نێو حەساری ماڵەکەش لە سەر دیوارەکەوە بە دیارەوە بوون، هەموو سەوز بوون. دەرگا سەوز و چوارتاییەکەی ئەو ماڵە کرابۆوە، کوڕە گەنجێک لە بەردەم دەرگا کراوەکەدا ڕاوەستابوو؛ لە دڵەکوتەدا بوو. چاوی لە کیژەکە بوو کە هەروا دەهاتە پێشەوە و هەروا چڕوچیلکەی بە بەردەم دەرگاکان دابەش دەکرد. کوڕە سەیر دەیڕوانییە کیژەکە. بزەیەک؟ زەردەیەک؟ گنج و لۆچێک؟ ناخی هەژابوو: بڵێی؟... نەڵێی؟...

کیژ گەییشتە حاندی گەنجەکە، خاشخاشکە سوورە بوون کولمە و تەوێڵی ئەو کیژە، ئەستێرەگەشە بوون چاوەکانی کیژی چیلکەوچاڵ بەکۆڵ، کیژ گەییشتە حاندی گەنجەکە و ئەستێرە گەشەکانی کەوتنە ترووسکەترووسک، ڕوو بە گەنجەکە ترووکاندی کیژەکە. بزەیەکی شیرینیش گوڵەباخی ڕوخساری پشکواند و... تێپەڕی و ڕەت بوو لەو دەرکە کیژەکە...

گەنجەکە بەرەو کیژ وەرسووڕا و سەرنجی کیژی دا و چووە ماڵی فیکرەوە: ئەوە بۆ؟ یانی؟ چۆن؟... یانی!... بۆچی؟

لە بەرەڕووڕا دەهات، بەرەو سەرەتای کۆڵان دەگەڕاوە، ئەو کوڕە گەنجەی یەکەم؛ ئەوەی هەڤاڵی کیژۆڵەکە بوو، لە سەرەتای دەرکەوتنیان لەم کۆڵانەدا. کوڕە گەنجەکە بەرەو سەرەتای کۆڵانەکە دەڕۆیی و لە حاندی هەر دەرگایەک، لە بن هەر چڕوچیلکەیەکی بەر دەرگاکان، دەستەچیلکەیەکی دادەنا و تێپەڕ دەبوو، نا تێپەڕ نەدەبوو، زەنگی دەرگاکانی لێدەدا و لە پاشان دەڕۆی...

ناخی هەژابوو کوڕە گەنجی بەردەرگا سەوزەکە، حەوت، حەڤدە، هەزار و حەوت پرسیار لە ناخیدا قوت ببوونەوە ئەو گەنجە. وەشوێن کیژەکە کەوت، بە شوێنیدا دەڕۆیی، زۆر ڕۆییشتن، بە دوای کیژدا هەر دەڕۆیی ئەو گەنجە، هەر بە شوێنیدا دەڕۆیی، هەر. هەر...

کیژیش هەر دەڕۆیی و ئاوڕی نەدەدایەوە! ئاوڕی نەدەدایەوە؟ با، با... جاروبارە بوو، برێ بە نهێنی! بە نێو ئاپۆڕەی خەڵکدا دەڕۆی کیژۆڵە، هەروا دەڕۆیی و دەست و شان و لاق و لەشی لە گیانی خەڵکێکی زۆر دەکەوت، کیژۆڵە. کوڕە گەنجیش هەر بە شوێنیەوە بوو... بە شوێنیەوە...

بەڵام تا ئاخر نا! گەڕاوە کوڕە گەنجەکە! ماندوو ببوو؟... سەرمای بوو؟... چەقوچۆی چی لەشی داگرت؟ بە هەمان ڕێگەی خۆیدا گەڕایەوە کوڕە گەنجەکە... گەییشتەوە کۆڵانی خۆیان، ڕۆییشتەوە ماڵەوە کوڕەکە. دەرگای داخست؟...

بەڵام کیژ زۆر ڕۆیی، زۆر گەڕا، زۆر کۆڵان و شۆستە و شەقام و مەیدان. ئەمجار گەڕایەوە، گەڕایەوە بۆ هەمان یەکەم کۆڵان. کیژەکە بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیی.

بلێی هەمان کیژ بێ؟ هەمان ئەو کیژەی جاری پێشوو؟ بە لارولەنجە بەرەو پێشەوە دەڕۆیی کیژۆڵە، لارولەنجەی ئاسکە سلێک، بە ڕەوتی کەو! دەم بە قاسپە!... نەرمونیان!... وەک شنەی بەیان؟ ئەمجار دەستەچیلە بە باوەشەوە، لە چروچیلکەی بەر دەرگاکانی دەڕوانی و لە ژێر هەر کۆما چروچیلکەیەک، دەستەچیلەیەکی دادەنا. دەوەنێکی گوڵەباخ بوو ئەو کیژە. هەر تاقە دەوەنێک؟ نەوەڵڵا کۆمەڵە دەوەنێک بە هەزاران گوڵەباخی سوور و گەشەوە. تەواوی لەشولاری گوڵ و گەڵا بوو، گوڵ و گەڵای گوڵەباخ. لارولەنجەی شنەیەکی بلاوێن بوو و عەتر و گوڵاوی بڵاو دەکردەوە. هەوای کۆن تەواو گۆڕابوو، شنەیەکی فێنک و عەتراوی و بلاوێن...

کیژ گەیشتەوە حاندی درگا سەوزەکە. هەڵوێستەیەکی کرد، ورد بۆوە، ماتڵ نەما، دەرگای پاڵ پێوەنا و خۆی بە حەساری ماڵەکەدا کرد. ماڵ؟ لەگەڵکوو کیژ لەو دەرگایە چووە ژووریَ، باخ و گوڵستان و مێرگوزارێکی بێوێنە بوو ئەو حەسارە گەورەیە. حەسار؟ ئەو ماڵە! ماڵ؟ ئەو باخ و گوڵستان و مێرگوزارە! هەمووی درەخت و دەوەن و گوڵ و گەڵا و سەوزەڵان بوو؛ نێوان دار و درەخت و دەوەنەکانیش، بانوران و شەقام و شۆستە، ئەوسەری شەقام و شۆستە، عیمارەت بوو. عیمارەت؟ بینا و ماڵ و ئاوەدانی...

کیژۆڵە بە کۆڵەی چیلکەوچاڵ و دەستەچیلەوە، بە لارولەنجەوە دەگەڕا، بە شۆستە و شەقامی نێو حەساردا، بە بەردەم بینا و عیمارەت و ماڵەکاندا. لە هەمووو لایەکەوە دەیانبینی. لە هەموو عیمارەت و ماڵ و ئاوەدانییەوە تەماشایان دەکرد، سەرنجیان دەدایە، لێی ورد ببوونەوە، دەرگایان کردبۆوە، پەنجەرەکانیان کردبۆوە.

لە بانێژەکانەوە، لە نێو درگاکانەوە، لە پشت پەنجەرەکانەوە لێی ورد ببوونەوە، سەرنجیان دابوویە، تەماشایان دەکرد، کیژەکەش دەم بە پێکەنین، بە لارولەنجە، لە سەر پەنجە، بە ڕەوتی کەو، دەگەڕا، هەروا بێوچان دەگەڕا بە نێو باخ و گوڵستان و مێرگوزاردا، تا گەیشتە نێوەڕاست ئاوەدانی. کۆڵەی چروچیلکە و سووتەمەنی و دەستەچیلەی لە تەختی عەرزی مەیدانەکە دانا، شقارتە بوو هەڵیکرد؟ نەفت و بەنزین بوو کردی بە چیلکەوچاڵ و دەستەچیلەدا؟ ئاگر گڕی بەرز بۆوە، شۆڵەی ئاگر باڵای کرد، دەورووبەری خۆی تەنییەوە، باڵای کرد، باڵا، باڵا... . بەرەو کوێ؟

گشت وڵات روون داگەڕا، گشت عیمارەت و بینا و ماڵ و ئاوەدانی گەرم و رووناک داگەڕا، گشت مرۆڤی نێو ماڵەکان، نێو حەسار، نێو شەقام و شۆستە و کۆڵان و گەرەک و شاریشی دەگەڵدا بێ، گەرمیان داهات، گەرم بوونەوە. لە ژوورەکانەوە، بەرەو حەوشە و حەسار و بەرەو کۆڵان و بەرەو شەقام دەرکەوتن. بەرەو ئەو ئاگرە چوون کە کیژ گڕی دابوو. کیژۆڵە بە دەوری ئاگرەکەدا دەهات و دەچوو. بە لارولەنجە، دەم بە پێکەنین، ڕوخساری گوڵەباخێکی سوور و گەش.

لە ئاگرەکە هاڵان ئەو خەڵکە. منداڵ و گەنج دەستیان کرد بە هەڵبەز و دابەز بە دەوری ئاگرەکەدا، دەستیان کرد بە بازبازووکێن بە سەر ئاگرەکەدا: ئاگرە گڕەی خۆمانە، ئاگرە گڕەی خۆمانە...

کیژۆڵە بە دەوری ئاگر و بە نێو خەڵکەکەدا دەهات و دەچوو، دەگەڵ هەمان گەنج ڕووبەڕوو بۆوە، چاو بە چاو، نیگایان لێک هاڵا، نیگایان لێک گیر بوون. هەمان خۆیان بوون؟ هەمان کیژ و هەمان گەنج؟ ڕەنگە هەر هەموو کوڕ و کیژەکان ڕووبەڕوو بوونەوە، چاو بە چاو، هەر هەموو گەنجەکان!

ئەندامی بوونەوە دەوەنی گوڵەباخ یا درەختێکی هەنار بە هەزاران ڕەنگ و بە میلیۆنان گوڵە هەنارەوە، گۆنا و تەوێڵی کیژ بوونە گوڵەباخ و گوڵە هەنار و هێرۆ و خاشخاشکە سوورە؛ پشکووتن، لە قاقایان دا. چاوەکان بوونە ئەستێرەگەشە. لێو بوونە سوورە گوڵێکی پشکووتووی بێوێنە.

لە یەکدییان دەڕوانی ئەستێرەگەشە، لە یەکدی ورد ببوونەوە ئەو ڕوخسارانەی داگیرسابوون! خەڵکەکە دوور دەکەوتنەوە، نزیک دەبوونەوە، دەیانڕوانی، ڕوویان وەردەگێڕا. دەڕۆییشتنەوە ماڵەکانیان، دەردەکەوتنەوە، بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە ئەو خەڵکە...

دیسانیش کیژەکەی خۆمان، کوڕە گەنجەکەی خۆمان، ئەوی بەر درگا سەوزەکە، چاوەکانیان بوونە ئەستێرەگەشە و کەوتنە تروسکەترووسک. نیگایان یەکانگیر بوو ئەم دووانە، بزەیان هاتێ و...

کیژ دەڕۆی بە لارولەنجە، لە سەر پەنجە، گوڵوەشان و شنەی عەترێکی بلاوێن، کوڕە وەشوێنی کەوت. بە شۆستە و شەقامدا گەڕان، لە حەسار و باخ و گوڵستان دەرکەوتن. لاقیان نایە کۆڵانەوە. کیژ دە – پازدە میترێک لە پێشەوە، گەنج دە–پازدە میترێک دوورتر بە شوێنیدا. دڵەخورپەی بوو؟ دڵەکوتەی بوو؟... بەرەو شەقام و مەیدانەکانی شار ڕۆییشتن، بەرەو شار و شەقام و شۆستە و مەیدانەکان...

لە جەمسەری کۆڵان ئاوڕی دایەوە؟ کامیان؟ ڕەنگە کیژەکە! پێموابێ گەنجەکە! ڕەنگە هەردووکیان! ڕەنگە هیچیان. لە ڕاستیدا هەر ئاوڕیان دایەوە؟ کۆڵان نەما، دەرگا و دیوارە سەرسەوزەکە نەما، درەختی سەوز و ماڵ و بینا و باخ و گوڵستان نەما، نەما هیچ نەما...

تەنیا شارێک! شارێک؟ جیهانێک جیهان، جیهانێکی بەرین و مەزن بە قەرا دنیا! جیهانێک بە شەقام و شۆستە و مەیدانێکی بەبێ کۆتایی و دوو گەنج، شان بە شان، شان بە شان؟ یا بە مەودای دە–پازدە میترێک بە دوای یەکدیدا؟ نازانم؛ بلێی؟ ڕەنگە!



سەرکۆجاف ـ سلێمانی



# ڕوانینێک لە ئیستاتیکا و جوانی

هەندێک لێکدانەوە و بۆچوون لە سەر جوانی و ئیستاتیکا هەیە، بەڵام وەک گشت چەمکەکانی هونەر، بابەت گەلی زۆری لەسەر نەنووسراوە، ئەوەش کە نووسرابێت تا وەکوو ئێستا وەک پێویست لە زمانە هەژارەکەماندا بەردیدە نەکەوتووە. (دەیستۆڤسکی)ش دەڵێت، جوانی، جیهان ڕزگار دەکات(١). ئەم وتەیەی دەیستۆڤسکی بۆ نەتەوەکەم زۆر جێگەی تێڕامان و ترسە چونکە لێرەدا بۆی هەیە ئێمە نەتوانین لێکدانەوەیەک کە پڕ بە مانای ئەم دەستەواژەیە بێت، بخەینە بەر دیدەی خوێنەر یان ڕەنگە تێگەییشتنەکەمان لەو ئاستەدا نەبێت. هەر بۆیە لێرەدا لەوە زیاتر ناتوانم بەیانی بکەم و ڕاڤەیەک پڕ بەپێستی دەرببڕم چونکە وەک کەمی سەرچاوە و گرفتی زمان لە بەرانبەر کەسێکی وەک ئێمەدا، دوو هێندە ئەرکەکەمان لە لا قورستر دەکات(هەمووان ئەو ڕاستییەیەش دەزانین ئەمڕۆ زانست، چاوی وردبینی و هوشیاری بە گۆی زەویدا دەگێڕێت و تیشکی ڕووناکی و داهێنەرانەی خۆی دەڕژێنێتە نێو هەموو لقوپۆپی جیهانەوە). هەر بۆیە هیچ کارێک ناشێت سەرکەوتنی تەواو بە دەست بهێنێت. بێگومان دەمەوێ لێرەدا بڵێم کەمترین نووسین و ڕاڤە لەسەر بابەت گەلێکی وەک ئیستاتیکا کە لێکدانەوەی ڕەخنەیی لەسەر کرابێت، بەرچاو دەکەوێت. لە زۆر سەرچاوەی بیانیدا باس لەوە کراوە (لەمەڕ بەرهەمە ونبووەکانی ئەرەستۆ کە ئێجگار کۆنن، لە زۆربەی ئەو نووسینانەدا، کە ئێستا لەبەردەستدان، هێما گەلی هەمە جۆر بە سەردێڕ و ناونیشانی ئەوتۆت بەرچاو دەکەوێت کە ئەمڕۆ شوێنەواریان دیار نییە). یەکێکی دیکە لە کتێبەکانی ئەرەستۆ کە چەندین سەدەیە پێدەچێ و دەوترێ کە بزر بووە، بەرهەمێک لە بارەی جوانییەوەیە (٢).

زۆر لە زانایانی سەردەمی ڕێنیسانس هەر بۆیە ئەو بۆچوونەیان لەمەڕ ونبوونی کتێبێکی لەو چەشنە هەیە؛ چونکە دەکرێ ئەرەستۆ کەمترین قسەی لەسەر جوانی کردبێ کە ئەمە لە ئەقڵ (مەنتیق) ەوە دوورە کە زانایەکی لەو جۆرە لەسەر جوانی کتێبێکی نەبێت. گەر ئەم بەرهەمەش کە باس لە ونبوونی دەکرێ یان هەرنووسینێک بۆ ئیستاتیکا و جوانی لەبەردەستدا بووایە، ئەوا ڕۆڵی بۆ ئەمڕۆمان دەبینی.

هەروەها لێرەدا ئەگەر نەبێتە مایەی تێکدانی بابەتەکەم، دەمەوێ هەندێ لەسەر زاراوەکانی هونەریش بدوێم. دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆربەی ئەو زاراوانەی بەکاریان دەهێنین بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوە و کاری هونەریدا، ڕێ هەڵەکەرن یان لە زمانی ئێمەدا بوونیان نییە، بەڵام بە چەشنێک پێیان ڕاهاتووین وەک ئەوەی لە زمانی کوردیدا بن. کاتێکیش هەست بە ناتەواوییان دەکەین، چاومان لە بەرانبەر وشەکان دادەپۆشین و، زۆر جاران بە ناچارییەوە بەکاریان دەهێنین. لەم بابەتەدا ئەوەندەی دەرەقەتی هاتبم، هەوڵم داوە، زمان تا ڕادەیەک زمانێکی دوور لە داتاشین بێت و زۆرانبازی لە وشەسازی دا نەکەین. زۆر جاریش ئەگەر هانامان بردبێتە سەر هەندێ وشەی بێگانە بە تایبەت ئەوانەی باون و وەک پێویست پێیان ئاشناین، وەک ئایدیا، ئایدیالیزم، ڕۆمانسیزم، دیالیکتیک، فۆرم و هەندێ وشەی دی. هەروەها بۆ زمانی عەرەبیش بە هەمان شێوە. ئیلهام، حالەت، واقیع، قەناعەت، عەکس، زەحمەت، ، ڕەحمەت، حوکم، خاسییەت، سیفەت، وەسف، عاتیفە، ڕەمز، جەوهەر، زەوق و هتد. باش وایە کە هەوڵی بەتوانا بدرێ بۆ کارێکی وا تا بتوانین دەستەواژە و زاراوەی گونجاوتر بدۆزینەوە کە ئەمە کارێکی گەلێک باش دەبێت، چونکە ئەوەش هەر بە جوانییەوە پەیوەستە.

ئەم ناونیشانە(ڕوانینێک لە ئیستاتیکا و جوانی)، زۆر هەڵدەگرێ بەڵام ناکرێت لە گشت چەمکەکانی وەک مێژووی

ئیستاتیکا و جوانیی هونەر و گرنگییەکانی ئیستاتیکا و جوانی لە سرووشت و هەستی ئیستاتیکا و پەیوەندی ئایین بۆ جوانی و ئیستاتیکا یان بڵێین هونەر چییە؟ یان جوانی چییە؟ بەڵام هەوڵ دەدەین بە شێوەیەک لە شێوەکان بە شێوازێکی چڕ بچینەوە سەری.

بۆ ئیستاتیکا و جوانی، زۆر مشتومالّی پێناسەیەک کراوە بەڵام لەسەری کۆک نەبوون. دەتوانین بڵێین، جوانی، لقێکە لە ئیستاتیکا، یان دەتوانین بڵێین (ئیستاتیک، لقێکە لە فەلسەفە کە گرنگی بەچەمکی جوانی دەدات.

ئەم وشەیەش واتە (ئیستاتیک)، «بۆمگارتن»، یەکەم کەسە کە لە کتێبەکەیدا کە ساڵی (١٧٣٥) نووسیویەتی، ناوی بردووە. لە بەر ئەوەی (ئیستاتیک، فەلسەفەی جوانی دەگەیەنێت، ئەوا مێژووی ئیستاتیکا بریتییە لە مێژووی فەلسەفە. لەو لایەنانەیدا کە پەیوەندەی بە لێکۆڵینەوەی هونەر و جوانییەوە هەیە و بەم پێیە ئیستاتیکا بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ بووە.

بۆ یەکەم جاریش فەیلەسووفەکان، ئیستاتیکایان بە لقێک لە لقەکانی زانستە پێوانەییەکان داناوە. (normative esiences)، ئەم زانستانەش لە بابەتەکانی هەق و چاکە و جوانی دەکۆڵنەوە کە لە سێ بەش پێک دێت.

لۆژیک (loiac) کە باس لە حەق دەکات.

ڕەوشت(ethic) کە باس لە چاکە دەکات.

ئیستاتیک (aesthetics) کە باس لە جوانی دەکات (٣).

کەواتە لێرەدا دەمانەوێ تەنیا باس لە بەشێک لە جوانی بکەین کە ڕاستەوخۆ بە ئیستاتیکاوە پەیوەستە.

جوانی، خۆی مانایەکی نادیار و بەربڵاوە، واتە وشەیەکی گشتییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جوانی ئەوەیە کە بە هیچ پێوانە و یاسایەک ناناسرێت و یان ئەژمار ناکرێت.

کەواتە جوانی، بیرێک (فکر) ێک نییە لە دەرەوەی کارە هونەرییەکاندا بوونی هەبێت، یان ڕێبازێک نییە کە تۆ بەدوایدا بگەڕێیت. دەتوانیت بڵێیت هونەرمەند دەتوانێ ڕوخساری جوانییەکان ئاشکرا بکات یان دەتوانێ ئەم جوانییە دەستکاری و جوانتری بکات.

کەواتە دەکرێ بوترێ، سرووشت و هونەر، جوانی دروست دەکەن. جوانیی سرووشت وەک جەستەی مرۆڤ و دیمەنەکانی سرووشت، وەک چیا و دۆڵ و دەشت، هەروەها باران و بەفر، لە گیانلەبەران و شتەکانی تردا خۆی دەبینێتەوە. هێماکانی جوانی هەندێک جاریش لە ئەسپ و ئاسک، تانجی، لە باڵدار و مەل و مەلووچکەدا وەک تاووس، کەو، کۆتر و، بولبول و هەندێکی دی، خۆ دەنوێنن. ئەمانە بۆ خۆ بوونێکی بابەتیانەیان هەیە کە ڕاستەوخۆ بە مرۆڤەوە پەیوەستە کە دەکرێت بەراوردیان بۆ بکرێت. ئەو کارتێکردنەی کە لە مۆسیقادا هەیە یان وێنە، یان لە ئەدەبدا وەک شیعر بوونی خۆی دەردەخات.

دەکرێ بنەمای شیعریش، بوونی ئەو شتە جوانانە بێت کە وا لە شاعیر بکات (ئیلهام) بەخش بێت. ئەو لقانەی کە لە جوانیدا بوونیان هەیە، وەک ئەو پەیوەندییە دێتە ئەژمار کە مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا هەیەتی و لە ڕۆژی هاتنەژینەوەی ئاشنا بە سرووشت دەبێت. هەر لە یەکەم خولەکی بە ژین هاتن کە ئاوازێک، دەنگێک دەردەبرێ، منداڵ بە گریانێک، ئیدی ئەو دەنگە ڕەزامەندی بێت، یان نارازی لە ژین. ئەوە هەڵسەنگاندنێکی گەلێ چەتوون و زەحمەتە تا بتوانم پەی بەو کردارە ببەم. ئەوە بۆی هەیە زانایانی گەورەی وەک فرۆید یان داروین بە هەرشێوەیەک بێت لە سەری دوابن. هەر ئەم هۆکارەش وا لە مرۆڤ دەکات کە سووک و سانا هەڵسوکەوت لەگەڵ جوانیدا بکات. وەک چۆن زۆر جار هونەرمەند یان شاعیر بەرگی جوانی لەبەر بابەتێکی ناشیرین و دزێویش دەکات و دەیخاتە چوارچێوەی جوانییەوە و پێچەوانەی دەکاتەوە وەک چۆن بیەوێ. بەڵام هەموو جارێک هونەرمەند ناتوانێ ئەم دەستکارییە بکات.

با لێرەدا نموونەی شیعرێکی شاعیرێکی مەزنی کلاسیکی کورد (نالی) بخەینە بەر دیدە تا با بزانین چۆن سیفەتی خێڵی چاوی دڵدارەکەی کە بە لای خەڵکەوە سیفەتێکی دزێوە، کەچی نالی بەم جۆرە وەسفی جوانی بۆ دەکات.

(پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێڵ و قیچە، یا ترازووی نازی نەختی سەر دەکا؟!
عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا: بە خواری تێ دەگەی
کەچ نەزەر، کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕدەکا؟!)

لێکۆڵینەوەی شاعیر بۆ (خێڵ و قیچی)مەحبووبە، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە خۆیەتی و لە هەڵوێستی سایکۆلۆژی خۆی بەرانبەر بە دڵدارەکەیەوە هەڵقوڵاوە.

بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، خوێنەر بە ناچاری بابەتە سەرەکییەکە(واتە خێڵی و دزێوی چاوی مەحبووبە) لە بیر دەباتەوە و هەموو سەرنجی خۆی دەداتە ئەو بابەخە ئیستاتیکییە کە شاعیر بە شێوازێکی ورد و هونەریانە کاری لەسەر کردووە. ئەو کات دەتوانین لەگەڵ شاعیردا بگەینە ئەو قەناعەتەی کە خێڵی چاوی مەحبووبە، کە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی جوانی و دڵگیری ئەو نەک دزێوی و ناشیرینی. کەواتە هونەرمەند واقیع وەک خۆی پێچەوانە ناکاتەوە. بەڵکوو سەر لە نوێ دروستی دەکاتەوە و، لە دروستکردنەوەیدا، هەڵوێستی دەروونی و ئایدیایی و کۆمەلایەتی هونەرمەند دەورێکی کاریگەر دەبینێت. بۆیە جوانی لە هونەردا، جیاوازە لە جوانی لە دەرەوەی هونەردا یان دەتوانین بڵێین جوانی لە هونەردا، ئینسانیکردنی جوانییە لە دەرەوەی هونەردا (٤).

گەلێک بۆچوونی جیاواز لە لای زانایان بەرانبەر بە جوانی دروست بووە. جوانی لە لای ئەفلاتوون: خاسیەتی جیهانی ئایدیالە و، بە جوانی دنیایی وەسف دەکرێت و ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییە ئایدیالییە نەگۆڕ و نەمرە. ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون هەر لەو کاتەدا ڕەنگدانەوەیەکی باوەڕی سۆقراتی مامۆستای تێدایە.

کەچی سۆقرات دەڵێ... جوانی، خاسیەتێک نییە بە هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە. خەڵک، ئەسپ، ئاسک، جلوبەرگ، کچ، گوڵدان، هەموویان جوانن بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەوە خودی جوانییە.

دیسان ئەفلاتوون دەڵێ: دەبێ لە سەرەتای بوونی هەموو جوانییەکەوە، جوانییەکی هەوەڵی هەبێ کە ئەو شتانە جوان دەکات کە پێیان دەڵێین جوان. هەر بە یارمەتی ئامادەبوونی ئەو جوانییە سەرەتاییە بە هەر شێوەیەک بێت، ئەو شتانە جوان دەنوێنن. ئەو جوانییەی کە لەسەروو هەموو

جوانییەکەوەیە. وەک جوانیی ئایدیا لە جوانیی موتڵەق، یان جوانیی خودایی.
دەمەوێ زۆر لەسەر ئەمەیان نەمێنمەوە تا بتوانم تیشک بخەمە سەر بەشەکانی تری جوانی.
(کاتێک مرۆڤ لە ئامێرێک دەڕوانێت کە لە چەند پارچەیەک پێک هاتووە، تا وەکوو ئەو کاتەی پارچەکانی بە پێی سیستەمی دروستکردنەکەی ڕێک نەخراین، ئەوا قەبارەیەکی نارێک نیشان ئەدەن تا پێکیانەوە دەلکێنێت. هەروەها بۆ گیانلەبەرانیش هەمان شێواز بە ڕاست دەگەڕێت. ئەگەر زۆر بچووک بێت، ناکرێ جوان بێت، ئەو کاتە وەک پێویست ناتوانین پارچەکانی جیا بکەینەوە تا بە تەواوی لە جوانیی پارچەکانی و شتەکە تێ بگەین. هەروەها گەر بە پێچەوانەش بێت و، زۆر گەورە بێت، ئەوا چاو درکی پێ ناکات. بەڵکوو شتێکە لەبەر چاوی مرۆڤ هەمیشە ون دەبێت. هەر لەبەر ئەوە لە بابەت هونەریش، یاسای نەخشە و دیزان پێویستە تا کاری هونەریی سەرکەوتوو بێت. ئەگەر هونەرمەندێکی شێوەکار و نیگارکێش وێنەکەی بە جوانترین ڕەنگ دروست بکات، بەڵام دابەشکردنەکەی باش نەبێت، کەواتە کارەکەی پلەیەکی نزمتری دەبێت و جوانییەکەی لە چاو نیگارکێشێک کە وێنەکەی سەرەتا هێلکاری بۆ کردبێ، کەمتر دەبێت).
دەربڕینێک لە بۆچوونی ئەرەستۆدا بۆ جیاوازی یان دابەشکردن بۆ هونەرە جوانەکان هەیە کە پشتئەستوور بە ئامراز و دەربڕینە، وەک:
دەنگ: ئامرازە بۆ مۆسیقا و گۆرانی.
ڕەنگ و وێنە: ئامرازی نیگارکێشان و لێکۆڵینەوە و بزاوتنە.
ئیقاعیش: ئامرازە بۆ سەما.
وشە و کێش: ئامرازە بۆ شیعر و مانا.
هەروەها هونەری بزاوتن وەک شیعر و مۆسیقا و سەما و، هونەری بێدەنگیش وەکوو نیگارکێشی و پەیکەرتاشی.
ئەم پرسە لای سۆفی و موریدان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (تقوس)ە شاراوانەی نێو ئایینەکان کە هەر لە کۆنەوە تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێت بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەنووکەیش لە زۆربەی گوندەکاندا بەردەوامە و بۆ کەسە دیارەکان لە ناو یارسانەکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەو (تقوسان)ە بۆ خۆی پەیوەندییەکە لە نێوان ئادەمیزاد و خودادا. هەروەها دەتوانین بڵێین ئەم (تقوس)ە، لە (چین) یش دەکرا و بووزییەکان جۆرە (تقوس)ێکیان هەبوو، پێیان گوتووە (ئیرفانا). مەبەست لەم وشەش، لە ناوچوونی خودی مرۆڤ بووە لە ڕێگەی دێوانەیی و نەفس کوێرکردنەوە.
لە ئایینی مەسیحیشدا، لاهووتی سۆفیگەرییانە کە ئەمەش شوێنێکی دیاری هەیە کە مەبەستیش ناسینی خودا و کاروباری خوداییە. ئەمەش لە ئەزموونی بوونەوە دێتە دی. مرۆڤەکان بە ئاسانی ناتوانن بچنە نێو ئەو دنیایەوە، تا بڕوابوون و هەست و نەست و هەموو ناوەوەی خۆی لە خزمەت خودای خۆیدا نەبێت، ئەو کات توانی هەموو شتەکان بخاتە خزمەت ئەو پرسەوە، دەتوانێت بە ئاسانی پێی بگات و داواکانی بۆ جێبەجێ بکات و بۆ ئەمڕۆش بتوانین لە هونەردا بە خزمەتکردنی جوانی، جێگەی ئەو (تقوسان)ە بکەینەوە.

ئۆگەستین(: aujustin) ئەم ناوە، یەکێکە لە باباکانی کەنیسە و لە سەدەی ناوەڕاست مامۆستا بووە. زۆر جار بە پێچەوانەی ئاکاری سۆفیگەرییانەوە شتەکان لە مرۆڤ دا دێتە گۆڕێ، بەڵام بە شێوەیەکی گەلێک جوداتر. بۆ نموونە: میوەیەک یان ئاژەڵێک سەرنجی هونەرمەندێک ڕادەکێشێ بەڵام هونەرمەندەکە نە ئارەزوو دەکات میوەکە بخوات نەیش بە ئاواتە، بە سەر ئاژەڵەکەدا بکەوێت، یان خۆشی بوێت. وەک ئەسپێک یان هەر شتێک. بەڵام هونەرمەندەکە ئارەزووی وایە وێنەی ئەم دوو شتە بکێشێ، یان کامێراکە بچرکێنێ. واتە نەخشاندنی وێنەی ناوەوەی مرۆڤ. هەستی جوانی لە مرۆڤدا هەستێکە تەنیا مرۆڤ بۆ وردکردنەوەی یان لێخوردبوونەوەی ڕادەکێشێ، بابەتەکە تەنیا ئەویش ڕوخسارەکەیەتی کە وای لێ دەکات سەرنجی ڕابکێشێت. لە ژیاندا چ بۆ مرۆڤەکان، چ بۆ ئاژەڵ، چ بۆ سرووشت، هونەری جوانی، بوونی هەیە، بەڵام هەر یەکە و بە شێوەیەک جێ پێی خۆی دەکاتەوە. بۆ نموونە: لە مرۆڤدا هەوڵی تایبەت و هەروەها خۆی ماندوو دەکات تا کارێک بکات کە جوان بێت. جاری واش هەیە کارێک جێبەجێ دەکات بەڵام لای ڕەگەزی خۆی کارەکەی بە پەسەند ناژمێردرێ، ئەم ئاکارە لە مرۆڤدا خۆڕسک نییە. وەک ئەوەی کە ئێمە لە کرداری مێش هەنگێکدا دەیبینین چۆن خانەوادەیەک دروست دەکات و ماڵ و ژیان و هێلانەیەک کە لە لای مرۆڤ پڕ لە هونەرە و بە هەزاران شەشگۆشە، ماڵێک دروست دەکەن و هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە و لە جێگایەکی بچووکدا پێکەوەش دەتوانن بژین. ئێمە وا هەست دەکەین کارێکی هونەری دەکەن، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سرشتی مێش هەنگەکان نەک هونەری جوانی کە لە لای مرۆڤ، ئەمە بە بەرهەمی سرووشت ناو دەبرێت.
ئەمە گەلێک جیاوازترە لە کاری مرۆڤەکان چونکە مرۆڤ لە پێشدا بەرنامەڕێژی بۆ کارەکەی دەکات و دەزانێ لە پێشدا چی دەکات، کۆتاییەکەشی نازانێ، چۆن هونەرەکەی دێتە گۆڕێ. بەڵام لە هەنگدا لایان ڕوونە و دەزانن چۆن کارەکەیان دروست دەکەن.
لە سرووشتیشدا هەمان مەبەستە. دەبینیت لە سەر چیایەکی بڵند، ڕووەکێک لە قەبرغەی چیایەکدا شۆڕ بووەتەوە. یان چۆن دەریا شەپۆلان دەدات، یاخۆ دەبینیت دوو کۆمەڵە شاخ بەرانبەر بە یەکن و بەفر، لووتکەی چیای سپیپۆش کردووە و دامێنی چیایش، ئاوریشمئاسا، سپیپۆش بووە.
ڕووبارێک لە توانەوەدا، باوەشی شان چیای ڕوو لە بەفر ڕۆ دێتە ناو دۆڵ و پاشان سرووشت، دەنگێک لە خورەی ئاو و خوێندنی کەوی کۆساران و کۆسالان چریکەی دێت.
لێرەدا چ جوانییەک دەبینی؟ چ دیمەنێک؟ چ مۆسیقایەک؟ چ ئاوازێک؟ چ ڕووناکییەک لە کەزی خۆری بەیان و کەزی خۆری ئێوارە، کاتێ خۆر لە خواردنی خۆیدا ئاوا دەبێ، کاتێ زریوەی زەنگی بریسکانەوەی لووتکەی چیای مەیلەو سوور و ئاوریشمی لە نێوان کەتانێکی سپی دا، دادەپۆشێ؟ ئەمە بۆ خۆی سرووشتە و کردار و کردەوە و بیرکردنەوەی هونەرمەند و مرۆڤەکان نییە. بەڵام هونەرمەند چۆن دەتوانێ لەم جوانییە ڕۆ بچێتە گەردنی و تا بتوانێ لە ڕێی هونەرەوە، چ هونەری سینەما، چ شێوەکاری، موزیک و پەیکەرسازیش

بێت، لە بەردێکی ڕەق و بێگیاندا هونەرێک دابتاشێ. .
یان لە ئەدەب و شیعردا چۆن وێنا دروست دەکرێت. ئەمانە هەموو جوانیین. یان بڵێین کارئاسانین بۆ هونەرمەند وەک چۆن شێرزاد حەسەن لە خەرەندی ڕەواندزا دەیبینێ، کەواتە سرووشت دەبێتە هاوکاری مرۆڤە بەهرەمەندەکان.

هونەرمەند کە دروستکەری جوانییە، وەک هەموو مرۆڤێکی تره و وەکوو هەر کەسێک. بەڵام هونەرمەند دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر و کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەیەوە. زۆر هۆکار هەن هەر لە منداڵییەوە، کاریگەری لە سەر هونەرمەند و کەسێتییەکەی دادەنێن، وەک هێزی میراتی گەورە، پەیوەندی خێزانی، کۆمەڵایەتیی و دەروونیی ناو کۆمەڵگاکەی. زۆر جاران هونەرمەندێک داهێنانێکی ناوازەی جوان دەکات، بەڵام کاتێک ئەو سەرچاوانە دەدۆزێتەوە، بەرهەمەکە ئەو سەرسوورمانانەیان نامێنێت کە هەیەتی.

داهێنانی هونەرمەند بۆ جوانی، بەخششێکی ئاسمانی و شتێکی بۆ هەموو کاتێک نهێنی نییە بەڵکوو زۆر ڕێگە هەیە سەرچاوەی ئەوەی کە کردوویەتی کە دەکرێ هونەرمەند خۆشی پێی نەزانێت. .

وەک وتمان دەکرێ هۆکاری ئەم پرسە ڕووی لە سرووشت و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵک و دەوروبەر بێت. دەکرێ هەموو داهێنانێکی جوان، ڕێژەیی بێ و هیچ هونەرێک ناتوانرێ سەد لەسەدی تێدا پیادە بکرێت. بۆ هەر سەردەمێکیش ڕوخساری ئیستاتیکی و مەزهەبی و هونەری و جوانیی تایبەتی دێنێتە کایەوە.

جوانی بۆ خزمەتکردنی هونەر بۆ خۆی پێویستی بە شارەزایەتی و دەستڕەنگینی هەیە و، سەرەتای هەر داهێنانێکی هونەری، کز و لاواز و کاڵە. دەتوانرێ بۆ ئەم مەبەستە ماندوو ببێت و تاقیکردنەوەکانی بە بەهرە و توانا و بیرکردنەوە . . دەوڵەمەند بکات.

هەروەها « ئیلهام» پێویستییەکی گرنگە بۆ سەرەتای کارەکەی. ئەکرێ بڵێین ئیلهام، هێزێکە کە شاعیر پاڵ پێوە دەنێت هۆنراوەیەک بنووسێ، یان نیگارکێش دەخاتە سەر ئەو تابلۆیەی کە نەخشی دەکات. ئەو سەرچاوەش هیچ سەرچاوەیەکی دی نییە، تەنها ئیلهامە کە وای لێ دەکات لە ناخیەوە هەڵبقوڵێت.

هونەرمەند هەمیشە هەست بە داهێنان دەکات و وا دەزانێ لە دەروونیدا شتێک بۆ لە دایکبوون، گێنگڵ دەخوات. بۆ نموونە ئەم شیعرەی ماموستا «گۆران»ی نەمر (جوانترین و وردترین وەسفی حاڵەتی ئیلهامە کە لەم هۆنراوەیەدا دەبینرێت .

(ئەوادیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم هەڵسا، زرەی زەنگی فیگاری؛
بە ئەسپایی، بەبێ هێزی، بە عاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
بە ئەسپایی، بە لەرزۆکی، هەژاری،
ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاری!...
زەمانێک دێتە گۆ هەر چەن زرەی دێ،
کە تێر نابم لە گوێگرتن بە دوو گوێ!
زەمانێک، بەستەیەک، دەنگێک، نەوایەک،
سکاڵایەک، هەناسە و، ئاخ و ئایەک...
کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی،
بەڵام خورخوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری!
چییە، ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پەی؛
لە تۆ ناشارەزاییی من هەتا کەی؟
چییە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
کە پێ هەڵهێنەری چاوی شعوورە؟
کە دێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ
بە دوویا وێڵ ئەبێ، مەنزڵ بە مەنزڵ
چییە ئەم زەنگە زرینگەی دێ بە ماتی
کە ژێر تەم کەوتووە، شوێنی وڵاتی؟... (٥)

ئەمە، ئەو ئیلهامە ون و نادیار و ئەفسووناویی و تەماوی و گیان وروژێنەرەیە کە دەبێتە بانگەوازێکی گەرم و بەتین. وەک وتمان ئەم هەستە بەکوڵە هەروا بە ئاسانی لە دایک نابێت و خۆی لە ناو بۆتەیەکی هونەرییدا دانارێژێت. کەواتە هونەرمەند دەبێت هەموو کەرەستە و ئامێرەکان بە ئاگایی و بێئاگایی بخاتە کار، تا بتوانێ بەستێن بۆ لە دایکبوونێکی ئاسایی بۆ خولیا هونەرییەکەی فەراهەم بکات، بەڵام جاری وا هەیە هەرکە هونەرمەند دەست دەداتە کاری داهێنەرانە، قەڵەم یان فڵچە و پەڕەمووچی دەستی بێپەروا دەکەوێتە نەخشکردنی هەست و سۆزە دەروونییەکەی تا کوڵ و کۆی هونەرمەند بە تەواوەتی دادەمرکێت. لەو کاتەدا هونەرمەند هەست دەکات تەنیا بۆتە ئامراز بە دەست هونەرەکەیەوە. هونەر لە ئەودا خۆی دەنوێنێ و بەدی دەهێنێت. هونەرمەند لەوێوە لە کارەکەی ناچێت. یان وا هەست دەکات کە کارەکەی لە خۆی جیایە. چونکە خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هێزی داهێنانەی کە هەیەتی. نهێنی ئیلهام کە ڕاستەوخۆ پابەندە بە جوانییەوە، لەوەدایە کە هونەرمەند بانگەوازێک دەبیستێ بە بێ ئەوەی بزانێ لە کوێوە دێ. . زۆر جاریش دەکەوێتە ناو ونبوونی خەیاڵ و ئیلهامەوە و تواناکانی بۆ کاتێکی نادیار لە دەست دەدات.

لەبەر ئەوە بەناچاری دان بە بێ توانایی خۆیدا دەنێ، یان چاوەڕوانە تا هەڵێکی دەروونی دی بۆ بڕەخسێ وەک ئەم نموونەی ماموستا گۆران کە دەڵێ:

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!

سەرچاوەکان


١ – پەرجووی سینەما چ/یانەی قەڵەم، ساڵی٢٠١٢سلێمانی /و: ئەکبەر حەسەن ل٧٤.
٢ – هەقیقەت و جوانی /چ یەکەم /چ خانی، دهۆک ساڵی ٢٠٠٨ / ن:بابەک ئەحمەدی / و:مەسعوود بابایی. ل٧٩.
٣ – فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی /١٩٧٩، کەمال میراودەلی ل ١١.
٤ – هەمان سەرچاوە، ل١٢.
٥ – هەمان سەرچاوە، ل ١٥.
٦ – دیوانی گۆران /ب یەکەم /کۆکردنەوە و پێشەکی /محەممەدی مەلا کەریم ل ١٧٧.

محەممەد ئەدیب ـ بۆکان



# یاد



هۆ تروپکی بەرزی ئەوین، گوڵاڵەی سوورپەڕ و مێلاقەی ناو چیمەنی سرووشتی پاقژی یاد. تاکە ئەستێرەی پاک و بێگەردی ئاسمانی ژین. کەوی خۆشرەوتی کوێستانی خەیاڵ. هۆ سەرچاوەکەی کانیاوی خۆشەویستی و مەراق تارێن.

وتەی خۆش و بلاوێنت، لە پەڕەی خونچە گوڵی هێلانەی لێوت باڵ دەگرێت و لە کوێستانی زەنوێری یادەوەریت، ئەستووندەگی دەواری هیوای ژین هەڵدەدات. لەرەی تۆنی دەنگت، شنەی شەماڵی بەهارییە و کەروێشکە دەخاتە بڤۆینی هەست و خەیاڵ. شەپۆلانی مۆسیقای دەنگت، بەندەری گوێم دەلاوێنێ و بەستەڵەکی ناهومێدی دەرەوێنن.

وزەی شنەی شەوبای یادت، شەپۆلانی تیرێژی ڕوونی گزینگی ئەوینواین؛ شیلەی هەست و سۆزی مرۆیین. پەیژەی هەڵزنان و هەڵچوونی ورەی گەشن. ڕۆچنی ڕووچوونە بەرەو کۆشی کۆششی وزەی بۆچوونی ئەندێشەی هەرمان بوونتن.

کە زریان دێ، هەڵچوونی تۆم دەخاتە یاد. کە شەماڵ سەر هەڵدەبڕێ، بزەی لێوت دەشنێتەوە و گوڵان چڕۆ دەردەکەن و بۆنی عەتری گوڵزاریان ئەمپەڕاوپەڕی کێوان دەڕوا و ئامێز بە هەنگاوەکانتدا دەکەن.

کاتێ دەدوای، شیعر دەحەساوە و ئەگریجەی دەهۆنیەوە، چیرۆک لەبەر ئاوێنەی نیگاکانت، زولفی شانە دەکرد و کراسی بووکێنی نوێبوونەوەی لەبەر دەکرد. کاتێ لە سەر شانی ئاسۆوە دەردەکەوتی، دەشتودەر خۆیان لە داروگوڵ دەدا و کانیاو و خورێنکەکان، بەستە و گۆرانییان دەچڕی و لێرەوار و دار و درەخت بە بەستەی هەڵپەڕکێوە، پێشوازییان لە بەهاری بوونت دەکرد.

هۆ تاکە گوڵاڵەی شۆرەکاتی ژیانی پڕژان. تۆ کانیاوی خۆشەویستی و دلۆڤانیت کە ڕژایتە پانتایی دەشتی قاقڕ و تینووی هەڵقرچاوی ژان و حەسرەت. من کەلاوەی لاڕووخاوی دێی چۆڵکراوم، تۆش تاقە پەنجەرەی بەرەو ئاسۆی ڕوونی دەم کەل، بەرەو شاری حەزیا و ئاوات. من ڕێبواری ڕێی ئەوین و خۆشەویستی، تۆ هەگبەیەکی کەیلی دلۆڤانی، مەتارەیەک بووی چۆڕ چۆڕ شەرابی ژینت لێ دەچۆڕا، سێوی خۆشەویستیت دەبەخشییەوە.

گیانە ئازیز! بزربوونت چرۆی ئاوات دەژاکێنن و هەوری هەستم نەزۆک دەکەن. نەفەسی ودمی تۆیە ئازارەکان ساڕێژ دەکات، تۆ تیشکی، ئەو تیشکەی بە پێدزە خوشیتە ناو دەشتی ڕۆحمەوە و جریوەی ئەستێرەت تێدا خەملاند.

تۆ بارانی، ڕێژنەبارانی هەتوانی سرووشتی و باوەش باوەش وزەت بەخشییە حەزیای ژین و لە سەر دەشتی سستی دلم پەڵەی هومێدت داچاند.

تۆ هەستی سۆزی گەرووی سازی ژینی، بزەی زێڕینی پەلکی گوڵانی خۆش بزەی. دە وەرەوە و لە کانیلەی تیرێژی نیگاکانت چۆڕێک خۆشەویستی ببەخشەوە، کە هاتیەوە پەنجەت بکە شانەی شۆرەبی، کۆتری دەنگت دەنگ بدە و گمەی بخەرە دارستان، هۆ هەناسەت ودمی دۆنادۆنی کەونارایی، لاوێچێک ورە برژێنە ناو ئامێزی کانیاوی سستەوەبووی حەسرەت تێزاوی ڕەوتی ژینی فێ گرتوو.

من؟! من هەر لێرەم و لە بێ تۆیی تۆدا ونم، لە دوو تۆی جەغزی غەریبی و نامۆییمدام. هەر دەڕۆم و هەڵدەخلیسکێم. هەر دەڕۆم و هەر خول دەخۆم. هەر دەڕۆم و هەر پێ ناگەم. یانی لە بێ تۆیی تۆدا بێ پەناگەم؟ چۆلەکەی کەسیرەکەوتووی هیواکانم سەغیر کەوتوون؟

بەڵام گیانە!

یادی تۆیە و یادەوەریت، هەنگی هەستی پڕ لە تاسەی دوورەنگێوی داهاتی زێڕوەشان دەکەن. لە سەر یاد و هزری تۆیە هەنگاوانی شەپۆلانی دێرینی دێر ڕچەی ڕندووی شەختەبەستووی ڕێگە دەبڕن. یادەوەریت گوڕ و تینە، تل دەدەن بە تاوەری سەرەڕێگای کاروانەکان.



محەممەد بێبەهرەوان ـ بۆکان

# بەرزە هەڵۆ

پاییزە، دونیا زەرد و غەمگینە
دڵ، هەڵقرچاوی تیشکی ئەوینە
گوڵ هەڵوەریوە، شەختە لێی داوە
گەڵای دار سیسە و زەرد هەڵگەڕاوە
تیشکی تاو بێ تین، نەما هەناوی
لارەمل کەوتوو، نەماوە باوی
سارد و سەخڵەتە، نزیک جستانە
بۆ لەشی سڕبوو، کاتە بەهانە
پەنا نینۆکی، هەڵیدا دڵۆ
خوێنی داباران، دوو چاوی هەڵۆ
بیری کردەوە، هەڵۆی بێ نەچیر
زەمان کردبووی، بێتاقەت و پیر
گوتی: وا چاکە زوو وەخۆ کەوم
لە هەورازی ژین، بەڵکوو سەرکەوم
مەرگ میوانمە، با هەستم بڕۆم
سەختە بڕوانمە، مەرگی خۆم بۆ خۆم
کاتی جێهێشتنی دونیای ڕەوشەنە
کۆنە برینم، پڕ لە تەشەنە
هەر بینا کەوتمە گۆڕی تەنگەوە
بە جوانەمەرگیی و ژینی لەنگەوە
بڵێی دوای مردن، زیندوو ببمەوە؟
هەر وەکوو ئێستا، تێهەڵبچمەوە؟
بڵێی قەتاری مەرگ بوەستێ؟
هێز و تینی بێ، بە وی بوەستێ
مەرگە بە جارێ، ژین دەوەستێنێ
دوایی بە بوون و نەبوونی دێنێ
بکەم ئاراستە، شاباڵی لەشم
بڕوانمە زەوی، بە چاوی گەشم
سەربەخۆ بڕۆم، چیم دەبێ نەسیب
هەر یەکەسوار بم، لە کێو بێ ڕەقیب
کێیە بەڵەد بێ، ڕێوشوێنی مردن
چاڵ و چۆڵی ژین، بۆ پەنابردن
خۆم فریو نادەم، بە سەرگەردانی
هات ئەجەلی ڕۆح، نییە دەرمانی
بەڵگەی عومری زۆر، لە لای قاڵاوە
خاوەن تەمەنە و بە لاویی ماوە
دەچم بۆ لای و کوڕنۆشی دەبەم
بۆ چارەی دەردم، هەر ئەو شک دەبەم
هاتە خوار هەڵۆ، زاڵمی بێدەنگ
تاران، مراوی و کەوی شۆخ و شەنگ
بەرەو نزمایی، لوور بۆوە خوارێ
هاتە کەلاوێک، پەنا دیوارێ
لە سەر گڵمەتێ، هەڵنیشت بە نەرمی
هەڵیڕشت بۆ قەل، دەردی بە گەرمی
ئەی قەل: تۆ پیرە مەلی ژیانی
ڕێو شوێنی ژیان، زۆر باش دەزانی

من هەڵۆی زاڵی کەژ و دەشت و کێو
پەنام هێناوە و هاتوومە نشێو
مەرگ میوانمە، دەکێشێ گیانم
هەر تۆی لە لاتە، دەرمانی مانم
کەنەفتم، کەوتووم، پیرم، لاوازم
تازە وەک جاران، بە خۆم نانازم
پێم بڵێ، چۆنە، تۆ تەمەنداری؟
ئەمما لە بەرچاو، بە لاویی دیاری؟
بەدی کە ڕێیە، بۆ درێژیی ژیانم
شەرتە تا مردن، گوێ بە فەرمانم
قەل وتی: هەڵۆ، باو و بیرخاوی
لە قافڵەی مەلان، زۆر بەجێماوی
لان و جێ ژینت، تەق تەق و بەردە
لە کەو و کۆتر، بوویەتە جەردە
گۆشتی خاسەکەو، کە تامی زۆرە
سەمێکە تایبەت بۆ سیکەتۆرە
تەزووی ساردی«با»لە بڵیندایی
کاس دەکا مێشک، دەبڕێ بینایی
ئەگەر دەتەوێ زۆر بژی بە ساڵ
دەبێ فڕێ دەی، ئاوەز و کەماڵ
بیری بەرز بوون لە سەر دەراوێ
وەک ئێمە بژی، لە دەم گۆلاوێ
بە دەنووک باژنە شیاکەو پەین و پاڵ
لە گەڵ منی قەل، ببە بە ئاواڵ
بۆگەنی کەر و کەلاکی بارگین
زاخاوی مێشکە و بەڵگەیە بۆ ژین
یا قەبووڵی کە، بەم جۆرە ژیان
یا مەردایەتی، مەسپێرە بە مان
بیری کردەوە، هەڵۆ لە مانی
کە ژین ئاوابێ، خۆشە نەمانی
وتی: ژینی وا هەر بۆ تۆ ژینە
بۆ منی هەڵۆ، شەپۆڕ و شینە
دڵم چڕژاوە، مێشکم پڕژاوە
من بۆچی بۆ تۆ، پەنام هێناوە
ژیان لە بەرزی، جێگای مەردانە
ژینی نزمی قەل، بۆ نامەردانە
تاریک بوو چاوی، تەزووی پێداهات
هێزی مەردانەی بە باڵی داهات
خۆی سەرکۆنە کرد، بە بۆڵە و لۆمە
چیم هاتۆتە ڕێ، هۆی عەقڵی خۆمە!
هەستا هەڵفڕی، ڕووی کردە هەوران
خوێناوی سووری لە چاو هەڵوەران
بەرز و بەرز بوو، ونبوو لە چاوان
مێشکی دەکوڵی، بەردی دەتاوان
هەتاکوو ئێستا، هەڵۆ هەر بەرزە
قەلیش سەرشۆڕە، بەو ژین و تەرزە



د. مەحموود مۆبارەكشاهی ـ مەریوان

# كوردستان و ڕۆڵ و كاریگەری نەتەویی ژەنێ

١- پێشەكی

ژەنی پێسە بەشێڤی پرئێژای جە هەر گلێرەگە و كۆمەڵگایێ، ڕۆلی كاریگەرش جەلایەنوو سیاسی، كۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ئیقتیسادیش هەن و بێ گومان هەرجۆرە هەوڵیڤ پەی مۆنزەوی كەردەیش، بێ هازكەردەی هێزی جەماوەری بەشیڤی وەرچەم جە كۆمەڵگایا.

كوردستان یۆ چا وەڵاتانە كەسەرباروو داب و نەریتێڤی سۆنەتی و پیاوسالاری، بەنێسبەتوو وەڵاتەكاو دەرووبەریش، بەشێڤ جە ژەنەكاش تاوانشا بە هەوڵ و هێمەتی فەراوان، جە بواری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، كۆمەلایەتی و ژینگەیی خزنەت بە خاك و وەڵاتەكەیشا كەرا و چی ڕانە ئا كەلەبەرە سەخڵەتا كە پێسە وەرپەنگێڤی سۆنەتی وەر بە چالاكی و جموجۆڵیشا گێرۆ ماڕا و چی بارەوە با بە نموونێڤی حاشا هۆرنەگیر جە مدرامان، وەراوەر بە كۆنەپەرەستی و پیاوسالاری.

چی وتارەنە هەوڵ مدریۆ جە وەرچەمێڤی واقیعگەرایانەنە ڕۆڵ و كاریگەری ژەنێ چا بوارانە كە ئیشارەشا پنە كریا پەیجۆرانە مۆتالێعەش سەركریۆ.

ئی وتارە ئامانجش مۆتالێعە و وەرچەمگێرتەی ڕۆلی نەتەویی ژەنێن جەكوردستانەنە. وەختاریڤ باس جە نەتەوەی كەرمێ مەبەست تەماموو ئا سووچانە كە پەیوەندی بە خۆئاگایی نەتەوەیی وئەوەژووژیای یەك نەتەوەیا.

مێلەتوو كوردی بە گەردی غەیر جە بەشێڤ جە مەحاڵەكاش(ناوچە)، تا ڕادێڤی فرە یاوان بە خۆدئاهایی نەتەوەیی و ئەگەر جە باروودۆخێڤی ئازادەنە دەرتانش پەی ڕیخسیۆ، تەمامو ئا ئایكۆنە(نیشانە) نەتەوەییا بە نمایش كەرۆ.

بێ گومان ژەنی جە كوردستانەنە پێسە بەشێڤی بنەڕەتی جە كۆمەڵگەی، جە ڕەوتوو خۆئاگایی نەتەوەییەنە ڕۆڵ و كاریگەری حاشاهۆرنەگیرش هەن؛پۆكەی هەرجۆرە مۆتالێعە و پەیجۆرییڤ سەروو ڕۆتوو نەتەوایەتی گەلوو كوردی، بەبێ وەرچەمگێرتەی ڕۆلوو ژەنی، چێوێڤی سەقەت و ناتەماما.

چی وتارەنە هەوڵ مدریۆ جە پاڵوو ئانەیە كە چەمێڤی تاریخی ڤزمێ پەی جایگاو ژەنێ جە ویەرەدەنە؛ڕۆڵ وكاریگەری چەن لایەنێ ژەنێ جە ئاڕۆ كوردستانیەنە تا ئا یاگێ زانیاری دەسەنە بۆ شیشكەرمێوە.

ئی وتارە جە باری مێتودۆلۆژی و ماهیەتەنە وتارێڤی«تەوسیفی-شیكاریا» و جە باسوو شیكاریكەردەیشەنە جە مێتۆدی«كەیفی» كەڵكما هۆرگێرتەن. پەی گلێرەوەكەردەی زانیاری و داتای جە شێوازی«كتێبخانەیی» و هەر پاسە بە خاتروو ئەزموونوو ژیوای جە كوردستانەنە، وێچما پێسە سەرچەمێڤی جە زانیاری دان قەڵەم.

٢-چەمكە نەزەریەكێ

١-٢-نەتەوە

ئانتۆنی ئێسمیت جەكتێبوو«هۆویەتی نەتەوەیی«جە ئشناسەكەردەو نەتەوەیەنە ماچۆ:

نەتەوە بە كۆمەڵێڤی ئینسانی ماچیۆ كە جە سەرزەمینێڤی تاریخیەنە بە ئەستوورێ هامبەشێ، ویەرەدی هامبەش، ویرەڤەری سیاسی هامبەش، ئیقتێساد هامبەش و مافی یاسایی وئەرك پەی گردووئەندامەكا، پێوەرەمژیوا(Guibern au,٢٠٠٤:١٢٦).

مارتین گلاسنێر جە ئشناسەكەردەی نەتەوەیەنە ماچۆ: ویرمەندەكێ و هەرپاسە جۆگرافی زانە سیاسییەكێ نەتەوەی بە كۆمەڵە خەڵكێڤی ئشناسە كەرا كە هامبەشی فەرهەنگیشابۆ. ئی هامبەشییە ویش جە ئایین، زوان، ڕێكخراوی سیاسی و ئەزموونی تاریخی وینۆوە(Glassner,١٩٩٣: ٣٨).

جە ئشناسەكەردەی نەتەوەی، پەیلوای و ئشناسەی جۆراوجۆرێ هەنێ. نەتەوەیچ پێسە هەرمەفهۆمێڤ دلێ زانستە سیاسییەكانە، را و پەیلوەی جیاوازش سەرهەن؛بەڵام جە گەردوو ئا ئشناسەكەردانە، كۆمەڵێڤ نیشانێ و تایبەتمەندییە هەنێ كە ئەگەر خەڵكوو سەرزەمینێڤی ئا تایبەتمەندیشە با بە نەتەوە ئەژماركریۆ.

ئی تایبەتمەندیی عێبارەتەنێ جە: جۆگرافیای هامبەش، زوانی هامبەش، ئایین و ئایینزای هامبەش، ویەرەدەی هامبەش، ویرەڤەری سیاسی هامبەش، فەرهەنگ و داب و نەریتی هابەش وئەستورەی هامبەش. هەڵبەت فرۆ ئی تایبەتمەندیا پەی ڤۆمیچ بەكارملا.

بەشێڤ جە جۆگرافی زانە سیاسییەكا «هۆكاروبیەی»، ئارمانی سیاسی و وەشكەردەی دۆڵەت وحكوومەتی بە جیاكەروو نەتەوەی جە ڤۆمی مزانا.

ئاڕۆ بەشێڤ جە ویرمەندەكا پێسە ئەندرۆ هێودی جە ئشناسۆ نەتەوەیەنە ماچۆ:

نەتەوە ساختارێڤی ڕەوانی و سیاسیا كە خاڵێ جیاوازكەر مابەینوو نەتەوێڤی چەنی نەتەویڤیتەری ئانەنە كە خەڵكوو ئەك نەتەوە ویش جە نەتەوێڤیتەر جیا بزانۆ(هیوود، ١٣٨٩: ١٥٨). هیوود هەرپاسە وێواتەی(خوداظهاری) خەڵكێڤی پەی پەیوەنی چەنی كۆمەڵێڤی هامرەگەزی(همنوع) كە ئارمانێڤی سیاسی هامبەشابۆ پەی جیاكەردەی یەك نەتەوەی جە نەتەوێڤتەری بۆ بە خاڵی جیاوەكەر.

«بندیكت ئاندرسۆن» نەتەوەی تازەی بە چێوێڤی وەشكرایا كە بەرهەمووخەیاڵ وزێهنیش مزانۆ؛چێوێڤ كە ئاد بە «كۆمەڵی پنداری» نامێش بەرۆ. جە پەیلوای ئەندرسۆنی نەتەوە بەرهەمووئامووزش وپەروەرێشی، میدیای ئێرتێباتی و ڕۆتوو جامێعەپەزیری مزانۆ(هەمان سەرچەمە: ٦١).

٢-٢- شۆناس

شۆناس یا هۆویەت هۆرگێروو «كەسییەتی»ئینسانیا یانێ تاك یا كۆمەڵێڤی ئینسانی وێش چەنی ئشناسە كەرۆ یان گەرەكشا وێش چەنی ئشناسە كەرۆ و یا چەنی بشناسیۆ. شۆناس، جوابێوا پەی زەروورەتێڤی تەبیعی دلێ ئینسانەكانە پەی ئشناسەكەردەی وێشا جە چوارچێوێڤی جە زەنجیرە دیاردەكا پێسە فەرهەنگی، تاریخی وجوغرافیای(مۆجتەهێدزادە، ١٣٨١: ٦٦).

شۆناس مەفهوومێڤا كە گوزارش جە ڕەوشت وهۆرس و ئەرەنیشتوو هەرتاكێڤی كەروو كە بنەڕەت و بناغەش گێلۆوە پەی تەربیەتی بنەماڵەیی، باوەرە كۆمەڵایەتییەكا وهەرپاسە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەكا. هەرتاكێڤ جە ڕۆتوو ژیوایشەنە بە هۆ شۆنماو كۆمەڵگاكەیش، برێۆ تایبەتمەندییە فەرهەنگی وكۆمەلاییەتیش پەی وەشێ بۆ كە هەر ئی تایبەتمەندییە با باعیسوو ئانەیە جە دما مەرحەلۆ شۆناسییەنە، شۆناسی نەتەوەیی وەش بۆ. شۆناسی نەتەوەیی دماشۆناسێڤا كە هەرتاكێڤ جە وەراوەری چەنی نەتەوەكاتەری مرمانۆش. شۆناسی نەتەوەیی

خەڵکوو وەڵاتێڤی جە جۆغرافیایی هامبەش بە تایبەتمەندیی فەرهەنگی، تاریخی وقازانجی هامبەش وهەرپاسە دەسەڵاتێڤ کە هۆرگیروو ئا تایبەتمەندییا بۆ گلێرکەرۆوە.

٣-دەسکەوت وباس

١-٣-ژەنی و ڕۆڵی سیاسی

کوردستان بە هۆ باروودۆخی تایبەتوو ویش، چا وەختەوە بیەن پێسە وەڵاتێڤی چوارپارچەی، خەڵکەکەش بە نیسبەت نەتەوە دەورووبەریەکاش، جە باری سیاسی ئەکتیڤتەر وچالاکتەرێنێ. ڕەنگە کەم وەڵات بۆ پێسە کوردستانی سیاسەتوو حکوومەتە مەرکەزییەکا بە نیسبەتوو حکۆمڕانیەوە، شۆنەماش سەروو ڕۆتوو ژیوای خەڵکەیش نیا بۆ.

کۆتایی جەنگوو جەهانی یەکەمی و ڕێککەوتۆ سایکس-پیکۆی جە ساڵۆ١٩١٦، تەمامووی وەڵاتوو کوردستانیش جە بەینوو چوار وەڵاتانە دابەش کەرد و خەڵکوو کوردستانیش پەی جاریڤتەری جە هەنترینی بری و خەتێڤە ڕیکەوتەیی(قراردادی) بە نامۆ سنووری، دۆخێڤی ناڵەبارش پەی خەڵکوو کوردستانی وەش کەرد کە هەکام چی چوار حکوومەتەیە چێروو نامۆ سیاسەتی گردی وەڵاتی، دەسشادا بە پراکتیزەکەردەی یەک (نەتەوە-یەک وەڵاتی)بەبێ وەرچەمگێرتەی تایبەتمەندییە ئێتنیکی و فەرهەنگییەکا. ئی جۆرە سیاسەت کەردی و حکۆکمرانی، دژایەتی خەڵکیش نیاوە.

جە وەڵاتێڤ پێسە ئێرانی جە ساڵۆ ١٣٠٤ حکوومەتوو پەهەلەوی، بناغوودەسەڵاتیش جە باری ئیداری-فەزایی سەروو سیستموو «ناوەندی-تەک ساخت»ی مەرزنارە. چی سیستێمەنە «یەک وەڵات-یەک نەتەوە» پەیڕەو کریا.

ئێران پێسە وەڵاتێڤی فرە نەتەوە و فرە ئێتنیک حەسابش پەی نەکریا و سیاسیەتوو یەکدەست کەردەی زوانی و نەتەوەیی بە هێزی سەخت و نەرم دەسش پنەکەرد.

یۆ چا یاگا کە بەزووترین وەخت، وەراوەر بە ئی سیاسەتە تازەیە مدرامانش نیشان دا کوردستان بێ؛چی بەشە جە کوردستانی پێسەو مابەقی بەشەکا، تەمامووی چین و توێژوو خەڵکی پەی ئەوەمەنۆ شۆناس وکیێبیەی ویشا جە خەباتەنە بەشداریشا کەرد.

ژەنی کوردستانیچ پێسە بەشێڤی کاریگەر جە کۆمەڵگا بە هەر لۆنێڤ کە پەیشا لوا بۆ، بەشداری ڕەوتوو ئەوەمەنەی نەتەوەییشا کەردەن. هەرجە سەردەموو کۆماروو کوردستانی، پێشەوا قازی مۆحەمەد جە یانەیۆ ویشەوە دەسش پنە کەرد وپەی ڕیچەماراێ داب ونەریتی کۆنی، خێزانش چەنی کناچەکاش کەوتێ وەڵی ژەنەکاتەری و چەنی چن کەسا یەکەمین ڕیکخراوشا پەی ژەنا و هەرپاسە بەشداری جە کارووباری سیاسی و کۆمەڵایەتی مەرزنارە.

باروودۆخی ئەمنی و سیاسی دماو کۆماروو کوردستانی تا ڕادێڤ تەنگەڵاش پەی چالاکی ژنانوو کوردی وەش کەرد بەڵام دماو ئانەیە شۆرشوو گەلانوو ئێرانی جە ساڵۆ ١٣٥٧ڕۆجیاری سەرکەوت، جاریڤتەر هێزی جەماوەری ژەنانوو کوردی جە کوردستانوو ئێرانیەنە ئاماوە مەیدان و جە فرۆ یاگانە و جە بواری جۆراوجۆرەنە یاگەدەسشا کەوت دیار. بەشداری سیاسی ژەنا جە سەرەتاو شۆرشوو ١٣٥٧ی بە شێوازوو وێنشاندای جەماوەری تا چالاکی پێشمەرگانە دلی ئەحزابی سیاسی تا ڕادێڤی وەرچەم ڕەنگشداوە هەرچەندە بە هۆ باروودۆخی ئەمنیەتی و بەرزەوەبیەی هەزینۆ کاری سیاسی، چالاکی ژەناچ بەرزی ونزمیش بەوێشەوە دی.

چی چن ساڵەنە بە شێوازێڤی وەرووەڵاتەر باسوو شۆناسی نەتەوەیی دلێ چینوو ژەنۆ کوردستانیەنە پەرەش ئەسان و جە هەر یاگێڤەنە چالاکێڤی سیاسی پەی داوکاری نەتەوەیی ڕووەش دابۆ؛ یاگەپاو ژەناچ بە دڵنیاییەوە دیار و ئاشکرا بیەن و چی ڕانە نەترسانە نرخۆ چالاکیچاش دان.

٣-٢- ژەنی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی

جە بواری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵوو حاشا هۆرنەگیروو ژەنی جە کوردستانەنە فرەتەر دیار وەرچەمەتەرا. ژەنی پێسە بەشێڤی سەرەکی جە بنەماڵەی، هەمیشە ئەرک و مانیایی گلێرەوەکەردەی یانەوەیاش سەرشان بیەن و چی ڕانە مەرارەت و چەرمەسەری فرەش دیەن. هەرچەندە کوردستانیچ پێسە وەڵاتانوو دەورووبەریش چێروو کەلتووری پیاسالارییەنە بیەن؛ بەڵام بە پاو بەشێڤ جە سەرچەمەکا ژەنی جە کوردستانەنە جە بواری کۆمەڵایەتی بە نیسبەت ژەنۆ دۆرووبەریش ئازادتەر ودەرتانوو جم وجۆڵیش فرەتەر بیەن.

مەلا مەحموودی بایەزیدی بە هامکاری ئەلێکساندێرژاپای رووسی جە سەدۆ نۆزدۆ زایینی، جە کتێبێڤەنە بە نامۆ «داب ونەریتوو کوردا»ماچۆ: ژەنی جە کوردستانەنە پێسەنە ژەنۆ فەرانسەی. هەر پاسە ماچۆ دلێ کوردستانیەنە ژەنکێ جە پیاکاشا بە ئاوەزتەر وژیرتەرێنێ(بایەزیدی، ١٣٦٩).

دریک کینان جە بارۆ مەنزلەت وجایگاو ژەنێ جە کوردستانەنە ماچۆ:ژەنێ دلێ کۆمەڵگاو کوردیەنە ئازادی فەرتەرش هەن بە نیسبەت ژەنانوو عەرەبی، فارسی وتورکی. ژەنی کوردە جە پاڵوو ئانەیە شەرمین و بە نزاکەتەنە جە پیای نامەحرەمی مەسڵەمبۆ و عەبا و چارشەوە مەدۆ سەرەشەرە. ژیوای ژەنێ جە دەگانە فرە سەخت وسەختڵا و فرۆ ئەرکە قۆرسەکا ئێنای سەروو شانەیشەوە. دلێ تەمام چین و توێژەکاو کوردیەنە ژەنی حۆرمەت و ڕیزی تایبەتش هەن و پەی قسێش گۆش شل کەرا. جە برێڤ وەختێنە ژەنی تاوانش خێڵ وهۆزەکەیش سەرۆکایەتی کەرۆ و ڕەزایەت و دڵنیایی گردوو کۆمەڵگاکەیش مسۆگەر کەرۆ(کینان، ١٣٧٦: ٥٢).

پەی نموونەی چی بارە کریۆ بە ڕۆڵ و ژیری و ئاوەزمەندی عادێلە خانمی خێزانۆ عوسمان پاشای جافی ئیشارە کەرمێ کە جە دماو مەرگوو عۆسمان پاشای شوویش، تێکراو ئەندامانوو خێڵوو جافی ڕووەشا نیا ئەو عادێلە خانمی تا سەرۆکایەتی تەمامووهۆزەکەیشا کەرۆ.

چی سەردەمەنە کە ژەنی ئاستوو زانایی وسەوادیشا لوان سەر، فرەتەر ڕۆڵ و ئەرکە و هەرپاسە مافەکاشا مشناسا و ئێتر پێسە جارانی وەراوەر بە پاشێلکەردەۆ ماف وحەقۆقیشا چ حەقوقی ڕەگەزی وچ حەقوقی نەتەوەیی بێدەنگی مەبا.

ئارۆ جە کوردستانەنە کۆمەڵێڤی وەرچەم جە ڕێکخراوی تایبەت بە چالاکی کۆمەڵایەتی ژەنا مەرزنێرە و خەریکی چالاکی ڕەگەزی و نەتەوەیینێ.

ئارۆ جە ڕۆژهەڵاتوو کوردستانیەنە جە بواری کۆمەڵایەتی، ژەنی ڕۆڵی کاریگەر وینۆ و جە تەمامووی چالاکییە کۆمەڵاییەتیەکانە، بیەی و یاگەدەسوو ژەنا دیارا. جە تەمامووی ڕێکڤزیە مەدەنییەکاو کوردستانی، بەشێڤ جە هێزی سەرەکی پەی چالاکی کۆمەڵایەتی ئێنا سەروو شانوو ژەناوە.

بێ گۆمان فرۆ ئا ژەنا کە خەریکی چالاکیەنێ بە هەستێڤی نیشتمانی دەسبەکار کەرا. ئی چالاکیێ کە ژەنی جە بواری کۆمەڵاییەتیوە کەراش هەڵمەتۆ هووشیارکەردەین پەی بنەماڵەکا جە وەراوەر ئا خەسارا کە ئارۆ کۆمەڵگاو ئێمە دەسبەیێخەن چنیشا.

دیاردۆ مادەهۆشبەرەکا، تەڵاق، ئازار و تنوتیژی، وێکۆشتەی و بێکاری و... . کۆمەڵێڤ چا دیاردانەن کە ئا ڕێکخراوێ بە هێمەت و ئەوەچنەئامای ژەنە چالاکەکا وەراوەریشا چەنی کەرا.

٣-٣- ژەنی و ڕۆڵی فەرهەنگی

یۆتەر چا بەشا کە ژەنی کوردستانی ڕۆڵی تایبەت و فەراوانش چنە گێڵنا، بەشی فەرهەنگین.

جە وەڵاتانی فرە نەتەوە وفرە ئێتنیک کە دەسەڵات جە لایەنوو نەتەوەی سەرەدەستیەوە قۆرخکریان؛نەتەوەی باڵادەس بە شێوازی سیستیماتیک هەوڵش ئانەنە کە نەتەوەی چێردەس

هەواڵنامەی کتێب

جه بواری فەرهەنگی ئاسیمیله کەرۆ. ئاسیمیلاسیۆن یان یەکدەستکەردەی جه ڕاۆ ئامووزش وپەروەرێشی، میدیای ڕەسمیی و کاروو باری حکوومەتی ملۆڕاوە.

کوردستان یۆ چا یاگانە هەرجە ساڵوو ١٣٠٤ بە دماوە، چێروو شەپۆلۆ ئاسیمیلاسیۆنوو نەتەوەی سەردەسی جه ئێرانەنە بیەن و هەوڵ دریان زوان و فەرهەنگش بە شێوازێڤی جۆراجۆر بلۆ بەینەنە.

جه فرۆ کۆمەڵگایا ژەنی فرەتەر جه باری فەرهەنگی چێروو کاریگەری فەرهەنگی باڵادەسی قەرار گێرۆ و جه کوردستانیچەنە بەداخەوە ئینە ڕووەش دەینە. بەڵام بە وەشحاڵیەوە ئارۆ بەشێڤی وەرچەم جه ژەنانوو کوردستانی قۆڵوو هێمەتیشا هۆرماڵان و بە کار و چالاکی فەرهەنگی خەریکێ خزمەت بە فەرهەنگ و کەلەپۆروو ویشانێ.

چی ساڵانە ژەنێ بەئاوەزێوی بەرزەوە جه تەماموو بۆنە فەرهەنگییەکا پێسەی کۆرسوو فێربیەی زوانی، پەنێلە فەرهەنگییەکێ، شەوشیعرەکا ومەراسموو پرشکۆ نەورۆزی چالاکانە بەشدارێنێ و ڕۆڵێ کاریگەر گێڵنا. بەشێڤی فرە جه ئەرکوو هووشیارکەردەیۆ خەڵکی جه باری فەرهەنگی ئارۆ کەوتەن سەرروو شانوو ژەنا و چی ڕانە شێلگیرانە خزمەت کەرا.

٤-٣- ژەنی ورۆلی ژینگە پارێزی

یۆتەر چا بەشا کە ژەنی کوردستانی چی ماوەنە بە ئاوەزی بەرزەوە ویشا پنەش سەرقاڵ کەردەن؛ باسوو ژینگە پارێزی و بایەخ دای بە ژینگاو وەڵاتیا.

ئارۆ وەشەویسی نیشتمانی تەنیا یەک سووچ مەگێرۆوە و مشیۆ ئینسانی بە ئاوەزی نیشتمانپەروەر ویری ئێژانەیش پەی تەماموو لەق و پۆپەکۆ وەڵاتیش بۆ. نیشتمانی ئاوەدان ئا نیشتمانەنە کە خەڵکەکەش پارێزەرێ تایبەت مەندییە سرۆشتی وئینسانیەکاش با.

بێ گومان بایەخدای بە ژینگەی و کەلتووری ژینگەپارێزی یۆ چا پارامێترانەن کە کۆمەڵگایڤی زیننە و بە ئاوەز جه کۆمەڵگاکاتەری جیا کەرۆوە. جه هەریاگێڤەنە ژینگە و ژینگەپارێزی لا خەڵکیەوە هەمیەتدار بۆ؛ بە دڵنیایەوە ئا کۆمەڵگا ویر جه نەسڵوو دمارۆی کەرۆوە. جه باسوو گەشەی پایەداریەنە پارێزنای ژینگەی و هەرپاسە ویری دمارۆیی و وەرچەمگێرتەی نەسڵوو دمارۆی بە یۆ جه پێوەرەکا مدریۆ قەڵەم.

بە وەشحاڵیەوە ئارۆ جه کوردستانەنە ویری ژینگە پارێزی خەریکا دلێ بەشێڤی وەچەم جه خەڵکی ئاستی جەماوەری پێکۆ و تەماموو چین و توێژەکا، هەرکام بە لۆنێڤ ویشا وەراوەر بە پارێزنای ژێگاو وەڵاتی وەرپرسیار مزانا.

یۆ چا چینا کە چالاکانە جه خەموو پاریزنای ژینگەیەنە بەشدارێنێ؛بەدڵنیایەوە ژەنەکێ کوردستانینێ. ئارۆ بەشێڤی وەرچەم جه ژەنا جه چوارچێڤۆ ڕێکڤزیا ژینگەیەکا وێشا ڕێکڤسەن و چا یاگانە کە توانای جەستەییشا ئیجازەشا مدۆ پنە؛ شان بە شانوو پیاکا بەشدارێ چالاکی ژینگە پارێزیەنێ. پەی نموونەی هەر وەخت ڕیکڤزیاوی ژینگەپارێز داواکاری پەی هەڵمەتۆ نەمام نیای و یا پاک و پۆختەکەردەی ژینگۆ یاگێڤێ مدۆ، بەشێڤی فەراوان چا کەسانا مەیا پێڤەی ئا داواکارییە ژەنیەنێ.

جه ئاخرین هەڵمەتۆ ژینگەپارێزی کەچی پاییزەنە لوا ڕاوە بانگەوازوو»زاگرۆسانەی«بێ کە جه لایەنوو ڕەێکڤزیا ژینگەیەکاو ناحیەو زاگرۆسی پەی»بەلوو نەیای« ئاراستە کریا؛ کە بە شێوازێڤی وەر وەڵا جەفرۆ شار وەدگاکا لوا ڕاوە و جەتەماموو یاگەکانە ڕۆڵ وکاریگەری ژەنا وەرچەم و پرێئژا بێ.

٤-ئاکام

ڕۆڵ وکاریگەری ژەنێ جه دنیاو ئارۆیەنە جه تەماموو بوارەکانە حەقیقەتێڤی حاشا هۆرنەگیرا و ژەنی ئارۆی بە تەیارکەردەی ویشا بە زانست و مەعریفەت، ئەگەر جه پیاکا وەڵتەرێ نەبا چادیشا کەمتەرێ نیەنێ.

جه وەڵاتانێڤەنە کە تێکڵاوی ئێتنیکی و نەتەوەیی هەن؛هەمیشە نەتەوەی کەمینە، ئینا چێروو زەخت و فشاروو نەتەوەی باڵادەسیەنە. جه کۆمەڵگایڤی چێمنەنە، ژەنی ڕەنگا دووقات تووشوو تەنگەلا جۆراوجۆرەکا با؛جەیاگێڤەنە جیاوازی ڕەگەزی و داب ونەریتی سۆنەتی و جه یاگێڤەتەرەنە، جیاوازی و زەختی نەتەوەیی شەرایتوو ژیوای پەی ژەنا سەخت کەرۆوە؛ هەرپەی خاترەنە کە ئاگاهی وهووشیاری نەتەوەیی و ڕەگەزی ژەنا چی جۆرە کۆمەڵگایانە، زەمینەوەش کەرا پەی جموو جۆڵی شۆناس وازانە جه ئاستی جەماوەرییەنە.

هەرپاسە کە وەڵتەر ئیشارە کریا ژەنی جه کۆمەڵگاو کوردستانیەنە سەرباروو تەماموو ئا تەنگەژا کە هەنێ و وەرپەنگ پەی چالاکی ژەنا وەش کەرا؛بەڵام بە وەشحاڵیەوە ئارۆ هێزی جەماوەری ژەنا جه کوردستانەنە جه تەماموو بوارەکانە حەقیقەتێڤی حاشاهۆرنەگیرا و هەر یاگێڤەنە ژەنی بەشدارێنێ، گڕ و تین بە چالاکییەکاو دیارا.

بەشداری چالاکانە جه بواری سیاسی، هەر جه دێر زەمانەوە، ژەنی کوردێش بەنیسبەتوو ژەنکاو دەوربەری دیار و ئشناسەکەردێنە و ڕۆڵ وکاریگەریشا جه ویردەۆ هامچەرخوو کوردیەنە ئاشکرا و ئینا وەرچەمەنە.

ڕەنگا وەرچەمتەرین ڕۆلی سیاسی ژەنێ کوردێ چی سەردەمەنە بەشداری جه خەباتی پێشمەرگانەیەنە بۆ. دنیا حەماسەتوو ژەنێ کوردێش جه وەراوەروو داعیشەوە دی کە چەنی فرۆ ژەنا جه یاگێڤە پێسە کۆبانێ، شان بە شانوو پیاکا چەکدارێ بیێ و وەرگیریشا جه خاک و وەڵاتەکەیشا کەرد و دماتەریچ جه کاری سیاسی پارلەمنتاری، ڕۆژنامەگەری و چالاکیە سیاسیەکاتەری بەشدارێ بیێنێ. هەرپاسە بەشداری ژەنا جه کار و باروو کۆمەڵاییەتی، فەرهەنگی و ژینگەپاریزیچ چی چن ساڵەنە ئینەدیار و ڕۆشنا ئیتر هیچ بەڵگە و سەرچەمێڤش گەرەک نیا.

بەدڵنیایەوە ڕۆڵ وکاریگەری ژەنێ جه کاروو و باروو سیاسی، کۆمەڵاییەتی، فەرهەنگی و ژینگە پارێزیەنە جه پاڵوو ئانەیە کە جۆرێڤ ڕەچەماراین بە نیسبەت ئا تەنگەلا ڕەگەزیان کە هەمیشە وەرپەنگێڤی هێقم پەی کار و چالاکی ژەنا بیەن؛جەپاڵێچشەنە خۆئاگاهی و هووشیاری نەتەوایەتیش دلێ ئی چینە پرێئژایەنە بە شیوازێڤی وەرچم زەق و کارا کەردەنەوە.

٥- سەرچەمەکێ


- بایزیدي، محمود. (١٣٦٩)، آداب ورسوم کردان، ، ترجمه: عزیز محمدپور داشبندي، تهران، نشر میعاد.
- کینان، درک، (١٣٧٦). کردها و کردستان، ترحمه: ابراهیم یونسي، تهران، انتشارات نگاه.
- مجتهدزاده، پیروز (١٣٨١). جغرافیاي سیاسي وسیاست جغرافیایي، تهران، انتشارات سمت.
- وان بروین سن، مارتین، (١٣٧٩)، جامعه شناسي مردم کرد، ترجمه ابراهیم یونسي، تهران، انشارات پانیذ
- هیوود، اندرو، (١٣٩٦)، سیاست، ترجمه: عبدالرحمان عالم، تهران، انتشارا ت ني.
- سەردار ستار، سنۆبەر، (٢٠١٩)، ڕۆلی ژن لە خەباتی سیاسی وچەکداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان(١٩٧٩/١٩٨٨). journal of University of Garmian. -
-Guibernau,Montserrat,(٢٠٠٤). Antony D,Smith on Nations and National Identity: a Critical assessment. Nation and Nationalism ١٤١-١٢٥ .٢٠٠٤ .(٢/١)١٠.
-Glassner,martin,Faberer,chuak,(٢٠٠٤). political geography ,third edition.
-Glassner,martin. (١٩٩٣). Political geography.

بەشی پەروەردەی گۆڤاری بەیان بە سەرپەرشتی مامۆستایان:



١. م. عەباس ئەحمەد جوامێری
٢. م. ڕزگار خدر مستەفا
٣. م. سەعید ئەحمەد غەفوور
٤. د. ئیسماعیل مستەفازادە

پەروەردە لە پێناو داهاتوویەکی جوانتر

# بیــرکاری بە کوردی، پۆلی سێهەم



عەباس جوامێری ـ سلێمانی




بیــرکاری، زمانی لۆژیکە (زبان منطق) و لە هەموو ئاست و قۆناغەکاندا بەپێی پێویست خۆی دەردەخات.

ئەو بیــرکارییەی لە قوتابخانەکان دا دەخوێنرێت و بەپێی ئەو، پلانرێژی وانەیی بۆی کراوە، شێوەیەکی لوولپێچی(سپایرۆل)ی هەیە، بە واتای ئەوەی بابەتەکان لە قۆناغەکاندا یەکتری تەواو دەکەن. پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم کە لە زۆربەی وڵاتان دا بە بازنەی یەکەمی خوێندن ناسراوە، کۆمەڵێک چەمک و داتا و پێدراوی زۆر گرنگی هەیە کە منداڵ لەو بازنەیەدا فێریان دەبێت، ئەو چەمکانە دەبنە بنچینەی دروستکردنی ژیانی بیرکاری.

پۆلی سێیەمی بنەڕەتی(سوم دبستان)

بەشی یەکەم: ژمـارەکان(اعداد)
١- بەهای خانەیی (ارزش مکانی)، ٢- هــەزاران (هزارگان)، ٣- دەیـانی هــەزاران (دهگان هزارگان)، ٤- بەراوردکـردنی ژمـارەکان (مقایسە عددها)، ٥- ڕیــزکردنی ژمـارەکان (مرتب سازی اعداد)، ٦- نزیک کردنەوەی ژمـارەکان (عددهای تقریبی)، ٧- ڕێـگاکانی شیکاری پرسیارەکان (راه های تجزیە و تحلیل سؤال)؛ دەرەنجامی ژیربێژی بەکاربهێنە (از نتایج منطق استفادەکن).

بەشی دووەم: کۆکردنەوە و لێدەرکردن(جمع و تفریق)
١- پێداچوونەوەی کۆکردنەوە (بررسی جمع)، ٢- خەمڵاندنی سەرجەم (مجموع را حدس بزنید)، ٣- پێداچوونەوەی لێدەرکردن (بررسی تفریق)، ٤- سفر لە لێدەرکردن (صفر در تفریق)، ٥- خـەمڵاندنی جیاوازی(حدس تفاوتها)، ٦- کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەی ٤ ڕەنووسی (جمع و تفریق عددهای چهار رقمی)، ٧- ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان؛ بخەمڵێنە و ساغ بکەوە(حدس و بررسی).

بەشی سێهەم: کات، دراو- پارە(پول)و چارەسەرکردنی پێدراوەکان(پردازش دادەها)
١- خوێندنەوەی کاتژمێر (زمان خواندن)، ٢- ئەژمێرکردنی کات (محاسبە زمان)، ٣- دراوەکان، ٤- کارامەیی لە شیکارکردنی پرسیارەکان (مهارت در حل مسئلە)؛ بەکارهێنانی ڕۆژژمێر (کاربرد ساعات)، ٥- وێنەدار(رسم، شکل)، ٦- کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنیان (جمع آوری و سازماندهی اطلاعات)، ٧- پۆلێنکردنی پێدراوەکان (طبقە بندی دادەها)، ٨- خوێندنەوەی ستوونە ڕوونکردنەوەییەکان (نمودارهای ستونی را بخوانید ستونەهای توضیحی را بخوانید).

بەشی چوارەم: لێـکدان(ضرب)
١- لێکدان و کۆکردنەوە(ضرب و جمع)، ٢- لێکدان لە ٢ و لە ٥(ضرب در ٢ و در ٥)، ٣- ڕیزکراوەکان(ماتریس)، ٤- لێکدان لە ٣، ٥- لێکدان لە ٤، ٦- ڕێگاکان لەسەر لێکدان (راهها در ضرب)، ٧- ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان؛ بەدوای شێوازدا بگەڕێ(سبک جستوجو).

بەشی پێنجەم: ڕاستییەکانی لێکدان(خاصیت های ضرب)
١- لێکدان لە٦، ٢- لێکدان لە ٧ و٨، ٣- لێکدان لە ٩

و ١٠، ٤- ڕاهێنان لەسەر لێکدان(تمرین ضرب)، ٥- ژمارەی نادیار (عدد مجهول)، ٦- ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان؛ وێنەیەک بکێشە.

بەشی شەشەم: دابەشکردن(تقسیم)

١- واتای دابەشکردن (معنای تقسیم)، ٢- دابەشکردن و لێکدان(تقسیم و ضرب)، ٣- ڕاستییە پێکەوەبەستراوەکان (حقایق به هم پیوسته)، ٤- ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٥ (حقایق تقسیم تا ٥)، ٥- ڕاستییەکانی دابەشکردن تا ٩، ٦- ڕاهێنان لەسەر دابەشکردن، ٧- ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان؛ بە هەنگاوەکانت دا بگەڕێوە (تحقیق کن).

بەشی حەوتەم: ئەندازە و پێوان(اندازه و اندازەگیری)

١-تەنە ئەندازەییەکان (هندسه فضایی)، ٢- پێکهاتەی تەنە ئەندازەییەکان (ترکیب هندسه فضایی)، ٣- جووتبوونی شێوەکان و هاوجێبوونیان (جفت کردن اشکال و تلاقی آنها)، ٤- ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان؛ پرسیارێکی ئاسانتر شیکار دەکەم، ٥- درێژی(طول)، ٦- چێوە (محیط)، ٧- فراوانی(وسعت – فراوانی)، ٨- کێش(وزن).

بەشی هەشتەم: کەرتەکان(کسرها)

١- کەرتی یەکە (کسر واحد)، ٢- هاوتابوونی کەرتەکان (تساوی کسرها)، ٣- بەراوردکردنی کەرتەکان و ڕیزکردنیان (مقاریسه و ترتیب کسرها)، ٤- کەرتەکان و دەییەکان (کسرها و اعشار) ١دهم، ٢دهم، ٣دهم، ...))، ٥- ڕێگاکانی شیکارکردنی پرسیارەکان؛ نموونەیەک دروست بکە (إیجاد الگو)، ٦- کۆکردنەوەی کەرتەکان(جمع کسرها)، ٧- سادەکردنی سەرجەم(ساده سازی مجموع)، ٨- لێدەرکردنی کەرتەکان(تفریق کسرها).

بەشی نۆیەم: لێکدان و دابەشکردنی ژمارەیەکی یەک ڕەنووسی لە ژمارەیەکی یەک ڕەنووسی یان دوو ڕەنووسی(ضرب و تقسیم عدد یک رقمی بر عدد یک رقمی و دو رقمی)

١- لێکدان لە ژمارەیەکی دووڕەنووسی(ضرب در عدد دو رقمی)، ٢- تۆمارکردنی کرداری لێکدان (محاسبه حاصل ضرب)، ٣- لێکدان لە ١٠ و لە ١٠٠ و لە ١٠٠٠، ٤- ڕاهێنان لەسەر لێکدان (تمرین در ضرب)، ٥- کارامەیی شیکاری پرسیارەکان (مهارت حل مسائل)؛ هەڵبژاردنی کردارێک (یک عمل را إنتخاب کنید)، ٦- تۆمارکردنی کرداری دابەشکردن (محاسبه حاصل تقسیم)، ٨- دابەشکردنی ژمارەیەک بەسەر ژمارەیەکی یەک ڕەنووسی‌دا (تقسیم یک عدد بر عدد یک رقم).

لە بیر مابوو. چەند شتێکی نووسی و چەند شتێکیشی بڵاو کردەوە. ئەوانەی ئێمە لە بیرەوەرییەکانی دوای شۆڕش، لە کوێ ئەو بیرەوەرییانە دەیبینین، بەرهەم و دەسکەوتی ئەو کێشە و قڕەیە کە لەمەڕ ڕووداوەکان هاتبووە پێشێ. ئەگینا حاجی مامۆستا شانی لێ دانەخستبوو. بیرەوەرییەکانی لەوەتا ماڵی هاتوتە شاری سەقز لە دەیەی شەستی هەتاویدا بنووسێتەوە. کە وا بێت، یەکەم: نەوتراوە و کەمی و کەچایی ئەو بیرەوەرییانە نەنووسرانەوەی هۆی هاتنی بۆ شاری سەقزە کە بەر لەوە هەر لە دێهاتی دەوری سەقز بە مەلایەتی خەریک بووە. خودا و ڕاستان بیرەوەری حاجی مامۆستا لە شاری سەقز لەو کاتەی ماڵی هاتووە بۆ ئەوێ، یەکجار زۆر بوو، یەکجار گرینگیش بوو. دووهەم: زۆر شتی سەر بە مێژووی بانە و سەقز و کارەساتەکانی بەینی عەشیرەتەکان و کێشە و قڕەی بەینی مەلاکان کە لە خورجێنی زەینی حاجی مامۆستادا هەبوو. جارجاریش باسی لەسەر دەرکرد، بە تەواوی نەخراونەتە لیزگەی ئەو بیرەوەرییانە. ئەوەی لەو بارەوە باسی کردووە لە هەر شتەی مشتێکە. خۆزگە مشووری ئەوە لە ئێمەی نزیکی حاجی مامۆستادا هەبایە هەر نەبێ ئەو شتانەمان کە لەو بیرەوەرییانەدا نەهاتووە، لانیکەم لێمان تۆمار بکردبایە تا نەفەوتابایە. ئێستاش تامەزرۆین بلێی لە دەفتەرێکی نەپشکنراو یان کاسێتێک، سێدییەکدا باسێکی لەو باسانەدا تێدا نەبێ؟ خودا دەزانێ و هیممەت و تێکۆشانی نزیکان و قوتابیانی حاجی مامۆستا.

دوا وتەی مامۆستا ئیمامی لەمەڕ بیرەوەرییەکانی:

جاری ئاخری حەوتوویەک پێش کۆچی دوایی، لە ماڵی کاک هیدایەت بە خزمەتی گەییشتین. ڕاسپاردەیەکی گرینگی بۆ ئەو دوو کەسەمان واتە من و کاک هیدایەت پێ بوو. دوای ئەوە عەرزمان کرد؛ حاجی مامۆستا تۆ لەو کاتەوە هاتووی بۆ شاری سەقز، لەو هەمووە کارەساتە، زۆر کەمت نووسیوە. سی ساڵ تۆ لە سەقز دەورت بووە. بە تایبەت من عەرزم کرد: حاجی مامۆستا تۆ لە ژێر پرسیاردایت. فەرمووی: «چۆن؟» عەرزم کرد لەمەڕ دادگای هەمەدان. جا ڕاسپاردە گرینگەکانی ئەوە بوو، وا دیار بوو بەر لەو قسانەی ئێمەش، خۆی ساز کردبوو، ئەو قسانەمان پێ ڕابگەیەنێ. فەرمووی: «جا ئەوە هاسانە، ئەگەر وابێ خۆشم شتێکم لە نەزەر دایە. با نەڵێن بیرەوەرییەکانی منیش «ئەحمەد نامە»یە. ئەو بەشەی مەڕبووت بە کاک ئەحمەدە، لەگەڵ ئەو شتانەی ئێوە دەیڵێن، دەیخەینە بەرگی دووهەم، جارێ با بەرگی هەوەڵ کە ئامادەیە ، لە چاپ بدرێ. ئەوە ئاخرین دیداری ئێمە لەگەڵ حاجی مامۆستا و دوایین وتەی ئەو سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی بوو.

چەند هەڵەی بچووک لەو بەرهەمە بە نرخەدا:

لاپەڕەی ٤١ ، دێڕی ٣ ، هاتنی عومەرخانی شکاک لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا(١٩٤٥) ڕاستە نەک لە ساڵی ١٣٢٠(١٩٤٠) پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

لاپەڕەی ٢٤٩ ، دێڕی ٥ ، ساڵی ١٣٥٤(١٩٧٥) ڕاستە نەک ساڵی ١٣٤٥(١٩٦٦) پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

لاپەڕەی ٧٥ ، دێڕی ٣ ، دوکتۆر تەقی ئەرانی ڕاستە نەک ئێرانی.

لاپەڕەی ٥٧ ، دێڕی ١٠، ناوی ڕاستی ئەو کەسایەتییە، عەولاغای مەحمووداغای حاجیەلخانییە.

لاپەڕەی ٧٧ ، دێڕی ١٤، بەیتە شیعرە عەرەبییەکەی مەجنوون هەڵەی زۆرە. دەبێ ڕاستییەکەی بنووسرێت.



فرۆ ڕزگار ـ سلێمانی

# بەکتریاکان هەمووکات زیانبەخش نین!

ڕەنگە تا ئێستا کە گوێمان لە وشەی زیندەوەرە وردبینەکانی وەک بەکتریا، ڤایرۆس و کەڕووەکان و... . دەبێت، ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ نەخۆشی و پەتا گوێزراوەکان و لایەنە خراپەکەیان بچێت بەڵام چی ئەگەر بڵێین ئەو زیندەوەرە وردبینانە و لە ناویشیاندا بەتایبەتی بەکتریاکان، سوودەکانیان لە زیانەکانیان زیاتر نەبێت، هێندەی ئەوانە؟ چی ئەگەر بڵێین هەندێ لە بەکتریاکان لە مانەوەمان بە تەندروستی ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە؟ سەیر نابێت ئەگەر بزانیت ژمارەی بەکتریا سوودبەخشەکانی لە جەستەماندا دەژین لە ژمارەی خانەکانی ناو لەشمان زیاترە؟ ئەی ئەگەر بەکتریاکان بوونیان نەدەبوو، ژیان لەسەر زەوی هەر بەم شێوازەی ئێستا دەبوو؟

بەکتریاکان کە زیندەوەری وردبینی تاک خانەن، وا ناسراون کە تووشی چەندان نەخۆشیمان دەکەن کە زۆر کات چارەسەرکردنیان گرانە و ژیانی تووشبووان دەخەنە مەترسییەوە و هەندێ جاریش دەبنە هۆی مردن. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆمەڵێکی زۆر لە بەکتریاکان، کە بە بەکتریا سوودبەخشەکان ناسراون، بە سرووشتی خۆیان سوودێکی زۆر بە ژینگە و زیندەوەران دەگەیەنن کە لێرەدا هەندێکیان خراونەتە ڕوو:

– زاناکان بڕوایان وایە لە سەرەتای دروستبوونی ژیان و ماوەیەکی زۆر بەر لە دروستبوونی مرۆ، بەکتریاکان ڕۆڵییان هەبووە لە دروستبوونی ژیان لەسەر زەوی بەوەی بوونەتە سەرچاوەی دابینکردنی ئۆکسجین لەسەر زەوی بە گۆڕینیان بۆ شێوەیەک کە ئێمە دەتوانین بەکاری بهێنین.

– ڕەنگە بیستنی ئەمە سەیر بێت بەڵام بەکتریاکان ڕۆڵی گرنگیان لە پیشەسازی خواردنیشدا هەیە و لە زۆر خواردنی ڕۆژانەشماندا هەن وەکوو ماست، سرکە، پەنیر و زۆی تریش. ئەم بەکتریایانە لە ڕێگەی ئەو خواردنانەوە دەچنە ناو جەستەی ئێمە کە بە پێچەوانەی بەکتریا زیانبەخشەکان، سوودێکی زۆر بە جەستەمان دەبەخشن لەوانەش: دروستکردنی ڤیتامینەکان، ئاسانکردنی کرداری هەرسکردنی ئەو خواردنانەی لەشمان ناتوانێ تێکیان بشکێنێ بۆ دەستکەوتنی وزە و ماددە خۆراکییە پێویستەکان لێوەی، هاندانی سیستەمی بەرگری لە کاتی بوونی مەترسی لەسەر لەشمان، ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوە و جێگیربوونی هەندێ لە بەکتریا زیانبەخشەکان بۆ ناو جەستەی ئێمە لە ڕێگەی جێگیرکردنی خۆیان لەو شوێنانەی لەشمان کە ئەگەری تووشبوونیان بەو بەکتریا زیانبەخشانە هەیە.

– بەکتریاکان لە بواری ژینگەشدا سوود و بەکارهێنانێکی یەکجار زۆریان هەیە. هەندێ جۆری بەکتریا لە ڕێگەی کردارێک کە پێی دەوترێ (bioremediation)، بەکاردەهێنرێن بۆ پاککردنەوەی پاشماوەی سووتەمەنییە دەرهێنراوەکان کە لە چالاکی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت وەک لە کاتی دەرهێنان و گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ تەنکەرەکان، ئەو سووتەمەنییانەی بۆ کارکردنی کەشتییە زەبەلاحەکان بەکار دێن، یان هەر پاشەڕۆیەکی تری خاوی پەترۆڵ کە هەموویان دەبنە هۆی پیسبوونی دەریاکان و مەترسی بۆ ئەو زیندەوەرانەش دروست دەکەن کە تیایدا دەژین.

– هەندێکی تر لە بەکتریا و ڤایرۆسەکان، پێکهاتەیەکی گرنگی پێکوتە (ڤاکسین)ەکانن کە ڕێگری دەکەن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوە مەترسیدارەکان کە زۆرجار هەڕەشەن بۆ ژیانمان. بەکارهێنانێکی تری زۆر گرنگی بەکتریاکان لە بواری پزیشکی و چارەسەرکردندا بەکارهێنانیانە وەکوو گوێزەرەوەیەک بۆ هەندێ ماددەی گرنگ بۆ ناو جەستەی ئێمە کە باوترینیان ئەنسۆلینە. ئەنسۆلین، بریتییە لەو هۆرمۆنەی کە ئاستی شەکر لە ناو خوێندا ڕێک دەخات بە کەمکردنەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا بە ناردنی بۆ خانەکانی لەشمان تا ئەو خانانە بتوانن وەکوو سەرچاوەیەکی وزە پشتی پێ ببەستن. لە نەبوون یان کەمی ئەم هۆرمۆنە، ڕێژەی شەکر لە خوێدا بەرز دەبێتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نەخۆشیی شەکرە لە کەسەکەدا. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، دوکتۆرەکان لە ئێستادا بەکتریاکان بەکار دێنن بۆ گواستنەوەی هۆرمۆنی ئەنسۆلین لە کەسێکی تەندروستەوە بۆ کەسێکی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە کە ئەمەش ژیانی چەندان کەس لە مردن و مەترسی ڕزگاردەکات.

– هەندێ بەکتریای دیکەش هەن کە یارمەتی بەپیتبوونی خاک و گەشەی ڕووەکەکان دەدەن لە ڕێگەی دابینکردنی نایترۆجین و فۆسفۆڕ و هۆرمۆنی گەشە بۆ ڕووەکەکان و یارمەتیدەرن لە هەڵوەشاندنی پاشەڕۆی سرووشتی و ڕووەک و گیانەوەرە مردووەکان و گێڕانەوەی ماددە ئەندامییەکانی ناویان بۆ خاک.

لێرەوە دەزانین کە بەکتریاکان لەگەڵ ئەوەی زۆرجار زیانبەخشن، دەکرێ سوودێکی زۆریشیان لێ وەربگیرێت بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە هەموو کات ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لێیان جێبەجێ بکەین تا دوور بین لەو نەخۆشییانەی مەترسی لەسەر ژیانی خۆمان و دەوروبەرمان دروست دەکەن.

microorganisms: زیندەوەری وردبین
single-celled organisms زیندەوەرە تاک خانەکان
oil spill پاشماوەی ڕژانی سووتەمەنییەکان
Diabetes mellitus نەخۆشیی شەکرە



ڕۆستەم خامۆش ـ هەولێر

# نووسین بۆ منداڵان



نووسین بۆ منداڵان، لە لایەن شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانەوە، هەتا بڵێی کارێکی زۆر چاک و پێویست و بەجێیە و، شایانی ستایش و بەهەندوەرگرتن و بە گرنگ تەماشاکردنە، بەڵام دەبێت ئەوەیش باش بزانین کە ئەمانەتێکی زۆر قورس و گەورەشە، کە دەکەوێتە سەرشانی کەسانی قەڵەمبەدەستی ئەو بوارەوە و، یەکێکە لەو کارە سەخت و دژوارانەی کە سەرکەوتن تێیدا هێندە ئاسان نییە و ئیشێکی زۆر زەحمەتیشە. بۆ گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن لەو بوارەدا، بێگومان هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانێکی زۆر و بێوچانی دەوێت. چونکە ناسینی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ، پێویستی بە لێزانی و شارەزاییەکی باش هەیە و زۆر گرنگە زانین و تێگەیشتن لە زانستەکانی: (منداڵناسی بەگشتی، دەروونناسی و پەروەردە)، هەر بۆیە کارێکی هێندەیش ئاسان نییە. مادام نووسینەکە بۆ منداڵە، دەبێت زۆر (وریا و هۆشیارانە، لێزانانە، زانستییانە، جوان و ناسک، واتادار و مانادار، پەیامدارتر... هتد)بێت و، ئەوانەی دەستیان پێنووسی گرتووە هەتا بۆ منداڵان بنووسن و ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە بەسەر بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە لایەن قەڵەمی شاعیران و نووسەرانەوە، بەپێی مافی ڕەوای خۆیان خزمەت بکرێن، دەبێت پێ بزانرێت، کە ئەو قەڵەمانەی بۆ ئەو توێژە بەنرخ و گرنگ و پڕ بایەخەی کۆمەڵگە کەوتوونەتە کار و لە چاوەڕوانی ئاسۆی گەشی سبەینێدان، بێشک دەبێت بە چاوی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستییەوە تەماشایان بکرێت و ڕێز لە قەڵەمەکەیان بگیرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بن و گەرم و گورتر بنووسن. هەر لەم پێناوەدا پێویستە یارمەتی ئەم جۆرە نووسەرانە بدرێت بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بۆ چاپ بکرێت، تا دیدەی گەشی منداڵان بەم چەشنە بەرهەمانە ڕۆشن ببێتەوە و سوود و چێژ لەم کتێبانە وەربگرن. **بەڕاستی دەبێت نووسەرانی ئەو بوارەش، لە بوارەکانی: (ئەدەب بەگشتی، دەروونناسی و پەروەردەی منداڵان)دا، زیاتر و زۆرتر بخوێننەوە و لە زۆر بواری دیکەشدا خۆیان شارەزا بکەن، بەڵکوو ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیرییان بەهێزتر و فراوانتر و باشتر ببێت و، خۆیان لە وشەی سواو و جوینەوەی نووسینی پێش خۆیان و دووبارەکردنەوەی وێنەکانی پێشووتر، بە دوور بگرن.** نووسەری بواری منداڵان پێویستە بە شێوەی ڕاستینە هەوڵی نوێگەری بدات و زیاتر خۆی ماندوو بکات و بۆ داهێنان و نووسینی جوان و ناوازەتر لە بواری ئەدەبی منداڵاندا تێبکۆشێت، تا لەم ڕێگەیەوە ئێمەی کوردیش لەم بوارە گرینگەدا کە ئەویش ئەدەبی منداڵانە، بەرەو پێشتر بچین. هەر چەندە لە سایەی پێنووسی دڵسۆزانەوە، هەنگاوی باش نراوە بەڵام پێویستە بە هەوڵی خەمخۆرانەی زیاتری قەڵەمبەدەستانی ئەو بوارە و لایەنی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە، ئەو ئەدەبە بگەیەنرێتە لووتکە، تا ئێمەش شانازیی بە خۆمان بکەین و بڵێین: ئەوە ئەدەبی منداڵانی کوردە و هیچی لە هی ئەدەبی گەل و وڵاتانی دیکە کەمتر نییە.

شاعیران و نووسەرانمان بە قەڵەمەکانیان بۆ خەمی ئایندەی نەوەکان و کۆمەڵگەیەکی باشتر دەنووسن و دەڕوانن و تێدەکۆشن. هەر بۆیە پێویستە بۆ هەموو نووسینێکی بەپێز و ڕێک و ڕاستیان بۆ منداڵان، وەک: (شیعر، چیرۆک، ئۆپەرێت و دەقی شانۆیی... هتد)، کە چەند ژانرێکن لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، سوپاس و دەستخۆشییان لێ بکرێت، بۆ؟ چونکە ئەگەر نووسینەکانی ئەوان سوودبەخش و باش و پەروەردەیی بێت، واتە شتێکی چاکیان دەرخواردی مێشک و هزر و خەیاڵی منداڵان داوە. بێشک منداڵانی بە تەمەن بچووکی ئەمڕۆ، گەورەسالانی سبەینێ و داهاتوون، کەواتە کەسانێک زۆر بەجوانی:(ڕاهێنراو، پەروەردەکراو، فێرکراو، دەرووندروست، متمانە بەخۆ، باوەڕ بەهێز... هتد)، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبنە کەسی پاک و ڕاستگۆ و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەیان. ئەگەر هەندێک لە نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، بە پێی کەم ئەزموونییانەوە، نەیانتوانی وەک پێویست، جوان و باش بۆ منداڵان بنووسن، ئەوا ڕەخنەیان لێ دەگیرێت و خاڵی لاوازی نووسینەکانیان لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارەوە، دەست نیشان دەکرێت؛ کە ڕەخنەشیان لێ گیرا، یان ڕێنمایی کران بۆ ئەوەی پێیان بگوترێت، لێرەدا هەڵەتان کردووە و نەتانتوانیوە وەک پێویست و شارەزایانە بچنە نێو ناخی منداڵانەوە و جوان و باشیان بۆ بنووسن، دەبێت بە دڵێکی گەورەوە وەرگری ئەم جۆرە ڕەخنانە بن و زۆر لایان ئاسایی بێت و دڵیان هەر وەکوو دڵی منداڵان پاک و جوان بێت و هەرگیز ڕق و کینە لە ڕەخنەی ڕەخنەگر هەڵنەگرن، چونکە ڕەخنەگری ڕۆشنبیر و بێلایەن و بە ویژدان، هەمیشە دەستبار لەگەڵ نووسەردا دەگرێت و ناهێڵێت خوار ڕێ بکات و بکەوێت.

م. شێرزاد سەعید محەممەد ـ سلێمانی

شارەزا لە بواری زانستی زانیارییەکانی کتێبخانەکان



# پێویستی کتێبخانەکان بە ئەمیندارانی زانیارییەکان



هەموو مرۆڤێک لە کاتە جیاوازەکاندا پێویستی بە جۆرێک لە جۆرەکانی زانیاری هەیە. زۆربەی زانیارییەکان لەو جۆرەن کە مرۆڤەکان هەموو ڕۆژێک پێویستیان پێی دەبێت، دەکرێت ئەو زانیارییانە، لە ڕێگای هۆکاری جۆراوجۆری گەیاندنەوە بەدەست بهێنن؛ وەک ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تیڤییەکان، یاخود لە ڕێگای کەسانی ترەوە. چەندە کار و ئیشی مرۆڤەکان بیرۆکەیی بێت، دوو هێندە پێویستی بە زانیاری زیاتر دەبێت. مرۆڤەکان هەندێک لەو زانیارییانەیان لە ڕێگای کتێبخانەکانەوە بەدەست دەگات، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە، سەردانی کتێبخانەکان ناکەن. لە هەندێک پیشەدا، بڕێک سیستەمی ئاڵۆز، بۆ پێدانی زانیاری بە کارمەندەکان دادەمەزرێت. ژیانی سەردەم بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، ئارەزووی پێداویستییەکان بۆ زانیارییەکان بەرەو زیاد بوون دەچێت، هەروەها قەبارەی زانیارییەکان زیاد دەکەن، جۆری زانیارییەکانیش، هۆکارەکانی پێشکەشکردنی بە مرۆڤەکان، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

مرۆڤ لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو کە زانیارییەکان لە ڕێگای کتێب و گۆڤارە چاپکراوەکانەوە بەدەست بهێنێت، بەڵام بابەتەکە ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، تۆمارە دەنگیی و ڕەنگییەکان زۆر بەربڵاو بوونەتەوە. کاتێکی کەمی ویست تا وەکوو تۆمارە دەنگیی و ڕەنگییەکان گەییشتنە هەموو ماڵێک، گەر بە مەبەستی کات بەسەربردن بێت، یاخود بە مەبەستی پەروەردە و فێرکردنیش بێت. هەروەها تەقینەوەیەکی گەورە لە بواری زانیارییە چاپکراوەکاندا بەدی دەکرێت. لە داهاتووشدا خۆمان لەبەردەم تەقینەوەی جۆرەکانی تری تۆمار و گەیاندنی زانیارییەکاندا دەبینینەوە.

بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەی دۆزینەوەی ئەو بابەتانەی کە دەمانەوێت لە نێو زۆرێک لەو بابەتانەی کە نامانەوێن، سیستەمی زانیارییەکان بەرەو تەقینەوە دەچن، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی ئەو زانیارییانە لە داهاتوودا لە لایەن سوودمەندەکانی بە زانیاری نوێ تێر دەکرێت، هەروەها هێندێک لەو زانیارییانەی لەسەر(بچووککراوە فیلمییەکان) تۆمارکراون، لە بەرزبوونەوەدایە. دەکرێت خۆشبەخت بین کە پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێکی تر، زانیاری بدۆزینەوە کە تەنها بە چاوی ئاسایی و بە بێ بەکارهێنانی ئامێر بخوێنرێنەوە. بۆچوونەکان وەهایە کە تەنها ئەو زانیارییانە

لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەستەبەر دەبن، یاخود لە ڕێگای بچووککراوە فیلمییەکان، یاخود لە ڕێگای هەردووکیانەوە. گەر ڕاستمان بووێت زانیارییەکانمان لە بواری ڕێکخستنی سیستەمی زانیارییەکان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕێت.

هەندێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مرۆڤەکان بەرزترین توانایان بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان بەکار دەهێنن. گەر ئەمەش ڕاستییەکی تاڵ بێت، بەڵام پێویستە لەسەرمان کە قبووڵی بکەین کە ڕاستییەکە و دەکرێت لە ڕێگای هاندانی مرۆڤەکان چاکسازی تێدا بکرێت، یاخود لە ڕێگای ئاسانکاری لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توێژینەوە لەسەر زانیارییەکان. ئەگەر بمانەوێت هاندەرەکان زیاد بکەین، کارێکی ئەستەمە، ئەوەی زانراوە، دەکرێت هەندێک گرووپ بۆ گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا هان بدرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت ئەم گرووپانە دوو دڵ بن، یاخود لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توێژینەوە و بەدواداگەڕانی بنچینەیی، دوور بکەونەوە. کارێکی ئاسان نییە کە بۆ ئاسان بەکارهێنانی هۆکارەکانی توێژینەوە، کار بکەین. ئەم کارە پێویستی بە سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوە و هەندێک جاریش بۆ جۆری نوێ لە هۆکارەکانی توێژینەوە، پێویستی بە نەخشەکێشانە. زۆر جاریش وا دەردەکەوێت کە لە باشترین بارودۆخیشدا نەتوانین ئەنجامی باش و خێرا لەم بوارەدا بەدەست بهێنین.

لەبەر ئەوەی زۆربەی زانستەکان تا وەکوو ڕۆژگارێکی نزیک لە شێوەی کتێبدا تۆمار کراون، لەبەر ئەوەی کتێبەکانیش لە کتێبخانەکان دەپارێزرێن، کتێبخانەکان، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی گەیاندنی زانیارییەکان، دەورێکی کاریگەریان بینیوە. لەگەڵ ئەمانەشدا بارودۆخی کتێبخانەکان، بەهۆی گۆڕانکاری لە هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، یاخود بە هۆی پشتگوێخستنی کتێبخانەکان بە هۆکاری جیاواز، هەروەها خوێنەران بە ئاسانی دەتوانن کتێبەکان بە نرخی هەرزان لە بازاڕەکان بکڕن، جگە لەمەیش توێژەران دەتوانن لە ڕێگای هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە زانیارییەکان لە دامەزراوە زانستییەکان وەربگرن. بۆیە پێویستە لەسەر ئەمیندارانی کتێبخانەکان بیر لەوە بکەنەوە کە لەمەودوا زانیارییەکان لە ڕێگای کۆمپیوتەر و هێڵەکانی گەیاندن تۆمار بکەن و بگەێنن بە خوێنەران. بە پێی ئەوەی کە کتێب، یەکەم هۆکاری گەیاندنی زانیارییەکان بووە بۆیە پێویستە لەسەر کتێبخانەکان، زانیارییەکانی ناو کتێبەکان لە ڕێگای کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت بگەێنن بە خوێنەران. هەروەها پێویستە کتێبخانەکان بۆ گەیاندنی زانیارییەکان، تەنها گرنگی بە کتێب نەدەن بەڵکوو هەموو ڕێگاکانی گەیاندنی زانیاری بۆ خوێنەران تاقی بکەنەوە.

کتێبخانەکان لە ڕابردوودا، هەروەها لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زیادبوون لە پاڵنەرەکان و ئاسانکاری لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توێژینەوە بە مەبەستی ئەوەی خوێنەران بەم هۆکارانە ئاشنا بکەن، بە هیوای ئەوەی ئەم ئاشنابوونە ببێتە هۆکارێک بۆ ئاسان بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەدواداگەڕانی زانیارییەکان. دەکرێت ئەم ئاشنابوونە ببێتە هۆکارێکی چێژلێوەرگرتن و پاڵنەرێکی زیاتر. بەڵام ئامانجی سەرەکیی هەموو کتێبخانەیەک ئەوەیە کە خوێنەرەکانی بگەنە ئەو زانیاریانەی کە مەبەستیانە، کەواتە ئێمە دەتوانین هاوکاریان بین بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە بە بێ ئەوەی کە لە پرۆسەی خوێندندا ئەو زانیارییانە بخوێنن. هەر کاتێک، هەر مرۆڤێک ئارەزوو بکات بە شێوەیەکی خێرا بۆ هەر شوێنێک بچێت، داوای ئۆتۆمبیلێکی کرێ دەکات کە ئەم کەسە مەرج نییە، یاخود پێویست نییە لەسەری کە بزانێت چۆن ئۆتۆمبیل لێ بخوڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هەموو کات ناتوانێت داوای ئۆتۆمبیلی کرێ بکات، هەندێک جار مەرج نییە ئەو ئۆتۆمبیلی کرێیە دەستەبەر بێت، یاخود کرێی ئۆتۆمبیلەکە زۆری لەسەر بکەوێت واتە نرخی تێچوونی زۆر بێت، یاخود ئەو مرۆڤە ئارەزووی ئەوە بکات بە ئارەزووی خۆی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بچێت، کەواتە وا پەسەندترە و پێویستە لەسەر مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن، لە هەموو بارودۆخێکدا گەر شوفێر بێت یاخود سەرنشین، خۆیان فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بکەن. مەبەستمان لەم بەراووردکارییە ئەوە بوو کە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توێژینەوە وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبیل وەهایە، کە هەر یەکێکیان پەیوەندییان بە ڕادەی لێهاتوویی هەیە، ئەو لەکارزانینەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگای زۆر بەکارهێنان و ڕاهاتن نەک لە ڕێگای فێرکردن، بەدەستی دێنن.

کتێبخانەکان بە مەبەستی فێرکردنی سوودمەندەکانی، کاتێکی زۆر و ماندووبوونێکی زۆریان پێویستە بۆ ئەوەی فێر ببن چۆن کتێبخانە بەکار دەهێنن، ئەمەش لە ڕێگای وانە و دیبەیت و ڕێبەری ڕێنیشاندەر و هۆکارە دەنگیی و ڕەنگییەکان ئەنجام دەدرێت. بەڵام وا پەسەندترە کتێبخانەکان ئەو کات و ماندووبوون و تێچوونانە بۆ داڕشتنی سیستەمێکی پێڕستی ئاسان کە بەئاسانی بەکار بهێنرێت لە ڕێگای خوێنەرانەوە، بەکار بهێنن، ئەو پێڕستانەی کە خوێنەران لە بەکارهێنانیدا تەنگەژە دەبینن، پێویستە لەسەر ئامادەکاران ئەو پێڕستانە کە ئاسانکاری بکەن بۆ خوێنەران بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی لە داهاتوودا و ئاستەنگەکان کەم بکەنەوە. ئەو کتێبخانانەش کە کەموکوورییەک لە پێڕستەکانیاندا هەیە، پێویستە بەدوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێن کە ببێتە هۆکارێک بۆ ئاسانکاری لە پێڕستەکانی کتێبخانەدا. ئەوەی کە زانراوە، کتێبخانەی خوێندنگاکان و زانکۆکان لە ڕێگای پێشکەشکردنی هەندێک وانە لەسەر کتێبخانە و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم وانانەش، گەر وەک ئەرکێک بێت کە هەموو خوێندکارێک تێیدا بەشدار بێت، سوود بە خوێندکارەکانیان دەگەێنن. بەڵام باشە کتێبخانە گشتیی و تایبەتەکان لەم بوارەدا چی بکەن؟ هیچ شتێک لەم بوارەدا ناکەن، بەو پێیەی پشت بە

خوێنەرانی دەبەستێت کە زانیارییان لەسەر کتێبخانە لە خوێندنگە و زانکۆکاندا وەرگرتووە.

لێرەدا کاریگەری ئەمیندارانی زانیارییەکان دەردەکەوێت، چونکە هەمووان ئەمیندارانی سەرچاوەکان دەناسن کە کارەکانی لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوێنەراندا خۆی دەبینێتەوە، هەرچی ئەمینداری زانیارییەکانە کاری سەرەکی دڵنیابوونە لە گەییشتنی زانیارییەکان بەدەستی ئەو خوێنەرانەی کە بەدوایدا وێڵن. کە بە زۆری ئەو ئەمیندارە لە بوارێک یاخود بابەتێکدا تایبەتمەندە، ئەمینداری زانیارییەکان خۆی بەدوای خوێنەرەکەدا دەگەڕێت بە پێچەوانەی ئەمینداری سەرچاوەکان کە دادەنیشێت لە دوای کورسیی مێزەکەی و چاوەڕوانی خوێنەرەکەیە. ئەمینداری زانیارییەکان یەکەم کار و ئەرکی لە پێشینەی، گرنگیدان بە خوێنەرەکانی و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ سوودگەیاندن پێیان و ڕێنمایی کردنیانە.

لە توێژینەوەکاندا کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەنجام دراون، دەرکەوتووە کە سیستەمی زانیارییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و تەنها بە توێژەرە کۆڵنەدەرەکان نەبێت، سوود ناگەیێنێت، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم توێژەرانە ئاستەنگی زۆر لە بەکارهێنانیاندا دەبینن. ئەم توێژینەوانەش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە خوێنەران و توێژەرەکان کە لەسەر بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە ڕاهێنراون، کاتی پێویست بۆ بەکارهێنانی هەموو ئەم سەرچاوانە نادۆزنەوە. بۆیە باشتر وایە کە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لە لایەن کەسانێکی ترەوە بێت لەبری توێژەرەکان کە ڕاهێنراوبن لەو بوارەدا کە ئەوانیش ئەمیندارانی زانیارییەکانن. ئەم تێبینییە دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی سیستەمی زانیارییەکان، بەڵام بەکارهێنانی ئەم سیستەمانە بە شێوازێکی نموونەیی پێویستی بە نیوەندگیرییەک هەیە، بەواتا بەکارهێنانی ئەم سیستەمە تەنها تایبەتمەندەکان ناگرێتەوە، بەڵام گەر بمانەوێت ئەم سیستەمانە لە لایەن هەموو کەسێکەوە بەکاربهێنرێت، تەنها چارە ئەوەیە کە بەسەر سیستەمەکەدا بچینەوە. بەڵام ئێستا ئەم سیستەمە لە هەڵبژاردنی یەکێک لە ڕێگاکان دوودڵە، نە ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە لە بەکارهێنانی ئاسان بێت، نەیش ئەوەیە بتوانرێت بە جۆرێک لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بیبلۆگرافی نوێدا بگونجێت، گۆڕانکاری تێدا بکرێت. خاڵێکی تریش لە بەرژەوەندی ئەمیندارانی زانیارییەکان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خوێنەران بە سرووشتیان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە پابەند نەبن بە شێوە، بۆ نموونە گەر ئارەزوومەندانە ڕێگایان پێ بدەیت کە ئایا لە نێوان کۆمەڵێک لە کورتککراوەی سەرچاوەکان و پرس و ڕاکردن بە کەسێک، بۆ وەرگرتنی زانیاری، کامەیان هەڵدەبژێریت؟؟؟ لە وەڵامدا دەبینیت زۆربەیان ئەوە هەڵدەبژێرن کە پرسیار لە کەسەکە بکەن. بۆیە وا گونجاوترە کە پرسیارەکان ئاراستەی ئەمینداری زانیارییەکان بکەن کە لە توانایدایە لە ڕێگای تێکەڵاوبوون بە خوێنەرانی کتێبخانەکان نەک تەنها وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە بەڵکوو پێشبینیشیان بکات. ئەمینداری زانیارییەکان لە کاری کتێبخانەدا، ڕادەیەکی باش لە نەرمی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە پێویستە هەر پرسیارێک بەشێوازێکی دیاریکراو دابڕێژرێت تا وەکوو بتوانرێت لە ڕێگای هۆکارە ئاساییەکانی بەدواداگەڕانی زانیارییەکان، وەڵام بدرێتەوە. هەرچی ئەمینداری زانیارییەکانە دەتوانێت لێکدانەوە بۆ پرسیارەکان بکات بە شێوازێکی ئاسان و سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوە، دایانبڕێژێت بەجۆرێک کە وەڵامەکانی لە ماوەیەکی کورتدا لە ڕێگای هۆکارەکانەوە بەدەست بگات. بابەتی لێکدانەوەی پرسیارەکان و شیکردنەوەیان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان، پێویستی بە لێهاتوویی زۆر هەیە، هەروەها شارەزایی و ئاشنابوون بە خوێنەرانی کتێبخانەکە، لەبەر ئەم هۆکارانە ئەو ئەمیندارەی زانیارییەکان کە لەگەڵ ڕێژەیەکی دیاریکراو لە هاووڵاتییان مامەڵە دەکات، لە بارودۆخێکی زۆر باشتردایە گەر بەراوردی بکەین بە ئەمینداری سەرچاوەکان کە دادەنیشێت لە پشت مێزەکەیەوە لەبەردەمیدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران هەیە کە زۆر بەدەگمەن نەبێت، پرسیاری لێ ناکەن. سەرباری ئەمانەش، هەمووی ئەمینداری زانیارییەکان دەتوانێت خۆی بۆ لای خوێنەرانی بچێت و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە، چونکە هەموو دەزانین ئاسان نییە ئەسپ بەریت بۆ ئاوخواردنەوە بەڵکوو ئاسانترە ئاو بەریت بۆ ئەسپ بۆ ئەوەی بیخواتەوە.

پێویستی بۆ ئەمیندارانی زانیارییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، چونکە ئەم چینە دەتوانن خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ پێشکەش بە سوومەندەکانی کتێبخانەکان بکەن. لە توانادا نییە کە پێوانەی نرخی ڕاستەقینەی ئەو خزمەتگوزارییانە بکرێت، هەروەها ناتوانرێت گوزارشت لە سوودەکانی بکرێت و لەگەڵ پارە بەراورد بکرێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، ئەو کتێبخانانەی کە پشتیان بە ئەمیندارانی زانیارییەکان بەستووە، کاتێکی باشیان بۆ خوێنەران و توێژەران گەڕاندۆتەوە. پێویستییەکانی کتێبخانەکان بەو ئەمیندارانە لە سەرەتادا لە کتێبخانەی زانکۆیی و تایبەتمەندەکانەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ڕۆژێک دێت کە ئەم خزمەتگوزارییانە لەسەرجەم کتێبخانەکاندا بوونیان دەبێت، جەختکردنەوە لەسەر خزمەتگوزارییەکانی زانیارییەکان، ڕێگەخۆشکەرە بۆ دەرکەوتنی جۆرێک لە کتێبخانەکان کە لە بنچینە و لە ناوەڕۆکدا لە کتێبخانەکانی ئەمڕۆمان، زۆر جیاوازتر بن، چونکە خزمەتگوزاری کتێبخانەکان لە بنچینەدا پێک دێت لە خزمەتگوزاری زانیارییەکان. ئەمیندارانی زانیارییەکانیش جێگرەوەن بۆ ڕاهێنانی خوێنەران لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی کتێبخانە و سوودلێوەرگرتنی، چونکە خوێنەرەکان لەسەر دەستی ئەوان ڕادەهێنرێن لە کاتێکدا کە کتێبخانە بەکار دەهێنن.

یۆسف عوسمان حەمەد ـ هەولێر



# هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕەوتی فێربوون



دەروونزانەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە پێی کات و شوێن، زۆر ڕەهەندی گۆڕاو کار دەکەنە سەر فێربوون. مەعریفەکان بەردەوام بە دوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە فێربوون چۆن لە تاکدا ڕوو دەدات. بە چ شێوەیەک بە هۆی فێربوون، کرداری مێشک لەگەڵ گۆڕانی ڕەفتارەکان ڕوو دەدات؟ بۆیە دەکرێ چەند ڕەهەندێک دەستنیشان بکەین کە دەروونزانانی ڕەفتاری و مەعریفی لەسەر ئەو ڕەهەندانە کۆکن بۆ لێکدانەوەی فێربوون، وەکوو:

یەکەم: تایبەتمەندیی فێربوو. هەر کەسێکی فێربوو دەبێ هەندێک خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت کە پێی دەوترێت هەڵوێستی فێربوون. ئەو خەسڵەتانە، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن بۆ دەسپێکی خوێندنەوە و بەدیراسەتکردنی مەیل و ئاراستە بەرەو ماددەی خوێندن و هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی دیاریکراو لە فێربوون لە لایەن فێربووەوە. یەکێک لەو خەسڵەتانەش بریتییە لە ئاستی پاڵنەر لای فێربوو، بەبێ ئەو پاڵنەرە، قوتابی هەست بە سەرنەکەوتن و تەپین دەکات لە فێربوون و پرۆسەکە سەرکەوتووانە بەردەوام نابێت...

خەسڵەتێکی تر لە خەسڵەتەکانی فێربوو کە بەرەو هەڵوێستی فێربوون ڕاماندەکێشێت کە کاریگەرە لەسەر پرۆسەی فێربوون، بریتییە لە مەیل و ئاراستەکان. فێربوو کاتێک مەیل و حەز و بۆچوونی ئەرێنی بۆ فێربوون هەیە، ئەوا پاڵنەرێکی بەهێزی بۆ خوێندن لا دروست دەبێت. خەسڵەتێکی تریش کە فێربوو بۆ هەڵوێستی فێربوون هەڵگریەتی، پانتایی مەعریفەی خۆیەتی بە ماددەی وانەوتنەوەدا. وەکوو وانەوتنەوەی مێژووی زیندەوەرزانی و ئەوانی دیکە. هەرچەندە فێربوو لە مەعریفەی خۆیدا باکگراوندێکی هەبوو ئەوا کرداری خێراتر دەبێت. خەسڵەتێکی تر بریتییە لە توانا و ئامادەیی تاک بۆ تەرکیزکردن لەسەر ماددەی وانەوتنەوە و خوێندن و لێرەدا ستراتیژییەتی تایبەتی هەیە بۆ توانای تەرکیزکردن لەسەر وانەوتنەوەی خوێندن. یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی فێربوو کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی فێربوونەوە هەیە، ئەو ڕێسا و باوەڕانەیە کە جێبەجێیان دەکات، مەبەست لە ڕێسایەکان وەکوو چۆن فێربوو سەیری فێربوون دەکات و تا چەند باوەڕی پێی هەیە دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئایا تەنها مامۆستا سەرچاوەی زانیارییەکانە و تەنها مامۆستا لە پرۆسەی فێربوون بەرپرسە؟ ئایا دەکرێت فێربوو لە پرۆسەی فێرکردن داهێنەر بێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە هەمووی لە ڕێگای وانەوتنەوە دەبێت کە فێربوو وەکوو پرۆسەیەکی سەرکەوتوو، بەکاری دەهێنێت... ئەم هەموو خەسڵەتە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی فێربوونی چالاک هەیە.

دووەم: گرینگی و خەسڵەتی ئەرکەکان. مەبەست لەم بەشە ئەوەیە کە مامۆستا لە فێربووەکان وەک ئەرک داوای دەکات، وەکوو ئەرکی خوێندنەوە و بەشداریکردن و ئامادەکردنی بابەتی وانە پێش وانەوتنەوە. ئەوەی لێرە مەبەستە دەبێ فێربوو بزانێت چی داوای لێ دەکرێت، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە ئەرکەکانی فێربوون بەرانبەر خۆی، چەند ئەو زانینە کار دەکاتە سەر پرۆسەی فێربوون. کاتێک فێرخواز یان فێربوو نازانێت چی لێ داوا کراوە، دەبێ لە خودی مامۆستا بپرسێت نەک لە هاوپۆلەکانی چونکە ئەو دەزانێت داواکراوەی لە فێرخواز بگەیەنێت. زۆر جار هەندێک فێرخواز شەرم دەکەن لە مامۆستا بپرسن چی لێ داوا کراوە بۆیە لە بابەتەکە تێناگەن و دوا دەکەون... توانای هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی فێربوونیان نییە کە هەست بە تەپین (چەپاندن) دەکەن.

سێیەم: دەقەکان. دەقەکانی خوێندن یان وانەکانی ناو کتێبەکانی خوێندن، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پرۆسەی فێربوون هەیە. تەنانەت ٪٨٥ خوێندنی زانکۆ پشت بە

ماددەی خوێندنەوە دەبەستێت وەکوو هەمە جۆریی سەرچاوەکان کە مامۆستای زانکۆ بەردەوام ئاگاداری قوتابییەکان دەکات بۆ سەرچاوە و کتێبەکان بگەڕێن و شتە نوێیەکان بخوێننەوە؛ دوای ئەوە تێبینییەکانیان بنووسنەوە، بۆچوون و بیروڕای قوتابی بایەخێکی زۆر گەورەی لە پێشکەوتنی پرۆسەی فێربوون هەیە. وا باوە کە قوتابییان لەو باوەڕەدان بیر و بۆچوونی دانەر و نووسەر، هەمووی ڕاستە بەڵام تێبینیکردن و نووسینەوەی بۆچوونەکانی قوتابی لەسەر ئەو نووسەرانە لە کرداری فێربوون، کردارێکی زۆر پڕ بایەخە. دەبێ قوتابی بەردەوام عەقڵی ڕەخنەگری هەبێت. بیر و بۆچوونی خۆی لەسەر کرداری فێربوون، شتێکی زانستییە.

چوارەم: ستراتیژییەتی فێربوون: ستراتیژییەتی فێربوون، ئاڵۆزترین هۆکارە کە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە. هەنگاوی یەکەم بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی فێربوون بریتییە لە خەسڵەتی مامۆستا و سرووشتی ئەرک و گرینگییەکانی کە بە پێی کات و شوێن و شارەزایی مامۆستا دەگۆڕێن. لەبەر ئەوەی فێربوون چالاکی خودی تاکە. دەبێ فێربوو خۆی ستراتیژییەتی گونجاو هەڵبژێرێت کە دەسکەوتێکی فێربوونە کە پێویستی بە پڕکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و دۆزینەوە هەیە بۆ پڕاوەکردنی پرۆسەی عەقڵی باڵا وەکوو شرۆڤەکردن و پێکەوەبەستن و هەڵسەنگاندن کە دەکرێت ئەو شێوازانە بگوردرێت بۆ شتێکی باشتر و چاکتر لە کرداری فێربووندا.

« ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین بچینە ناو فێربوونی هاوچەرخ»، ئەمە وتەی مامۆستایەکە لە بەردەم قوتابییەکاندا، باسی ئەوە دەکات بە کام ڕەهەند دەکرێ بچینە ناو پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخ کە بناغەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ دروست دەکات و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ژوورەکانی پۆل دەست پێدەکات. کە بە بەرهەمی کولتووری فکریی و داهێنان بە پێی هەنگاوەکان دەبێت، وەکوو:

هەنگاوی یەکەم: نەخشە و پلانی زانستی.

لە ستراکتۆری فێرکردنی هاوچەرخ لە نێوان تەکنەلۆژیا و داخوازییەکانی گەشەکردن و پێداویستی زۆری ڕۆژانە، ئەم پێشکەوتنە لە خۆیەوە دروست نابێت؛ دەبێ پلان و نەخشەی پێشتری بۆ داڕێژرابێت. بە هۆشیارییەکی پێگەییشتوو هەنگاوەکان جێبەجێ بکرێن چونکە ڕەوتی فێربوون لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا داخواز و گۆڕاوەکانی زۆر دەبێت. ئایدۆلۆژییەتی ڕاستیی زانستی دەبێت لە کردارەکانیدا ببێتە هۆی چێکردنێکی دروستکراو کە بەرەنگاری هەموو گرفت و کێشەکان و کۆسپ و تەگەرەی سەردەم ببێتەوە و لە ئایندەیەکی گەش کار بکات.

هەنگاوی دووەم: پێداویستی بۆ توانایی مرۆیی هۆشیار. لە هەنگاوی یەکەم باسی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و نەخشە و بەرەنگاربوونەوە کرا، بەڵام ڕێکار و شێوازی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، پێویستی بە توانای وشیاریی مرۆیی هەیە بۆ ئەوەی نەخشەکان جێبەجێ بکات. بۆیە لە هەموو بوارەکاندا پێویستیمان بە توانایی مرۆیی هەیە بە دروشمی زانستیی بۆ هەمووان. بەم دروشمە هەست دەکەین بە هۆی خوێندنەوەیەکی باش بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی تێرکردنی ئەو پێداویستییانە، وەک بناغە و بنچینەی فێربوونی هاوچەرخ، شۆڕشێکی زانستیی و فێربوونی بەردەوام دەکرێت .

هەنگاوی سێیەم: کرانەوە و سوودوەرگرتن لە ئەزموونیتر. مەبەست سوودوەرگرتنە لە ئەزموون و میتۆد و شێوازی فێربوون و خوێندنی گەلانی تر بە تایبەتی وڵاتانی خاوەن تەکنەلۆژیای بەهێز و سەرکەوتوو لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن نەک گواستنەوەی هەموو پرۆسەکە بەڵکوو هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە زانست و تەکنەلۆژیای فێربوون و ڕێگای وانەوتنەوەدا. ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی پرۆسەی فێرکردن و ئاڵوگۆڕی زانستەکان.

هەنگاوی چوارەم: پێشخستنی پرۆگرامی قوتابخانە و گرێدانی بە هەردوو فاکتەری ئەکادیمی و جێبەجێکردن وەک یەکێک لە خەسڵەتەکانی فێربوونی هاوچەرخ، بریتییە لە کۆششکردن و هەوڵدان بۆ گەشەکردن و پێشخستنی بەرنامەی قوتابخانە. هەروەها گرێدانی بە هەر دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە ناوەڕۆک و شێوەدا کە ڕێکارێکە بۆ گەشەکردنی توانا و شارەزایی فێربووەکان. هەروەها هاوکاریکردنی توانایی بۆ ڕێنماییکردن و ئامادەیی تاک لە پێناو جێبەجێکردنی گەشەکردن و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی فێربوون و ڕۆشنبیرکردن لە هەموو بوارەکانی فێربوون. ئامانج لەم کارە، توانایی مرۆڤە بۆ سەرلەنوێ گۆڕینی ژیانی خۆی.

هەنگاوی پێنجەم: بەدیهێنانی دیمۆکراسی و یەکسانیی و دەرفەتی فێربوون لە نێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەگەر بنچینەکانی فێربوون ببێتە هۆی جێبەجێکردنی بناغەی دیمۆکراسی، ئەوا دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگە دابین دەکات تا بەشی خۆیان لە فێربوون بەدەست بهێنن. ئەم دەرفەتە ببێتە هۆی پاراستنی توانستی سرووشتی لە زیرەکیی و چالاکی و توانایی تاک لەسەر دروستکردنی شتی نوێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فێربوون تەنها بۆ چەند کەسێک یان چینێکی تایبەت قۆرغ نەکراوە؛ بەڵکوو خوێندن بۆ هەمووانە. مافی هەموو کەسێکە بەشێکی تەواو لە خوێندن وەربگرێت و داهێنان بکات. دەبێ مامۆستا ئەو مافە وەکوو ماددەیەک لە ڕێگای وانەوتنەوەدا فێری فێرخوازان بکات. هەموو کەسێک شاریی و لادێی وەکوو یەک هەژمار دەکرێت، دەرفەت بەو کەسە زیاتر دەدرێ کە ئامادەیی داهێنانی زیاترە.

هەنگاوی شەشەم: بەشداریکردنی گرووپ بۆ دروستکردنی پەروەردەیەکی هاوچەرخ لەبەر ئەوەی خوێندن و فێربوون، ڕاژە پێشکەش بە هەموو بوارەکانی ژیان دەکات، لە بەرانبەریشدا دەبێ بە گیانێکی هاوچەرخ بۆ پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن، بەشداری گرووپی بکرێت. ئەمەش بەرهەمی فکری مرۆڤایەتییە لە چالاکی کۆمەڵایەتی‌دا بۆ چاکسازی لە سیستەمی خوێندن دا. هەروەها بە ئامادە کردنی کادیری پەروەردەیی و زانستیی سەرکەوتوو، بین بە بەشێک لە پرۆسەی بە دیمۆکراسیی کردنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.



عەبدولکەریم سورووش (ئارياس) ـ ورمێ

# کەلا دمدم (بەشا دیرۆکی) ١








وێنە: هونەرمەند ئیرەج قادریئازەر قەڵای دمدم

دمدم ناڤێ کەلەکێ یە کو دکەڤە باشوورێ رۆژئاڤایێ باژارێ ئورمییێ. ناڤبەرا کەلا دمدم هەتا ئورمییێ ١٨ کیلۆمترە. کەل ناڤبەرا چەمێ باراندووزێ و گەلییێ قاسملوویێ نزیکی گوندێ بالانووچێ یە. ل سەر بلندیا چیایەکی هاتیە ئاڤاکرن کو ناڤێ ئەڤێ زناری «دمدمە». ل هەمبەرێ دمدمێ زنارەکی دن هەیە ب ناڤێ «جمجم». زنارێ کو کەلا دمدم ل سەر هاتیە ئاڤاکرن ژ ئالییێ باکوور و باشوور ڤە کەڤرەکی هولی یە و رێ نینە. لێبەلێ ژ ئالییێ رۆژهلات و رۆژاڤا ڤە کێمەک فرەترە و رێ هەیە. ئەڤ کەلا هێژ بەری ئیسلامێ هاتیە ئاڤاکرن. ئەمیرخانێ برادۆستی سەر کەلا کەڤن ژ نووڤە کەل ئاڤا کری.

خولمینە خولمینە
گەلی خەلک و عالەمینە
گوهـ بدەن دل و یەقینە
قسەتا خانێ لەپزێرینە
قسەتا خانێ زەریندەستە
کەمەرا خیرەتێ بەستە
خەلکێ خوەشمێر دانە دەستە.

داستانا لەلا دمدم ژ بەر کو د دیرۆکێ دا وەکی بوویەرەکە راستەقینەیە ژبۆ دیرۆکا مە گرنگیەکە تایبەتی هەیە. ژێدەرێ دیرۆکی ژبۆ ڤێ بوویەرێ ئیسکەندەر بێیگێ تورکمانە (١٥٦٢–١٦٣٥). ئەڤ بخوە د ڤێ شەری دا ئامادە بوویە و هەر تشت ب چاڤێ خوە دیتییە. ئیسکەندەر بێیگ بویەر ل کتبا خوە ب ناڤێ عالەم ئارایێ عەباسی دا ب بەرفرەهی نڤیسیە و شرۆڤە کرییە. لێبەلێ ژ بەر کو ئەو کەس نەیارێ ئەمیرخان بوویە، وی، ئەڤ بویەر هەرچەند ب چاڤێ دژمنتاییێ نڤیسیبی ژی، حەقێ مێرخاسیا خانێ لەپزێرین ب تەمامی نەخوەرییە. ئەڤ بوویەرا گرینگ کارتێکرن ل سەر جڤاکا کوردان کریە. ژ بەر ڤێ گرنگییێ کەلا دمدم وەک داستان و بوویەرەکە دیرۆکی و نەتەوی یا مێرخاسی هاتیە ناسین. د ناڤبەرا دمدما دیرۆکی و چیرۆکی دا هەم وەکهەڤی و هەم ژی جوداهی هەیە.

**ئەمیرخانێ برادۆستی**

لەهەنگێ دەستانا کەلا دمدم ئەمیرخانێ برادۆستی یە. د دەستپێکا سەدسالا ١٦ان دا برادۆستییان دو میرگەهـ ئاڤا کربوون. د ڤێ سەردەمێ دا هەم عۆسمانی و هەم ژی سەفەوی وەکی دو دەولەتێن ب هێز دەردکەڤن پێش. سەفەویان ل هەمبەرێ کوردان سیاسەتەکە رەق و نەیێنی ب کار تینان. میرێن کوردان رادکرن و ل دەوسا وان میرەکی خەیری کورد ددانین. کورد ل هەمبەرێ ڤێ سیاسەتێ بێ زار ببوون. لەورا پێیوەندی د گەل عۆسمانیان چێکرن و ل هەمبەرێ سەفەویان بوونە هەڤکارێن عۆسمانیان. ل هەمبەرێ ڤێ چەندێ ژی عۆسمانیان میرگەهێن کوردان ب رەسمی ناس دکرن. برادۆستییان ژی هەم د ناڤبەرا باژارێ ئورمییێ و هەکارییێ دا هەم ژی د ناڤبەرا شنۆ و ئورمییێ دا ل دەڤەرا مرگەوەر و ترگەوەر دو میرگەهـ ئاڤا کربوون.

تو خانێ خانێ کوردانی
مەلەڤانێ بنێ بەحرانی
دەلیلەتێد شۆلان دزانی
هەرێ خانۆ بەرخێ دایێ
دەست بدە شوور هەرە خەزایێ
بکە تاریخ ل دنیایێ.
خۆرمینە ها خۆرمینە

قسەتا خانێ چەنگزێرینە
ئەو ژی راستە درەو نینە.

ل شەرەفناما بتلیسی دا تێ گۆتن کو میرێن برادۆستییان ژ عەشیرەتا گۆرانن. لێبەلێ دڤێ ئەم گۆرانێن ب زاراڤەکە جودا دئاخڤن و عەشیرەتا گۆران تەڤلهەڤ نەکەن. عەشیرەتا گۆران ل باژارێ ئاکرێ نشتەجهن و ب کورمانجی دئاخڤن. ئەڤ چەندە ل ئالییێ دەقێن دەڤکی ڤە ژی تێتە پشتراستکرن کو ئەمیرخان ب ئەسلێ خوە ژ عەشیرەتا گۆرانە. د دەما شاه ئیسماییلێ سەفەڤی دا میرێ برادۆستییان قازی قرانێ کورێ سولتان ئەحمەد بوو. دەما میرێن کوردان پێگریا خوە بۆ شاه ئیسماییل دیار کرن، ئەو بوو تابعێ شاه ئیسماییل. دەما یاڤووز سولتان سەلیمێ عۆسمانی هاتە دەڤەرێ، قازی قران بوو تابعێ عۆسمانیان. دەما عۆسمانیان ئازەربایجان داگیر کرن قازی قران تێکلیێن خوە د گەل سولتام سێلێیمال زێدە کر، پشتی وی کورێ وی شاه موحەمەد ل شونا وی بوو میر. د دەورا سولتان سەلیمێ دویان (١٥٦٦-١٥٧٤) دا مر. لێبەلێ ئیسکەندەر بێیگێ مۆنشی ل عالەم ئاراییێ عەباسی دا دبێژە: ناڤێ میرێ برادۆستیان قەرە تاج یان قەرەتاجدین بوویە. شاه ترگەوەر و مرگەوەر دابوونە دەستێ وی. دەما کو عۆسمانی هاتنە دەڤەرێ کوردێن ڤێ دەڤەرێ خوە سپارتنە عۆسمانیان. پشتی مرنا قەرە تاجدین کورێ وی شاه مەحموود بەگ بوو میر و تابعێ عۆسمانیان بوو. ئەمیرخانێ برادۆستی پسمیرێن برادۆستیان بوو، وی گۆهداریا مەحموود بەگێ برادۆستی نەدکر. لەورا چووبوو گهەشتبوو میر عۆمەرێ میرێ سۆران. د شەرەکی دگەل دژمنێن میر عۆمەرێ سۆران دا دەستەکی وی هاتە برین. لەورا وەکی ئەمیرخانێ چۆلاق دهاتە ناسین (ئیسکەندەر بێیگێ مۆنشی). پشتی مەحەمەد بەگی کورێ وی ئەولیا بەگ بوو میرێ برادۆستیان و دەما شەرەفخان شەرەفنامە خلاس کری (١٥٩٧) ئەو هێژ میرێ برادۆستیان یێ ل سەر تفاقا عۆسمانیان بوو.

**بویەر**

ئیسکەندەر بێیگێ مۆنشی ل عالەم ئاراییێ عەباسی دا دبێژە: دەما شاه عەباس سەفەوی (١٥٨٨-١٦٢٩) د سالا ١٦٠٣ان دا ژبۆ ستاندنا ئازەربایجانێ ژ عۆسمانیان بەرێ خوە دا ڤێ هەرێمێ، هنگێ ئەمیرخانێ برادۆستی ببوو تابعێ شاه عەباس. شاه عەباس ناسناڤێ ”خان“ دا ئەمیرخان و وەکی مەزنێ عەشیرەتا برادۆستیان ناسی. د هەمان دەمێ دا دەستەکی زێرێ سۆر و ژ ئەلماس و گەوهەران ڤە خەملاندی بۆ وی دا چێکرن و دەڤەرێن تەرگەوەر، مەرگەوەر، شنۆ و ئۆرمییە دانە ئەمیرخانێ برادۆستی. ئەمیرخانێ برادۆستی ژی هەمبەری ڤێ چەندێ ئێرش برە ل سەر عۆسمانیان و میرێن کوردان یێن ل سەر تفاقا وان و کاری گەلەک دەڤەران ژ وان بستینە. دەما جاخالۆخلۆ سینان پاشا ل سەلماسێ ل هەمبەری سەفەویان شەر کری و تێک چوویی، ئەمیرخان بەشداری شەری نەبوو. لێبەلێ شاه عەباس لێ بۆری. (ئیسکەندەر بێیگێ مۆنشی ل ئالەم ئاراییێ عەباس ی(.

ئەمیرخان ژ بەر ڤێرانبوونا کەلا ئۆرمییێ گۆتە شاه: ئەڤ کەلە کێری پاراستنا دەڤەرێ نابی. هەکە تو ئیزنێ بدە ئەزێ ل ترگەوەرێ کەلەکێ ئاڤا بکەم. شاه ژی ئیزن دایێ. دەما ئەمیرخان ئیزن ڤەگرت ئەو چوو کەلەکە کەڤن یا بەری ئیسلامێ هەبوو کو کوردان دگۆتنێ کەلا دمدم، سەرەژنوو ئاڤا کر. والییێ تەورێزێ یێ سەفەوییان «پیر بووداق خان» ژ هێزێن ئەمیرخان دترسیا، لەورا چوو جەم شاه عەباس نەکامییا ئەمیرخان کر و ئەو ل بال شاه خرا کر. ل ڤێ چەندێ شاه عەباس گۆتە ئەمیرخان چێکرنا کەلێ راڤەستینە. لێبەلێ ئەمیرخان گوهداریا وی نەکر و چێکرنا کەلێ بەردەوام کر و ل سەر دا ژی خوەرن و چەک ژی کێشانە ناڤا کەلێ. ب ڤی ئاوایی هێدی هێدی ئەمیرخان ژ بن حکمێ سەفەویان دەرکەت. هەوسا برایێ میرێ موکریان شێخ حەیدەرێ موکری، عەبدال بەگێ ل هەمبەری سەفەویان سەری هلدان ل گەل ٢٠ سواران هاتن گهیشتنە ئەمیرخان.

د وێ ناڤبەرێ دا ٢٠ هەزار جەلالییێن عۆسمانی (ئەو جەلالی نە ژ عەشیرا جەلالی یێن کورد کو ئا نها ل ماکو و ئاگری و بازید و... دژین بوون بەلکی ئەو جەلالی پرانیا وان تورکمانێن ئانادۆلێ بوون کو ژ رێڤەبەریا عۆسمانیان نە رازی بوون و ل هەمبەری وان شەر دکرن)، ژ بەر کو یوجو موراد پاشایێ عۆسمانی ژ ئەردێ عۆسمانیان رەڤین و قەستا سەفەویان کرن. شاه عەباس خوەست ٨ هەزار جەلالیان د ناڤ برادۆستیان دا ب جه بکە. وی دخوەست ب رێکا جەلالیان کۆنترۆلێ ل سەر ئەمیر خان بکە. شاه جهاب بۆ ئەمیرخان شاند کو د گەل پیر بوداقێ والییێ تەورێزێ بیت. لێبەلێ ئەمیرخان گۆت؛ پیر بۆداق دژمنێ منە. لاوما ئەز نکارم ل تەڤ وی بم. ل سەر ڤێ چەندێ شاه پیر بۆداق گوهەرت و شوونا وی حەسەن خانێ ئۆستاجلۆ دانی. دەما حەسەن خان گهەشتە مەراخێ گۆتە ئەمیرخان؛ وەرە تەڤ ل من بە. هەکە تو نەکاری بێی ژی هنەک مروڤێن خوە رێکە. ڤێ جارە ژی ئەمیرخان گۆت؛ ئەز باوەریا خوە ژ جەلالیان نایینم ئەز نکارم بەشداری ٧-٨ هەزار جەلالیان بم. ب ڤێ ئاوایی حەسەن خان و جەلالی هاتن و نێزیکی کەلا دمدم بوون. دەما ئەو نێزیکی کەلێ بوون ئەمیرخان جارجاران کورد دشاندن و ل گەل جەلالیان شەر دکرن خسار دگەهاندنوان. موهەمەد پاشایێ سەرۆکێ جەلیان ژی بەرسڤا کوردان ددا و شەر و لێکدان ل نابەرا وان دقەڤمی. کار ژ دەستێ هەسەن خان دەرکەت، نەچار ما و شاه عەباس ژ ڤێ چەندێ ئاگادار کر.

ل سەر ڤێ چەندێ شاه عەباس وەزیرێ خوە ئیتمادول دولە هاتەم بێیگ شاند ل سەر کەلا دمدم. ئەو ب هێزەکە مەزن ڤە هات و د سەر رێیا خوە پیر بۆداق ژی ب دو هەزار جەلالیان ڤە تەڤلی ڤێ هێزێ بوو. هەروسا کەسەکی ب ناڤێ مهەمەد ئاخایێ گیسۆجییێ هەڤالێ ئەمیرخان ژی ئانین دا کو ئەوی قان بکە. دەما ئەمیرخان ئەڤ هێزا مەزن دیت گۆت؛ مهەمەد پاشایێ جەلالی چاڤ ل مال و ملکێ من هەیە لەڤ ئەز نەدهاتم. نها زڤستانە. کورەکی من د گەل خوە ببەن و بهارێ ئەز بخوە تێ بێمە خزمەتا شاه ئیتمادولدولە ئەڤ چەندە قەبوول کر، لێبەلێ گۆتە ئەمیرخان: تو و مروڤێن خوە هەمی ژ کەلێ وەرن دەرێ ببن مێڤانێ من و رۆژا پاشتر ژی ئەمێ بێنە کەلێ ببنە مێڤانێ تە. لێبەلێ هەر چەند مانە هێڤیا ئەمیرخان، ئەمیرخان نەچوو مێڤانیێ. ل سەر ڤێ چەندێ مهەمەد ئاخایێ گیسۆجی شاندنە کەلێ جەم ئەمیرخان. ئەمیرخان گۆتە گیسۆجی: قزلباش و جەلالی دوخوەزن ملکێ من ژ من بستینن، من باوەری ب وان نەانی

کو ئەز بێمە مێڤانداریا وان. ب وی ئاوایی هێزا سەفەوی و جەلالیان ٥ کانوونا بچووک سالا ١٦٠٨ زایینی/ ٢٦ شەبانا ١٠١٧ مانگی/ ١٥ ئازەرا ٩٨٧ تاڤی هاتن و کەلا دمدم دۆرپێچ کرن. هەژمارا لەشلەرێ سەفەویان و جەلالیان نێزیکی ٢٥ هەزار کەسی بوو. ل بەرانبەرێ ڤێ هەژمارا کوردان نێزیکی هەزار شەرڤانان بوو.

ئیسکەندەر بێیگێ مۆنشی کو خوە شاهدێ رووداوێیە، دبێژە: کەلا دمدمل سەر چیایەکی بلند بوو کو هەمموو کەڤر بوو و ل سەر زنارەکە درێژ و نە فرەهـ هاتبوو ئاڤاکرن. هەر دو ئالیێن وێیێن باکوور و باشوور گەلیەکی کوور بوو و مەرڤ دکاری تەنێ ب رێکا هێستران ل وێ دەرێ سەرکەڤە. لەورا ل وان هەر دو ئالیان چ شوور و دیوارەک نەبوو. ل ئالیێ رۆژهەلاتێ دەروازەیەک بلند هەبوو کو ب چیایی ڤە دما و ل وێ دەرێ شوورەکە بلند دگەل چەند برجەکان هاتبوون ئاڤاکرن. ڤی ئالی تەنێ دەریەک هەبوو. ئالیێ رۆژاڤایێ کو نێزیکی ئەردێ بوو شوورەکە بلند هاتبوو چێکرن. ل ئالیێ باشوورێ وێ شوورێ دەرگەهەکی دن هەبوو. رێیا وێ دەرگەهێ د ناڤا کەڤرەکی تەنگ دا دەرباس دبوو کو تەنێ سوارەک ژی گەلەک ب زەهمەت تێ دا دەرباس دبوو. رێیا ستاندنا کەلێ تەنێ د ئالییێ رۆژهەلات و رۆژاڤا هەبوو و ئەو ژی ژب ئۆ هلکۆلانا دیوارێن کەلێ پێدڤی ب کۆلانا تونەل و خەندەکان مومکن دبوو. ل ئالیێ رۆژهەلاتێ ژی ب دووراتیا تفنگەکێ (نێزیکی ٧٠٠-٨٠٠ مترا) کەڤر و زنارەکی یەکپارچە بوو. لەورا کۆلانا خەندەق و تونەلان ژب ئۆ وی ئالی گەلەک ب زەهمەت بوو. ل سەر ڤانە هەمیان ژی کوردان دیوارێن کەلێ نەقەب نەقەب کربوون و برجەک ل داویا ڤی کەڤرێ ئاڤا کربوون کو هنداڤا کەلێ بوو. ئەڤ برج هند مەزن بوو و ب کەلا سەرەکی گرێدایی بوو. هەتا ئەڤ برجە نەدهاتە ستاندن کەسی نەدکاری دەرباسی کەلا سەرەکی ببە. چونکی ڤێ برجا مەزن نەدهێلا کەس بکارە تونەل و خەندەقان بکۆلە. بێیی ستاندنا ڤێ برجێ ستاندنا کەلێ نە مومکن بوو.

ئاڤا کەلێ ژ هەوزەکە مەزن کو ب ئاڤا بارانێ ڤە تژی دبوو پێک دهات. لێبەلێ د ناڤا گەلیێ دکەڤە باکوورێ کەلێ دا کانیەک ئاڤا ڤێ کێم هەبوو و ئەمیرخان ئاڤا ڤێ کانیێ ب رێکا سۆلینەیێن (بۆرییێن ئاڤییێن ژ ئاخا سۆرکری هاتی چێکرن) د بن ئەردێ دا ئانیبوو کەلێ. سۆلینەیێن ڤێ ئاڤێ ب رەنگەکی باش هاتبوون ڤەشارتن و ئەڤ ئاڤا دهاتە کەلێ و د هەوزەکە دن ناڤا کەلێ دا کۆم دبوو. ژ بەر کێمبوونا ئاڤێ ئێڤارێ هەتانی سبێ ب زۆر ئەو هەوز تژی دبوو. ئاڤا د ڤێ هەوزێ دا کۆم دبوو، تێرا وەخارنا رۆژەکێ دکر. ل سەر ڤێ هەزا ئاڤێ گومبەتەک ئاڤا کربوون و پشتا وێ ب ئەردێ ڤە راست کربوون دا کوێین دەرڤە، ڤێ هەوزێ نەبینن. دگۆتنە ڤێ هەوزێ "سوولووق". دسان ژب ئۆ پاراستنا ڤێ هەوزێ برجەک ل بەر دیوارێ کەلێ هاتبوو چێکرن و ئەڤ برج ب کەلا سەرەکی ڤە گرێدایی بوو. ل ئالیێ باشوور کونبەفرەک ل تەنشتا کەلێ هاتبوو چێکرن دا ل زڤستانێ تژی بەرف و باران بیت. د بن ڤێ دا ژی هەوزەک چێکربوون کو دەما هاڤینێ ئەڤ بەرف و جەمەد دهەلیا، دا د ڤێ هەوزێ دا کۆم ببە، ل هەداو ڤێ کونبەرفێ ژی کەلۆکەک هەبوو و هنەک زێرەڤان تێ دا جهـ دبوون. دگۆتنە ڤێ هەوزێ ژی "بووزلووق" و "قارلووک" و ئەڤ دەرا ژی وەکی "سوولووق" ژب ئۆ کەسێن دەرڤە هاتبوو ڤەشارتن.

ب رەنگەکی گشتی کەلا دمدمژ ٥ کەلەیان پێک دهات: کەلا سەرەکی، کەلەیەک ل خوارێ، کەلا بووزلووق، کەلا سوولووق و بجەکە مەزن ل دەرڤەیی دەروازەیا رۆژهەلاتێ. ئەڤ هەر پێنج کەلە وسا ئاسێ و قاهیم بوون کو مروڤ نەدکاری بەر را بچیت. ژ بلی وان قەسرا ئەمیرخان کو ئەو ژی وەکی کەلەیەکی بوو د ناڤا کەلێ دا هاتبوو چێکرن. دەما کەلە هاتە ستاندن ئەڤ دەر جهێ داوییێ بەرگرییێ بوو.

**ئامادەکاریا شەر**

ب دەستپێکرنا شەرێ قزلباشان دەست ب کۆلانا تونەل و خەندەقان کرن، دا کو بکارن خوە بگەهینن دیوارێن کەلێ. دەما گهیشتنە کەڤرێ بنێشی کەلێ نەکارین ئاخێ بکۆلن. لەورا ئێدی ژ کەڤر و تەقنێ (ئاخا پر ئاڤ د ناڤدا) کۆلانێن سەرگرتی چێکرن و ب ڤی ئاوایی خوە نێزیکی کەلێ کرن. ژ ڤان کۆلان و تونەلێن کو ل سەر ئەردێ چێکری، ب ساتلان ڤە ئاخ و کەڤرێن کۆلایی دەردخستن. کورد ژی دەستڤالا رانەدوەستان و وەکی بارانێ گولە لێ دباراندن. هنەک جاران ژی دەرگەهێن کەلێ ڤەدکرن و ئێرش تینان ل سەر هێزێن سەفەوی، گەلەک ژێ دکوشتن. هەتا هند دکوشتن رێکا تونەلێ ژ کەلەخان تژی و مست دبوو. ب ڤی ئاوایی مەهێن رەمەزان، شەڤال و زلقەعدە دەرباس بوون. ژ بەر کو وێ سالێ هشکسالی بوو، ئاڤا کەلێ کێم ببوو. یا هەیی ژی گەنی ببوو، ژ بەر زێدەبوونا تێنیەتێ هەر رۆژ ب دەهان کەس ژ ژن، زارۆک و زەلام ژ کەلێ دەردکەتن و دەما دەردکەتن ژی ژ تێنیتیێ خوە تاڤێتنە ناڤ ئاڤێ. ژ ئالیێ دن قزلباش هەر کارێز دکۆلان دا کو سەرەکانیا کەلێ پەیدا بکەن. لێ بەلێ پەیدا نەدکرن. لەو را فەرمان هاتە دان کو تۆپا بالیەمەز، هەوزا سوولووق وەکی هەدەف بگرە دا کو کورد نەکارن ئاڤێ ژێ بکشینن. ٢١ رۆژان ب شەڤ و رۆژ تۆپ باراندن. ب ڤی ئاوایی قزلباشان کۆلان و تونەلێن خوە گهاندن سوولووقێ و کوردان ژی هەمی هێزا خوە ب کار ئانی دا کو رێکێ ل بەر وان بگرن. ژ بەر ڤی چەندێ دژوارترین شەر ل ڤێ چەپەرێ هاتە کرن. و داویێ قزلباشان کارین بگەهنە سوولووقێ. پشتی هنگێ زانین کانێ سەرەکانیا ئاڤێ ژ کیدەرێ تێ کەلێ. ئاڤ ژ دەرڤە دهاتە کەلێ. د ١٨ زلهەجێ (٢٥ ئادارا ١٦٠٩) دا سوولووق هاتە ستاندن. پشتی ڤێ رووداتێ ئەمیرخان و هەڤالێن خوە د کەلێ دا بێ ئاڤ مان. تەنێ بووزلووق و هەوزێن ژ ئاڤا گەنی مابوون. تام د ڤی وەختێ دا ژی قودرەتا خوەدێ بارانەک خورت باری و هەتا هەیڤەکێ ئەسمانی ڤەنەکر و بارانێ دەوام کر. ئاڤا کەلێ تێرا شەش مەهێن دی چێبوو، د ڤێ دەمێ دا محەمەد پاشایێ جەلالی مر.

حەسەن خان ئوستاجلو بریارا ستاندنا برجا مەزن یا دەرڤەیی کەلێ دا. چونکی بێیی ستاندنا وێ ستاندنا کەلێ نە مومکن بوو. قزلباشان پشتی کوشتارەکە زۆردایی کارین خوە بگەهینن برجێ. ئاگر بەردانە بنێ برجێ. دەما ژ کۆلانا برجێ دەرکەتن دا بێهنا خوە ڤەدن ژ نشکا ڤە برج هەرفی خوەرێ. گەلەک کەس د بن برجێ دا مان. قزلباش ب دەستەکی سڤک چوونە ل سەر برجێ و بێن ساخ مایی هەمی کوشتن. یەکی د ناڤ کوشتیان دا خوارزایێ ئەمیرخان بوو کو لاوەکی جوان و بەرکەتی بوو. دەما ئەو برج ژ هۆلێ رابوو، رێ ل

بەر شوورا کەلێ ڤەبوو و تۆپ ب هێسانی برنە بەر دیوارێ کەلێ. تۆپان دەست ب تۆپبارانێ کر. قزلباش ل وێ هێڤیێ بوون کو هەتا دو سێ رۆژێن دی کەلە تێ بێ ستاندن. د ڤێ ناڤبەرێ دا سەرۆکێ هێزێن سەفەوێ ئیعتمادولدولێ ژێ مر. ژ بەر ڤێ چەندێ ستاندنا کەلێ چێنەبوو. محەمەد بێیگێ بەیدیلی شاملۆ وەکی سەرۆکێ هێزێن سەفەوێ هاتە تەعینکرن. شەر دوبارە دەست پێ کر. ڤێ جارێ برجا بنێ کەلێ ئەوا کورێ ئەمیرخان یێ مەزن تێ دا، ژ ئالیێ پیربووداق ڤە هاتە ستاندن. زێرەڤانێن ڤێ برجێ کارین خوە بگەهینن کەلێ. زێرەڤانێن بووزلووقێ ژێ مەجبوور مان جهێ خوە بتەرکینن. ئێدی دەرفەتێن بەرخوودانا کەلێ کێم بوون. ب هەمی ملان ڤە تۆپ و تفەنگ ل کەلێ هاتنە رەشاندن. دیوارێن کەلێ هەمی هلوەشیان، تەنێ قەسرا ئەمیرخان ئەوا دگۆتنێ «نارین قەلا» ما.

دەما ئەمیرخان و هەڤالێن خوە تەنگاڤ بوون مەجبوور مان قاسدەکێ رێکن جەم محەمەد بەگێ و داخوازا دانستاندنێ بکن. د ئەنجاما پێوەندیان دا هەردو ئالی وەسا پێک هاتن کو کەس خوە تێکلی ئەمیرخان نەکە هەتا کو ئەمیرخان ب خوە دچە جەم شاه عەباس. ب ڤێ ئاوایی کوردان خوە تەسلیمی سەفەویان کرن. بەرێ عەڤدال بەگێ موکری ژێ ژ کەلێ دەرکەت و د گەل مرۆڤێن خوە چوو بن خێڤەتا ئێلیاس خەلیفە قەرەداخلی. پاشی ئەمیرخان د گەل کورێ خوە و نێزیکی ٢٠٠ سوارێن خوە مانە ناڤ کەلێ. ومیرخان چوو جەم محەمەد بەگێ شاملۆ. سەفەوییان هنەک لەشکەر رێکرن کەلێ. ئەمیرخان و مەرڤێن وی د بن کۆنەکی مەزن دا هاتنە مێڤانکرن. قزلباشان دخواستن ب هەجەتەکێ ئەمیرخان بکوژن. هاتن گۆتنە محەمەد شاملۆ "تو چاوان ڤان کوردان هەمیان ل جەم خوە دهێلی. ئەمیرخان و کورەکە وی و چەند مرۆڤێن وی بهێلە یێن دن ل ناڤ خێڤەتێن لەشکەرێ بەلاڤ بکە" محەمەد بەگ شاملۆ ژێ گۆتە ئەمیرخان: "جهـ بەرتەنگە هنەک مرۆڤێن خوە بهێلە جەم خوە یێن دن ئەم دێ بەلاڤ بکن" پێشیێ ئەمیرخان قەبوول کر، لێبەلێ مرۆڤێن وی، ئەڤ چەندە قەبوول نەکرن.

د ڤێ ناڤبەرێ دا دەنگەک بلند بوو کو عەڤدال بەگێ موکری، ئێلیاس خەلیفە کوشتییە. ئێلیاس خەلیفە وەکی مورید و نوونەرێ (خەلیفە بنەمالا سەفەویان دهاتە زانین و د ناڤ قزلباشان دا قەدرەکێ وی یێ مەزن هەبوو) شاه بوو. دەما عەڤدال بەگێ موکری د بن خێڤەتا وی دا بوو، وان خوەستبوون چەک و رەختێن وان ژێ ڤەکن. وان ژێ قەبوول نەکربوو و ئێرشی ئێلیاس خەلیفە و خولامێن وی کربوون و ئەو هەمی کوشتبوون. لەشکەرێ سەفەویان ژێ ئێرش برە سەر وان و عەڤدال بەگ و مروڤێن وی کوشتن. دەما ئەڤ روودان ئەشکەرە بوون، ئەمیرخان و لەشکەرێن خوە ژێ ئێرش برنە سەر سەفەویان ژ هەمی ئالیان ڤە قزلباشان ئێرشی ئەمیرخان و هەڤالێن وی کرن. پشتی شەرەکی دلسۆز و گران ئەمیرخان و هەڤالێن وی هەمی هاتن کوشتن. لێبەلێ قزلباشان ژێ گەلەک کوشتی دان. پاشێ قزلباشان ئێرشی کەلێ کرن و ئەوان د کەلێ دا هەتا ئەوانێ کو خوە شەش مەهـ بەرێ تەسلیم کربوون ژێ هەمی کوشتن.

ل بارا تێکلیێن ئەمیرخان و عۆسمانیان دا ئەم دزانن کو ئەمیرخان ل سەر تفاقا سەفەویان بوو و ل هەمبەرێ عۆسمانیان و میرگەهێن کوردان یێن تابعێ عۆسمانیان شەر دکر. لێبەلێ دەما پێوەندیێن وی ل گەل سەفەویان خرا بوو ژ عۆسمانیان ئاریکاری خواست. ب ڤێ مەبەستێ ئەوی نامەیەک ژبۆ عۆسمانیان شاند. ئەم باش نزانن ئەو نامە پێش دۆرپێچکرنا کەلا دمدم بوو یان پاشێ دۆرپێچێ.

سولتانێ عۆسمانی سولتان ئەحمەدێ یەکەم ٩ تیرمەهێ ١٦٠٩ان (٧ رەبیعولئەوەل سالا ١٠١٨ان) بەرسڤەک ژبۆ خانێ لەپزێرین رێکرییە. ئەو نامەیا سولتانێ عۆسمانی د دەفتەرا ژمارەیا ٧٨ دا د بن حوکمێ رەقەم ٦٢٣یێ دا هاتیە پاراستن. سولتان د نامەیا خوە دا ب کوردی وەها بەرسڤ دایە: "هەرچەند هەتا نها تو تابعێ سەفەویان بوویی، نها تو سۆز ددەی کو ئێدی کو تابعێ مە بی و ببی دۆستێ دۆستێ مە و دژمنێ دژمنێ مە. ئەز ژ تە دخوازم تو ل سۆزا خوە خوەدێ دەرکەڤی و ل ژێر ئالەیا والیێ وانێ «دلاوەر پاشا» خزمەتێ بکی". هەروسا سولتان سۆزێ ددە خانێ لەپزێرین کو ئاریکاریێ ژبۆ وی بشینە. سولتانێ عۆسمانی نوسخەیەک ژ وێ نامە هەم ژبۆ والیێ وانێ هەم ژێ ژبۆ چەند میرێن کوردا شاندێ یە.

میرێن وەکی:

١. عەڤدال بەگ میرێ ئورمییێ
٢. سەیید ئەحمەد بەگ میرێ درباسێ
٣. میرە بەگ میرێ شنۆیێ
٤. یەکتەر بەگ میرێ لاجانێ
٥. ئەڤدال بەگێ کورێ پیرە پاشا میرێ مەرگەوەر
٦. برایێ وی پۆلاد بەگ
٧. خان عەڤدال بەگێ موکری
٨. قوباد بەگێ میرێ مەراخێ کورمامێ خان عەڤدال بەگێ موکری
٩. میر جەهانگیر بەگ
١٠. ئیبراهیم بەگێ بەکر بەگ
١١. عومەر بەگێ میرێ هەریرێ
١٢. هەسەن بەگێ برایێ وی
١٣. مستەفا بەگ میرێ بانێ
١٤. ئیسکەندەر بەگێ خالێ خان عەڤدال بەگێ موکری
١٥. میرێ کێلاس ئیبراهیم بەگ
١٦. قازی بەگ کورێ ئیبراهیم بەگ
١٧. توخرول بەگێ میرێ قزلجاکالە
١٨. نوور عەلی بەگێ میرێ شەمزینان خزمێ خانێ لەپزێرین و کورێ وی وعەبدال بەگ.

ئەم ژ ڤێ نامەیێ تێدگەهن کو خزمایەتی د ناڤبەرا نوور ئەلی بەگێ میرێ شەمدینان و خانێ لەپزێرین دا هەبوویە. لێبەلێ دمدم وسا دیارە هەتا ئەڤ نامەیا سولتان گەهشتیە بنەجهـ کەلا دمدم شکەست خواریە و خان ژێ هاتیە کوشتن.


ژێدەر و چاڤکانی:

١. ئەفشار ئیرەج. دیرۆکا عالەم ئارایێ عەباسی، ئیسکەندەر بێیگێ تورکمان، وەشانخانا ئەمیر کەبیر ١٣٨٧ تێهران

٢. کاپلان یاشار. دەستانا کەلا دمدم و خانێ لەپزێرین، ڤەکۆلینەک ئەدەبی و دیرۆکی، وەشانخانا نووبهار، ٢٠١٩، ستانبول

٣. جندی هەجی. دمدم- فۆلکلۆر، چاپێ یەکەم، وەشانخانەیا ئاراس، ٢٠٠٧، هەولێر

تاهیر وەیسی (کۆچەر) ـ کرماشان



# عەلی ئەشرەف دەرویشیان قەڵەمە ئازاگەی تاق وەسان

ناوی عەلی بیە و ناسنامەی دەرویشیان- چیرۆک نووس و ڕۆمان نووس وچالاک ئەدەبی کە وەڕووژ٣ی مانگی گەلاوێژ ساڵ١٣٢٠ هەتاوی وە گەڕەک ئابشوران شار کرماشان وە دالگ پەیدا بوە. وە داخ گرانیگەوە عەلی ئەشرەف وە ماڵە هەژار هاتیە سەر دنیا وهەروە دوانزە ساڵان و تەمەن مێرمنداڵی مەجبوربیە بچوودە کرێکاری ونەهامەتی ڕۆژگار بکێشیدە وکووڵ ئەوە تۆنست وەگەرد هەژاری وچەرمەسەری ڕۆژگار بسازێ وبچودە مەکتەب و خوەنین سەرەتایی دەس پێ بکەی. عەلی ئەشرەف تۆنست پۆل ناوەندی و کۆتایی تا پلەی دوازدە وە مەدرەسەیل کرماشان بخوەنیدن و دوای ئەوە بچودە زانستگا و وەساڵ ١٣٣٧ هەتاوی وەشێواز مامۆستایگ وەدەوەر کرماشان و گێلان غەڕب ئیش مامۆستایی بکەی. ئی چالاک ئەدەبیە وەساڵ ١٣٤٥ هەتاوی دیسان دەس کردەوە خوەنین وە زانستگای تەیران. تاوە بوارکارناسی ئەدەبیات فارسی سەرکەفت وئینجە وەبوار کارناسی پلەبان دەروونناسی تۆنس درێژە وەخوەنین و زانست بیەی. عەلی ئەشرەف وە ساڵ ١٣٥٢ی هەتاوی گەرد شانازدارابیان هاوسەرگیری کردو بنەماڵەی ژیانێگ تازە داڕشتن ئی چالاک و زانای ئەدەبیاتە تۆنست وەگەرد جەلاڵ ئاڵ ئەحمەد و سیمین دانشوەر و ئەمیر حوسەین عاڵەم پوڕ ئاشنا بوودو بزانێ خوەیشی هەست وتوانای نۆسین درێدن. فرە نەورد تا عەلی ئەشرەف بزانێ لە بوار نۆسین کورتە چیرک و ڕۆمان تۆنێ ناوێگ وە ئەدەبیاتی فارسی و کوردی ئەڕا خوەی دەس پا بکەی فرەێگ وە چیرۆکەگان ک عەلی ئەشرەف نۆساس باس ژیان لادیی و هەژاری و نەهامەتی مەردمێگ بی کە خوەی وەناویان زنەی کردو وە ڕۆژ مانگ و ساڵەیلێ کە وە ناو ئەو مەردەمە ئیش مامۆستایی کردیا و قوتابیەیل پاپەتی وهەژاردۆنیا- هەئی شتەیلە بی ک بینە هیما وئلهام نۆسین وداڕشتن چیرۆک و ڕۆمان دەرویسیان یەکم چیرۆک خوەی وەناو زندان دێزڵ ئاوای کرماشان نۆسا هەڵبەت ئەو چیرۆکە نەچیە ژێر چاپ وتۆنست بڵاوی بکەیدەو ئاماژە کردن وە قوتابیەیل و هەژاری و چەرمەسەری کە مەردم کرماشان و گوندوشاوچگەیل دەرەی تۆشی هاتۆک یەکێ وە گرینگترین بیرو باوەڕەگان دەرویشیان بیەک وە ناو کتاوەگانی وەفراوانیەوە هاتیە ئەۆ وەساڵەیل وەرجە ئینقڵاب تۆنست فرەیگ وەرگێڕان وفەرهەنگ لۆغەت کوردی پێشکەش بکەیە کتاوخانەی کوردی. ئەمما وە ئەوساڵەیلە ک کوردی نۆسانن ئەڕا نۆسەرەیل کێشەو گرفت دروس کردیا نەتۆنست چۆنۆسەرێگ کورد پەرە وکارەگانی بیەی و بێ چار چیەو سەر فارسی نۆسانن و وە فارسی دەس باڵآێگ پەیدا کرد وبیە ئەندام کانون نۆسەرەیل ئێران و بیژەرئی کانونە یەکێ وە دوسەیل دەرویشیان سەمەد بهرەنگی بی کە وەماڵ جەلاڵ ئاڵ ئەحمەد وەگردی ئاشنابی و دۆای مردنی ئەزمی جەزم کرد. تا ڕێی بهرەنگی درێژە بیەی هەروەی بوونەوە وەساڵ پەنجاتاپەنجا وهەفت هەتاوی سێ جار دەس وەسربی وخستنەی زندان ئەوەڵ جار وەکرماشان وەدەسدرێژی کۆمار پەهلەوی حەفت مانگ کەفتە زندان دوای ئازاد بوونی وە زندان کرماشان چیە تەیران و دوو مانگ وە پی نەچی دوو جارە گرتنەی وە خستنەیە زندان ئەمما ئی جارە هەم وە زانستگا و هەم ماموسایی قوتابخانە خستنەی وەقەدەغەی کردن وە نۆسانێیش وەداخ گرانێگەو دوای ئی گشتە بەدبەختی ودەروەدەری و زندنانە ئەرا سێیم جار وەساڵ ١٣٥٣ هەتاوی حوکم پازدە ساڵ زندان سەپاننە سەری وە ئی ساڵ سیە تا ١٣٥٧ ک ئنقڵاب کریا قوزندان بی دۆوای ئینقڵابیش ک تەوژم کۆمار ئسلامی وسانسورو ئازاروئەزیەتیان ئەڕا نۆسەرەیل دی دوارە دەس کردە ڕەخنە گرتن ووسان لەوەرانوەرئی تەوژمە وەساڵ ١٣٩٠ کتاوەیل دەرویشیان وە نمایشگای بەینل مللەلی تەیران جەمەوبی و خوەنینی قەدەغە کریا. وەساڵ ١٣٩٠ وە ئیلا دەرویشیان چاپ وبڵاو کردن بەرهەمەگانی بردە دەروەی وڵات وهەندەران تا ڕاحەتتر بتوەنی وە چالاکیەگانی درێژە بیەی.

**شانازدارابیان هاوژین نەمر عەلی ئەشرەف دەرویشیان ئۆشێ:**

